# وەرزنامەی ئێرانناسی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

ژمارە (١٠) ساڵی سێیەم، شوباتی ٢٠٢٤



- هێرشە مووشەکییەکانی ئێران بۆ سەر شارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێم
- جەنگی ئیسرائیل . حەماس و ڕۆڵی ئێران
- ڕۆڵی ئێران لە تەنگەی بابولمەندەب
- کۆنترۆڵی پرۆسەی سیاسیی عێراق لە لایەن ئێرانەوە
- ڕێکەوتنی ئێران و سعودییە بە نێوەندگیری چین و کاریگەرییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
- سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەمەڕ عێراق و سووریا؛ گرنگیی ستراتیژی و هاوسەنگیی

وەرزنامەی

# ئێرانناسی

CFS

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیژی و ئایندەیی سەبارەت
بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١٠) ساڵی سێیەم، شوباتی ٢٠٢٤



خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: بارام مەجیدخان

بەڕێوەبەری نووسین: هەورامان فەریق کەریم

بۆردی ڕاوێژکاران:

د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول
د. هەردی مەهدی میکە

هەڵەبڕ: هاشم خدر

دیزاین: ڕەوشت محەمەد



شوێن: عێراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی،
کۆمەڵگەی زانکۆ، باڵەخانەی K، نهۆمی G, شووقەی 4)

Address: Iraq, Kurdistan, Slemani

Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:

www.centerfs.org

Facebook: Center.of.Future.Studies

Instagram: centerfs

Email: info@centerfs.org

وەرزنامەی ئێرانناسی؛ گرنگی بە توێژینەوەی سراتیجی و ئایندەیی سەبارەت بە ئێران دەدات و سێ مانگ جارێک سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە. ئامانجی گرنگیدانە بە لێکۆڵینەوە ستراتیجی و سیاسییەکانی ئێران و کارلێکە هەرێمایەتی و جیهانییەکان و کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان و ناوچەکە. مەودای کاری گۆڤاری ئێرانناسی بریتی دەبێت لە توێژینەوە لە سیاسەتی کورتمەودا و دوورمەودای ئێران و شرۆڤەی سیاسی و ستراتیجیی ئێران و ناوچەکە و توانای ئابووری، سەربازی، سیاسی و کولتووریی پەیوەست بە ئێران. مەرجە بابەتەکانی لەخۆگری دیدگای ئایندەی و ستراتیژی بن و سیناریۆکان و ئەگەرەکان بخەنەڕوو، لە پێناو سیاسەترێژیکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران. هەوڵێکە لە پێناو هاوکاریکردنی پرۆسەی سیاسەترێژی و سیاسەتی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران.

# ناوەڕۆك

سەروتار


ستراتیژی نە شەڕ، نە ئاشتی [بارام مەجید خان] ........ ٤


توێژینەوە


جەنگی ئیسرائیل .حەماس و ڕۆڵی ئێران [هەڤاڵ ئازاد محی الدین] ........ ٨
ڕۆڵی ئێران لە تەنگەی بابولمەندەب [میران حسێن] ........ ٢٣
کۆنترۆڵی پرۆسەی سیاسیی عێراق لە لایەن ئێرانەوە [تەحسین وسو عەبدوڵڵا] ........ ٤١
ڕێکەوتنی ئێران و سعودییە بە نێوەندگیری چین و کاریگەرییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست [ هۆشمەن عەتا] ........ ٥٦
چالاکییە سیاسیەکانی ناو سوپای ئێران، سەردەمی پەهلەوی [محەمەد فاتح] ........ ٧٢


چاوپێکەوتن


چاوپێکەوتن لەگەڵ پەرویزرەحیم ؛ هێرشە مووشەکییەکانی ئێران بۆ سەر شارەکانی
هەرێمی کورستان و ئایندەی پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێم ........ ٩٢


ڕاپۆرت


هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئێران؛ هەڵسەنگاندن، شیکاری و پێشبینییەکان ........ ١٠٥


توێژینەوەی وەرگێڕدراو


سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەمەڕ عێراق و سووریا؛ گرنگیی ستراتیژی و هاوسەنگیی هەرێمایەتی
[شێرکۆ کرمانج و عەبدوڵلا کوێخا سادق] و: پەرۆش محەمەد ........ ١١٦

حوسییەکان و بە ئامانجگرتنی بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل لە دەریای سووردا؛ ئاسۆ و لێکەوتەکانی
[علي الذهب - و. بارام سوبحی] ........ ١٤٣

گۆڕانکاریی «جیۆپۆلەتیک» و کاریگەرییەکانی لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی شەڕی نێوان «ئێران .ئیسرائیل»
[مەهاب عادل/ و: عەبدوڵا ڕەسووڵی] ........ ١٦٤


کەسایەتی


ئیحسان تەبەری، لە کۆمۆنیستێکی ئازادیخوازەوە بۆ ئیسلامییەکی زیندانی کراو. ئامادەکردن: ژیلوان لەتیف.. ١٩٩


کتێبناسی


ایران السنیه والحیاة الدینیه فی ایران قبل الصفویین (٧٣٦-٩٠٦هجری/ ١٣٣٥-١٥٠٠ م)
[ممدوح رمضان احمد] ........ ٢١١


چەمکناسیی


بەرەی خۆڕاگری ئامادەکردن : ئەژی ئازاد ئەبوبەکر........ ٢١٧

سەروتار

بارام مەجیدخان

# ستراتیژی نە شەڕ، نە ئاشتی

دۆخی نە شەڕ نە ئاشتی، ئەو ستراتیژەیە کە ئێران پەیڕەوی دەکات بۆ پەیوەندییەکانی خۆیّ لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. هەلومەرجی دوای ڕووداوەکانی حەوتی ئۆکتۆبەر و هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، کۆی ناوچەکەی خستە ژێر کاریگەریەکی قوورسەوە. بەتایبەت ئێران کەوتە بەر لۆمەی ڕای گشتی و گرووپە هاوسۆزەکانی لە ناوچەکە. هەڵکشانی گرژیەکانی ناوچەکە لە غەززە و یەمەن و عێراق و لوبنان سووریا و هێرشی گرووپە چەکدارەکانی هاوسۆز لەگەڵ ئێران، لە هەموو کات زیاتر ناوچەکەی ڕووبەڕووی جەنگێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کردووەتەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە ڕۆڵی میحوەری موقاوەمەیە لەم هاوکێشانەدا. بە تایبەت لەو وڵاتانەی کە ئاماژەمان پێکرد. تۆڕی گرووپەکانی هاوسۆز لەگەڵ ئێران، ڕۆژ لە داوی ڕۆژ بەهێزتر دەبن. لەگەڵ بەهێزبونیان، دەوڵەتانی ناوچەکە لاواز دەبن. هەم سوپاکانیان و هەم سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانە کەوتوونەتە ژێر سێبەری ئەم گرووپانە. بە دەیان گرووپی چەکدار لە ناوچەکە و لە ژێر ناوی جیاوازدا بوونییان هەیە، کە شێوازی کارکردنیان جیاوازە لە گرووپەکانی ڤاگنەری ڕووسی. ئەم گرووپانە وەک بازووی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەجێندای سیاسی و فیکری جیاوازیان هەیە، بەڵام لە دژایەتیکردنی ئەمریکا و ئیسرائیل هاوئامانجن. نەیارەکانی ئێران خوازیارن دەستی ئەم دژبەرە سەرسەخت و ئاڵۆزەیان ببڕن، بەڵام دەست بۆ دڵی نابەن کە لێدانی ڕاستەوخۆی ئێرانە.


لەم دۆخە ئاڵۆزەدا نە ئێران و نە ئەمریکا خوازیاری شەڕ نین. دیپلۆماسیەتی ئاشکرای ئەمریکا لە پێناو پشتیوانی لە ئیسرائیل و بە ئەنجام گەیاندنی شەڕی غەززە و زیاتر ئاڵۆز نەبوونی ناوچەکە و لە ڕێگەی کەناڵە نهێنییەکان هەوڵی ئەوە دەدەن کە ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست لە شەڕێکی کۆنترۆڵ نەکراو و درێژخایەن بپارێزن. دەرفەتەکانی هەڵگیرسانی شەڕ هەمیشە بەردەستن، بەڵام هەم ئەمریکا و هەم ئێران خۆیانی لێ دەپارێزن. بە تایبەت لە گرژیەکانی ساڵی ٢٠١٢ کە فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی ئەمریکا لە کەنداو لە سەردەمی دۆناڵد ترامپ کەوتە خوارەوە. هەروەها کوژرانی فەرماندە و سەرداری ئێران قاسم سولەیمانی لە بەغدا و شەڕی غەززە کە دەکرا ئێران لە شەڕێکی درێژ خایەنی (وەک جەواد زەریف بە شەڕی سی ساڵە ناوی هێناوە) بئاڵێت. بەڵام ئێران وەک درێژەدان بە نەفەسی سیاسەتی «نەشەڕ» لە ژێر ناونیشانی «ئێمە شەڕی بە وەکالەتی هیچ نەتەوە و وڵاتێکی دیکە ناکەین» خۆیان لەو شەڕە بوارد.

سیاسەتی «نە ئاشتی» لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە دۆسییەی ئەتۆمی ئێران و بە تایبەت لە سەردەمی دۆناڵد ترامپ کە ئەمریکا لێی کشایەوە و حکومەتی جۆ بایدن سەرکەوتوو نەبوو لە زیندووکردنەوە و گەڕانەوەی ئەمریکا بۆ ڕێککەوتننامەی وڵاتانی ٥+١ ساڵی ٢٠١٥. پێدەچێت هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و سووریا، دۆسیەی ئەتۆمی ئێران لەگەڵ ئەمریکا بە تەواوی هەڵگێڕێتەوە و هیچ دەرفەتێک بۆ چارەسەری دیپلۆماسی نەمابێت. بە تایبەت لە ژێر کاریگەری هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا بایدن دەرفەتی ئەو دۆسییەی لەدەستدابێت. ئەمریکا لە لێدانی پێگەکانی ئێران لە ناوچەکە، بە شێوەی ئێستا دەکەوێتە بەر هێرشی کۆمارییەکان و ئەگەر لەسەر ئەم سیاسەتی پێش لێدانیش بەردەوام بوایە هەر ڕەخنەی توندی لێدەگیرا. کاردانەوەکانی ئەم هێرشانە چ لەسەر ئاستی ناوچەکە و سوپای پاسداران، یاخود لە ناوخۆی ئەمریکا ناکاتە ئەوەی کە پێگەی دیموکراتەکان بەهێز بکات. مەلەفی ئێران هەر چوار ساڵ جارێک وەک بەشێک لە خۆراکی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا دەکەونە ڕوو.

ڕەهەندێکی تری»نە ئاشتی» بەرەی موقاوەمەیە کە پێشتر بە هیلالی شیعی ناودەبرا. هیلالی شیعی ناونیشانێکی فیکری، ئایدۆلۆژی و مەزهەبی بوو. لەگەڵ بەهێزبوونی ئەم هیلالە و چەکدار بوونی، میحوەرەی موقاوەمە وەک ئامادەکاری بۆ بەرەنگاربوونەوەی زلهێزەکانی ناوچەکە وەڕوو کەوت. لەگەڵ پێشکەوتنی ئامرازەکانی شەڕ و گەشەی زۆری تەکنەلۆژیای شەڕ و هێزی موشەک و درۆنەکان و بە دەست گەیشتنی بۆ دەستی هێزە نادەوڵەتییەکان، هاوکێشەکان لە ناوچەکە گۆڕانی قوورسیان بەسەردا هات. ئەم دۆخە بۆ ئەمریکا و بە تایبەت بۆ ئیسرائیل پێشبینیکراو نەبوو. کاتێک هێرشەکانی حەماس بۆ سەر غەززە دیوای پۆڵایینی

ئیسرائیلی بڕی. خۆڕاگری حەماس لە ڕوبەڕوبوونەوەی لەگەڵ ماشێنی زەبەلاحی شەڕکەری ئیسرائیل ورە و ئازایەتی زۆری بە گرووپەکانی هاوشێوەی خۆی لە ناوچەکەدا بەخشی. تۆڕی بەرگریکاری ئێران لە ناوچەکە و جووڵە سەربازییەکانیان کاریگەری بەسەر پەیوەندییە هەرێمایەتییەکانەوە بە جێدەهێڵێت، کاتێک پرۆسەی ئاشتی عەرەب-ئیسرائیل تووشی دارمان دەبێت و گرفتی بۆ درست دەبێت. پرۆسەی ئاشتی ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی کەنداو و دنیای عەرەبی لە جووڵە دەکەویت. پەیوەنیەکانی ئێران و سعودیە خاو دەبنەوە. ئەمریکا وەک زلهێز لە ناوچەکە مانۆڕە سەربازیی و سیاسیەکانی لە جاران زیاتر خۆی نمایش دەکات. ئێران و هاوپەیمانەکانی لە ژێر گوشارێکی هەمە لایەنەی بەهێزدان. فشارەکان لە یەمەن بە تایبەتی و کێشەی ئاسایشی ئاوە ئازادەکانی بازرگانی نێودەوڵەتی ئەمریکا و بەریتانیای ناچارکردووە کە کردەوەی سەربازیی لە یەمەن ئەنجام بدەن. لە عێراق و سووریاش هەمان سیناریۆ بەڕێوەچوو، بە ئەنجامدانی کردەوەی سەربازیی. بەڵام ئایا کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەی تاک لایەنە و بە دیدگای پەرگیری ئیسرائیل لەمەڕ چارەسەری کێشەکان لە لایەک و جیهانی ڕۆژئاوا چارەسەر دەبن. ئەوەی جێگای سەرنجە دنیای عەرەبی لاوازە. سێ کاراکتەری سەرەکی ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە ڕووداوەکانی ئەم ناوچەیە. ئێرانناسی ئەمجارە تیشک دەخاتە سەر بەشێک لە شانۆی سیاسیی ناوچەکە و کاریگەرییەکانی لە تەک بابەتگەلی پەیوەست بە ئێران.



توێژینەوە

ئێرانناسی



# جەنگی ئیسرائیل ـ حەماس و ڕۆڵی ئێران

توێژەر: هەڤاڵ ئازاد محی الدین

**بەرایی**

دوای ئەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل دادەمەزرێت ناکۆکییەکی مێژووی دەکەوێتە نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیلەوە کە دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی چەندین بزووتنەوەی ڕزگاریخواز وەک بزووتنەوەی حەماس. دوای ئەوەی ڕۆڵی وڵاتانی عەرەبی لە هاوکاری کردنی کێشەی فەلەستین لاواز دەبێت، ئێران هەوڵدەدات ئەو ڕۆڵە بگێڕیت. بۆیە پەیوەندی لەگەڵ لایەنە فەلەستینییەکان دورست دەکات و هاوکاریان دەکات تا ئاستێک توانای سەربازیان بەرز دەبێتەوە کە بتوانن ئۆپەراسیۆنێکی وەک ئەقسا ئەنجام بدەن. ئەگەر چی بەڵگەی پێویست لەبەردەستدا نییە بۆ هاوکاریکردن و بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی ئێران لە ئۆپەراسیۆنەکەدا، بەڵام هیچ گومان لە کاریگەری و ڕۆڵی ئێران ناکرێت لە هاوکارییەکانی بۆ حەماس و ڕۆڵی ناڕاستەوخۆی لە ئۆپەراسیۆنی ئەقسادا. ئەگەر چی لە لایەک ئیسرائیل و ئەمریکا ئاماژە بەوە دەکەن کە ئێران بەشێک نییە لە ئۆپەراسیۆنەکە، لە لایەکی ترەوە حەماس و ئێرانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە ئۆپەراسیۆنەکە بڕیاری تایبەتی حەماسە و پەیوەندی بە ئێرانەوە نییە. بەڵام هەموان هاوڕان لە بوونی پەیوەندی و هاوکاری ئێران بۆ حەماس.

## جەنگی ئیسرائیل – حەماس و ڕۆڵی ئێران

بێگومان کاتێک بمانەوێت باس لە جەنگی نێوان ئیسرائیل – حەماس بکەین ئەوا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەی ناکۆکییەکانی نێوان ئیسرائیل و حەماس. لەم ڕوانگەیەشەوە پێویستە باس لە دروستبوونی دەوڵەتێک بکەین لەناوخاکی فەلەستیندا بەناوی ئیسرائیل و باس لەو هەلومەرجانەش بکەین کە هۆکار بوون بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەک بە ناوی حەماس. هەر بۆیە گونجاو ترە سەرەتا بەکورتی باس لە دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل بکەین.

## دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل

سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل وەک زانراوە هەوڵێکی لە مێژینەی هەبوو لە لایەن یەهودییەکانەوە بە مەبەستی دروستکردنی دەوڵەتێک بۆ یەهودییەکانی جیهان. بێگومان ئەو خاکەی کە یەهودییەکان خەونیان بوو بیکەن بە دەوڵەتی خۆیان خاکێک بوو بەناوی خاکی فەلەستین و دانیشتوانەکەی عەرەب بوون، هاوتەریب دراوسێکانی ئەم نیشتیمانیش هەموویان عەرەبی مسوڵمان بوون، کە ئەمەش دەتوانرێت بەیەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی ئاڵۆزییە بەردەوامەکانی ئیسرائیل و گەلی عەرەبی دابنرێت. وەک زانراوە تا دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل خاکی فەلەستین لەژێر حوکمی ماندای ئینگلتەرادا بووە. دوای ئەوەی ئینگلتەرا ڕایگەیاند لە ١٥ مایسی ١٩٤٨ بەدواوە لە خاکی فەلەستین دەکشێتەوە، ئاڵۆزی کەوتە نێوان یەهودییەکان و عەرەبەکانەوە بەهۆکاری نا دیسپلینی عەرەبەکان و نەبوونی ڕابەرێکی باڵا، یەهودییەکان توانییان سەربکەون بەسەر عەرەبەکان و بە چەند کاتژمێرێک پێش کۆتاییهاتنی سیستەمی ماندای ئینگلتەرا بە سەر فەلەستین، ئەنجومەنی نیشتمانی یەهودی لە ١٤ ی مایسی ١٩٤٨ دا لە تەلئەبیب کۆبوونەوە و هەستان بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک کە تێیدا ئاماژەیان بەوە کرد کە دەوڵەتی ئیسرائیلیان دامەزراندووە.(١) یەهودییەکان لەگەڵ ڕاگەیاندنی دەوڵەتەکەیان داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرابوو کە ئیسرائیل وەک ئەندامی خۆی پەسەند بکات، هەروەها ئاماژەیش بەوە کرابوو کە هەموو ئەو عەرەبانەی کە دەکەونە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتەوە دەبن بەخاوەنی هەموو مافێکی یەکسان لە پاڵ یەهودییەکاندا. هەروەها جەختیش لەوە کرابوویەوە کە دەوڵەتی ڕاگەیەندراوی ئیسرائیل هیواخوازە کە بە

شێوەیەکی ئاشتیانە لە تەک وڵاتانی عەرەبی پەیوەندییەکی دراوسێیانەی باش دروست بکات. هاوتەرب لە تەک ڕاگەیاندنی سەربەخۆیەتی دەوڵەتی ئیسرائیل کابینەیەکی ١٣ کەسی بە سەرۆکایەتی (بەن گیورۆن – Ben Grion) پێکهێنێت، ئەم کابینەیەش ناونرا کابینەی حکومەتی کاتی ئیسرائیل.[٢] یەکەم دەوڵەتیش کە هەستا بە ناساندنی دەوڵەتی ئیسرائیل ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو کە ڕاستەوخۆ دوات تێپەڕبوونی ١١ خولەک بەسەر دەمەزراندنەکەدا دانی نا بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا. دوای ئەمریکایش یەکێتی سۆڤیەت لە ١٧ مایسی ١٩٤٨ دا هەستا بە ناساندنی ئیسرائیل. هەر بۆیە دوای داننانی ئەم دوو دەوڵەتە ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی کە دانیاین نا بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا ڕووی لە زیادبوون کرد. بێگومان دوا بەدوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل کۆمەڵێک دەوڵەتی عەرەبی وەک میسر، عێراق، سووریا، لوبنان، ئوردن هەستان بە ڕاگەیاندنی جەنگ لە دژی ئەم دەوڵەتە تازە دروستکراوە و ئامادەنەبوون بە هیچ جۆرێک سازیش بۆ خاکی فەلەستین و گفتوگۆ لەبارەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە بکەن، بەم شێوەیە یەکەمین ناکۆکی پێکدادان لە نێوان جیهانی عەرەبی و دەوڵەتی ئیسرائیلدا دروستبوو،[٣] کە ئەم ئاڵۆزی و پێکدادانە بە درێژای چەندین ساڵ بەردەوام دەبێت لە هەر قۆناغەو بە شێوە و بارگراوندێکی جیاواز کە کۆتا پێکدادانی نێوان ئیسرائیل و حەماس لە ٢٠٢٣/١٠/٧ درێژکراوەی ئەو ئاڵۆزی و پێکدادانەی نێوان ئیسرائیل جیهانی عەرەبییە بە تایبەت گەلی فەلەستین.

## مێژووی جەنگی عەرەب – ئیسرائیل

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل کۆمەڵێک دەوڵەتی عەرەبی هەستان بە ڕاگەیاندنی جەنگ لە دژی ئیسرائیل و لە ١٥ مایسی ١٩٤٨ هێزی وڵاتانی عەرەبی خزانە ناو ئیسرائیل و یەکەمین جەنگی نێوان عەرەب – ئیسرائیل هەڵگیرسا. لەیەکەم جەنگی نیوان عەرەب – ئیسرائیل عەرەبەکان نەک هەر نەیان توانی کۆتایی بە ئیسرائیل بێنن بەڵکو ڕووبەڕووی شکستێکی گەورە بوونەوە کە دەرئەنجام فراوانبوونی خاکی ئیسرائیلی لێکەوتەوە.[٤] دەرئەنجامیش وڵاتانی عەرەبی ناچاربوون ئاگربەست لەگەڵ ئیسرائیلدا واژۆ بکەن. دوابەدوای ئاگربەست نەتەوەیەکگرتووەکان لە ١١ ئایاری ١٩٤٩ دەوڵەتی ئیسرائیلی وەک ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکان پەسەندکرد. بێگومان وڵاتانی عەرەبی هۆکاری ئەم شکستەیان دەگەڕاندەوە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا، هەر

بۆیە دوا بەدوای شکستەکە دژایەتییەکی تەواو لە جیهانی عەرەبیدا بە ڕامبەر بە خۆرئاوا سەری هەڵدا بە تایبەت فەرەنسا و ئینگلتەرا. دەرئەنجامی ئەمەش گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی عەرەبی بوو لە وڵاتانی عەرەبیدا. هەربۆیە لەهەوڵی ئەوەدا بوون و بە دوای دەرفەتێکدا دەگەڕان تاکو بتوانن توانا سەربازییەکانی ئیسرائیل لەناو بەرن و دواتر خودی دەوڵەتی ئیسرائیلیش. لەم ڕوانگەیەوە لەدوای جەنگی یەکەمی عەرەب – ئیسرائیل هەتا دەستپێکردنی جەنگی شەش ڕۆژەی ساڵی ١٩٦٧ چەندین جار ڕووبەڕووبوونەوە و پشێوی لە سنورەکانی ئیسرائیل ڕویان داوە.[٥] بۆیە هەڵگیرساندنی جەنگێکی تری نێوان عەرەب-ئیسرائیل پێشهاتێکی چاوەڕوان کراوبوو. لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٦٧ ئەو پێشهاتەی کە چاوەڕوان دەکرا لە نێوان وڵاتانی عەرەبی ئیسرائیلدا ڕویدا و جەنگێکی ٦ ڕۆژە لە نێوانیان ڕویدا کە ئیسرائیل سەرکەوتنێکی مێژووی تۆمار کرد و زۆرینەی توانا سەربازییەکانی میسر و سووریا و ئوردنی لەناوی برد و ڕووبەری ئەو خاکەی کە دەستی بەسەردا گرتبوو نیزک بویەوە لە ٤ هێندە.

لە جەنگەکەدا توانی دەست بگرێت بەسەر چەندین ناوچەی ستراتیجیدا.[٦] بێگومان ئەمە کۆتا جەنگی نێوان عەرەب – ئیسرائیل نابێت بەڵکو بۆ جارێکی تر لە ساڵی ١٩٧٣ ئاڵۆزی لەنێوان هەردوو لادا دروست دەبێت و جەنگی تر لەنێوانیاندا سەرهەڵدەدات. شارەزایان پێیان وایە کە ئامانجی جەنگی ١٩٧٣ عەرەب – ئیسرائیل جیاوازترە لە جەنگەکانی پێشتر، وڵاتانی عەرەبی لە جەنگەکانی پێشتردا ئامانجیان سڕینەوەی یەکجاری ئیسرائیل بوو، بەڵام لە جەنگی ١٩٧٣ بە پێچەوانەوە هەوڵیانداوە تەنها ئەو خاکانە بگێڕنەوە کە ئیسرائیل لە جەنگی ١٩٦٧ دا داگیری کردبوو.[٧] وەک دەبینین لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەچێتە قۆناغێکی نوێی ململانێوە و بەردەوام ئاڵۆزی و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لە نێوان ئەم دەوڵەتە تازە و وڵاتانی عەرەبی سەرهەڵدەدەن. کە چارەسەرکردنی ئەم دۆخە تاڕادەیەک بووە بە دۆخێکی هەستیار و مەحاڵ. ئەوەی جێگەی سەرنجە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل و سەرهەڵدانی جەنگەکانی نێوان ئەو وڵاتە و وڵاتانی عەرەبی قەیرانێکی نوێ بەرۆکی ناوچەکە دەگرێت کە ئەویش قەیرانی ئاوارەکانی فەلەستینە کە بەهۆکاری جەنگ و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە ناچارن ئاوارەی وڵاتان ببن بە تایبەتی وڵاتانی دراوسێی فەلەستین وەک میسر،

ئوردن، لوبنان، سووریا ... هتد.[٨] وەک زانراوە ئاوارە فەلەستینییەکان لەدۆخێکی ناهەمواردا دەژیان و بێبەش ببوون لە هەموو مافێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر بۆیە ئەم بارودۆخە وای لە ئاوارە فەلەستینییەکان کرد کە بیر لەوە بکەنەوە خۆیان ڕێکبخەن و وەک ڕێکخراوێک هەوڵ بۆ ئازادکردنی خاکی فەلەستین بدەن لە دەستی ئیسرائیل. هەر بۆیە لەو سەروبەندەدا ئاوارە فەلەستینییەکان هەوڵی دروستکردنی چەندان گرووپ و ڕێکخراوی نهێنی و ئاشکرا دەدەن،[٩] لەم چوار جێوەیەدا لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بزووتنەوەیەک دروست دەبێت بە ناوی (بزووتنەوەی بەرگری ئیسلامی) کە بە حەماس ناسراوە و دەبێت بە یەکێک لە بەهێزترین بزووتنەوەی چەکداری فەلەستینی لە دژی ئیسرائیل و هەتا هەنوکە ڕۆڵێکی کارای هەیە سەبارەت بە دۆزی فەلەستین و کەرتی غەزە کە هەوڵدەدەین بە وردی باس لە دروستبوون و ڕۆڵی ئەو بزووتنەوەیە بکەین.

## بزووتنەوەی بەرگری ئیسلامی (حماس)

بزووتنەوەی حماس وەک بزووتنەوەیەکی جیهاندی توند لە ناوەڕاستەکانی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٧ دا دامەزرا. ئامانج لە دامەزراندنی ئەم بزووتنەوەیە بێگومان وەک هەموو بزووتنەوەکانی تر ئامانجی پارێزگاری کردنە لە فەلەستینییەکان و بە گژداچوونەوەی ئیسرائیلە.[١٠] شێخ ئەحمەد یاسین کە بە دامەزرێنەی (حەماس) دەناسرێت بێگومان پێشتر دیاترین ئەندامی ئیخوان موسلیمینی باڵی فەلەستین بوو، دواتریش ڕێکخراوی مەرکەزی ئیسلامیی دادەمەزرێنێ شێخ ئەحمەد یاسین بەزۆری چالاکییەکانی چڕکردبوویەوە لە بوارەکانی پەروەردە و کولتوور و بۆنەی کۆمەڵایەتی. بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، بۆچوونی شێخ ئەحمەد یاسین سەبارەت بە شێوازی خەبات و ڕووبەڕووبوونەی ئیسرائیل دەگۆڕێت. هەربۆیە لەگەڵ چەند لایەنێکی تر کە لە ئیخوان موسلیمین و ئەل فەتح جیاببوونەوە و کاریگەربوون بە فتواکانی حەسەن بەنا و سەید قوتب هەستان بە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نوێ بە ناوی ڕێکخراوی جیهادی ئیسلامی فەلەستین. لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکەی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٧ ی غەزەدا شێخ ئەحمەس یاسین هەستا بە دامەزراندنی بزووتنەوەیەکی جیهادی بە ناوی بزووتنەوەی حەماس.[١١] بێگومان حەماس لە ناساندنی ناسنامەی سیاسی خۆیدا پێی وایە کە جووڵانەوەیەکی جەماوەریە کە هەوڵدەدات لە ڕێگەی جیهادەوە تەواوی خاکی

فەلەستین لە دەستی یەهودییەکان ڕزگار بکات. هەروەها حەماس پێی وایە کێشەی فەلەستین – ئیسرائیل بەتەنها کێشەی فەلەستینییەکان نییە، بەڵکو کێشەی هەموو جیهانی عەرەبی و ئیسلامییە، هەر بۆیە پێویستە هەموو جیهانی عەرەبی و ئیسلامیی یەک دەنگ و یەک هەڵوێستبن سەبارەت بە دۆزی فەلەستین و بە گژداچوونەوەی ئیسرائیل. حەماس پێیوایە کە دەبێت شێوازی خەباتکردن لەگەڵ ئیسرائیلدا بگۆردرێت و لە بری مفاوەزات و گفتوگۆ پێویستە سوود لە هێزی سەربازی و چەکداری وەربگیرێت. هاوتەریب هیچ بژاردەیەک لەبەردەم گەلی فەلەستیندا نەماوە جگە لە بژاردەی جەنگ و هەتا هۆکارەکانی ئەم جەنگ و ململانێیە مابن پێویستە گەلی فەلەستین و تەواوی مسوڵمانانی جیهان درێژە بەم ململانێیە بدەن، بێگومان هۆکارەکانی ئەم جەنگ و ململانێیەش داگیرکردنی خاکی فەلەستینە لە لایەن یەهودییەکان و جێگربوونیانە.

واتە حەماس نایەوێت بە هیچ جۆرێک سازش لەسەر خاکی فەلەستین بکات و هیچ کاتێک قەوارەی ئیسرائیل وەک قەوارەیەکی یاسایی و شەرعی بناسێنێت و بەردەوام دەبێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل.[١٢] هەر بۆ ئەم مەبەستە حەماس باڵی سەربازی تایبەت بە خۆی هەیە بەناوی کەتیبەکانی عیزەدین ئەل قەسام، کە درێژکراوەی گروپی سەربازی موجاهیدینی فەلەستینییە کە لە ساڵی ١٩٨٦ دا دامەزرابوو. بەڵام دوای ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی حەماس و دامەزراندنی باڵی سەربازی ئەم بزووتنەوەیە لە سەرەتای ١٩٩٠ کان گروپی موجاهیدینی فەلەستینی گۆڕدرا بۆ کەتیبەکانی عیزەدەین ئەل قەسام و خودی سەلاح شحادە کە ڕابەری موجاهیدانی فەلەستینی بوو کرا بە ڕابەری باڵی سەربازی حەماس (کەتیبەکانی عیزەدین ئەل قەسام).[١٣] سەربازەکانی باڵی سەربازی حەماس هەم لە فەلەستین و هەمیش لە کامپەکانی حیزبوڵای لوبنان وانەی سەربازیی وەردەگرن.[١٤] سەبارەت بە ئایدۆلۆژیای حەماس وەک خۆیان ئاماژەی بۆ دەکەن سەرچاوەی سەرەکی یاسا و دەستووریان قورئان و سوننەتە، بەڵام لەگەڵ تەمەنی بزووتنەوەکە کرانەوە لەناو بزووتنەوەکەدا ڕوودەدات و کۆمەڵێک گۆڕانکاری جەوهەری ڕوودەدەن لە سیاسەتی بزووتنەوەکەدا تەنانەت بەشداری هەڵبژاردن دەکەن و هەوڵدەدەن سوود لە ڕێگەی دیبلۆمایش وەربگرن و پەیوەدنیش لەگەڵ وڵاتانی تردا دروست بکەن وەک تورکیا و میسر و وڵاتانی تری ناوچەکە.[١٥]

## پەیوەندی نێوان حەماس – ئێران

وەک دەزانرێت لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران دەبێت بە یەکێک لە وڵاتە بەهێزەکانی ناوچەکە و دەچێتە نێو ململانێیەکی مێژووییەوە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەتی وڵاتانی عەرەبی لە لایەک و دەوڵەتی ئیسرائیل لە لایەکی ترەوە. ئێرانی پێش شۆڕش یەکێک بوو لە گەورەترین هاوپەیمانەکانی ئیسرائیل و هەناردەکارێکی سەرەکی نەوت بوو بۆ ئیسرائیل. بەڵام ئێرانی دوای شۆڕش هەموو پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و دیبلۆماسییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل کۆتایی پێهێناو لە بری ئیسرائیل هەستا بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنە فەلەستینییەکان لە دژی ئیسرائیل.

ئێرانی دوای شۆڕش هەمیشە ئیسرائیلی وەک شەیتانی بچوک ناوزەند کردووە. سەرەڕای ئەوەی ئێران هەندێک جار ئامادەبووە گفتوگۆی دیبلۆماسی لەگەڵ شەیتانی گەورە کە ئەمریکایە بکات، بەڵام بە هیچ جۆرێک ئامادە نەبوو بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەم شەیتانە بچوکەدا.(١٦) کاربەدەستانی ئێران بەردەوام هەوڵیانداوە کە ببن بە سەرچاوەی ئیلهامی چەندین شۆڕشی تر لە ناوچەکەدا، هەر بۆیە دەستیان کردووە بە سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان کە ئەمەش جێگەی مەترسی بووە بۆ دەوڵەتانی تری ناوچەکە و دەکرێت لە هەر دۆخێکدا هاوپەیمانی دروستبکرێت لە دژی پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە نوێیەی ئێران. هەر بۆیە ئێران بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر مەترسییەک لەسەرخۆی و ئایدۆلۆژیاکەی هەمیشە هەوڵی داوە سوود لە گرووپە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەربگرێت و پەیوەندی سیاسی و سەربازییان لەگەڵدا گەشە پێبدات وەک حزبولڵای لوبنان و حوسییەکانی یەمەن و گرووپە جەکدارەکانی عێراق و بزووتنەوەی حەماسی فەلەستین. ستراتیجی ئێران لە هاوکاریکردنی ئەم گرووپانە بێگومان لە لایەک دوورخستنەوەی مەترسییەکانە لەسەر ئاسایشی نەتەوەی خۆی و لێدانە لە بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا و دروستکردنی نائارامیە لە ناوچەکەدا.(١٧) لەم ڕوانگەیەوە یەکێک لەو گرووپانەی کە ئێران هەوڵیداوە پەیوەندی لەگەڵ دروست بکات گرووپی ڕزگاریخوازەکانی فەلەستین بووە. یەکێک لەو گرووپانەی کە ئێران توانیویەتی پەیوەندی لەگەڵ دروست بکات گرووپی ئەل فەتیح بوو. بەڵام دوای ئەوەی ئەل فەتح هەستا بە ناسینی دەوڵەتی ئیسرائیل و لە هەمانکاتدا لە جەنگی ئێران – ئێراق هاوکاری عێراق بوو، ئێران بیری لە جێگرەوەی ئەل فەتیح کردەوە و لەم ڕوانگەیەوە هەستا بە دروستکردنی

پەیوەندی لەگەڵ حەماس وەک جێگرەوەی ئەل فەتح.[١٨] لەم چوارچێوەیەدا هەر لە دوای دروستبوونی بزووتنەوەی حەماس ئێران یەکێک بووە لەو وڵاتانەی هەوڵیداوە کە هاوکاری مادی و سەربازیی پێشکەش بە بزووتنەوەکە بکات، بەڵام ڕابەری بزووتنەوەکە ئەحمەد شێخ یاسین سەرەڕای وەرگرتنی هاوکارییەکانی ئێران هەمیشە هەوڵی داوە کە پەیوەندییەکی سنورداری هەبێت لەگەڵ ئێراندا و بەجۆرێک کە کار نەکاتە سەر بڕیارەکانی بزووتنەوەکە.[١٩] محمد زەهرا یەکێک لە ڕابەرە دیارەکانی بزووتنەوەی حەماس سەبارەت بە سەرەتاکانی پەیوەندییەکانی ئێران – حەماس ئاماژە بەوە دەکات کە دوای ئەوەی ئیسرائیل هەستا بە دەرکردنی ئەندامانی حەماس بۆ باشووری لوبنان، ئێران بە مەبەستی هاوکاریکردن و بونیادنانی پەیوەندی هەستا بە ناردنی وەفدێکی باڵا بۆ لوبنان و پێشکەشکردنی هاوکاری ئەندامانی حەماس لە باشووری لوبنان، کە دواتر ئەم ئەندامانە ڕۆڵی کارا دەبینین لەناو بزووتنەوەی حەماسدا.[٢٠]

دوای جەنگی سارد و ئەنجامدانی کۆمەڵێک هەوڵی ئاشتی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی، کەم بونەوەی هاوکارییەکانی جیهانی عەرەبی بۆ لایەنە جیاوازەکانی فەلەستین، ڕۆڵی ئێرانی لە ناوچەکەدا زیاتر کرد بۆ ڕابەرایەتیکردنی بەرەی بەرهەڵستکاری ئیسرائیل. هەر بۆیە لەم قۆناغەدا پەیوەندییەکانی ئێران و گرووپەکانی فەلەستین بە تایبەت حەماس پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت.[٢١]

لە ڕاپەڕینی دووەمیدا ئێران ڕۆڵی کارای هەبوو لە هاوکاریکردنی لایەنە جیاوازەکانی فەلەستیندا بە تایبەت حەماس. هاوتەریب هەستا بە ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی تایبەت بە مەبەستی هاوکاریکردنی ڕاپەڕینەکە و چەندین ڕابەری باڵای حەماس بەشداربوون لە کۆنفرانسەکەدا. بێگومان ڕاپەڕینی دووەم پێشهاتێکی گرنگ بوو لە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی نێوان حەماس و ئێران.[٢٢]

لەدوای سەرکەوتنی حەماس لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٦ پەیوەندییەکانی نێوان حەماس و ئێران دەچێتە قۆناغێکی نوێوە و ئێران یەکێک دەبێت لەو ئەکتەرانەی کە زۆرترین هاوکاری پێشکەش بە بزووتنەوەی حەماس دەکات.[٢٣] لەم چوارچێوەیەدا ڕابەرانی باڵای حەماس چەندین سەردانی فەرمی بۆ تاران ئەنجام دەدەدن و لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئێراندا کۆدەبنەوە، ئێرانیش جگە هاوکارییە سەربازییەکانی هاوکاری مادیش پێشکەش بە

حەماس دەکەن.[٢٤] بەڵام دوای سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و جەنگی ناوخۆی سووریا پەیوەندییەکانی ئێران و حەماس تاڕادەیەک پاشەکشە دەکات و حەماس لەبری ئێران و سووریا هاوکاری هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی سووریا دەکات لە دژی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، بەو هیوایەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا و قەتەر و میسر و عەرەبستانی سعودیەدا پێش بخات. بەڵام خوێندنەوەی حەماس بۆ پێشهاتەکان هەڵە بوو.[٢٥] وەک دەزانرێت حەماس و ئیخوان موسلیمین پەیوەندییەکی مێژوویان هەیە دوای کودەتاکەی سیسی بەسەر ئیخوان لە میسر و لە ناوچوونی یەکێک لە هاوپەیمانە گرنگەکانی حەماس، لە لایەکی ترەوە ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئیسرائیل، هۆکار بوو بۆ بێهیوابونی حەماس لە وڵاتانی عەرەبی و تورکیا هەر بۆیە ناچاربوو لە ئێران نزیکتر بێتەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران ئاسایی بکاتەوە.[٢٦]

بێگومان لێکنزیکبوونەوەی جیهانی عەرەبی و ئیسرائیل و هەوڵی ئەنجامدانی ڕێکەوتننامەی ئاشتی نێوانیان و تا ڕادەیەک دوورکەوتنەوەی لە کێشەی فەلەستین، بە یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکان دادەنرێت بۆ نزیکبوونەوەی حەماس و ئێران و گەشەپێدانی پەیوەندییەکانیان.[٢٧] بە دەستەواژەیەکی تر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و هاوکارییەکانی خودی سەرۆکی پێشوی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ بۆ ئیسرائیل و لە لایەک فشارکردنە سەر وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی سعودیە، میسر، چەند وڵاتێکی تری کەنداو بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل و دەرئەنجام سنووردارکردن و لە قاڵبدانی بزووتنەوەی حەماس و چالاکییەکانیان لە وڵاتانی عەرەبیدا، لە لایەکی ترەوە سەپاندنی سزای ئابووری قورس بەسەر ئێراندا هۆکاربوون بۆ دوبارە نزیکبوونەوەی حەماس و ئێران لە یەکتری و سەر لەنوێ چالاککردنەوەی پەیوەندییەکان.[٢٨] لە کۆتایدا دەتوانرێت ئاماژە بەوە بکرێت ئێران گرنگی زۆر دەدات بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ حەماس سەرەڕای جیاوازی ئایدۆلۆجیای هەردوو لا بەڵام ساڵانە سەدان ملیۆن دۆلار هاوکاری ماددی پێشکەش بە حەماس دەکات سەرەڕای هاوکاری سەربازیی و هەواڵگری کە ئەمەش زۆرجار نیگەرانی ڕای گشتی ئێرانی لێدەکەوێتەوە و لە شێوەی ناڕەزایەتیدا هاوڵاتیانی ئێران ئاماژە بەو هاوکارییانەی وڵاتەکەیان دەکەن بۆ حەماس.[٢٩]

## ڕۆڵی ئێران لە جەنگی ئیسرائیل – حەماس

لە دوای هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە ٧ تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ بە ناوی ئۆپەراسیۆنی ئەقسا، ڕۆڵی ئێران لەو ئۆپەراسیۆنەدا بووە بە بابەتی سەرەکی زۆرێک لە چاودێران و میدیا و ناوەندە ئەکادیمییەکان. وەک زانراوە ئێران و ئیسرائیل لە جەنگێکی ناڕاستەوخۆی بەردەوامدان و دەکرێت ئەم جەنگەی ئێستای ئیسرائیل – حەماس بە بەشێک لەو جەنگە ناڕاستەوخۆیەی نێوانیان ئەژمار بکرێت.

سەبارەت بە ڕۆڵی ئێران لە ئۆپەراسیۆنی ئەقسادا هەندێک میدیای ڕۆژئاوا وەک میدیای Wall Street Journal ئاماژە بە تێوەگلانی ئێران دەکەن لە ئۆپەراسیۆنەکەدا و پێیانوایە کە ئێران لە پێش ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکە بەردەوام لە کۆبوونەوە و چاوپێکەوتن بووە لەگەڵ گەورە بەرپرسانی حەماس و لەم چوارچێوەیەدا هەستاوە بە دارشتنی پلانی ئۆپەراسیۆنی ئەقسا، بەڵام ئەم زانیاریانەی میدیا ڕۆژئاواییەکان لە لایەن ئەمریکا و خودی ئیسرائیلەوە ڕەتکراوەتەوە و هەر یەک لە ئەمریکا و ئیسرائیل ئاماژە بەوە دەکەن کە هیچ بەڵگەیەکی فەرمی نییە ئاماژە بەوە بکات کە ئێران بەشداربووبێت لە ئۆپەراسیۆنی ئەقسادا. هەروەک وتەبێژی سوپای ئیسرائیل جەنەڕاڵ دانی هاگاری ئاماژەی بەوە داوە کە ئێران بە هیچ شێوەیەک بەشدار نەبوو لە ئۆپەراسیۆنی ئەقسادا.[٣٠] هاوتەریب وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئەنتۆنی بلینکن بە هەمان شێوەی ئیسرائیل لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەدا کە هیچ بەڵگەیەکی پێویست لەبەردەست نییە سەبارەت بە تێوەگلانی ئێران لە ئۆپەراسیۆنی ئەقسادا.[٣١] لەگەڵ ئەمانەدا کاربەدەستانی باڵای ئێرانیش عەلی خامنەی ڕابەری باڵای ئێران و ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆککۆماری ئێران وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران و نوێنەری ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئێران بەهیچ جۆرێک بەشدار نەبوو لە ئۆپەراسیۆنەکەدا. هاوتەریب عەلی برکە ڕابەری بزووتنەوەی حەماس ئاماژەی بەوە کردووە کە ئۆپەراسیۆنی ئەقسا ئۆپەراسیۆنێکی تەواو سەربەخۆیەو بڕیاری تایبەتی حەماس بووە، هێچ لایەنێک بە تایبەتی ئێران و حیزبوڵا ڕۆڵیان نەبووە لە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکەدا.[٣٢]

ئێران ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هاوکاری حەماس نەبووبێت لە ئۆپەراسیۆنی ئەقسادا، ئەوا گومان لەوەدا نییە کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕووی سەربازییەوە

هاوکاری حەماس بووە. ئەم هاوکارییەش ڕیشەی مێژوویی هەیە تەنانەت لە جەنگی ئیسرائیل – حەماس ٢٠٠٨ دا ئێران ڕۆڵێکی کارای هەبوو لە دابینکردنی کەرەستەی سەربازیی بۆ باڵی سەربازیی حەماس کە هاوکار بوو بۆ بەرزکردنەوەی توانای سەربازیی بزووتنەوەکە.[٣٣] هەروەها ئەمیر عەلی حاجی زادە فەرماندەی باڵا لە سوپاسی پاسداران لە یەکێک لە وتارەکانیدا دەڵێت» ئێمە لە بری ئەوەی ماسی بدەین بەدۆستەکانمان یاخود فێری ماسی گرتنیان بکەین، هەوڵدەدەین فێری هەڵدانی قولاپی ماسیگرتنیان بکەین» هەر بۆیە چاودێران پێیانوایە ئەگەر ئێران ڕاستەوخۆ لە ئۆپەراسیۆنی ئەقسادا بەشدار نەبوبێت ئەوا دەکرێت بەشێک بوبێت لە پلانەکە.[٣٤] هەروەها ڕابەری باڵای ئێران عەلی خامنەی لە وتارێکیدا سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنی ئەقسا دەڵێت» دەستی ئەوکەسانە ماچ دەکەین کە پلانی ئۆپەراسیۆنی ئەقسایان داناوە لە دژی ڕژێمی زایۆنی».[٣٥] لە لایەکی ترەوە ئیبراهیم ڕەئیسی لە پەیامێکیدا ڕایگەیاند» کە گەلی ئێران پشتیوانی داوا ڕەواکانی گەلی فەلەستینە»، بەهەمان شێوەیە ئەمیر سەید ئیراقانی نوێنەری ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند «ئێران لەگەڵ فەلەستینە» بەڵام نابێت بە بەشێک لە جەنگەکە.[٣٦] لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە ئێران هاوکاری بزووتنەوەی حەماسە تەنها لە چوارچیوەی مەشقی سەربازیی، زانیاری هەواڵگیری، لایەنی ماددی. بە دەستەواژەیەکی تر ئێران ئامادەیە لە ڕێگەی سوپای پاسداران یاخود حیزبوڵای لوبنانەوە هاوکارییەکانی پێشکەش بە حەماس بکات. حەماس توانیویەتی بە سوود وەرگرتن لە هاوکارییەکانی باڵی دەرەوەی سوپاسی پاسداران (هێزی قودس) توانا سەربازییەکان پێشبخات، تەنانەت توانیویەتی برەو بە بەرهەمهێنانی موشەکی تایبەتی خۆی بدات.[٣٧] دەتوانرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە دەکرێت هاوکارییەکانی ئێران بۆ حەماس هەمان سیناریۆ و هاوکارییەکانی بێت بۆ حیزبوڵای لوبنان لە جەنگی ساڵی ٢٠٠٦ واتە تەنها هاوکارییەکانی لایەنی هەواڵگیری و ڕاهێنانی سەربازیی هاوکاری ماددی بگرێتەوە و خۆی بە دووربگرێت لە هەر هاوکارییەک کە تێوەگلانی ئێران پشت ڕاست بکاتەوە لە جەنگی حەماس – ئیسرائیلدا.[٣٨] چونکە ئێران دەیەوێت جەنگەکە تەنها لە چوارچێوەی سنوورەکانی غەزەدا بمێنێتەوە و نەگات بە خودی ئێران خۆی، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا دەیەوێت لە ڕێگەی هێرشی هێزە چەکدارەکانی سەر بە ئێرانەوە ئەو پەیامە بدات بە ئیسرائیل و ئەمریکا کە ئەگەر بیانەویت سنووری جەنگەکە فراوان بکەن ئەوا لە بری ئێران دەبێت ڕووبەڕووی

گرووپەکانی سەربە ئێران بنەوە لە یەمەن و لوبنان و سووریا و عێراق، هەر بۆیە لە لایەک گرووپەکانی نزیک لە ئێران لە یەمەن لە ڕێگەی هێرشکردنە سەر بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا بە تایبەتی لە دەریای سووردا،[٣٩] هێرشی گرووپە میلیشیاکانی عێراق بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە ئەو پەیامە هەڕەشە ئامێزەی گەیاندبێت بە ئیسرائیل و ئەمریکا کە ئێران مەبەستێتی.[٤٠] لە ئەگەری فراوانبوونی سنووری جەنگەکە دەکرێت ستراتیجی ئێران بە جۆرێک بێت کە گرووپە چەکدارەکانی سەر بە ئێران ڕاستەوخۆ بچنە ناو جەنگەکەوە بە تایبەتی حیزبوڵای لوبنان و دواتر هەر یەک لە گرووپەکانی سووریا و عێراق و یەمەن و جەنگەکە ببێت بە جەنگێکی هەرێمی. بەڵام ئەم سیناریۆیانە لاوازن و هەم ئێران و هەمیش ئیسرائیل و ئەمریکا نایانەوێت جەنگەکە بگات بەو قۆناغە. بۆیە دەکرێت هێرش و پەلامارەکانی گرووپە چەکدارەکانی نزیک لە ئێران تەنها لە چوارچێوەی ترساندن و نیشاندانی هێزی خۆیان بێت بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا و کاردانەوەکانی ئیسرائیل ئەمریکایش هێندەی ئەو هێرشانە بێت کە دەرێتە سەریان.[٤١]

سەبارەت بە ستراتیجی و دەستکەوتەکانی ئێران لە جەنگی حەماس – ئیسرائیل چاودێران پێیانوایە کە پەکخستنی پرۆسەی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی بە تایبەت سعودییە لە گرنگترین دەستکەوتەکانی ئێرانن لە جەنگی حەماس - ئیسرائیل. چونکە چەندین جار کاربەدەستانی باڵای ئێران جەختیان لە مەترسییەکانی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و سعودیە کردۆتەوە و پێیانوابووە کە ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و سعودیە دەبێت هۆی تێکچوونی هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا.[٤٢] لە لایەکی ترەوە دەکرێت دەرئەنجامی جەنگەکە و ئۆپەراسیۆنە فراوانەکانی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززەو بۆردومانکردنی چڕی هاوڵاتیان و کوشتنی هەزاران هاوڵاتی سڤیل هەوڵە دیبلۆماسییەکان بۆ مەبەستی ئاسایی کردنەوە و ئەنجامدانی پرۆسەی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی بۆ چەند دەیەیەک دوابخات.

## سەرچاوەکان


1. Cleveland, L, William, 2008, Modern Ortadoğu Tarihi, Çev: Mehmet Harmancı, İstanbul, Agorakitalığı, s. 295.
2. ŞAHİN, Türel YILMAZ, 2016,Uluslararası Politikada Ortadoğu, Ankara, Bariş Kitap, 4. Baskı, s.61_62. Ve Arı, Tayyar, 2014, Geçmişten Günümüze Ortadoğu siyaset, savaş ve Diplomasi, Bursa, Dora yayınları, 6.Baskı, s. 297.
3. karabulut,BİLAL, 2016, Uluslararası İlişkiler Kavramlar-Teoril- Kurumlar, Ankara, Barış Kitapevi, s.108.
4. William L. Cleveland, a.g.e., s. 297.
5. Savaş, Tolga ,2015, israil ortadoğu ve kürtler, İstanbul, Kamer Yayınları, s. 18-20.
6. Şahin, Mehmet, 2019, Ortadoğu Aktörler, Unsurlar, Sistemler, İstanbul, Bilnet Yayınları, s.346. ve Arı, Tayyar, a.g.e., s. 294-295.
7. Şahin, Türel YILMAZ, a.g.e., s. 197.
8. Mehmet Şahin,a.g.e., s. 364-389.
9. Arı, Tayyar ,a.g.e., s. 307-316.
10. حسن، دانا عوسمان، ٢٠١١، جولەکە عەقیدە و شەریعەت و مێژوویان،سلێمانی، ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا، ل. ٢٢٩
11. Özdemir, Atasay,2005, HAMAS(HARAKET ÜLMUKAVEMET ÜLİSLAMİYYE) ÜZERİNE BİR DEĞERLENDİRME, Güvenlik Stratejiler Dergisi 1, Sy. 2, (Ağustos 2005), S.52-56.
12. Oruç,Saniye,2010, Filistin Halkının Parçalanmışlığı: HAMAS El Fetih Çatışması, Yüksek Lisans Tezi, İstanbul üniversitesi, s. 83-84.
13. الجزيره، حركة حماس.. مقاومة للاحتلال انطلقت مع انتفاضة الحجارة٢٠٢٣/١٢/٢٩/ https://www.aljazeera.net/encyclopedia/2014/2/10/%D8%AD%D8%B1%D9%83%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%82%D8%A7%D9%88%D9%85%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%A5%D8%B3%D9%84%D8%A7%D9%85%D9%8A%D8%A9-%D8%AD%D9%85%D8%A7%D8%B، ٢٠٢٤\١\٢٠، بەرواری سەردان.
14. KODAMAN, Timuçin & SARAÇ, Esme,2006, HAMAS ( HAREKET-ÜL MUKAVEMET-UL İSLAMİYE- İSLAMİ DİRENİŞ HAREKETİ), Akademik Ortadoğu, Cilt 1, Sayı1, s. 189.
15. Faruk Asa, Ahmed, 2020, Misak'tan Yeni Belgeye HAMAS ve Değişim, İnsani ve Sosyal Araştırma Merkezi, Araştırma 115, s. 1-5.
16. Şen, Gülriz, 13,11,2023, Hamas ve Hizbulla İran'ın Sahadaki Sigortaları, https://

artigercek.com/makale/gulriz-sen-hamas-ve-hizbullah-iranin-sahadaki-sigortalari-272737 , ٢٠٢٤\١\٢٠ \بەرواری سەردان.
17. Ahmed Abu Saada, Mohammed,2021, Filistin-İran İlişkilerinin Askerî ve Siyasi Boyutu (1996-2015), doktora Tezi, Sakarya Üniversitesi, s. 131-132.
18. Oruç, Saniye, a.g.m., s. 87_89. And Şen, Gülriz, 13,11,2023, Hamas ve Hizbulla İran'ın Sahadaki Sigortaları, https://artigercek.com/makale/gulriz-sen-hamas-ve-hizbullah-iranin-sahadaki-sigortalari-272737,٢٠٢٤\١\٢٠\بەرواری سەردان.
19. KODAMAN, Timuçin & SARAÇ, Esme,2006, a.g.m., s.184.
20. Mepa news, Hamas Liderinin Dilinden: Geçmişten Günümüze Hamas-İran İlişkileri, 11,1,2020, https://www.mepanews.com/hamas-liderinin-dilinden-gecmisten-bugune-hamas-iran-iliskileri-32825h.htm . ٢٠٢٤\١\٢٠ ،ڕێکەوتی سەردان.
21. Şen, Gülriz, 13,11,2023, Hamas ve Hizbulla İran'ın Sahadaki Sigortaları, https://artigercek.com/makale/gulriz-sen-hamas-ve-hizbullah-iranin-sahadaki-sigortalari-272737 , ٢٠٢٤\١\٢٠ \بەرواری سەردان.
22. Abo Rezeg, Ali, 2020, Understanding Iran-Hamas Relations from a Defensive Neo-Realist Approach, İran Çalışmalar Dergisi, Cilt: 4 Sayı: 2, s. 392.
23. Faruk Asa, Ahmed, 2020, a.g.m., s. 5.
24. Abo Rezeg, Ali, 2020, a.g.m., s. 393.
25. BANGASH, Zafer, 28 Nisan 2014, İran-HAMAS İlişkileri, https://islamianaliz.com/makale/7479887/zafer-bangash/iran-hamas-iliskileri . ، ڕێکەوتی سەردان، ٢٠٢٤\١\١٥.
26. TÜYSÜZOĞLU, Göktürk, 7,4,2014, İran-HAMAS İlişkileri Gelişiyor. https://www.tuicakademi.org/iran-hamas-iliskileri-gelisiyor/ ، ٢٠٢٤\١\١٥ ،ڕێکەوتی سەردان.
27. Güneş, Muharrem, 14 Haziran 2018, Hamas ve İran İlişkileri, https://www.yeniakit.com.tr/yazarlar/muharrem-gunes/hamas-ve-iran-iliskileri-24624.html . ٢٠٢٤\١\٢٠ ،ڕێکەوتی سەردان.
28. Şahin,Ali, 2019, İRAN-HAMAS İLİŞKLİLERİNDE YENİ SAYFA, İNSAMER, 22,08,2019, s.1-3.
29. CANER, Mustafa, 2023, İSRAİL SARDIRILARI KARŞISINDA İRAN'IN TUTUMU, Ortadoğu Analizi Aralık 2023 Cilt: 14 Sayı 132, 30-33.
30. Gazeteoksijen,9/10/2023, İsrail Ordusu: İran'ın Gazze'deki Savaşa Karıştığına dair hiçbir Belirti yok, https://gazeteoksijen.com/dunya/israil-ordusu-iranin-gazzedeki-savasa-karistigina-dair-hicbir-belirti-yok-191011.ڕێکەوتی سەردان، ٢٠٢٤\١\٢٠.
31. Euronews, 9/10/2023, Hamasın İsrail saldırısına İran devrim Muhafizlari ordusu

yardım etti ve yeşil ışık yaktı, https://tr.euronews.com/2023/10/09/wsj-hamasin-israil-saldirisina-iran-devrim-muhafizlari-ordusu-yardim-etti-ve-yesil-isik-ya. ٢٠٢٤\١\٢٠ ،ڕێکەوتی سەردان.
32. CANER, Mustafa, 2023, İSRAİL SARDIRILARI KARŞISINDA İRAN'IN TUTUMU, a.g.m., s. 30-33.
33. Abo Rezeg, Ali, 2020,Understanding Iran-Hamas Relations from a Defensive Neo-Realist Approach,a.g.m., s. 393.
34. CANER, Mustafa, 2023, İSRAİL SARDIRILARI KARŞISINDA İRAN'IN TUTUMU, a.g.m., s. 30-33.
35. Bbc news, 10/10/2023, İran, Hamas'ın İsrail'e Saldırısının arkasında mıydı?, https://www.bbc.com/turkce/articles/c845e4454pno، ٢٠١٤\١\٢٠، ڕێکەوتی سەردان.
36. Euronews, 9/10/2023, Hamasın İsrail saldırısına İran devrim Muhafizlari ordusu yardım etti ve yeşil ışık yaktı, https://tr.euronews.com/2023/10/09/wsj-hamasin-israil-saldirisina-iran-devrim-muhafizlari-ordusu-yardim-etti-ve-yesil-isik-ya. ٢٠٢٤\١\٢٠ ،ڕێکەوتی سەردان.
37. Sarı, İsmail , 9,10,2023, Hamas'ın Operasonunda İran'ın RolÜ ve Hedefleri, https://www.orsam.org.tr/tr/hamasin-operasyonunda-iranin-rolu-ve-hedefleri/, ، ٢٢،١،٢٠٢٤ ، ڕێکەوتی سەردان.
38. FARZAM, Rahim, 2023, İran'ın İsrail-Hamas Savaşı Stratejisi ve Muhtemel Senaryolar, İran ARAştırmalar Merkezi, Kasım 2023, s. 5-6.
39. Sarı, İsmail, 2024, İran'ın Babülmendep Stratejisi ve Husi Saldırıları, Ortadoğu Analizi, Ocak 2024 Cilt: 15 Sayı: s. 28-29.
40. Rudaw, 5/1/2014, Irak İslami Direnişi'nden ABD'ye Yapılan Saldırılara İlişkin Açıklama, https://www.rudaw.net/turkish/middleeast/iraq/05012024، ڕێکەوتی سەردان، ٢٠٢٤\١\٢١.
41. FARZAM, Rahim, 2023, İran'ın İsrail-Hamas Savaşı Stratejisi ve Muhtemel Senaryolar,a.g.m., s. 5-8.
42. FARZAM, Rahim, 2023, İran'ın İsrail-Hamas Savaşı Stratejisi ve Muhtemel Senaryolar,a.g.m., s. 5-8.



# ڕۆڵی ئێران لە تەنگەی بابولمەندەب

توێژەر: میران حسێن




## بەرایی

تەنگەی بابولمەندەب یەکێکە لە شوێنە ستراتیژییەکان لە جیهاندا، بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی بازرگانی نێوان سەرجەم کێشوەرەکان و کۆنترۆڵی ڕێگەی بازرگانی ئاوی دەکات لە جیهاندا، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەرسێ کێشوەری ئاسیا و ئەفریقا و ئەورووپا و هەموو جیهانی پێکەوە بەستووەتەوە، ئەم تەنگەیە بەشێویەکی ڕاستەوخۆ بە نۆکەندی سوێس لە میسر بەستراوەتەوە بۆیە گرنگی ئەم تەنگەیە وابەستەیە بە نۆکەندی سوێسەوە، چونکە هەردووکیان کۆنترۆڵی دەریای سوور دەکەن، ئەمەش بۆتە هۆی بەدرێژایی مێژوو تەنگەی بابولمەندەب شوێنێکی گرنگ و ستراتیژی بێت و جێگای چاوتێبڕینی هەموو وڵاتانی جیهان بێت، بەتایبەتی پاش هەڵکەندنی نۆکەندی سوێس لە ساڵی ١٨٦٩.

هەوڵەکانی ئێران بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم تەنگەیە مەبەست لێی تەواوکردنی هەوڵەکانێتی لە کۆنترۆڵکردنی تەنگەی هورمز لە کەنداو بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی ڕێرەوەی بازرگانی جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بەشێکە لە ستراتیژی ئێران لە ناوچەکە.

**نەخشەی بابولمەندەب**



## گرنگی تەنگەی بابولمەندەب

تەنگە یەکێکە لە دیاردە جوگرافییەکان کە سروشتین و دەستکرد نین، پێکدێت لە کەناڵێکی ئاوی کە دوو دەریا یان دووزەریا یان دەریا وزەریایەك بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لە دوولاوە دەوردراوە بە وشکانی بەشێوەیەك کە ناوچە وشکانییەکان کۆنترۆڵی دەکەن بەهۆی قەبارەی تەنگەکان کە پانی زۆر تەسك دەبێتەوە(١) جیاوازی لەگەڵ نۆکەند ئەوەیە نۆکەندەکان دەستکردن و مرۆڤ دروستیکردووە وەکو نۆکەندی سوێس و نۆکەندی پەنەما... هتد.

تەنگەکانی بایەخێکی ئابووری و ستراتیژی زۆر گەورەیان هەیە چونکە کۆنترۆڵی هاتوچۆی دەریایی و ڕێڕەوی هێڵە بازرگانی و ئابوورییەکان دەکەن کە بە تەنگەکاندا تێپەر دەبن، لەسەر ئاستی جیهان چەندین تەنگە هەیە وەکو تەنگەی بابولمەندەب و هورمز و مەلەگا و تەنگەی جەبەلتارق و پۆسفۆر و دەردەنیل.. هتد، کۆنترۆڵکردنی ئەو تەنگانە دەبێتە هۆی کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوی بازرگانییەکان لەجیهاندا (٢).

تەنگەی بابولمەندەب یەکێکە لەگرنگترین تەنگەکان لە جیهان و گرنگی ئابووری و ستراتیژی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتەی جیۆستراتیژی تەنگەکە کە بەهاوبەشی لەگەڵ نۆکەندی سوێس دەریای سوور دەبەستێتەوە بە دەریا وزەریاکانی دیکە بەهۆی ئەوەی دەریای سوور دەکەوێتە ناوەڕاست هەر سێ کێشوەری ئاسیا و ئەفریقا و ئەورووپا، ئەم تەنگەیە دەروازەی باشووری دەریای سوورە و دەریای سوور بە زەریا هیندی و کەنداوی عەدەن و خۆرهەڵاتی ئەفریقا دەبەستێتەوە کە کەشتییەکان پیایدا تێپەر دەبن بەرەو نۆکەندی سوێس کە دەریای سوور بە دەریای سپی دەبەستێتەوە، و کەشتییەکان کە لە ئاسیا و خۆرهەڵاتی ئەفریقا و ئوستralیا و کەنداوەوە بەرەو ئەورووپا هاتوچۆ دەکەن و بە پێچەوانەوە کە ئەم دوو دەروازەیە بەکاردەهێنن بۆ تێپەڕبوون، بۆیە بە ڕێگەیەکی بازرگانی جیهانی لەقەڵەمدەدرێت و شادەماری بازرگانی جیهانییە و ڕۆژانە دەیان بارهەڵگری نەوت پیایدا تێپەر دەبێت (٣).

## تەنگەی بابولمەندەب لەڕووی جوگر افییەوە

تەنگەی بابە مەندەب یەکێکە لە تەنگە ستراتیژییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان کە زەریای هیندی و دەریای عەرەب و کەنداوی عەدەن بە دەریای سوورەوە دەبەستێتەوە، پانی ئەم تەنگەیە 32 کیلۆمەترە کە تیایدا ژمارەیەك دوورگە هەیە گرنگترنیان دوورگەی برێمە کە ئەم تەنگەیە دەکات بە دوو بەشەوە، بەشی ڕاستی پانییەکەی سێ کیلۆمەتەرە و

قووڵی سی مەترە و هاتۆچۆکردن تیایدا ئەستەمە بەهۆی قووڵی و پانی ئەم بەشە، بەشی چەپی 25 کیلۆمەترە و قووڵی 310 مەترە، تەنها ئەم بەشەی بەکاردەهێنرێت بۆ هاتوچۆی کەشتییەکان و گونجاوە بۆ بەکارهێنان لە لایەن سەرجەم جۆرەکانی کەشتییەوە.(٤)

ئەم تەنگەیە دەوردراوە بە سێ دەوڵەت بەشی ڕاستی وڵاتی یەمەنە و بەشی چەپی و ڕۆژئاوای هەریەك لەئەریتریا و جیبۆتییە و یەمەن ٥٧٨ کیلۆمەتر کەناری هەیە لەسەر ئەم تەنگەیە و جیبۆتی ١٤١ کیلۆمەتر و ئەریتریا ٥٥ کیلۆمەتر (٥).

سیستمی هاتوچۆ لەم تەنگەیە ڕێکخراوە بەپێی ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە دەریاکان لەساڵی 1982 تیایدا هاتوچۆکردن لە تەنگەکان ئازاد دەکات و سیستمی تێپەربوون ڕەها دەکات بۆ هەموو کەشتییەکان بەمەرجێك کەشتییەکان بەردەوام بن لەتێپەربوون لەتەنگەکە بێ ڕاوەستان، لەگەڵ هەندێك ڕێنمایی و مەرجی تایبەت سەبارەت بە کەشتییە سەربازیی و ژێر دەریایی و کەشتییەکان کە بە وزەی ئەتۆم کاردەکەن یان بابەتی مەترسیدار دەگوازنەوە، ئەم ڕێکەوتننامەیە کۆمەڵێك ماف دەدات بەو دەوڵەتانە وەکو دەرکردنی یاسا و گومرگ و گواستنەوە و ماسی گرتن و پیسبوونی ژینگە لەو تەنگانە بەمەبەستی بەڕێوەبردن نەك کۆنترۆڵکردن(٦) سەرەڕای ئەوەش وڵاتانی دەوروبەری تەنگەکان زۆر بە ئاسانی دەتوانن ڕێگری بکەن لە هاتوچۆی کەشتییەکان ئەگەر و یستیان هەبێت و خوازیار بن لەسەر داخستنی یان کۆنترۆڵکردن بە پێچەوانەی یاسا و ڕێکەوتننامەکان.

### جیۆپۆلەتیکی تەنگەی بابولمەندەب

تەنگەی بابولمەندەب یەکێکە لە شوێنە ستراتیژییەکان لەسەر ئاستی جیهانی و خاوەن پێگەیەکی جیۆپۆلەتیکی بەهێزە، بەهۆی ئەوەی هەڵکەوتەی کۆنترۆڵی باشووری دەریا سوور دەکات کە جگە لەوەی ڕێگەیەکی بازرگانی نێودەوڵەتییە و گرنگی دەبێت لەسەر ئاستی بازرگانی جیهانی و ڕێڕەوێکی سەرەکییە، ئەم دەریاچەیە دەرچەیەکی ئاوییە بۆ هەریەك لە عەرەبستانی سعودی و جیبۆتی و ئەریتریا و سۆدان و یەمەن و ئیسرائیل و ئوردن و میسر، هەروەها کاریگەری لەسەر پەیوەندییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان هەیە، کە دەبێتە خاڵێکی ستراتیژی و هەستیار لە ستراتیژی هێزە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان، کە لەهەوڵی ئەوەدان کۆنترۆڵی ئەو تەنگەیە بکەن و کۆنترۆڵی جووڵەی دەریای بکەن تیایدا.

هەر لایەنیك یان دەوڵەتێك کۆنترۆڵی ئەو تەنگەیە بکات ئەوا کۆنترۆڵی ڕێگە بازرگانییە

نێودەوڵەتییەکان دەکات و کۆنتۆڵی دەریای سوور و هاتوچۆ لە نۆکەندی سوێس دەکات، بۆیە تەنگەی بابولمەندەب بە یەکێك لە گرنگترین و پڕ بایەخترین شوێنە ستراتیژییەکان لەسەر ئاستی جیهان دادەنرێت. لەهەمانکاتیشدا ناوچەیەکی مەترسیدارە و گرنگە بۆیە وڵاتانی جیهان بێ جیاوازی و بە درێژایی مێژوو هەمیشە لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنیدان.

گرنگی تەنگەی بابولمەندەب دەرکەوت پاش هەڵکەندنی نۆکەندی سوێس لە ساڵی 1869 و پێشتر ئەم تەنگەیە تەنها کۆنترۆڵی بازرگانی بەرەو وڵاتانی دەریای سووری دەکرد و کەشتییەکان بەدەوری کیشوەری ئەفریقا دەسووڕانەوە بەمەبەستی گەیشتن بە ئەورووپا، بەڵام پاش هەڵکەندنی نۆکەندی سوێس گرنگی ئەم تەنگەیە زیاتر بوو کاتێك دەریای سوور بە دەریای سپییەوەی بەسترایەوە بەمەش تەنگەی بابولمەندەب و دەریای سوور بوون بەرێگەیەکی نێودەوڵەتی و رێگەیەکی بازرگانی لە نێوان ئاسیا و ئەفریقا و ئەورووپا بەشێوەیەکی بەرچاو کورتکردەوە(٧)، سەرەڕای پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بوونی دەیان پرۆژەی ستراتیژی نوێ، کە ئەگەر جێبەجێ بکرێت ئەوا دەبێتە جێگرەوە بۆ ئەو تەنگەیە، بەڵام پێگەی تەنگەی بابولمەندەب و دەریای سوور و نۆکەندەی سوێسی بەگرنگی ماوەتەوە و گرنگی لەدەستنەداوە.

بەهۆی پێگەی ستراتیژی تەنگەی بابولمەندەب چەندین وڵات لە جیهاندا بنگەی سەربازییان هەیە لە هەریەك لە ئەریتریا و جیبۆتی و سۆمال و یەمەن.

## نەخشەی تەنگەکان



## تەنگەی بابولمەندەب وەکو دەروازەیەکی ئابووری

ئەم تەنگەیە ڕێرەوێکی بازرگانی زۆر گرنگە لەسەر ئاستی جیهان کە سەرجەم کاڵاکان کە لە ئەوروپاوە هەناردەی ئاسیا و خۆرهەڵاتی ئەفریقا و جیهانی عەرەبی و ئوسترالیا دەکرێت و بە پێچەوانەوە بەو تەنگەیە تێپەر دەبێت و نەوت و غازی هەناردە کراو لە ئاسیا و کەنداو و ئەفریقا بەرەو ئەوروپا بەو تەنگەیە تێپەر دەبێت، بەمەش ئەوە تەنگەیە لەگەڵ نۆکەندی سوێس بە شادەماری ئابووری جیهان دادەنرێت.

ئەم تەنگەیە چوارەم گەورەترین ڕێڕەوی ئاوییە لە جیهاندا کە کۆنترۆڵی سەرجەم هێڵە دەریایە بازرگانییەکان دەکات کە ڕۆژئاوا بە ڕۆژهەڵاتەوە دەبەستێتەوە و ڕۆژانە 75 کەشتی کە کەلوپەل و نەوت دەگوازێتەوە و 3،8 ملیۆن بەرمیل ڕۆژانە و ساڵانە 25 هەزار کەشتی بەم تەنگەیە تێپەر دەبێت کە 7% کۆێ هاتۆچۆی دەریایی جیهانییە(٨)، ژماری کەشتی و بارهەڵگرە گەورەکانی نەوت کە بەم تەنگەیە تێپەر دەبێت بە هەردوو ئاڕاستە ساڵانە 21 هەزار کەشتییە واتە 75 کەشتی لەیەك ڕۆژدا و 10% کۆێ بارهەڵگری بازرگانی جیهانی بەو تەنگەیە تێپەر دەبێت، ڕۆژانە 30-20 بارهەڵگری نەوتی مامناوەند بەم تەنگەیە تێپەر دەبێت واتە یەك بارهەڵگری نەوت لە 6 خولەك، و بەپێێ ئامارەکانی دامەزراوەی کاریگەری وزەی ئەمریکا کە لەساڵی 2013 دەرچووە ڕۆژانە 4-3 ملیۆن بەرمیل بەو تەنگەیە تێپەر دەبێت و لە ساڵی 2016 بەرزبووتەوە بۆ 4،8 ملیۆن بەرمیل لەڕۆژێکدا، 4% کۆی داواکاری لەسەر نەوتی جیهانی، جگە لە سەرجەم نەوتی هەناردەکراو لە کەنداو بەرەو ئەوروپا بەم تەنگەیە تێپەر دەبێت.(٩)

بێگومان داخستنی ئەم تەنگەیە کەشتی نەوتییەکان کە نەوتی وڵاتانی کەنداو و عێراق دەگوازنەوە بەرەو ئەمریکا و ئەوروپا ڕێگەی باشووری ئەفریقا بەکاردەهێنن ئەمەش هەم لەڕووی کات و هەم لەڕووی تێچووەوە زیانی دەبێت بۆ بازرگانی و ئابووری جیهان، جگە لەوەی زیانی دەبێت بۆ وڵاتانی کە دەکەونە سەر دەریای سوور وەکو عەرەبستانی سعودی و سۆدان و ئوردن و میسر و جیبۆتی و ئەریتریا و ئیسرائیل و داخستنی ئەو تەنگەیە کاریگەری زۆر گەورەی دەبێتە سەر هەندێك وڵات وەکو میسر بەهۆی لەکارکەوتنی نۆکەندی سوێس کە داهاتەکەی 9،6 ملیار دۆلارە ساڵانە بۆ میسر (١٠).

## بنگەی سەربازییەکان لە تەنگەی بابولمەندەب

ئەم تەنگەیە جگە لە گرنگی ئابووری ستراتیژی و ئابووری گرنگییەکی سەربازیی زۆر گەورەی هەیە بەهۆی ئەوەی سەرجەم کەشتییە سەربازییەکان کە سەردانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن یان ئاسیا و ئوسترالیا لە دەریای سپیەوە بە نۆکەندی سوێس و ئەم تەنگەیە تێپەر دەبن، و کەشتیگەلی ئەمریکییەکان ئەم تەنگەیە بەکاردەهێنن لە هاتوچۆکردن، بۆ نموونە و لەکاتی جەنگی کەنداوی دووهەم لەساڵی 1991 ئەمریکا ئەم تەنگەیەی بەکارهێنا بۆ گواستنەوەی هێزیەکانی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دووبارە لە ساڵی 2003 لەمیانی جەنگی کەنداوی سێهەم بەهەمانشێوە ئەم تەنگەیەی بەکارهێنا(١١) و لە کاتی جەنگی ساڵی 1973 لە نێوان میسر و ئیسرائیل میسر بە هاوکاری یەمەن ئەو تەنگەیە بەڕوی کەشتییە ئیسرائیلیەکان داخست کە کاریگەری هەبوو لەسەر جەنگەکە(١٢)، ئەم ڕووداوەش گرنگی ستراتیژی ئەم تەنگەیەی دەرخست لەسەر ئاستی جیهان بووە هۆی زیادبوونی هەوڵەکان بۆ دەستبەسەراگرتنی زیادبوو بەمەبەستی مسۆگەرکردنی هاتوچۆی دەریایی تیایدا، بۆیە زۆربەی دەوڵەتە گەورەکان بنکەی سەربازییان درستکردووە لە نزیك یان لە دوورگەکانی ئەو تەنگەیە بە بیانوونی مسۆگەرکردنی ئاسایشی هاتوچۆی دەریایی لە تەنگەکە، ئەمریکییەکان بنکەی سەربازییان هەیە لە نزیکە ئەم تەنگەیە بە بیانووی مسۆگەرکردنی ئاسایشی هاتوچۆی دەریایی و نەهیشتنی تیرۆر و چەتە دەریاییەکان.

نۆ بنکەی سەربازیی بوونی هەیە لە جیبۆتی، سێ بنکەی سەربازیی فەرەنسی و بنکەی سەربازیی بۆ هەریەك لە چین و ئەمریکا و ئیسپانیا و ئەڵمانیا و ژاپۆن و ئیتاڵیا و عەرەبستانی سعودیش بەنیازە بنکەیەك دروست بکات لەو وڵاتە.

لە سۆماڵ هەریەك لە تورکیا و ئەمریکا و بەریتانیا و ئیمارات بنکەیان هەیە(١٣) و میسر لە مانگی کانونی دووهەمی 2020 گەورەترین بنکەی سەربازیی لە سۆماڵ کردەوە کە بنکەیەی ئاسمانی و دەرياييە(١٤)، ئەریتریا دوو بنکەی سەربازیی هەیە یەکێکیان ئیسرائیلیەو ئەوی دیکەشیان ئیماراتیە، بنکەیەکی سەربازی ئیماراتی سعودی هاوبەش هەیە لە دوورگەی سۆقەترا یەمەنی نزیك تەنگەکە.

جگە لە بوونی چەند هێزێکی دیکە وەکو هێزی ئەورووپی بۆ لەناوبردنی چەتە دەریاییەکان لە نزیکە کەنارەکانی سۆماڵ(١٥).


## شۆڕشی بەهاری عەرەبی و یەمەن

پاش دەستپێکردنی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی کە چەندین وڵاتی عەرەبی گرتەوە وەکو تونس، میسر، لیبیا، سووریا، بەحرین و یەمەن یەکێك بوون لەو وڵاتانەی کە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی گرتەوە لە ساڵی 2011 پاش دەسپێکردنی خۆپیشاندانەکانی کە ئەو وڵاتەی گرتەوە و هەریەك لە عەربستانی سعودی و ئێران دەستێوەردانیان ئەنجامدا لە خۆپیشاندانەکان کە داوای لەسەر کار لابردنی عەلی عەبدوڵڵا ساڵحیان دەکرد و تۆمەتبارکرا بە گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی وڵات.

لە ئەنجامی دەستپێشخەری عەرەبستانی سعودی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی شۆڕشی یەمەنی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح دەستیلەکارکێشاوە و مەنسوری لە جێگەی خۆی دانا بۆ ماوەی دوو ساڵ وەکو ماوەیەکی ئینتقالی بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەگان و ڕێگەی پێبدرێت بچێتە دەرەوەی وڵات بەڵام حوسییەکان ئەو دەستپێشخەریەیان ڕەتکردەوە، بە پاڵپشتی ئێران توانیان سەنعای پایتەختی یەمەن کۆنترۆڵ بکەن، و عەبد ڕەبە مەنسور ناچار بکەن هەڵبێت بۆ شاری عەدەن.

سەرئەنجام ئەم شۆڕشە بووە هۆی دروستبوونی دوو ناوچەی هەژموون لەو وڵاتە، ناوچەیەکی لە خۆرهەڵاتی یەمەن کە لەژێر کۆنترۆڵی عەبد ڕەبە مەنسور دایە کە لە لایەن عەرەبستانی سعودی و ئیمارات و خۆرئاواوە پاڵپشتکراوە و بەشێکی لە خۆرئاوای یەمەن کە حوسییەکان کە لە لایەن ئێرانەوە پاڵپشت دەکرێن، لەگەڵ چەند ناوچەیەکی دیکەش کە لەژێر کۆنترۆڵی داعش و قاعیدە و گرووپە توندڕەوەکانە ئەمەش بۆتە هۆی ناسەقامگیرییەکی زۆر گەورە لەو وڵاتە و تەنگەی بابولمەندەب کەوتە ژێر کۆنترۆڵی حوسییەکانەوە.

## نەخشەی کۆنترۆڵ لەیەمەن




### جووڵانەوەی حوسییەکان

سەرەتای دروستبوونی جووڵانەوەی حوسییەکان وەکو بزووتنەوەیەکی ئایینی دەرکەوتن بەمەبەستی زیندووکردنەوەی بنەماکانی شیعەگەرایی لەسەر بنەمای زەیدییەکان نەك وەکو جووڵانەوەیەکی سیاسی، لە لایەن بەدرەدین حوسییەوە دروستبوو، سەرەڕای ئەوەی ئەو جووڵانەوەی لە بنەڕەتدا زەیدی بوو، بەڵام لەژێر کاریگەری ئێران بوو بە جووڵانەوەیەکی دوانزە ئیمامی و لە ناوچەی سەعدەی باکوری خۆرئاوای یەمەن سەنتەری چالاکییەکانی بوو، لە ساڵی 2004 وە بوو بە هێزیکی سەربازیی. (١٦)

دەتوانین مێژووی ئەم بزووتنەوەیە بۆ سێ قۆناغ دابەش بکەین :

قۆناغی یەکەم: قۆناغی نێوان ساڵی 1990 و تا 2004 بوو، کە قۆناغی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی بزووتنەوەکە بوو کە مۆرکێکی ئایینی پێوە دیاربوو، تیایدا داوای چاکسازی و بڵاوکردنەوەی هزری دوانزە ئیمامی لەناو زەیدییەکانی یەمەن دەکرد(١٧).

قۆناغی دووەم: لە ساڵی 2004وە دەستپێکرد تا شۆڕشی ساڵی 2011 بەردەوام بوو، کە تیایدا ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی ڕوویدا لە نێوان سوپای یەمەن و حوسییەکان، شەش جار جەنگ ڕوویدا لە نێوان هەردوولادا و هەموو جارێك بە ئاگربەست لە نێوان هەردوولا کۆتایی دەهات.

جەنگی یەکەم لەمانگی ئەیلولی 2004 ڕوویدا و چەند مانگێکی خایاند، و جەنگی دووەم

لە مانگی ئایاری 2005 ڕوویدا و دوو مانگی خایاند، و جەنگی سێهەم لە مانگی تشرینی دووەمی 2005 ڕویدا و چەند مانگێکی خایاند، جەنگی چوارەم لە ئەیاری 2007 ڕوویدا و نزیکەی یەك مانگی خایاند و بەنێوەندگیری قەتەر كێشەكە چارەسەر بوو، جەنگی پێنجەم لە مانگی تەمووزی 2008 ڕویدا و ئاستی جەنگەكە بۆ یەكەمجار چەند پارێزگایەكی یەمەنی گرتەوە، جەنگی شەشەم لە ساڵی 2010 و تیایدا حوسییەكانی هێرشیان كردە سەر عەرەبستانی سعودی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەم جەنگە ڕەهەندێكی نێودەوڵەتی هەبێت وەك لە جەنگێكی ناوخۆیی(١٨).

قۆناغی سێهەم: لە چوارچێوەی شۆڕشەكانی بەهاری عەرەبی خۆپیشاندان لە یەمەن دەستی پێكرد لە مانگی شوباتی 2011 و حوسییەكانیش بەشدارییان كرد لە خۆپیشاندانەكان و داوای لەسەر كارلادانی عەلی عەبدوڵڵا ساڵحیان دەكرد، سەرەتا حوسییەكان لەناوچەكانی خۆیان دەستیان بە خۆپیشاندان كرد، دواتر بەشدارییان لە خێوەتی مانگرتن كە لە پایەتەختی یەمەن كرد و(١٩)، حوسییەكان دەستپێشخەری وڵاتانی كەنداو و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێش وەختەیان ڕەتكردەوە كە بەپێی ئەو دەستپێشخەرییە عەلی عەبدوڵڵا ساڵح وازی لە پۆستەكەی هێنا و عەبد ڕەبە مەنسور هادی لە جێگەی خۆی دانا بۆ ماوەی دوو ساڵ وەكو ماوەیەكی ئینتقالی و كاتی بەڵام حوسییەكان ئەمیان ڕەتكردەوە و بە پیلانگێرییان لەقەڵمدا دژی شۆڕش، لە 21 ئەیلولی 2014 دەستیانگرت بەسەر سەنعای پایتەخت و سەرجەم دامەزاروە فەرمیەكانی وڵات، لەبەرامبەر نەبوونی هێزێكی سەربازیی بەهێز كە ڕێگرییان لێبكات ژمارەیەك لە شار و ناوچەی ستراتیژیان كۆنترۆڵ كرد، ڕاگەیاندنێكی دەستووریان ڕاگەیاند كە پەرلەمان و سەرجەم دامەزراوە فەرمییەكانی وڵاتیان لەكارخست و هێرشیان كردە سەر شاری عەدەن كە دووەم گرنگترین شارە لە یەمەن، كە سەرۆكی یەمەن لە پاش هەڵهاتنی لە سەنعا پەنای برد بۆ عەدەن و وەكو پایتەخت دەستنیشانی كرد، بەڵام هێرشی حوسییەكانی شكستی پێهێنا(٢٠).

لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٦ ئاداری ٢٠١٥ عەرەبستانی سعودی دەستی كرد بە پرۆسەیەكی سەربازیی دژی حوسییەكان بەناوی (عاسفە حەزم) كەسەرجەم وڵاتانی ئەنجومەنی هاریكاری كەنداو جگە لە عومان لەخۆگرت و هەریەك لە سۆدان و میسر و پاكستان و مەغریب و ئوردن بەمەبەستی ناچاركردنی حوسییەكان بكشێنەوە لەشارەكان كە كۆنترۆڵیان كردووە(٢١)، بەڵام ئەو هاوپەیمانێتییە نەیتوانی ئامانجەكانی جێبەجێ بكات و شكستی هێنا.

## حوسییەکان و تەنگەی بابولمەندەب

لەسەرەتای کۆنترۆڵکردنی تەنگەی بابولمەندەب لە لایەن حوسییەکانەوە دەستیان کرد بە بەکارهێنانی ئەم تەنگەیە بۆ بەرژەوندی خۆیان سەرەتا وەکو ئامرازێك بۆ بەدەستهێنانی چەك و تەقەمەنی لە دەرەوە، پاشان چەندین جار حوسییەکان هێرشیان کردە سەر کەشتییەکان بە تۆمەتی ئەو خاوەندارێتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودی و ئیمارات و هەندێك وڵاتی دیکە.

سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە حوسییەکان 26 جار هێرشیان کردۆتە سەر کەشتی بازرگانی و نەوتی لەماوەی یەك ساڵ لە تشرینی دووەمی 2022 تا تشرینی دووەمی 2023، لە مانگی تشرینی دووەمی ڕابردوو کەشتییەکیان بە بارمەتە گرت بە تۆمەتی ئەوەی کاڵای دەگواستەوە بۆ ئیسرائیل، و لەمانگی 12 هەمان ساڵ موشەکێکیان ئاڕاستەی بارهەڵگرێکی نەوتی نەرویجی کرد لە تەنگەی بابولمەندەب(٢٢).

لە ئەنجامدا لە 12 کانونی دووەمی 2024 هاوپەیمانێتی ئەمریکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی حوسییەکان هێرشی ئاسمانیان کردە سەر بنکەی حوسییەکان لەیەمەن(٢٣)، وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەوە هێرشانە لە مانگی کانونی دووەمی 2024 حوسییەکانی هێرشیان کرد کەشتییەکی ئەمریکی لە دەریای سوور (٢٤). پێشتر حوسییەکان هێرشیان کردەوە سەر بارهەڵگرێکی نەوتی لەمانگی کانونی یەکەم 2020 کە ئاڵای سەنگافورەی بەرزکردبووە لە ڕێگەی بەلەمێکی بۆمبڕێژکراو، لە تشرینی دووەمی یەکەمی 2020 لوغمێکی دەریاییان تەقاندەوە بە بارهەڵگرێکی نەوتی کە ئاڵای ماڵتای هەڵکردبوو، لە مانگی کانونی یەکەمی 2022 کەشتییەکی ئیماراتییان کۆنترۆڵ کرد و سەرجەم سەرنشینەکانیان بەبارمتە گرت(٢٥).

## ئێران و بابولمەندەب

ڕوانگەی ئێران بۆ تەنگە و ڕێڕەوە ئاوییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکو بەشێك لە بواری کاری ئێران تەماشا دەکرێت، وەکو بەشێك لە هێزی ئێران کە بەکاریدەهێنێت لە پاڵپشتی سیاسەتی دەرەکی(٢٦).

شیکردنەوەی جیۆپۆلەتیکی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات مەبەست لەبەرفراوانبوونی هەژمونی ئێران لە ڕێڕەو و تەنگەکان یەکێکە لە فاکتەرەکانی بەهێزی ئێران بەمەبەستی ئەوەی کاریگەری دروست بکات لەسەر هەڵسوکەوتی وڵاتانی دیکە لە ڕێگەی چەند

ستراتیژێکی دیاریکراو(٢٧).

هەوڵەکانی ئێران بۆ کۆنترۆڵکردنی تەنگەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1971 کاتێکی ئێران سێ دوورگەی ئیماراتی کۆنترۆڵ کرد بە ناوەکانی تونب کوبرا و تونب سوغرا و ئەبو موسا، و پاش کۆنترۆڵکردنی ئەو سێ دوورگەیە توانی کۆنترۆڵی ڕێڕەوەی هاتوچۆ بکات لە تەنگەی هورمز کە دەریای عەرەب بە کەنداوەوە دەبەستێتەوە و 40% هەموو نەوتی جیهان بەو تەنگەیەدا تێپەر دەبێت و چەند جارێك ئێران بەفەرمی هەڕەشەی داخستنی ئەو تەنگەیەی کردووە(٢٨)، بوونی ئێران لە دەروازی باشووری دەریای سوور زۆر پێویستە بۆ ستراتیژی ئێرانی بەمەبەستی دروستکردنی فشار لەسەر عەرەبستانی سعودی لەو شوێنە و بنکەیەکە بۆ پاڵپشتیکردنی هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە و لوبنان و سووریا و بزووتنەوەی حەماس(٢٩) جگە لەوەی کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوە بازرگانیی و ڕێڕەوی گەیشتنی ئەمریکایە بۆ کەنداو(٣٠). لە لایەکی ترەوەی پەیوەندیەکی زۆر بەهێز هەیە لە نێوان فشارەکانی سەر ئێران و هەڕەشەکانی بە داخستنی تەنگەی هورمز و بابولمەندەب، ئەم هەڕەشانە ناسەقامگیری دروست دەکات لە بازاڕەکانی وزە لە جیهاندا(٣١).

بۆیە کۆماری ئیسلامیی ئێران گرنگییەکی تایبەت دەدات بە یەمەن و تەنگەی بابولمەندەب چونکە دەتوانێت لەڕێگەی کۆنترۆڵکردنی ئەو تەنگەیەوە کاریگەری هەبێت لەسەر هەموو جیهان و کارتێکی فشاری بەهێزی ئێرانە لەبەردەم وڵاتانی عەرەبی و ئەورووپیەکان و وڵاتانی ئاسیا بەتایبەتی و هەموو جیهان بە گشتی، سەرەڕای ئەوەی تێپەربوونی کەشتییەکان بە تەنگەکان ڕێگە پێدراوە بەمەرجێك ئەو کەشتییانە کاری دوژمنکارانە ئەنجام نەدەن، بەڵام ئەزموونی ڕابردوو ئەوەی سەلماندووە کە ئێران زۆرجار هەڕەشەی داخستنی تەنگەی هورمزی کردووە و هێرشی کردۆتە سەر کەشتی سەربازیی و ئاسایی لە هەردوو تەنگەی هورمز و بابولمەندەب. بۆیە هەوڵەکانی ئێران بۆ کۆنترۆڵکردنی بابولمەندەب لەڕێگەی حوسییەکان و تەواوکەری کۆنترۆڵکردنی تەنگەی هورمزە، و ئامانجی ستراتیژی ئێرانە لە ناوچەکە و جیهان، و کارتێکی فشاری بەهێزی ئێرانە بەرامبەر هەموو جیهان نەك تەنها بەرامبەر ئیسرائیل و ئەمریکا، وەکو چۆن کۆنترۆڵکردنی تەنگەی هورمز کارتێکی فشارە دژی وڵاتانی کەنداو و و وڵاتانی کە نەوتی کەنداو هاوردە دەکەن و بازاڕەکانی نەوت لە جیهاندا.

لە لایەکی ترەوە بەشێوەیەکی گشتی وڵاتانی کەنداو نیگەرانن لە بوونی هەژموونی ئێران

لەم تەنگەیە وەکو هەڕەشەیەکی ستراتیژی لەقەڵەمی دەدەن بەتایبەت پاش شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی لە یەمەن، و سەرۆکی یەمەن عەبد ڕەبە مەنسور بە ئاشکرا ئێرانی تۆمەتبار کرد بەنیازە تەنگەی بابولمەندەب کۆنترۆڵ بکات لە دەریای سوور و داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە ڕێگری بکەن لە ئێران پلانەکانی لەیەمەن جێبەجێ بکات، چەندینجار حکومەتی یەمەنی دەستی گرتووە بەسەر کەشتی کە هاوکاری سەربازیی و چەکی ئێرانی بۆ حوسییەکان گواستۆتەوە(٣٢).

## مەترسییەکان لەسەر تەنگەی بابولمەندەب

جگە لە کێشەی حوسییەکان چەندین کێشەی دیکە هەیە کە هەڕەشە لە ئاسایش و سەقامگیری تەنگەی بابولمەندەب وەکو جەنگی نێوان غەززە و ئیسرائیل و لێکەوتەکانی لەسەر هەموو ناوچەکە، و کێشەی نێوان هەریەك لە ئەریتریا و ئەسیوبیا و یەمەن لە ناوچەکە و بۆشایی ئەمنی و سیاسی لە سۆماڵ و کێشەی بوونی چەتە دەریاییەکان، کە هەڕەشەی دەستگیرکردن دەستبەسەراگرتنی کەشتییە بازرگانیەکان دەکەن لەو ناوچەیە و، سوودیان لە نەبوونی حکومەت و پشێوییەکانی وڵاتی سۆماڵ وەردەگرت و ئەو وڵاتەیان کردبووە مۆڵگەیەك بۆ هێرشکردنە سەر کەشتییە بازرگانییەکان کە بەو تەنگەیەدا تێپەر دەبوون.

## چارەسەری سەربازیی

یەکێك لە چارەسەرە پێشنیارکراوەکان لە ئێستادا بەکارهێنانی هێزە دژی حووسیەکان لەکاتی داخستنی یان هەڕەشەی داخستن یان هێرشکردنە سەر کەشتییەکان کە بە تەنگەی بابولمەندەب، و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هاوپەیمانێتیەکی سەربازیان پێکهێناوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و هەڕەشەی حوسییەکان، کە هەریەك لە ئەمریکا و بەریتانیا و بەحرین و کەنەدا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و هۆڵەندا و سیشل و ئیسپانیا لە خۆدەگرێت بۆیە چارەسەری سەبازیی یەکێکە لە ئەگەرە پێشبینکراوەکان لەکاتی بەردەوامبوونی قەیرانی ئەو تەنگەیە و بەردەوامی هەڵسوکەوتی حوسییەکان و بەکارهێنانی ئەو تەنگەیە لە لایەن ئێرانەوە وەکو کارتی فشار دژی ئەمریکا و ئەورووپا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی(٣٣).

لە 12 کانونی دووەمی 2024 ئەو هاوپەیمانێتییە هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر 60 بنکەی حوسییەکان لە یەمەن وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ هێرشەکانیان بۆ سەر کەشتییەکان لە تەنگەی بابولمەندەب.

## پڕۆژە ئابوورییەکان و ئەڵتەرناتیڤەکان

سەرەڕای گرنگی گواستنەوەی ئاویی لەسەر ئاستی جیهان و گرنگی تەنگەی بابولمەندەب وەکو ڕێڕەوێکی بازرگانی جیهانی، بەڵام چەندین پڕۆژەی ئابووری و ستراتیژی هەیە، کە وڵاتان کاردەکەن لە پێناو جێبەجێکردنی، ئەم پڕۆژانە ئەگەر جێبەجێ بکرێن ئەوا کاریگەری نێگەتیڤیان دەبێت لەسەر هەریەك لە تەنگەی بابولمەندەب و نۆکەندی سوێس و دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بەها و گرنگی دەریای سوور لەسەر ئاستی جیهان.

### ١- هێڵی ئابووری هیند- ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست - ئەورووپا

لە میانی کۆبوونەوەی G 20لە مانگی نۆی ڕابردوو کە لە هیند سازکرا، هەریەك لە جۆ بایدن سەرۆکی ئەمریکا و ناریندرا مۆدی سەرۆك وەزیرانی هیند و محەمەد بن سەلمان جێنشینی عەرەبستانی سعودی واژۆیان لەسەر پڕۆژەی هێڵی ئابووری هیند – ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست – ئەورووپا(India – Middle East – Europe Economic Corridor) کرد، کە بە پڕۆژەی (IMEC) دەناسرێت و کورتکراوەی ناوی پڕۆژەکەیە، ئەم پڕۆژەیە وڵاتی هیندی بە ئیمارات و عەرەبستانی سعودی و ئوردن و ئیسرائیل دەبەستێتەوە، بەندەری حەیفای ئیسرائیلی بە ئەورووپا دەبەستێتەوە و مەبەستی لێی ئاڵوگۆڕی بازرگانییە لە نێوان ئاسیا و ئەورووپا و ئەفریقا لە ڕێگەی تۆڕێك لە هێڵی ئاسنین و بەندەر و هێڵی دەریایی(٣٤)، ڕکابەری پڕۆژەی ئاوریشمی نوێیە کە چین بە ئەورووپاوە دەبەستێتەوە.

### ٢- پڕۆژەی کەناڵی وشکانی

یەکێکە لە پڕۆژەکانی کە عێراق بەنیازە جێبەجێی بکات، کە لەو ڕێگەیەوە هەوڵدەدرێت جێگرەوەی بێت بۆ نۆکەندی سوێس و دەریای سوور و تەنگەی بابولمەندەب، عێراق پلانی جێبەجێکردنی پڕۆژە بەندەری فاوی گەورەی هەیە، کە هەوڵدەدات بەندەرێکی زۆر گەورە دروستبکات بەمەبەستی هێنانی کەلوپەل لە ئەورووپاوە بە شەمەندەفەر بۆ بەندەری فاو دواتر گواستنەوەی بۆ ئاسیا و ئوسترالیا و وڵاتە عەرەبییەکان بەڕێگەی دەریایی و بە پێچەوانەوە گواستنەوەی کەلوپەل لە ئاسیا و ئوسترالیا و وڵاتە عەرەبییەکان بۆ بەندەری فاو دواتر گواستنەوەی بۆ ئەورووپا کە ئەم پڕۆژەیە هەمان بیرۆکەی هێڵی شەمەندەفەری بەرلین بەغدا بەسرەیە، کە ئەڵمانەکان بەنیازبوون هێڵێکی شەمەندەفەر لە نێوان بەسرە و بەرلین دروست بکەن لەسەردەمی عوسمانییەکاندا، بەڵام داگیرکردنی

عێراق لەلایەن بەریتانیەوە لە جەنگی جیهانی یەکەم ڕێگری لە جێبەجێکردنی کرد(٣٥). ئەم پرۆژەیە بە یەکێك لە پرۆژە ستراتیژییەکانی عێراق لە قەڵەم دەدرێت، نزیکەی 17ملیار دۆلاری تەرخانکردووە بۆ دروستکردنی بەندەری فاوی گەورە، هەروەها بەنیازە هێڵێکی شەمەندەفەرەی گەورە دروست بکات کە بەندەری فاو بە تورکیا و ئەورووپاوە ببەستێتەوە.(٣٦)

## ئەنجام

- تەنگەی بابولمەندەب یەکێکە لە تەنگە ستراتیژییەکان لەسەر ئاستی جیهان بەهۆی ئەوەی ڕێڕەوێکی بازرگانییە لەسەر ئاستی جیهان.
- تەنگەی بابولمەندەب گرنگی ئابووری و سیاسی و بازرگانی و ستراتیژی زۆر گەورەی هەیە.
- بەهۆی گرنگییەکەیەوە چەندین وڵاتی جیهان لەهەوڵی دەستبەسەراگرتنی ئەم تەنگەیەن.
- ئێران ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە ناساقەمگیری لە نزیك تەنگەی بابولمەندەب.

## پەراوێز و سەرچاوەکان

١. عەبدولوەهاب کەیالی، موسوعە السیاسە، بەشی دووهەم، بەیروت،المؤسسە العربیە للدراسات و النشر،١٩٨١، لا٢٧.
٢. نەعیمة خەتیر،الأهمیة الجیوبولیتیکیة لمضائق حوض المتوسط،مجلة مدارات سیاسیة، ٢٠١٧، لا ١٣٠
٣. د سالم داود غزیل،الازمة الیمنیة و مستقبل الملاحة الدولیة في مضیق باب المندب، مجلة کلیة القانون للعلوم القانونیة و السیاسیة مجلد (١٠) ذمارة ٣٩، ٢٠٢١، لا٢٤٢
٤. د. عەلی یاسین عەبدوڵلا، الاهمیة الجیوبولتیکیة للیمن في الاستراتیجیة السعودیة، طؤظاري زانکؤي تکریت،٢٠٢٠، لا ٢٥٠
٥. سالح عەبد ربة ئەبو نەهار, احتلال جزیرة حنیش و ابعاد العدوان الارتیري, سەنعا , دار الموفة للطباعة و النشر , ١٩٩٩، لا ٢
٦. ئەحمەد سوبحي ئەلسوبحي, اطلالة علی البحر االحمر و النزاع الیمني- الارتیري, عەمان, دار البشیر للطباعة و النشر,،١٩٩٦،لا٢٢
٧. د.ئەنوەر سەید کامیل عامر، مضیق باب المندب دراسة في الجغرافیا السیاسیة و الجیوستراتیجیة، مجلة الدراسات الافریقیة- ذمارة ٣٦، ٢٠١٤، لا٥٠٣
٨. د. عەلی یاسین عەبدوڵلا، هەمان سەرچاوە، لا٢٤٨
٩. شەهباز عەقباوي, البحر االحمر تزاید صراع المصالح و تراجع ثقافە المنافع, مجلە اراء حول الخلیج, ذمارة ١٢٧، ٢٠١٨، لا٨٣.

١٠. bln-chairman-٩٤-www.reuters.com/world/africa/suez-canal-annual-revenue-hits-record
١١. لە ڕێککەوتی ٣٠-١-٢٠٢٤ بینراوە.
١٢. نەوار جەلیل, الممرات المائیة و امن الطاقة العالمي, دراسة في الجغرافیة السیاسیة, بغداد, دار الكتب العالمیة.,٢٠١١،لا١١٤
١٣. هەمان سەرچاوە،١١٤
١٤. رەحیمة الفقي، مستقبل التنافس على الممرات الملاحیة الدولیة، السیاسة الدولیة، ملحق تحولات استراتیجیة، ذمارة،٢٢٥ بەرط.٥٦، ٢٠٢١ لا٧.
١٥. ئەبو بەكر دسووقي، الرؤیة المصریة لألمن و التعاون في البحر األحمر: المحددات و الادوات، السیاسة الدولیة،ذمارة،٢٢٤ بەرط.٢٠٢١،٥٦ لا ٨١
١٦. ئاذانسي سثؤتنیكي رووسي، https://sputnikarabic.ae/٢٠١٩١٠٢٩ لەرێككەوتي ٣٠-١-٢٠٢٤ بینراوة.
١٧. .عادل ئەحمەدي، الزهر و الحجر: التمرد الشیعي في الیمن و موقع الاقلیات الشیعیة في السیناریو الجدید،٢٠٠٦ – ضاث١. – صنعاء: مركز نشوان الحمیري للدراسات و النشر لا ١٢٨-١٢٦
١٨. نایف بن سەعید دؤسەري، الحركة الحوثیة: دراسة منهجیة شاملة، ٢٠١١، ضاث١ قاهیرة: دار الصحوة العالمیة للطباعة و النشر. لا١٤-١٣
١٩. د. نەوةر سەید كامیل، الوجود الحوثي في الیمن دراسة في الجغرافیا السیاسیة، شعبة البحوث الجغرافیة،٢٠١٧، لا٢٢-٢٣-٢٤-٢٥
٢٠. ئەحمەد ئەمین شوجاع، إیران و الحوثیون مراجع و مواجع، ٢٠١٢ ریاز: مركز البیان للبحوث و الدراسات.:لا٩٥.
٢١. د.ئەنوەر سەید كامیل هەمان سەرچاوە،لا٢٧-٢٨
٢٢. هەمان سەرچاوە،ص٣١
٢٣. دي دەبلیؤي ئەلماني www.dw.com/ar / ٦٧٦٩٧٠٤٥-a لە ڕێککەوتی ٣٠-١-٢٠٢٤ بینراوة.
٢٤. بي بي سي https://www.bbc.com/arabic/articles/c٤nyy١٨q١lwo لە ڕێککەوتی ٣٠-١-٢٠٢٤ بینراوة.
٢٥. فرانس ٢٤٠١١٦ ٢٤-٢٠٢٤ com/ar.www.france٢٤، لە ڕێککەوتی ٣٠-١-٢٠٢٤ بینراوة.
٢٦. ئەحمەد خەتیب، السلوك الاقلیمي الایراني تجاه الممرات و المضائق البحریة في منطقة الشرق ألوسط،طؤظاري زانستي تیویذینەوةي ئابووریة و زانستة سیاسییةكان لة زانكؤي ئەسكەندریة – میسر،بەرگی ٨ ژماره ١٦، ٢٠٢٣،لا٢٩٩
٢٧. هەمان سەرچاوەی چێشوو، لا٢٩٥
٢٨. هەممان سەرضاوة،لا٢٩٧
٢٩. د.سالم حەمید، الجزر الإماراتیة (المحرر الامن القومي الإماراتي و الخلیجي و الجزر الإماراتیة المحتلة. الإمارات: مركز المزماة للدراسات و البحوث(٢٠١٤
٣٠. تاریق فەهمي، المتغیرات الاقلیمیة و تحدیات الامن في البحر الاحمر. السیاسة الدولیة، ذمار،٢٢٤ بەرط.٥٦، ٢٠٢١ لا ٩٩-٩٤)
٣١. فریدة بنداري، سیاسة إیران تجاه إفریقیا من منظور الجیواستراتیجیة المذهبیة،٢٠٢٠ لا ٣٠-٤٩

٣٢. Kenneth Katzman، "IRAN'S THREAT TO THE STRAIT OF HORMUZ, Congressional Research Service, ٢٠١٢
٣٣. میساق خەیرولآ جلود, تطورات الاوضاع في اليمن بعد ثوره ٢٠١١, تحليلات استراتيجية , ذمارة ٧٦، زانكؤي موسلَ،مركز الدراسات الاقليمية, ٢٠١٢، لا٥
٣٤. جةزيرة https://www.aljazeera.net/news/٢٠٢٣/١٢/٢٠/ لە ڕێککەوتی ٣٠-١-٢٠٢٤ بینراوە.
٣٥. المعهد الدولي للدراسات الايرانية،الممر التجاري العالمي الهندي-الشرق أوسطي-الاوروبي.. الفرص و التحديات، ٢٠٢٣،لاثةرة٥
٣٦. ميران حسين،البعد الجيوبولتيكي و الاستراتيجي لميناء الفاو الكبير، كؤنفرانسي بةندةري فاوي طةورة، ٢٠٢٢،٣٨٤

العربية https://www.alarabiya.net/aswaq/economy/2023/05/27/ لةرِيَككةوتي30-1-2024 بينراوة.

- عەبدولوەهاب کەیالی، موسوعە السیاسە، بەشی دووهەم، بەیروت،المؤسسە العربیە للدراسات و النشر،1981.
- نەعیمە خەتیر،الْهمیە الجیوبولیتیکیە لمچائق حوچ المتوسگ،مجلە مدارات سیاسیە، 2017.
- د سالم داود غزیل،الازمە الیمنیە و مستقبل الملاحە الدولیە فی مچیق باب المندب، مجلە کلیە القانون للعلوم القانونیە و السیاسیە مجلد (10) ژمارە 39، 2021.
- عەلی یاسین عەبدوڵلا، الاهمیە الجیوبولتیکیە للیمن فی الاستراتیجیە السعودیە، گۆڤاری زانکۆی تکریت،2020.
- سالح عەبد ربە ئەبو نەهار، احتلال جزیرە حنیش و ابعاد العدوان الارتیری، سەنعا، دار الموفە للگباعە و النشر، 1999.
- ئەحمەد سوبحی ئەلسوبحی، اگلالە علی البحر االحمر و النزاع الیمنی- الارتیری، عەمان، دار البشیر للگباعە و النشر،،1996.
- د.ئەنوەر سەید کامیل عامر، مچیق باب المندب دراسە فی الجغرافیا السیاسیە و الجیوستراتیجیە، مجلە الدراسات الافریقیە - ژمارە 36، 2014،
- شەهباز عەقباوی، البحر االحمر تزاید صراع المصالح و تراجع پقافە المنافع، مجلە اراو حول الخلیج، ژمارە 127، 2018.
- نەوار جەلیل، الممرات المائیە و امن الگاقە العالمی، دراسە فی الجغرافیە السیاسیە، بغداد، دار الکتب العالمیە،.2011.
- .عادل ئەحمەدی، الزهر و الحجر: التمرد الشیعی فی الیمن و موقع الاقلیات الشیعیە فی السیناریو الجدید،2006 – چاپ1. – صنعاو: مرکز نشوان الحمیری للدراسات و النشر.
- نایف بن سەعید دۆسەری، الحرکە الحوپیە: دراسە منهجیە شاملە، 2011، چاپ1 قاهیرە: دار الصحوە العالمیە للگباعە و النشر.
- د. نەوەر سەید کامیل، الوجود الحوپی فی الیمن دراسە فی الجغرافیا السیاسیە، شعبە البحوپ

الجغرافیه،2017.

- ئەحمەد ئەمین شوجاع، إیران و الحوپیون مراجع و مواجع، 2012 ریاز: مرکز البیان للبحوپ و الدراسات.

- ئەحمەد خەتیب، السلوك الاقلیمی الایرانی تجاه الممرات و المچائق البحریه فی منگقه الشرق االوسگ،گۆڤاری زانستی تیوێژینەوەی ئابووریە و زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی ئەسکەندریە – میسر،بەرگی 8 ژمارە 16، 2023.

- د.سالم حەمید، الجزر الإماراتیه (المحرر الامن القومی الإماراتی و الخلیجی و الجزر الإماراتیه المحتله. الإمارات: مرکز المزماه للدراسات و البحوپ، 2014.

- تاریق فەهمی، المتغیرات الاقلیمیه و تحدیات الامن فی البحر الاحمر. السیاسه الدولیه، ژمار،224 بەرگ.56، 2021.

- فریده بنداری، سیاسه إیران تجاه إفریقیا من منقور الجیواستراتیجیه المڑهبیه،2020.

- میساق خەیروڵا جلود، تگورات الاوچاع فی الیمن بعد پوره،2011 تحلیلات استراتیجیه، ژمارە 76، زانکۆی موسڵ،مرکز الدراسات الاقلیمیه،2012،

- المعهد الدولی للدراسات الایرانیه،الممر التجاری العالمی الهندی-الشرق اوسگی-الاوروبی.. الفرص و التحدیات، 2023.

- میران حسین،البعد الجیوبولتیکی و الاستراتیجی لمیناو الفاو الکبیر، کۆنفرانسی بەندەری فاوی گەورە،384،2022

-رەحیمه الفقی، مستقبل التنافس علی الممرات الملاحیه الدولیه، السیاسه الدولیه، ملحق تحولات استراتیجیه، ژمارە،225 بەرگ.56، 2021.

- ئەبو بەکر دسووقی، الرؤیه المصریه ڵلمن و التعاون فی البحر االحمر: المحددات و الادوات، السیاسه الدولیه،ژمارە،224 بەرگ.56،2021.

## سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی

- Kenneth Katzman، “IRAN’S THREAT TO THE STRAIT OF HORMUZ، Congressional Research Service،2012

- ڕویتەرز
- دی دەبلیو
- جەزیرە
- سپۆتینك
- بی بی سی
- فرانس 24
- ئەلعەربیە.



# کۆنترۆڵی پرۆسەی سیاسیی عێراق لە لایەن ئێرانەوە

توێژەر : تەحسین وسو عەبدوڵڵا



## بەرایی

لە دوای شۆڕشی ئیسلامیی ساڵی ١٩٧٩ ئێران وەک هێزێکی هەرێمی سیاسەتی دەرەوەی بەجۆرێک دارِشت جیاوازتر بووە لە سەردەمی پێشووتر، لەم قۆناغەدا یەکێک لەو دەوڵەتانەی لەگەڵ ئێران لەململانێی سەخت دابوو رژێمی بەعس بوو لە عێراق. بەڵام لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەلایەن ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانان لە ساڵی ٢٠٠٣ بەشێوەیەکی گشتی ئەو ناکۆکییە سەختە لەنێوان هەردوو دەوڵەت بەجۆرێک لەجۆرەکان کۆتاییان پێهات. دوورخستنەوەی رژێمی بەعس لە دەسەڵات لەڕوانگەی سیاسەتی دەوڵەتی ئێرانەوە وەک هەنگاوێکی ئەرێنی لێکدەدرێتەوە. ڕژێمی بەعس وەک هێزێکی نەیار و دوژمنی ئێران لەناوچەکە لەپاش ساڵی ٢٠٠٣ ڕژێمی دەسەڵاتدار لە عێراق بوو بە هاوپەیمانێکی نزیک لە تاران. ئەم دۆخەش لەڕوانگەی ئێرانەوە جێگەی ڕەزامەندی بوو، چونکە ئیتر لە دووبارە بنیاتنانەوەی پێکهاتە و فۆرمی دەوڵەتی عێراق ناتوانێ ببێتە ڕکابەری ئێران. لەم چوارچێوەیەدا ئامانجی سەرەکی ئێران لەرووی سیاسییەوە وەستانەوەیە لەبەرامبەر هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق، دەرکردنی هێزە بیانییەکان لەسەر خاکی عێراق و لە پرۆسەی سیاسی عێراقیشدا مانەوەی وەک هێزێکی کاریگەر، لەهەمانکاتدا لەپێناو بەرزکردنەوەی پێگە و هەژموونی خۆی لەسەر ئاستی ناوچەکە عێراق وەک پردێک بەکاردەهێنێت.

لەدوای شۆڕشی ئیسلامیی ساڵی ١٩٧٩ ئێران بە ئامانجی ناردنە دەرەوەی بنەما و بەهاکانی شۆڕشی ئیسلامیی، عێراق بوو بە بنەمای ئامرازی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەهۆی بوونی ژمارەی زۆری شیعە لەپێکهاتەی کۆمەڵگە، عێراق بوو بەیەکەم بابەت کە کۆماری ئیسلامیی ئێران کاری لەسەر کرد.

لەم چوارچێوەیەشدا ئێران، عێراق وەک خاڵی سەرەتا دەبینێت لە سیاسەتی فراوانخوازی ناوچەکە. لەدوای ٢٠٠٣ و نەمانی ڕژێمی بەعس لەعێراق، دیزاینکردنی ئەو سیاسەتەی ئێران لەبەرامبەر عێراق گرتوویەتیەبەر، لەڕوانگەی گرنگی پێکهاتەی کۆمەڵگە، نفوسی شیعەکان کە زیاتر لە ٦٥٪ ی کۆمەڵگەی عێراق پێکدەهێنن وەک خاڵێکی پۆزەتیڤ لەسیاسەتی ئێران لەعێراق فاکتەری سەرەکی پێکدێنێت. لەبەر ئەمەش ئێران بەتایبەتی لەقۆناغی دوای ٢٠٠٣ بەئامانجی کۆنترۆڵکردنی عێراق پەنای بۆ بەکارهێنانی هەموو ئامرازەکانی هێز بردووە، لەئێستاشدا بەردەوامە لەسەر هەمان جۆری سیاسەت لەبەرامبەر عێراق. چونکە لەگەڵ

دەستوەردانی ئەمریکا لەعێراق لەڕووی جیۆپۆلیتیکیەوە دروستبوونی گۆڕانکاری گەورەی لێبکەوێتەوە. هەروەها ئەم گۆڕانکاریانە تەنها خۆیان لەوەدا نەبینەوە کە کۆتایی بەڕژێمی بەعس هێنرا، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەسەر ئاستی ناوچەکەدا بووە هۆکاری سەرهەڵدان و دروستبوونەوەی سەرلەنوێ هاوکێشە ناوچەییەکان. بەم شێوەیە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن، سیاسەتی ئێران لەعێراق هەم لەسەر ئاستی ناوچەکە هەمیش لەسەر ئاستی جیهان بەشێوەیەکی بەرچاو بوو بە بابەتی ڕۆژەڤ. بەشێوەیەکی گشتی عێراق شوێنێکی گرنگی هەیە لە سیاسەتی هەرێمایەتی ئێران. هەروەک چۆن لەسەردەمەکانی ڕابردوودا پرسی عێراق لە ڕوانگەی ئێران بەشێوەیەکی بەرچاو وەک بابەتێکی سەرنجڕاکێش کایگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تاران هەبووە. کەواتە عێراق وەک بابەتێکی گرنگ و فاکتەرێکی پەراوێزنەخراوە لەسیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران.

## یەکەم: ئێران چۆن سەیری عێراقی نوێ دەکات؟

عێراق وەک یەکێک لەدەوڵەتەکانی کەنداو لە ستراتیژیەتی ئێران شوێنێکی تایبەتی هەیە، لەدوای قۆناغی ٢٠٠٣ ئامانجی سەرەکی تاران لەعێراق ئەوەیە پلانی ستراتیژی خۆی بەرفراوان بکات و مۆدێلی سیستمی سیاسیی کۆماری ئیسلامی ئێران لەڕێگەی عێراقەوە جێبەجێ بکات. لەڕوانگەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران، عێراق خاوەنی پێگەیەکی تایبەتە، چونکە لەڕووی ستراتیژی، سیاسی، ئابووری، کولتووری و ئایینیەوە عێراق بۆ تاران وەک شوێنێکی یەکلاکەرەوە هەژماردەکرێت. بەو مانایەی کۆنترۆڵکردنی عێراق لەلایەن ئێران وەک خاڵی دەستپێک یان دەروازەی چوونە ناوەوە بۆ وڵاتانی تری ناوچەکە دادەنرێت. کەواتە هەر دەستوەردانێک، ئابڵوقە یان گوشارێکی دەرەکی یان هەر هەوڵێک بە ئاڕاستەی گۆڕانکاری ڕژێمی سیاسی لەعێراق بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری دەکاتە سەر سیاسەتی ئێران لەبەرامبەر عێراق(١). پاراستنی مسوڵمانان و مافەکانیان شوێنێکی گرنگیان هەیە لە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران. لەم چوارچێوەیەشدا دەستوەردان لەکاروباری دەوڵەتانی تر لەڕوانگەی دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران وەک بابەتێکی ڕێگە پێدراو و پێویست لەقەڵەم دەدرێت(٢). هەروەک دیارە لەدوای شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩ لەئێران هەموو کات دوو فاکتەری دیاریکراو لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران ڕۆڵ دەبینن: ئەوانیش پێکهاتەی جیۆپۆلەتیک و

بابەتی ئایدۆلۆژیان. لەم ڕووەوە دەکرێت سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەبەرامبەر عێراق وەک نموونەیەکی بەرچاو نیشان بدرێت. سیاسەتی ئێران لەبەرامبەر عێراق لە دوای نەمانی ڕژێمی بەعس لەژێر ڕۆشنایی فاکتەری یەکپارچەیی خاکی عێراق و چۆنیەتی پارێزگاریکردن لێی دیزاین کراوە(٣) لەم ڕووەوە لەدوای شۆڕشی ئیسلامیی لەساڵی ١٩٧٩، ئێران بەردەوام کاری لەسەر دەستوەردان لەکاروباری ناوخۆی عێراق کردووە. لە چوارچێوەی بابەتی دەستوەردان لەکاروباری ناوخۆی عێراق ، یەکەم ئامانجی تاران لاوازکردنی ڕژێمی بەعس بوو، بۆ ئەم مەبەستەش بەردەوام پاڵپشتی لە شیعەکان کردووە، جا ئەمە لەچوارچێوەی پارتی سیاسی بێت یان گرووپی ڕێکخراودا. پەیڕەوکردنی ئەم جۆرە سیاسەتەش لەلایەن تاران هاوشان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆی لەعێراق دیزاین کراوە (٤).

## دووەم: چۆن هاوپەیمانەکانی ئێران پرۆسەی سیاسییان لە عێراق کۆنترۆڵ کرد؟

ئێران لە ڕێگەی هاوپەیمانە شیعەکانییەوە توانی لە ڕێگەی چەند ستراتیژێکەوە پرۆسەی ساسی لە عێراق کۆنترۆڵ بکات، گرنگترینیان بریتییە لە: هێنانی هاوپەیمانە سیاسییە شیعەکانی لە عێراق بۆ دەسەڵات و ناوەندی بڕیاردان و پاڵپشتیکردنیان بۆ مانەوەیان لە دەسەڵاتدا، دووەمیشیان ستراتیژییەتی سەربازیی کە لەلایەن میلیشیاکانی سەربە ئێران نوێنەرایەتی دەکرێت، لەوانە ئەوانەی لەژێر ئاڵای «هێزەکانی کۆکردنەوەی جەماوەری»دا بوون. ئەمەش وایکرد ئەم میلیشیایانە وەک شمشێرێک بە ملی سوننەکانەوە هەڵواسرابێت، و لە هەمانکاتیشدا عێراقی کردە کۆمەڵگەیەکی میلیشیایی، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کە بەرگریکاری سەخت بێت لە ئاسایش و بەرژەوەندی ئێران دەکەن. ئەگەرچی ئەم گرووپ و میلیشیایانە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەرگری لە سەروەری و یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا ئەمانە گەورەترین هەڕەشەن لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگە و ئەو لایەنانەی دەوەستنەوە لەدژی بەرژەوەندی تاران. ئەم گرووپانە لە ڕێگەی چەندین لایەنی جیاوازەوە، لەوانە: ئایینی، تائیفی، ئابووری، کۆمەڵایەتی کاردەکەن بۆ جێگیرکردنی هەژموونی تاران لە عێراق(٥).

لە دوای هەڵبژاردنی گشتی ئەنجومەنی نوێنەران لە ١٠ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢١ ئێران کاریکرد بۆ ئەوەی هەموو ئەو لایەنانەی گوزارشت لە بەرژەوەندی خۆی دەکات لەیەک چوارچێوەی سیاسییدا کۆیان بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت ئاسانتر لەبەرامبەر لایەنەکانی تر بوەستنەوە. لەم ڕووەوە توانای چوارچێوەی هەماهەنگی پێکهێنا، دواتر بۆ پێکهێنانی

کابینەی حکومەت هاوپەیمانییەکی نوێ، بەناوی «هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەت»، پێکهات، ئەمە ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە لە سروشتی ڕۆڵی ئێران لە عێراق، بەو پێیەی هاوپەیمانی توانی ئەو چەقبەستووییە سیاسییە تێپەڕێنێت کە لەو کاتەوە لە وڵاتەکەدا ڕوویداوە هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ساڵی ٢٠٢١، و لە کاتێکدا ڕەوتی سەدری لە هاوپەیمانییەکە دوورخراوەتەوە، ئەمەش بەو مانایەیە کە چوارچێوەی هەماهەنگی لایەنی بەهێزتر دەبێت تێیدا. تەنانەت بە سەربەخۆیی حکومەتی نوێ و سەرۆکەکەی لە ملکەچبوونی هەریەکێک لە لایەنەکانی قەیرانەکە یان بۆ خودی ئێران، زۆرێک لە پێکهاتەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی هاوپەیمانی ئێرانن و پێدەچێت لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی گرنگترین سێکەرەکانی ئەمنی و سەربازیی، دامودەزگاکانی نەوت لە وڵاتەکەدا بن. ئەم ستراتیژیەتەی ئێران بۆ زۆرێک لە هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان جێگەی نیگەرانییە، بەو پێیەی سەرکەوتنیان لە بەدیهێنانی ئەمە و دەستەبەرکردنی بەردەوامییەکەی، دەرفەتێکی دەگمەن دەبێت بۆ ئەوەی تاران کاریگەری لەسەر دەسەڵات بۆ ماوەیەکی درێژخایەن هەبێت، وەک قەرەبووکردنەوەی ماوەی دوای تیرۆرکردنی سولەیمانی کە تاڕادەیەک وا بەدی دەکرا کە ئێران لە پاشەکشەدا بێت (٦).

هەرچەندە پێدەچێت ئێران زۆرترین لایەنی هەرێمی بێت کە لە تێپەڕاندنی ئەو چەقبەستووییە سیاسییەدا قازانج بکات، بەڵام لەوەش دەترسێت، بەو پێیەی شەقامی عێراقی هێشتا لە دۆخێکی قەرەباڵغیدایە بەهۆی کەڵەکەبوونی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها ڕەنگە بەردەوامبوونیان مانای نوێبوونەوەی ناڕەزایەتی و ڕووبەڕووبوونەوە بێت لە شەقام، بە شێوەیەک کە ڕەنگە ببێتە هۆی لەدەستدانی دەسەڵاتەکەی. ئێران باش دەزانێت کە بوونی ئەلسەدر لە پرۆسەی سیاسیدا بۆی باشترە لە بوونی لە دەرەوەی خۆی، چونکە هاوبەشی سەرکەوتن یان شکستەکەی دەبێت، چونکە ئێران ئەمڕۆ وادەردەکەوێت کە ئامادە نییە، بە هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی، ڕووبەڕووی شەپۆلی نوێی جەماوەری لە عێراق کە ڕەنگە کاریگەریی سیاسیی گشتیی لە عێراق بخاتە مەترسییەوە هەبێت. بە تایبەت لە ژێر ڕۆشنایی پەرەسەندنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی لە ناوخۆی ئێران (٧).

لەبەر ڕۆشنایی ئەم دۆخە سیاسییە ئاڵۆزەی عێراق، ئێران وا دەزانێت گرەوکردن لەسەر هێزە چوارچێوەییەکان لە جێبەجێکردنی ئەرکی ئێران لە عێراق زۆر سەرلێشێواو دەردەچێت و تاران ئەمڕۆ هەوڵدەدات ڕێگەیەکی سیاسی نوێ بدۆزێتەوە کە خزمەت بە دیدگای سیاسی

خۆی بکات لە عێراقدا، وەک خۆی بە گرنگییەوە سەیری ڕادەی کاریگەرییەکانی لە عێراق دەکات، جگە لە پێگەی عێراق وەک پردێکی ناوچەیی کە خۆراک دەدات بە ڕۆڵی خۆی لە سووریا و لوبنان، هەوڵدەدات گۆڕانکارییە سیاسییەکانی عێراق بە شێوەیەک بگونجێنێت کە وا بکات نوێنەرایەتی دەرفەتێک بکات نەک هەڕەشە. لەوانەیە ئێران دیارترین لایەن بێت لە هاوکێشە سیاسییەکانی داهاتووی عێراقدا، بەتایبەتی کە چوارچێوەی هەماهەنگی لە قەیرانەکە، سەرکەوتووانە دەرکەوت، دوای سەرکەوتنی لە هێنانی کورد و سوننە بۆ بەشداریکردن لە هاوکێشەی دەسەڵات، سەرەڕای بەشدارینەکردنی ئەلسەدر لە حکومەت. بەڵام ئێران هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دەدات، و ڕێگری دەکات لەوەی کە ئیستفزازی بکات، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دیمەنەکە بەرەو هەڵکشان نەدات و بۆ ئەوەی جارێکی دیکە نفوزی خۆی لە عێراق مسۆگەر بکاتەوە، دوور لە هەر سوپرایزێک کە ڕەنگە ئەلسەدر یان هێزەکانی ئۆکتۆبەر لە داهاتوودا بیخەنە ڕوو قۆناغ (٨).

## سێیەم: کاریگەری هەژموونی ئێران لە عێراق

ئێران لە چوارچێوەی ئەوە سیاسەتەی کە لە عێراق پەیڕەوی دەکات جۆرەها ئامراز و میکانزمی بەکاردێنێت بۆ ئەوەی نەک کۆنترۆڵی پرۆسەی سیاسی و لایەنی سەربازی و ئەمنی بکات بەڵکو ئامانجی کۆنترۆڵکردنی سەرجەم پایە و و سێکتەرەکانە وەک لایەنی ئابووری و بازرگانی، کولتووری و فەرهەنگی، هەروەها ڕووچونی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی لە ڕووی ئایدۆلۆژیاوە بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دۆخی عێراق هاوشان بکات. لەم چوارچێوەیەشدا چەندین ئامرازی جۆراوجۆر هەن کە تاران کاری لەسەر دەکات، دەکرێت بەم شێوەیەی ئاماژەیان بۆ بکرێت (٩):

### ئامرازی ئایدیۆلۆژی و مەزهەبی

ئێران لە ڕەهەندی مەزهەبی تائیفی بە شێوەیەک کە سیاسەتی خۆی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ لایەنە چەکدارەکان و میلیشیاکان بەڕێوەبردووە، بە تایبەت ئەوانەی باوەڕیان بە «بیرۆکەی ویلایەتی فەقییە» هەیە، لە لایەکی دیکەوە هێز و لایەنە ئیسلامییە شیعەکان ئێران بە ڕەهەندێکی ستراتیژی و قووڵایی بۆ خۆیان و چالاکییەکانیان دەزانن و توانیویەتی بە خستنەڕووی خۆی وەک "پارێزەری مەزهەب"، و ململانێی ئایدیۆلۆژی لە عێراق بۆ دەستەبەرکردنی سەرکەوتنی شیعەکانی، بە تایبەت لە نێو گەنجە شۆڕشگێڕە بە جۆش

و خرۆشەکاندا کە لەهەمانکاتدا بەدەست بارودۆخی سەختی ئابوورییەوە دەناڵێنن، بۆ ئەوەی لە ڕیزی میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە پارتە سیاسییەکان کە دڵسۆزییان بە پلەی یەکەم بۆ ڕێبەری مەزنی ئینقلابی ئێرانە، ئەو شتە بدۆزنەوە کە ئاواتەخوازن.

ئێران لە ڕێگەی میلیشیاکانیەوە لە عێراق کاردەکات بۆ قڕکردنی سوننەکان یان بیانخاتە بەردەستی خۆی، ڕوونیدەکاتەوە کە کوتلەکانی وەک حزبوڵڵا لە عێراق و عەسائیب ئەهلی حەق ڕۆڵی نەرێنی دەگێڕن لە بەئامانجگرتنی سوننەکان، ئەوانیش دەیانەوێت بڕیارێکیان هەبێت- دەسەڵات دروستکردن تەنانەت لە پارێزگا سوننەکانی وەک ئەنبار، نەینەوا، سەلاحەدین و دیالە، کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ەوە شاهیدی شەڕێکن دژی داعش. بۆ چاودێران شاراوە نییە کە ئێران تەنانەت ئەو سیاسەتمەدارە سوننانەی کردۆتە ئامانج کە لە ناوخۆ و دەرەوە جووڵە دەکەن بۆ ڕاگرتنی فراوانبوونی ئێران لە عێراق، لە ڕێگەی تۆمەتی هەڵبەستراوەوە بۆ ڕاگرتنی چالاکییەکانیان لە دژی ئێران(١٠).

### پاڵپشتی ماددی/ دارایی:

ئەو پاڵپشتییە داراییە گەورەیەی کە ئێران پێشکەشی لایەنە شیعەکان و میلیشیا چەکدارەکان لە عێراق دەکات، نوێنەرایەتی یەکێک لە گرنگترین هۆکارە کاریگەرەکانی کاریگەریی ئێران دەکات بۆ چەسپاندنی نفوزی خۆی لە نێو هاوپەیمانەکانی و کاریگەرییان لەسەر پێکهاتەی شیعە.

### گێڕانی ڕۆڵی ناوبژیوانی

لە کاتی قەیرانی سیاسی و ململانێی نێوان گرووپ و میلیشیا و پارتە شیعەکاندا، ئێران ڕۆڵی ناوبژیوانی سیاسی دەبینێت لە ئەگەری سەرهەڵدانی جیابوونەوە لە نێوان حزبەکان و میلیشیا چەکدارەکاندا، ئێران هەمیشە کاری کردووە بۆ ئەوەی حزب و بزووتنەوە شیعەکان لە یەک بلۆکدا بمێننەوە کە پشک بۆ هەمووان گەرەنتی بکات بۆ ئەم هێزانە لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، هەروەها بۆ ئەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسی ڕوونەدات کە هەڕەشەی ئاڵۆزکردنی دۆخەکە بدات بە جۆرێک کە لە کۆنترۆڵی تاران دەربچێت و ئەو دەستکەوتانەی کە لە پرۆسەی سیاسی عێراق بەدەستی هێناون لەباریان ببات بەردەوام کار لەسەر میکانزمی ناوبژیوانی دەکات بۆ یەکلای کردنەوەی ناکۆکی و جیاوازییەکان. لە لایەکی دیکەوە ئێران شوێنکەوتوانی میلیشیا چەکدارەکانی بەکارهێنا بۆ وروژاندنی گرژییە

تائیفیەکان و هاندانی توندوتیژی سیاسی، بۆ ئەوەی دواتر بە شێوەیەکی دیپلۆماسی پێشڕەوی بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم ململانێیانە، ئەمەش گەرەنتی ڕۆڵی وەک نێوەندگیری لە عێراقدا دەکات.

### پڕوپاگەندەی میدیایی

ئێران دەیان میدیا و کەناڵی سەتەلایت شیعەی عێراقی کۆنترۆڵ دەکات، کە لە ڕێگەیەوە ئامانجی کاریگەری لەسەر بیروڕای گشتی لە عێراق و بیرۆکە و ڕەوتەکان لە بەرژەوەندی خۆیدا هەیە، ئەم دەزگا ڕاگەیاندنانە دیدگاکانی ئێران سەبارەت بە کاروباری عێراق، یان پێشهات و ڕووداوەکانی ناوچەکە ڕوودەدەن، بەرەوپێش دەبەن. هەموو لایەنێکی سیاسی یان میلیشیایەکی چەکدار، لە ڕێگەی میدیاییەوە کە پەرە بە بیرۆکەکانی ئەزموونی ئێرانی و سەرپەرشتیکردنی دەدات، و کەناڵە عێراقییەکان مانگانە بە ملیۆنان دۆلار بودجە وەردەگرن بەو مەرجەی پابەندبن بەو ستراتیژیەتەی تاران کە لە عێراق پەیڕەوی دەکات.

### سیاسەتی جێگرەوە

ئێران ستراتیژییەتی فرەچەشنی و فرەیی حیزبە سیاسییەکان و میلیشیا چەکدارەکانی عێراقی گرتۆتەبەر و هانی زۆرێک لە سەرکردە و کەسایەتییەکانی داوە بۆ لادان و پێکهێنانی گرووپی سەربازی نوێی تایبەت بە خۆیان، ئەم گرووپە نوێیانە وادەکەن تاران بتوانێت لایەنی سیاسی و سەربازیی خۆی هەمەچەشن بکات لە عێراق، هەروەها ڕێگەی پێبدات جێگەی هەر لایەنێک بگرێتەوە کە هەوڵی ڕۆشتنی بدات. سەبارەت بە سیاسەتەکەی لە بوارەکانی تردا، بەتایبەتی لە ژێر ڕۆشنایی هۆشیاری لایەنە جیاوازەکان و میلیشیاکان لە گرنگی پێویستییان بە پشتیوانی ئێران، کە ئەگەر بکشێتەوە لەوان، ناتوانن لە گۆڕەپانی عێراقدا بمێننەوە (١١).

## چوارەم: چەسپاندنی هەژموونی ئێران لە عێراق

ئێران، بۆ ئەوەی پایەکانی هەژموونی خۆی لە عێراق جێگیر بکات و ئاراستەی پرۆسەی بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی تەحەکوم پێ بکات، جۆرەها فاکتەر و هۆکار بەکاردێنێت وەک ئامرازێک کە هاوشان بێت لەگەڵ ستراتیژییەتی گشتی و خزمەتی ئەو ئاراستەیە بکات کە نەک تەنها لە عێراق بەڵکو لەسەر ئاستی ناوچەکەش بتوانێت لە ڕێگەی ئەو ئامرازانەوە خۆی بخزێنێتە نێو هەموو کایە و جومگەکان، لێرەدا دەکرێت ئامرازەکان بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوون بکەینەوە؛

### یەکەم: ئامرازە سیاسییەکان

یەکەم هەنگاوەکانی ڕۆڵی سیاسی ئێران لە عێراقدا لە پاڵپشتیکردنی حکومەتێک سەرچاوەی گرتووە کە شیعەکان تێیدا باڵادەست و یەکلاکەرەوە بوونە، ئەمەش جۆرە دەسەڵاتەش لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا سەپێندرابوو، هەروەها هەستکردنی ڕژێمی ئێران بەوەی کە ئەم ئەزموونە هێشتا بەتەواوی پێنەگەیشتووە و ڕەگ و ڕیشەی بە تەواوی نەچەسپاندووە، بۆیە دەبێت لە ڕێگەی تارانەوە ئەمە بەدی بێت و دەسەڵاتی سیاسی بە تەواوی ڕەنگدانەوەی خواست و بەرژەوەندییەکانی تاران بێت. لەم چوارچێوەیەشدا بۆ ئەوەی ئێران سەرکەوتوو بێت لە گەیشتن بەو ئامانجە سیاسییانەی کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە دەستی پێکردووە، جەختی کردۆتە سەر فاکتەری پێکهاتەی کۆمەڵگە لە عێراق کە ڕێژەیەکی زۆری شیعەن و پەیوەندییەکی توند و تۆڵی مەزهەبییان لەگەڵ ئێران هەیە. ئێران بە بیانووی یەکگرتوویی عەقیدە و پێویستی پابەندبوونی شیعە بە پارێزگاری کردن لە بیرۆکەی ویلایەتی فەقیە لەسەر بنەمای لێکدانەوە ئایینیەکانی خۆی بۆ ئەوەی بنەمایەکی جەماوەی دروست بکات بە مەبەستی پشتیوان کردن لە ئاراستەی سیاسەتەکانی. ڕۆڵی سیاسی ئێران لە عێراق لە میانەی دامودەزگاکانی حکوومەتی عێراقدا ڕەنگیداوەتەوە. لە ئێستادا بزووتنەوە و لایەنە سیاسییە شیعەکان کە لە پرۆسەی سیاسی و ناوەندەکانی بڕیاردان چالاکن، ئەمەش وا کردووە کاریگەری لەسەر ڕووداو و پێشهاتە هەنووکەییەکان و ئەو سیاسەتانەی کە گیراوەتەبەر ئاسانتر بێت (١٢).

لەڕووی سیاسییەوە ئێران کاردەکات بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە ناسەقامگیرکردنی دۆخی سیاسی عێراق و لاوازکردنی حکومەتەکانی عێراق و دروستکردنی نوخبەی سیاسی کە قەرزاری دڵسۆزی و گوێڕایەڵی ئێرانن، تا حکومەتەکانی عێراق لاوازتر و زیاتر پێویستیان بە ئێران بێت، ئێران زیاتر بە بەرژەوەندییەکانی و هەژموونی خۆی پەرە پێ دەدات. جگە لەمەش، ڕۆڵی ئێران لەڕێگەی پێشکەشکردنی ڕاوێژ بە سیاسەتمەداران و بڕیاردەرانی عێراق لەسەر زۆرێک لە پرس و کێشە سیاسی و ئابوورییەکانی عێراق لایەنێکی دیکەیە لە چوارچێوەی ئامرازە سیاسییەکان (١٣).

تاران لە ڕێگەی باڵیۆزخانەکەی لە بەغدا و کونسوڵخانەکانی لە بەسرە، کەربەلا،

هەولێر و سلێمانی، کاریگەریی خۆی بەکاردەهێنێت. هەروەها باڵوێزەکانی کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ دامەزراون لە "هێزی قودس"ی "سوپای پاسدارانی ئێران" کە بەرپرسە لە ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکانی دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتەکەی، خزمەتییان کردبوو و ئەمەش ئەو رۆڵە پشتڕاستدەکاتەوە کە دەزگای ئەمنی ئێران لە داڕشتن و داڕشتن و... جێبەجێکردنی سیاسەتی ئێران لە عێراق (١٤).

**دووەم: ئامرازە ئایینییەکان**

ئێران لە بابەتی ئایینیدا پێشکەوتن و کاریگەریی بەدەستهێناوە، هەروەها بەشێکی گەورەی لە ژێر ناوی «شیعیزم»دا کۆنترۆڵکردووە، بە وروژاندنی پرسە تائیفیەکان بە ئامانجکردنی هێماکانی سوننە و پەرەپێدانی بیرۆکەی ستەمکاری. ئێران رۆڵێکی چالاکی ئایینی هەیە لە جووڵاندنی پرسە سیاسییەکان لە رێگەی فەتوای ئایینی کە لەلایەن پیاوانی ئایینی پەیوەست بە بیرۆکەی ویلایەتی فەقیە دەردەچن (١٥).

**سێیەم: ئامرازە ئابوورییەکان**

ئەم ئامرازە خۆی لە هاتنە ناوەوەی بەرچاوی تاران بۆ کەرتە ئابووری و پیشەسازییە جیاوازەکان دەبینێتەوە، ئەم هاتنە ناوەوەیە زیاتر لە کەرتەکانی وەبەرهێنان، گەشتیاری ئایینی، و کەرتە بازرگانییەکان، ئاسانکاری بۆ پێدانی ڤیزە بە بازرگانان و وەبەرهێنەرانی ئێرانی، بەدەرکردنی بازرگانانی سوننە، داگیرکردنی بازاڕەکانی عێراق بە بەرهەم و کاڵای بەکاربەری هەرزانی ئێرانی، بۆ ئەوەی بتوانێت هاوبەشی بازرگانی سەرەکی عێراق بێت(١٦)، بۆیە ئێران یەکێکە لە گەورەترین وەبەرهێنەران بیانی لە عێراق لە دوای لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە، قەبارەی بازرگانی نێوان ئێران و عێراق ساڵانە دەگاتە ٩ ملیار دۆلار (١٧).

**چوارەم: ئامرازە ئەمنی و سەربازییەکان**

شاراوە نییە یەکێک لە ئامرازە هەرە کاریگەرەکانی هەژموونی ئێران لە عێراق بواری ئەمنی و سەربازییە، بەبیانوی جۆراوجۆر ئەم ئامرازە بەکاردێنێت چ بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە رێگەی دەستوەردانی سەربازی و ناردنی ڕاوێژکاری سەربازییەوە یان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ پاڵپشتیکردنی هەندێک گرووپ و میلیشیای چەکدارییەوە بێت کە تاران بەردەوام پەنایان بۆ دەبات. هەروەها بە بیانووی پاراستنی سەردانکەران و مەزارگە شیعەکان و هاوپەیمانانی

پشتیوان لە لایەنە سیاسییەکان و میلیشیا چەکدارەکان ئەم ئامرازە بەکاردێنێت (١٨). ئامرازی سەربازیی و ئەمنی لەلایەن ئێرانەوە وەک لایەنێکی کاریگەر لە چەسپاندنی هەژموونی خۆی بەکاردێنێت، کۆمەڵێک ڕووداو و گۆڕانکاری لە عێراق هاتنەپێش بۆ تاران وەک دەرفەت بەدیکران لەوانە دەستبەسەرداگرتنی بەشێکی زۆر لە خاکی عێراق بەتایبەت لە ناوچە سوننە نشینەکان لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لە ساڵی ٢٠١٤.

## پێنجەم: ئامرازە کولتووری و پەروەردەییەکان

لایەنە جۆربەجۆرەکانی ئێران کاردەکەن بۆ دابینکردنی پارەی ناوەندەکانی خوێندن، پەیمانگەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ ڕاکێشانی کەسایەتییە چالاکەکانی ناو کۆمەڵگەی شیعەی عێراق و ناردنیان بۆ شارەکانی ئێران. زانکۆکانی ئێران داواکارییان ئاڕاستەی بەشێک لە زانکۆکانی عێراق کردووە بۆ میوانداریکردنی مامۆستایانی زانکۆ بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی ئەکادیمی، بەڵام هەرکەسێک بچێتە ئەوێ خۆی وەک میوان دەبینێتەوە کە کەوتۆتە ژێر پرۆگرامێکی چڕ و پڕ بە ئامانجی هاندانی ئەزموونی ئێرانی. عێراق بووەتە شوێنێکی سەرەکی گەشتیارانی ئایینی ئێران، بەو پێیەی مانگانە نزیکەی ٤٠ هەزار ئێرانی سەردانی نەجەف و کەربەلا لە عێراق دەکەن، هەروەها خەمڵاندنەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە نزیکەی سێ بۆ چوار ملیۆن کەس لە کاتی ئاهەنگەکانی ساڵانەدا سەردانی عێراق دەکەن، هەروەها نەجەف بووەتە جێگای سەرنجی وەبەرهێنانەکانی ئێران، و بەم شێوەیە ئێران کاریگەری خۆی لە عێراقدا ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر دەچەسپێنێت(١٩).

## شەشەم: ئامرازە کۆمەڵایەتییەکان

لەشکرکێشی ئێران بۆ ناو کۆمەڵگەی عێراق دەستیکردووە بە گرنگیدان بە گەنجان بۆ ئەوەی بیانکەنە چەکدار لە میلیشیا چەکدارەکاندا کە دڵسۆزی ئێران بن و نوێنەرایەتی هێڵە پێشکەوتووەکانی بەرگری بکەن، گەنجانی شیعەش دەچنە ڕیزەکانی ئەو میلیشیایانە، بەشێکی زۆری ئەوانیش دڵسۆزی باڵە سەربازییەکانن کە باوەڕیان بە «پاراستنی بیرۆکەی ویلایەتی فەقیە» هەیە و پەیڕەوی لە فەتوای «جیهادی» دەکەن کە لەسەری دروستبووە، لە ئەنجامدا میلیشیای هێزەکانی کۆکردنەوەی جەماوەری لە عێراق (٢٠).

## دەرئەنجام

ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەعێراق لەلایەن ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانان لە ساڵی ٢٠٠٣ بە خاڵێکی وەرچەرخان هەژماردەکرێت هەم بۆ خودی عێراقیەکان و هەمیش بۆ کۆی گشتی ناوچەکە. ئەم گۆڕانکاریەش تەنها لەسەر ئاستی عێراق نا بەڵکو هۆکارێک بوو بۆ سەرهەڵدانی گۆڕانکاری گەورە لەتەواوی ناوچەکە.

کۆتایی پێهێنانی گەورەترین و سەرسەختترین دوژمن و نەیاری ئێرانی لەناوچەکە کە ڕژێمی بەعس بوو لەعێراق لەلایەن ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانان گەورەترین خزمەتی بەبەرژەوەندییەکانی تاران کرد.

لەدوای قۆناغی نەمانی ڕژێمی بەعس ئێران هەم لەنێو عێراق هەمیش هەنگاوەکانی لەسەر ئاستی ناوچەکە لەلایەن ئەمریکا و بەشێکی زۆر لەدەوڵەتانی ناوچەکە وەک گەورەترین هەڕەشە لەبەردەم سەقامگیری ناوچەکە دەناسێنن.

دەتوانرێت بگوترێت ئێران سوودمەندترین دەوڵەتە لە بارودۆخی عێراق لەپاش ساڵی ٢٠٠٣. چونکە لەدوای نەمانی سەدام حسێن هەموو دەروازەکان کرانەوە بۆ ئەوەی ئێران کاریگەری و پێگەی خۆی لەنێو جومگە سەرەکیەکانی دەسەڵات لەعێراق. پەیڕەوکردنی ئەو جۆرە سیاسەتە لەلایەن ئەمریکاوە لەعێراق هۆکاری سەرەکی بووە بۆ ئەوەی ئێران وەک ئەکتەرێکی کاریگەر ڕۆڵ بگێڕێت لەپرۆسەی سیاسی لەعێراق.

لێرەدا تەنها فاکتەری ناوخۆ نییە کە یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی ئێران هێز و حاکمیەتی لەعێراق بسەپێنێت، بەڵکو شان بەشانی فاکتەری ناوخۆ، لەلایەک دەرئەنجامی پەیڕەوکردنی سیاسەتی ئەمریکاش لەعێراق  لەلایەکی تریشەوە وەرنەگرتنی هەڵوێستی جددی لەلایەن ئەمریکاوە لەبەرامبەر سیاسەتە فراوانخوازیەکانی ئێران لەعێراق هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی هەژموون و نفوزی ئێران لەعێراق ڕووی لەهەڵکشان بێت.

لەم بارەوە ئەمریکا نە لەبەرامبەر پشگیریکردنی ئێران لە دروستکردنی پارت و گرووپە سیاسیەکان لەعێراق نە لەپشتگیری سەربازی تاران بۆ بەغدا لەشەڕی بەرامبەر داعشدا هەنگاوی پێویستی لەپێش نەگرت بۆ سنووردارکردنی کاریگەری و پێگەی ئێران لەعێراق.

لە دوای گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی عێراق ئێران لەڕێگەی دروستکردنی پارتی سیاسی و گرووپە مەزهەبییەکانەوە خزاوەتە نێو پرۆسەی سیاسی لە عێراق. ئەو پارتە سیاسی و گرووپە مەزهەبیانەش کە گەیشتنە دەسەڵات دوای ماوەیەکی کورت دەستیان کرد بە پەراوێزخستنی لایەن و پێکهاتەکانی تر لە لوتکەی دەسەڵات، بەو مانایەی جومگە سەرەکییەکان و بڕیاری یەکلاکەرەوە تەنها لەدەستی ئەو پارت و گرووپانەیە کە هاوپەیمان و لایەنگری سەرەکی تارانن. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی لەعێراق لەجیاتی ئەوەی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی پێکهاتەکان کاربکات، بەپێچەوانەوە بەگشتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هێزە دەرەکییەکان، بەتایبەتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و پاراستنی پێگە و نفوزی تاران کار دەکات.

ئەم جۆرەی سیاسەتکردن یان ئیدارەدانی دەوڵەت لەعێراق هۆکارێکی سەرەکییە لەوەی بارودۆخی ناسەقامگیری، پێکەوە نەگونجاو، نادڵنیایی و بێ چارەسەری کێشەکان لەعێراق بەرەو قۆناغی توند و تیژی پێکدانانی نێوان پێکهاتەکان بڕوات. بەم شێوەیە ئێران لەبارودۆخێکی وا شێواودا ڕوانگە و تێڕوانینی خۆی لە عێراق دەسەپێنێت. تاران لەلایەکەوە لەڕێگەی دروستکردنی پارتی سیاسی و گرووپی مەزهەبی لەنێو شیعەکان لەسەر ئاستی سیاسی حاکمیەت و دەسەڵاتداریتی خۆی بینا دەکات، لەلایەکی تریشەوە لەڕێگەی دەزگا دبلۆماسی و هەواڵگرییەکانییەوە ئەو دەسەڵات، حاکمیەت، هەژموون و پێگەیەی کە هەیەتی لەعێراق قایمتر دەکات. بەمەش تاران دەتوانێت پارێزگاری لە نفوز و پێگەی خۆی بکات لەعێراق.

ئەم جۆرە سیاسەتەی ئێران لەعێراق لەلایەن بەشێک لە دەوڵەتانی ناوچەکە و ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمریکا سەرزەنشت دەکرێت و وەک مەترسی و هەڕەشە دەبینرێت لەسەر ئاسایشی ناوچەکە. بەمانایەکی تر دەستوەردانی ئێران لەعێراق بەردەوام لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکە و بەشێک لە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە پێش هەموویشیانەوە ئەمریکا هۆشداری دەدەن لەبارەی سیاسەتی ئێران لە عێراق و نیگەرانی و مەترسی خۆیان لەبارەی ناسەقامگیری بارودۆخی عێراق و ناوچەکە دەخەنەڕوو، سیاسەتە فراوانخوازی و دەستوەردانەکانی تاران بە هۆکاری سەرەکی ئەو ناسەقامگیریە دەزانن. سەرەڕایی ئەمەش بەڵام نەتوانراوە نە لە ڕێگەی سیاسەتی ئەمریکا و نە لە ڕێگەی سیاسەتی دەوڵەتانی ناوچەکەش لەعێراق، پێگە و نفوزی تاران کەم بکرێتەوە، بگرە بەپێچەوانەوە ڕۆژ دوای ڕۆژ هەژموونی ئێران

ڕووی لەهەڵکشانە لە عێراق. کەواتە دەتوانرێت بگوترێت ئەمریکا سەرکەوتوو نەبوو لە ڕزگارکردنی عێراق لەژێر نفوزی ئێران. ئەم دوو ئاڕاستە جیاواز و دژبەیەکەی کارکردن لەعێراق، کە ئەمریکا و ئێران پەیڕەوی دەکەن، هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ناکۆکی سیاسی نێوان لایەن و پێکهاتەکان، پێکدادانە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان، ناسەقامگیری و قوڵبوونەوەی قەیرانەکانە.

یەکێکی تر لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە نەبوونی سیاسەتێکی ڕوون و یەکگرتوو، یان لاوازی ستراتیژیەتی دەوڵەتانی سوننە مەزهەب لەعێراق و ناوچەکە لەبەرامبەر سیاسەتی فراوانخوازی تاران هۆکارێکی ترە بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بگاتە ئەم ئاستە و ئێران ئەم بۆشاییەی وەک دەرفەت قۆستۆتەوە لەپێناو جێبەجێکردنی سیاسەت و ستراتیژیەتی هەژموونگەرایی لەدەوڵەتانی ناوچەکە بەتایبەتیش لەعێراق، سووریا و یەمەن. تاران پێکهاتەی شیعەکان لەعێراق وەک دەرفەت و ئامرازێک دەبینێت، چونکە زیاتر لەنیوەی پێکهاتەی کۆمەڵگە پێکدێنن و لایەنەکانی تر ناتوانن ڕکابەریان بکەن لەسەر کورسی دەسەڵات، واتە کورسی دەسەڵاتی سەرەکی بەپێی بنەمای پێکهاتەی دەوڵەتی نوێی عێراق لەژێر دەستی شیعەکاندایە، ئەمەش بۆ ئێران وەک دەرفەتێک دەبینرێت بۆ ئەوەی لەڕێگەی عێراقەوە بگات بە دەوڵەتانی ناوچەکە، بەتایبەتیش بۆ ئەو دەوڵەتانەی شیعەی تێدا دەژیت. بۆ نموونە تاران لەڕێگەی عێراق و سووریاوە شیعەکانی لوبنان وابەستەی خۆی کردووە. واتە ئێران، عێراق و سووریا وەک دەوازەی گەیشتن بە لوبنان بەکاردێنێت. لێرەدا هەرچەندە بەشێک لەدەوڵەتانی سوننە لەناوچەکە کاردەکەن بۆ ئەوەی ئەم سیاسەتە هەژموونگەرایی و فراوانخوازیەی سنووردار بکەن، بەتایبەت لەلایەن عەرەبستانی سعودیە، بەڵام سەرباری هەموو ئەمانەش تاران بەردەوامە لەفراوانکردنی تەوەری شیعەگەرێتی لەناوچەکە.

## پەراوێزەکان

1. Felter, J. & Fishman, B. (2008, October). "Iranian Strategy in Iraq, Politics and Other Means". Combating Terrorism Center at West Point, Occasional Paper Series, PP.12-13.

٢. ڕەحیم، پەرویز. (٢٠١٤). «بنەماکانی هزری و چوارچێوەی تیۆری سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران». چاپی یەکەم، هەولێر: دەزگای چاپی موکریان. ل ١١٠.

3. Barzegar, Kayhan. (2010). "Iran's Foreign Policy Strategy After Saddam". The Washington Quartery, 33 (1), PP.177-178.

4. Felter & Fishman, a.g.m, P.12.

٥. الظاهر، عبدالله. (2017). النفوذ الايراني في العراق. مجلة البيان. عدد:364. https://shorturl.at/hsAK6 (تأريخ الزيارة: ٢٠٢٤/١/٤)

٦. عەبدوڵڵا، تەحسین وسو. (٢٠٢١). مالیکی و سەدر دوو جەمسەری دژبەیەک لەنێوا ماڵی شیعەدا. دەزگای میدیایی باسنیوس. https://shorturl.at/dKN78 (تأريخ الزيارة: ٢٠٢٤/١/٥)

٧. عەبدوڵڵا، تەحسین وسو. (٢٠٢٢). عێراق بەرگەی ئۆپۆزسیۆنی موقتەدا سەدر ناگرێت. دەزگای میدیایی باسنیوس. https://shorturl.at/acrCH (تأريخ الزيارة: ٢٠٢٤/١/٥)

٨. الياس، فراس. (2022). مآلات الدور الإيراني في العراق وفق المشهد السياسي الراهن. Strategics Think Tank. https://shorturl.at/jlmsV (تأريخ الزيارة: ٢٠٢٤/١/٦)

9. Abdullah, Tahsen Wsu. (2018). İran'ın Irak'taki Kullandığı Siyasi Araçlar (2003'ten Günümüze). Gazi Üniversitesi, Ankara, Yayınlanmamış Yüksek Lisans Tezi. S.83-107.

10.علاء الدين، فرهاد. (2020). ايران وسياسات الهيمنة في العراق. الشرق الاوسط. https://shorturl.at/hvD48 (تأريخ الزيارة: ٢٠٢٤/١/٨)

11. العلواني، ثامر. (2023). الخطر الايراني على العراق...... شواهدة واثاره. مركز الامة للدراسات والتطوير. https://shorturl.at/gtDLU (تأريخ الزيارة: ٢٠٢٤/١/٨)

12. الظاهر، عبدالله. و Abdullah, Tahsen Wsu.. المصدر السابق.

13.Nasr, Veli. (2006). "The Shia Revival: How Conflicts Within İslam Will Shape The Future". New York: W.W. Norton & Company, P.137.

14. Üstüntaş, D. (2016). "İran'ın Yumuşak Gücü: Unsurlar, zorluklar". Akademik Ortadoğu, 11 (1), S.60.

15. والی، کازم. شیعەگەری سیاسی چییە؟ ئێران چۆن بۆ پەرەپێدانی هەوڵ دەدات؟. https://shorturl.at/acekC (ڕۆژی سەردان: ٢٠٢٤/١/10)

16. Sinkaya, Bayram. (Aralık, 2014). "Irak İle İran Arasında Stratejik Ortaklığın Derinleşmesi". ORSAM Bölgesel Gelişmeler Değerlendirmesi, no: 19, S.5.

17. وكالة الجمهورية الاسلامية للابناء. (2023). حجم التبادل التجاري بين ايران والعراق بلغ 9 مليارات دولار. https://shorturl.at/efAG2 (تأريخ الزيارة: ٢٠٢٤/١/10)

18. Yegin, A. (2017). İran'ın Bölgesel Faaliyetleri ve Güç Unsurları. İstanbul: Seta Kitapları, S.120-121.

19. الياس، فراس. المصدر السابق.

20. Şahin, M. (2006). «Şii jeopolitiği:İran için Fırastlar ve Engeller". Akademik Ortadoğu, 1(1), 45.



# ڕێکەوتنی ئێران و سعودییە
# بە نێوەندگیری چین و کاریگەرییەکانی
# لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

توێژەر: هۆشمەن عەتا



## بەرایی

پەیوەندیەکانی عەرەبستانی سعودیە و ئێران ڕەگوڕیشەیەکی مێژووی قووڵیان هەیە، بەجۆرێك ناکۆکییە مێژووییەکانی سەرەتای سەرهەڵدان و فراوانخوازییەکانی سوپای ئیسلام لەسەر خاکی ئێرانی کۆن، هێشتا کۆمەڵێک پرسی زیندوون و کاریگەری نەك لەسەر پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت، بەڵکو لەسەر ئاستی جەماوەرییش هەیە[١]. لەسەردەمی نوێدا، هەردوولا زلهێزی کەنداوی فارس بوون، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵی ڕاگرتنی ئاسایشی کەنداوی بە ڕاگرتنی هاوسەنگی هێز لەنێوان هەردوو دەوڵەتەکە دەدا، سەرباری ئەوەش پەیوەندییەکانی سعودیە و ئێرانی سەردەمی پەهلەوی لە دەیەی حەفتای سەدەی بیستەم بەرەوپێشچوونی باشی بەخۆوە بینی. لەلایەکی دیکەوە، پەیوەندییەکانی نێوان سعودیە و ئێران لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی وەرچەرخانێکی توندی بەخۆوە بینیووە. سعودیە مۆدێلی شۆڕشگێڕانەی ئیسلامیی ئێرانی وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئەو ڕەوایەتییە ئایینییەی کە وڵاتەکەی لەسەر بنیات نراوە دەبینی. هەر لەسەرەتاوە، ڕکابەریی پەرەی دەسەند، ئەمەش وایکرد ئەو وڵاتە لەکاتی جەنگی ئێران-عێراق لە ١٩٨٠-١٩٨٨ پاڵپشتی بەغدا بکات. لە ماوەی دەیەکانی دواتردا، گرژییەکانی نێوان هەردوولا بەردەوامبوو لە هەڵکشان و داکشان. پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی سعودیە و ئێران لە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لەئێران لە دوو قۆناغدا پچڕاون، یەکەمیان لەماوەی ١٩٨٧-١٩٩١، دووەمیان لە ماوەی ٢٠١٦-٢٠٢٣ بۆ ماوەی حەوت ساڵ دوای هەندێک بابەتی وەک دەستێوەردان لە یەمەن، بۆردومانی باڵیۆزخانەی ئێران لە یەمەن، ڕووداوەکانی حەج ساڵی ٢٠١٥، لەسێدارەدانی شێخ نەمر ئەلنومەیر سەرکردەی شیعە لە سعودیە، هێرشکردنە سەر نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکانی سعودییە لە ئێران. پاش زنجیرەیەك گفتوگۆ و دانوستان لەنێوان هەردووڵات، پێویستی ڕێکەوتن بۆ هەردولا هاتە ئاراوە، لەسەر ئاستی ئێران خۆپیشاندانەکانی دوای کوشتنی ژینا ئەمینی دۆخی ناوخۆی و دەرەکی ئەو وڵاتەی تێکدابوو، سعودیەش لەسەر ئاستی ناوچەکە هەژموون و کاریگەری لە یەمەن و سووریا لەبەرامبەر ئێران لە پاشەکشەدابوو، لەلایەکی دیکەوە پاش کوشتنی خاشوقچی وێنەی محەمەد بن سەلمان شازادەی جێنیشینی سعودیە لە ڕۆژئاوادا لەپاشەکشەدا بوو، لێرەوە

لە مانگی ئاداری ٢٠٢٣، نێوەندگیری چین، گفتوگۆکانی ئێران و سعودیە گەشتنە ئەنجام و ڕێکەوتن لەسەر دووبارە دامەزراندنەوەی پەیوەندییەکان. بەڵام تایبەتمەندی ئەم ڕێکەوتنە بریتیبوو لە ئامادەیی لایەنی سێیەم کە ئەویش چینە، هەرچەندە زەمینەسازی بۆ ڕێکەوتنەکە پێش ڕاگەیاندنی لە پەکینی پایتەختی چین، چەندین خولی گفتوگۆ و دانوستان ئێران و سعودیە لە عێراق و عومان بەڕێوەچووبوون، بەڵام شوێنی ڕاگەیاندنی ڕیکەوتنەکە و ئامادەیی کاربەدەستانی باڵای چین، پەیامێکی سیمبولی بوو کە لەوانەیە وەرچەرخانێکی تازەبێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەرچەندە تەمەندرێژی ئەم ڕێکەوتنەش لە مێژووی درێژخایەنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان ڕیاز و تاران، تا ئێستاش نادیارە. سەرباری ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکان و دەستپێکردنەوەی هەماهەنگی دیپلۆماسی، هێشتا هەردوولا لەچەندین دۆسیەی هەڵواسراودا لە کێبڕکدان. لەوانە هەوڵی هەردوولا لە سەپاندنی هەژموونی هەرێمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کاریگەری جیاوازییە مەزهەبییەکان و جیاوازی لەسەر تێڕوانین و مامەڵە لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل.

## چین و سعودیە و ئێران

لە ١٠ی ئاداردا، ئێران و سعودیە دوای حەوت ساڵ لە پچڕانی پەیوەندییەکانیان، ڕێکەوتن لەسەر گەڕاندنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان. هەردولا پابەندبوون بە کردنەوەی باڵیۆزخانەکانی تاران و ڕیاز هەتا مانگی ئایاری ٢٠٢٣. ڕێککەوتنەکە بە نێوەندگیری چین، زیندووکردنەوە و جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی هاوکاری ئاسایشی لە ٢٠٠١ و پەیماننامەی ساڵی ١٩٩٨ بۆ پەرەپێدانی هاوکاریی لە بواری بازرگانی، وەبەرهێنان، تەکنەلۆژیا و ڕۆشنبیری لەخۆگرتبوو. ئێران و سعودیە ڕێزگرتنیان لە "سەروەری دەوڵەتان" و "دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆ" دووپات کردەوە. ئەم هەنگاوە بووە هۆی کەمبوونەوەی بەرچاوی گرژییەکان. چونکە هەردوو وڵات بە تایبەتی لەدوای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی، لەسەر ململانێکانی ناوچەیی بەتایبەت سووریا و یەمەن پێکدادانیان هەبووە.[٢]

چین کە ئەندازیاری سەرکەوتنی ڕێکەوتنامەکەیە پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ هەردوو هێزە ڕکابەرەکە هەبوو. مێژووی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان چین و سعودیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٩، کاتێک شانشینی سعودیە وەک یەکەم وڵاتی عەرەبی پەیوەندییە سیاسییەکانی لەگەڵ چین ئاساییکردەوە. پەیوەندییە دووقۆڵییەکان لەگەڵ

ئیمزاکردنی ڕێکەوتنی متمانەی نێوان هەردوو وڵات لە شاری جددە لە ١٩٤٦دا نزیکتر بووەوە، بەڵام کاتێک پارتی کۆمۆنیستی چین لە ١٩٤٩دا هاتە سەر دەسەڵات، پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان هەردوو وڵات پچڕا. بەڵام لە دوای ١٩٧٨ واتە لەگەڵ دەستپێکردنی سیاسەتی ڕیفۆرم و کرانەوە لە چین لە سەردەمی دینگ شیاو پینگ، پەیوەندی نافەرمی لە نێوان هەردوو وڵات دامەزرا، دواجار لەگەڵ فراوانبوونی پەیوەندییەکان، پەیوەندیی دیپلۆماسی نێوان پەکین و ڕیاز لە ١٩٩٠ بە فەرمی دەستپێکردەوە.[٣]

چین گرنگییەکی بەرچاو بە سعودیە و پەیوەندییە دووقۆڵیەکەی لەگەڵ ئەم وڵاتە دەدات بە هۆکاری جۆراوجۆر، یەکەم، ئەزموونی مێژوویی دەریدەخات کە سعودیە هاوبەشێکی متمانەپێکراو بووە بۆ هەموو کڕیارانی نەوتەکەی. دووەم، سعودیە گەورەترین هەناردەکاری نەوتە لە جیهاندا و توانای بەرهەمهێنانی نەوتی لە ئێستادا ١٢ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا تێدەپەڕێنێت. سێیەم، جگە لە سەرچاوەکانی دەرهێنانی نەوت، سعودیە زیاتر لە ١٧٪ی یەدەگی نەوتی جیهانی لە دەستدایە، چوارەم، سعودیە گەورەترین ئابووریی لەناو وڵاتانی عەرەبی لە ناوچەکەدا هەیە و ئەندامی گرووپی بیست وڵاتە پیشەسازییەکەی جیهانە، پێنجەم: چین ئاگاداری ڕۆڵی سەرەکی سعودیەیە لە ئۆپێک و پێگەی ئەو وڵاتەیە لە دانانی نرخی نەوتی جیهانیی. لەو سۆنگەیەوە، دەتوانرێت گرنگی سعودیە بۆ چین لە چەمکی گەرەنتیکردنی ئاسایشی وزەدا کورت بکرێتەوە.[٤]

لەلایەکی دیکەوە لە ڕوانگەی سعودیەوە، چین بە بازاڕێکی گرنگ دادەنرێت بۆ ساغکردنەوەی نەوت. لە دوای هێرشەکانی ١١ی ئەیلولەوە، سعودیە جگە لە ئەمریکا، پەیوەندییەکانی لەگەڵ زلهێزەکانی دیکەی جیهان ڕێکخستنەوەی خستۆتە بەرنامەی کارەوە. جگە لەوەش پێشهاتەکانی بازاڕی دابینکردن و داواکاری وزە، سعودیەی زیاتر بەرەو ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی بەرەو چین پاڵناوە. پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێی چین و دیدگای ٢٠٣٠ی سعودیە لە ئامانج و پلانەکاندا لێکچونی بەرچاوی هەیە. فراوانبوونی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە ساڵانی ڕابردوودا بووەتە هۆی فراوانبوونی هاوکارییەکان لە بوارەکانی وزە، بازرگانی و وەبەرهێنان. لە شوباتی ٢٠١٩، سعودیە زیاتر لە ٣٠ ڕێکەوتننامەی هاوکاری ئابووری لەگەڵ چین واژۆکرد، کە بەهاکەیان بە زیاتر لە ٢٨ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت. بەپێی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان، چین لە ٢٠١١ەوە بووەتە گرنگترین هاوبەشی بازرگانی ڕیاز و بەهای هەناردەی چین بۆ سعودیە لە ساڵی

٢٠٢٠ یەکسانە بە یەک ملیار و بیست و هەشت ملیۆن دۆلار.[٥]

هەرچی پەیوەندییەکانی ئێران و چین، ئەوا دادەنرێت بە پەیوەندییەکی مێژووی دوورودرێژ، کە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شارستانیەتی هان لە چین و ساسانی لە ئێرانی کۆن، ئەو پەیوەندییانە هەر بەردەوام بوون، لەسەردەمی مێژووی نوێدا و لە چاخی دەسەڵاتدارێتی بنەماڵەی سەفەوی زۆر پەرەسەندووبووە. بەڕادەیەك پەیوەندییەکانی چووەتە قووڵایی فەرهەنگ و ئەدەبی گەلانی چین و ئێرانەوە. لە دوای هاتنەسەرکاری پارتی کۆمۆنیستی چین لە ١٩٤٩، ئێرانی سەردەمی محەمەد ڕەزاشا بەشوێن ئەمریکادا پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین پچڕاند. دواتر لە ساتی ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین لەسەردەمی نیکسن-کیسنجەردا، ئێرانیش دەرفەتی ژیانەوەی پەیوەندییەکانی بۆ هاتە پێشەوە. پەیوەندییەکانی ئێران و چین بە فەرمی لە ١٩٧١ دەستپێدەکەن. هەرچەندە بەهۆکاری نزیکی ڕژێمی ئێران لە ئەمریکا لە سەردەمی شادا پەیوەندییەکان تا ڕادەیەك سنوورداربوون، بەڵام لەپاش هاتنەسەرکاری ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئاسۆیەکی نوێ لەبەردەم پەیوەندییە دولایەنەکان کرایەوە. بە تایبەتی کاتێك ئێران دروشمی «نە ڕۆژهەڵات و نە ڕۆژئاوا، بەڵکو کۆماری ئیسلامی» بەرزکردبووەوە. مەبەست لەو دروشمەش دورکەوتنەوەبوو لە ئەمریکا و سۆڤیەت کە جیهان لە جەنگی ساردابوو لەو ماوەدا، ئێرانی نوێ دەیویست خۆی بەدووربگرێت لە هەردوولا. بۆئەوەش چین دەبووە بژاردەیەکی باش وەك زلهێزێك کە ڕکابەری لەگەڵ هەردوو وڵاتەکەدا هەبوو. لەقۆناغی جەنگی عێراق-ئێران، چین چەکی بەهەردوولا دەفرۆشت، بەهۆی ئەوەی کە ئێران لەژێر گەمارۆکانی ڕۆژئاوادابوو، چین لە پاش ڕووسیا دووەم دابینکەر و فرۆشیاری چەکبوو بە ئێران. هەتا ١٩٩٧ پەیوەندیەکانی هەردوولا لە بوارەکانی ئاڵوگۆڕی وزە، چەك، شمەك، وەبەرهێنان پێشکەوتنی زۆری بەخۆوەبینی. بەڵام دوای ئاساییبونەوەی پەیوەندی چین و ئەمریکا لەسەردەمی زیمینگ-کلینتۆندا، چین لە ژێر فشاری ئەمریکا، پەیوەندیی وهاریکارییە هەمەلایەنەکانی لەگەڵ ئێرن کەمکردەوە بەتایبەت لە بواری تەکنەلۆجیای ئەتۆمییدا.

هێرشەکانی سەر دامەزراوە نەوتییەکانی ئارامکۆی سعودیە لە ئەبقائیق و خورەیس لە ئەیلوولی ٢٠١٩ و هەڵوێست و پەرچەکرداری لاوازی واشنتۆن لەو بارەوە، وەرچەرخانێکی گرنگبوو لە تێڕوانینی ئاسایشی سعودیە. لێرەوە ڕیاز دەرکی ئەوەی کرد کە تەنیا پشت

بە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا نەبەستێت، هەربۆیە هەوڵەکانی چڕتر کردەوە بۆ هەمەچەشنکردنی هاوبەشە ئەمنی و سەربازییەکانی، لەوانەش بەهێزکردنی هاوکارییە ئەمنییەکانی لەگەڵ چین و ڕووسیا.[٦]

هەرچەندە چین لە دۆسیەی ئەتۆمی ئێران بەشێك بووە لەو بلۆکە سیاسییەی کە بە وڵاتانی پێنج کۆ یەك ناسراون، لەگەڵ ئێران لە دانوستاندا بوون بۆ سنووردارکردنی وزەی ئەتۆمی ئێرانیی، لەهەمانکاتیشدا دەنگی بەهەموو ئەو بڕیارانە داوە کە لە ئەنجومەنی ئاسایش بۆ سزادانی ئێران لە نێوان ٢٠٠٦-٢٠١٣ دراون، یان لانیکەم بێدەنگ بووە و ڤیتۆی نەکردوون، ئەوەش نیگەرانی زۆری لەسەر ئاستی جیاواز لە ناوخۆی ئێران دروستکرد سەبارەت بە توانای ئەو وڵاتە لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێران. هۆکاری ئەوەش چینییەکان ئەمریکایان بەلاوە گرنگترە و قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانییان لەگەڵ ئەو وڵاتە زۆر زیاترە وەك لە ئێران، لە لایەکی دیکەوە چین نایەوێت لەسەر ئێران بکەوێتە کێبڕکێ لەگەڵ ئەمریکا لەسەر ئاستی جیهان پەیوەندییەکان تێکبدات. ئەوەش مانای لاوازی پێگەی ئێران نایەت بۆ چین، بەڵکو ئێران لە سیاسەتی دەرەوەی چین پێگەیەکی بەرچاوی هەیە. بە چەندین هۆکار لەوانە، ئێران دەتوانێت ڕۆڵێکی بەرچاو لە دەستەبەرکردنی ئاسایشی وزەی چین بگێڕێت. هەرچەندە پشکی ئێران لە بازاڕی هاوردەکردنی وزەی چین بە بەراورد بە سعودیە کەمترە، بەڵام خاوەندارێتی ئێران بە ٢٥٪ی یەدەگی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ١٢٪ی یەدەگی نەوتی جیهان، پێگەی ئەو وڵاتە لە سیاسەتی وزەی چین زیاتر کردووە.[٧]

سیاسەتی وزەی چین لەم ساڵانەی دواییدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و لەبری ئەوەی پشت بە مامەڵەی نەوتی خاو ببەستن، دەسەڵاتدارانی چین واژۆکردنی گرێبەستی درێژخایەن و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی دابینکردنی وزەیان خستۆتە بەرنامەی کار. بەشێکی گرنگی ڕێکەوتنی ٢٥ ساڵەی نێوان ئێران و چین ئاماژە بە هاوکاریی دوولایەنە لە بواری وزەش دەکات کە لە چوارچێوەی تێگەیشتن لە سیاسەتی گەورەی چین لە بواری وزەدا دەتوانین لە گرنگییەکەی تێبگەین. لەلایەکی دیکەوە، بە پێچەوانەی سعودیە و کۆمپانیاکانی دیکەی دابینکەرانی وزە لە کەنداوی فارس، ئێران هاوپەیمان و هاوبەشێکی ستراتیژی ئەمریکا نییە و ئەگەر شەڕی بازرگانی نێوان چین و ئەمریکا ڕووبدات، تاران دەستبەرداری فرۆشتنی نەوت و گاز بە پەکین نابێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە پەرەدەسێنێت.

هەروەها هەژموونی ئێران بەسەر گەرووی هورمزدا، وەک تاکە ڕێڕەوی ئاوی کەنداوی فارس بە ئاوە کراوەکانەوە دەبەستێتەوە، ئەو متمانەیە بە چین دەبەخشێت کە لە ئەگەری ڕوودانی دۆخێکی نالەباردا، گواستنەوەی وزە لە کەنداوی فارسەوە بۆ چین بەردەوام دەبێت.[٨]

هەردوو هێزەکە پەیوەندی قووڵ و ستراتیژییان لەگەڵ چین هەیە، چین لە ١٩٩٩ ڕێکەوتنی «هاوبەشی ستراتیژی» لەگەڵ سعودیە و لە ساڵی ٢٠٠٠ هەمان ڕێکەوتنی لەگەڵ ئێران ئەنجامداوە. سعودیە یەکێکە لە دەوڵەمەنترین وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خاوەنی پێگەیەکی گرنگە لەناوچەکە و لەلایەکی دیکەوە هاوپەیمانی ئەمریکایە. ئێران یەکێکە لە ئەکتەرە گرنگەکان لەناوچەکە وڵاتێکی پانوبەرینی خاوەن جیۆپۆلەتیکێکی گرنگە. لە هەمانکاتدا ئێران نەیاری ئەمریکایەو ڕێك پێچەوانەی سعودییە، بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ ئێران چین دەکرێت هاوبەشێکی ستراتیژی لە ناوچەکە پەیدابکات.[٩]

هەریەکە لە ئێران و چین دوو هاوبەشی بازرگانی، ستراتییژی و جیۆپۆلەتیکی چینن، هەربۆیە چین خواستی زۆری هەبوو بە نزیککردنەوەی هەردوولا لە یەکتری، بەتایبەت پاش پچڕانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات و پەرەسەندنی تەنگژەکانی یەمەن نیگەرانییەکانی چین زیاتر دەرکەوت. ئەوەش زیاتر کاتێك دەرکەوت کە حوسیەکانی یەمەن کە بەهێزێکی پرۆکسی ئێران دادەنرێن لەکاتی کێشمەکێشی جەنگی ناوخۆی یەمەن هێرشیان کردە سەر کێڵگە نەوتییەکانی سعودیە و نزیکەی نیوەی توانای بەرهەمهێنانی نەوتی خاوی ئەو وڵاتەیان پەکخست، ئەوەش کاریگەریی لەسەر نرخی نەوت و ئاسایشی وزەی چین دەبوو.

### پێگەی چین لە ڕێکەوتنەکەی ئاداری ٢٠٢٣

پاش زنجیرەیەك لە دانوستان و گفتوگۆی دوو لایەنی ئێران و سعودیە لە عێراق و عومان، دواجار لەسەر بانگهێشتی سەرۆککۆماری چین شی جی پینگ، لە نێوان ٦-١٠ی ئادار لە پەکین میوانداری شاندەکانی ئێران و سعودیەی کرد، وەزیری دەرەوەی چین (وانگ یی) ڕایگەیاند کە هەردوولا پەرۆشییان بۆ ڕیکەوتن نیشانداوە. شاندی ئێرانیی بە سەرۆکایەتی عەلی شەمخانی سکرتێری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی کە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی بوو، ڕایگەیاند کە ڕاستکردنەوەی هەڵە تێگەیشتنەکان و ئاوڕدانەوە لە ئایندەی پەیوەندییەکانی تاران و ڕیاز بە دڵنیاییەوە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی سەقامگیری

و ئاسایشی ناوچەکە. شاندی سعودیەش لە لایەن موساعید بن محەمەد ئەلعەیبان، وەزیری دەوڵەت و ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی سعودیە سەرۆکایەتی دەکرا. فەیسەڵ بن فەرحان ئال سعود، وەزیری دەرەوەی سعودیە ڕایگەیاند، ڕێکەوتنەکە «بەڵگەی خواستی هاوبەشمانە بۆ چارەسەرکردنی [کێشەکان] لە ڕێگەی گفتوگۆوە.» هەرچەندە کە هەردوو وڵات نەگەیشتبوونە یەکلاکردنەوەی هەموو ناکۆکییە هەڵپەسێردراوەکان.[١٠]

ئێران و سعودیە دوو هێزی هەرێمین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ململانێیەکی مێژوویی و هەمەلایەنەیان هەیە، هەردووکیشیان لە ڕیزبەندی سەرەوەی وڵاتانی وەبەرهێنی نەوتن، کە چین پەیوەندی و بەرژەوەندی لە مێژینەی لەگەڵ هەردووکیان هەیە. لە هەمانکاتدا ستراتیژی نوێی چین لە ئێستادا بریتیە لە دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوان وڵاتانی دابینکەری نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ ئەوەی لە هەر ئاڵنگارییەك دووربكەوێتەوە کە لەو ناوچە قەیراناوییەی جیهان لەپڕ سەرهەڵدەدەن. لەگەڵ زیادبوونی خواستی چین بۆ وزە، ئامادەیی ئەو وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر دەبێت. پێگەی ناوچەکە لە پڕۆژەی ستراتیژی مەزنی چین (پشتێنەو ڕێگە) یان ڕێگەی ئاوریشمی نوێ جێگەیەگی تایبەتی هەیە.[١١]

بڕیاربەدەستانی چین هێشتا ئەو پشتبەستنە زۆرەی وڵاتەکەیان بە هاوردەکردنی وزە بە سەرچاوەیەکی لاوازی دەبینن. نائارامییەکان لە ناوچەی کەنداو، کە نیوەی نەوتی هەناردەکراوی چین پێکدەهێنێت، مایەی نیگەرانی بەردەوامە بۆ چین. لە هەمانکاتدا، کەمبوونەوەی پێویستی ئەمریکا بۆ نەوتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو پرسیارەی لای چین وروژاندووە، ئایا ئەمریکا تاکەی ئامادەیە سەقامگیری و ئۆقرەیی ئەو ناوچەیە بپارێزێت.[١٢]

توانای چین بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ڕێکەوتنەکە ڕەنگدانەوەی گەشەسەندنی کاریگەرییەکانی ئەو وڵاتە بوو لە ناوچەکەدا. لە نزیك مەودادا، چین وڵاتێکی سەرەکی هاوردەکاری نەوتی هەردوو وڵاتی ئێران و سعودیە بوو. بۆیە پەرۆشی سەقامگیری لە کەنداودا بۆ تێپەڕبوونی سەلامەتی نەوت و کاڵاکان بوو. لە سەردەمی شی جی پینگ، چین پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو پتەوتر کردووە. لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، شی بەشداریی لوتکەی چین و دەوڵەتانی عەرەب کە ١٤ سەرکردەی عەرەبی لەخۆگرتبوو، سەردانی سعودیەی کرد. لە شوباتی ٢٠٢٣ میوانداری ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆککۆماری ئێرانی کرد بۆ سەردانێکی فەرمی تەنها چەند هەفتەیەک پێش ئەوەی تاران و ڕیاز

ڕێکەوتنەکە ئاشکرابکەن.[١٣]

لەو بەیاننامە هاوبەشەی کە لە ڕۆژی ١٠ی ئاداری ٢٠٢٣ هەرسێ وڵات واژۆیانکرد هاتبوو «هەرسێ وڵات ڕایدەگەیەنن، پەیماننامەیەك لە نێوان شانشینی سعودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران کراوە، کە بریتییە لە ڕێکەوتنێک بۆ دەستپێکردنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوانیان و دووبارەکردنەوەی باڵیۆزخانە و نوێنەرایەتییەکانیان لە ماوەی دوو مانگ زیاتر نەبێت، ڕێکەوتنەکە دووپاتکردنەوەیان لە ڕێزگرتن لە سەروەری و دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتان لەخۆدەگرێت. هەروەها ڕێکەوتوون کە وەزیرانی دەرەوەی هەردوو وڵات کۆببنەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم خواستە و ڕێکخستنی گەڕانەوەی باڵیۆزەکانیان و تاوتوێکردنی ڕێگەکانی پەرەپێدانی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان. هەروەها ڕێکەوتن لەسەر جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی هاوکاری ئەمنی نێوانیان کە لە ٢٠٠١/٤/١٧ واژۆ کرا، لەگەڵ ڕێکەوتنی گشتی هاوکاری لە بوارەکانی ئابووری، بازرگانی، وەبەرهێنان، تەکنەلۆجیا، زانست، ڕۆشنبیری، وەرزش، و لاوان، کە لە ١٩٩٨/٥/٢٧ واژۆ کرا. سێ وڵاتەکە ئارەزووی خۆیان دەربڕی بۆ ئەوەی هەموو هەوڵەکانیان بەرەو پەرەپێدانی ئاشتی و ئاسایشی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بخەنەگەڕ».[١٤]

لە ٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٣ ئێران باڵیۆزخانەی خۆی لە ڕیاز کردەوە. هەروەها ئێران کونسوڵخانەی لە جددە کردەوە، هەروەها نووسینگەی نوێنەرایەتی بۆ ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامیی کە ڕێکخراوێکی ٥٧ وڵاتە و بارەگاکەی لە سعودیە هەیە دانا. لە ٥ی ئەیلولی ٢٠٢٣ هەردوو وڵات باڵیۆزیان ئاڵوگۆڕ کرد. عەلیڕەزا عینایەتی باڵیۆزی ئێران گەیشتە ڕیاز. عەبدوڵڵا بن سعود ئەلعینزی باڵیۆزی سعودیە گەیشتە تاران.[١٥]

شرۆڤەکاران ڕێکەوتنەکەیان لەبەر چەند هۆکارێک بە گرنگ زانی. دەکرێت ڕێگەیەك بێت کە ململانێی بە جەنگی نوێنەرایەتی ئێران و سعودیە کەمبکاتەوە، بەو جۆرەش سەقامگیری بۆ یەمەن، سووریا، عێراق، لوبنان و بەحرەین بهێنێتە ئاراوە. ئەو ڕاستییەی کە ئەم ڕێکەوتنە بە چاودێری چین ئەنجامدراوە نەك ئەمریکا، دەتوانێت مانای ئەوە بێت کە کاریگەریی ئەمریکا لە ناوچەکەدا کەم دەبێتەوە. هەروەها ئەم ڕێکەوتنە دەتوانێت ئاسایشی وزەی چین زیاتربکات بە لەبەرچاوگرتنی پشتبەستنی چین بە ئێران و سعودیە بۆ نەوت. لەلایەکەوە ڕێکەوتنەکە ڕێگری لە پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و سعودیە دەکات، لە لایەکی دیکەوە وا دەبینرێت ململانێی ئیسرائیل لەگەڵ فەلەستینییەکان زیاتر بەربەستێکە

بۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ سعودیە نەک ئێران.

باڵیۆزی چین لە تاران پێیوایە کە ڕێکەوتنەکە سێ پەیامی گرنگی تێدایە کە ئەوانیش بریتین لە «یەکەم، گەرەنتییەکی بەهێزترە بۆ پاراستنی ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکە، کە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ بەهێزکردنی یەکڕیزی و هاوکاری وڵاتانی ناوچەکە و کەمکردنەوەی گرژییە ناوچەییەکان. دووەم، پیشاندانی مۆدێلێکی گرنگە بۆ وڵاتانی جیهان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە ڕێگەی دانوستان و ڕاوێژکارییەوە، هاوتەریب لەگەڵ ئیرادەی گەل و بەپێی ڕەوتی سەردەم و بەرژەوەندی هاوبەشی وڵاتانی ناوچەکە. سێیەمیان دابینکردنی مۆدێلێکی نایاب بۆ پاڵپشتیکردنی دەستپێشخەرییە ئەمنییەکانی جیهانی و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی مرۆیی کە داهاتوویەکی هاوبەشی هەبێت. ئەمە هەنگاوێکی بچووکە بۆ ئێران و سعودیە بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی و هەنگاوێکی گەورەیە بۆ مرۆڤایەتی بۆ تێپەڕاندنی ململانێکان و بەرقەرارکردنی ئاشتی».[١٦]

لە ڕاستیدا گرژی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شتێک نییە کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی چین بکات. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک ڕێگەیەکی ستراتیژی گرنگ دادەنرێت بۆ ڕێڕەوی بازرگانی و دەریایی کە ئاسیا بە ئەورووپا و ئەفریقا دەبەستێتەوە و بۆ داهاتووی پرۆژەی پشتێن و ڕێگای چین گرنگە. بەپێی خەمڵاندنەکان، لەم ساڵانەی دواییدا بازرگانی چین لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر زیاتر لە بازرگانی ئەمریکا لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەشەی کردووە. لە ٢٠٢١ هاوردەی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە ١٣٠ ملیار دۆلار بووە، لە بەرامبەردا بۆ ئەمەریکا ٣٤ ملیار دۆلار بووە، هەروەها هەناردەی چین بۆ ناوچەکە ١٢٩ ملیار دۆلار بووە، ئەمەش بەراورد بە هەناردەی ئەمریکا ٤٨ ملیار دۆلار بووە. هەروەها بەهۆی ڕێبازی ئابووریی پەکین، قەبارەی وەبەرهێنانی چین لە وڵاتانی کەنداو لە ٢٠٢١ گەیشتووەتە ئامارێکی سەرنجڕاکێش کە ٣٣٠ ملیار دۆلار بووە. دەکرێ بڵێین شێوازی مامەڵەی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ دوورکەوتنەوەیە لە زیادبوونی گرژی لە ناوچەکەدا و چین کەرەستە و ئیعتباری پێویستی بۆ ئەو مەبەستە هەیە. چین پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ هەموو ئەکتەرە ناوچەییەکان لە گەشەکردندایە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە پەکین کاریگەری سیاسی لەم وڵاتانەشدا هەبێت. بەڵام پەکین کەمتر ئەم کاریگەرییە سیاسییە بەکاردەهێنێت. بۆ نموونە لە پەیوەندی ئێران و وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا

پەکین پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ئێران و سعودیەش هەیە و بە پێچەوانەی ئەمریکا، دەتوانێت ببێتە هۆی هاریکاری و گەڕانەوە بۆ هاوکێشە سیاسیەکان بە شێوازێکی ئەرێنی لە نێوان وڵاتان، چین ئێستا بەبێ دەستێوەردان هەمان ئەرکی «دەسەڵاتی بەرقەرارکەری ئۆقرەیی» جێبەجێ دەکات کە ئەمریکا بە دەیان ساڵ هەوڵیدا بە شەڕ و دەستێوەردان نیشانی بدات.[17]

ئاشتەوایی نێوان ڕیاز و تاران، سەرنجێکی بەرچاوی لە بواری زانستە سیاسییەکاندا بە هەمانشێوە دروستکردووە. ژمارەیەکی زۆر لە شارەزایان و کارگێڕانی ڕۆژئاوایی بە ڕێکەوتنی ئاشتی نێوان ڕیاز و تاران تووشی شۆکبوون. ڕۆژئاوا بە تایبەتی واشنتۆن تووشی شۆکبوو بەهۆی ئەرکی پەکین و گەڕاندنەوەی پەیوەندییەکانی تاران لەگەڵ ڕیاز کە دەبێتە هۆی دەربازبوون لە زیادبوونی فشارەکانی ڕۆژئاوا کە پەیوەندییان بە پشتگیریکردنی ڕووسیا لە ئۆکرانیا و پلانە ئەتۆمییەکەیەوە هەیە. سەرەڕای ئەوەش، دان بەوەدا بنێین کە پرۆسەی لێکنزیکبوونەوە هێشتا لە قۆناغی سەرەتاییدایە و زۆرترین کاریگەری لەسەر پاشخانی جیۆپۆلەتیکی و جیۆ-ئابووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێشتا ناڕوونە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە کاردانەوەی ئایندەیی ئەم ئاشتەواییە لەسەر کایە سیاسی و ئابوورییەکانی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدۆزرێتەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.[١٨]

لە کۆتاییدا ڕۆڵی نێوەندگیری چین لە ڕێکەوتنی ئاشتی ڕیاز و تاران هەژموون و کاریگەرییەکانی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر دەکات. گەشەسەندنی ئابووریی چین جێگیرتر دەبێت، چونکە وەک ئەکتەرێکی گرنگ لە یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە درێژخایەنەکانی ناوچەکەدا دەردەکەوێت. پەکین وانیشاندەدات کە سیاسەتی دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆییدا وڵاتانی جیهاندا پەیڕەو دەکات، بە هەڵوێستی نەریتی خۆی لە ململانێکان دوور دەخاتەوە و لەبەرامبەردا هەوڵدەدات چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەڕێگەی دیالۆگەوە چارەسەر بکات. پەکین بە ناوبژیوانی ڕێکەوتنی ئاشتی ڕیاز و تاران متمانەی زیاتری بۆ خۆی لە تواناکانی چارەسەری پرسە نێودەوڵەتییەکان زیاتر کرد. ڕەنگە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا هەوڵەکانی چین لە بواری ڕێکخستنی دیپلۆماسی، ئابووری، سەربازیی و نێودەوڵەتی ئەرێنیتر ببینن. لە کاتێکدا ئەمریکا هەوڵی داوە سەرنجی خۆی بخاتە ناوچەی ئاسیا و زەریای هێمن، دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدوای پڕکردنەوەی ئەو

شوێنە نێوەندگیرییەی کە ئەمریکا لە دوای خۆی بەجێی هێشتوون.[١٩]

بۆیە ئامادەبوونی چین لە ڕێکەوتنەکەدا هێمایەك بوو بۆ سەربەخۆیی لە بڕیاری سعودیە بۆ سنووردانان لە دەستێوەردانەکانی ئەمریکا. ئەمە درێژکراوەی هەمان ئەو پەیامە بوو کە ڕیاز لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢ ناردبووی، کاتێک سەرکردایەتی بلۆکی نەوتی ئۆپێک پلەسی کرد، سەرەڕای نارەزایەتی ئەمریکا، بەرهەمهێنانی دوو ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا کەمکردەوە. لەو کاتەدا کۆشکی سپی سعودیەی تۆمەتبار کرد بەوەی کە یارمەتی ڕووسیای داوە لە شەڕەکەیدا دژی ئۆکرانیا و ڕایگەیاند کە هەڵوێستی بۆ ئەم بڕیارە دەبێت، بەڵام سعودیە پێداگری لەسەر هەنگاونان بەرەو پێشەوە کرد، لە کاتێکدا ئەمریکا ناچاربوو لە کۆتاییدا هەڵوێستی خۆی نەرم بکاتەوە.[٢٠]

لە لایەکی دیکەوە، لە لایەنی ئێرانەوە، ئەو ڕێکەوتنە گوزارشت لە باوەڕی سەرکردەکانی تاران دەکات کە باشترین ڕێگە بۆ کەمکردنەوەی نفوزی ئەمریکا و کۆنترۆڵکردنی دەستوەردانەکانی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا ئەوەیە گرژییەکانی لەگەڵ دراوسێ عەرەبەکانی کەمبکاتەوە. ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی عەرەب-ئیسرائیل مەترسیدارترین گۆڕانکاریی دەبوو لە ژینگەی ئاسایشی ناوچەکەدا بۆ ئێران. هاوکات نزیکبوونەوە لەگەڵ سعودیە خزمەت بە سیاسەتی ئێرانیش دەکات بەرامبەر ئەمریکا، تاران بە تەواوکردنی ئاشتەوایی لەگەڵ سعودیە کە دیارترین نەیاری ناوچەییە و گرنگترین هاوپەیمانی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا، گرنگترین چەك لە واشنتۆن دەسەنێتەوە بەو بانگەشەی کەوا ئێران دەوڵەتێکە ئاسایشی ناوچەکە و جیهانی تێکدەدات، جگە لە ناساندنی پەکین وەك ناوبژیوانێک کە لە سیستەمی ئاسایشی ناوچەکەدا قۆرخکاری ئەمریکا کەمدەکاتەوە و لە بەرژەوەندی ئێراندایە.[٢١] هەروەها ڕێکەوتنی ئاشتەوایی سعودیە و ئێران هاوکاتبوو لەگەڵ شەپۆلێکی بێوێنەی نارەزایەتییە ناوخۆییەکانی تاران کە لە چارەکی کۆتایی ٢٠٢٢ دەستیپێکرد، لە پاشخانی کوشتنی ژینا ئەمینی، داواکارییەکان بۆ گۆڕینی ڕژێم پەرەیسەند و ئێران پێیوابوو کە نەیارەکانی لە ڕۆژئاوا، بە تایبەتی لە ئەمریکا، هەوڵ دەدەن نارەزایەتییەکان بقۆزنەوە بۆ تێکدانی ڕژێم، ئەمە ڕێکەوتنە وای لێدەکات ناکۆکییە ناوچەییەکانی یەکلایی بکاتەوە بۆ ئەوەی دەرفەتێکی پێبدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە ناوخۆییەکانی.[٢٢]

## کاردانەوەکان لەسەر ڕێکەوتنەکە

لە چوارچێوەی هەڵوێستە نێودەوڵەتییەکاندا، چین لە ڕێگەی دیپلۆماتکارە سەرەکییەکانیەوە ڕایگەیاند کە دانوستان و وتووێژەکانی سعودیە و ئێران لە پەکین سەرکەوتنە بۆ ئاشتی. سەبارەت بە ئەمەریکاش ڕایگەیاندووە کە ئاگاداری پەیوەندییەکانی سعودیە و ئێرانە و لەڕێگەی جۆن کیربی وتەبێژی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانییەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەوەی بۆ واشنتن گرنگە کۆتاییهێنانە بە شەڕی یەمەن و ڕاگرتنی هێرشەکان بۆ سەر سعودیە.[٢٣]

وەزارەتی دەرەوەی عێراق کە ڕۆڵی هەبوو لە نزیککردنەوەی تاران و ڕیاز، پێشوازیی بەغدای بۆ ڕێکەوتنەکە دەربڕی و هیوای خواست کە دەستپێکی لاپەڕەیەکی نوێ بێت لە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان هەردوو وڵات. وەزارەتی دەرەوەی تورکیا دووپاتی کردەوە کە دەستپێکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و سعودیە هە نگاوێکی گرنگە کە بە شداریدەبێت لە ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکەدا. لای خۆیەوە وەزارەتی دەرەوەی لوبنان دووپاتی کردەوە کە ڕێکەوتنی سعودیە و ئێران کاریگەری ئەرێنی لەسەر پەیوەندییە گشتییەکانی ناوچەکە دەبێت. حەسەن نەسروڵڵا ئەمینداری گشتیی حیزبوڵڵا ڕێکەوتنەکەی بە گۆڕانکارییەکی باش لە ناوچەکە وەسف کرد. لە لایەکی دیکەوە، میدیاکانی ئیسرائیل لە زاری بەرپرسێکی ئیسرائیلییەوە ڕایانگەیاندووە، ڕێکەوتنی سعودیە و ئێران کاریگەری لەسەر ئەگەری ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ڕیاز و تەلئەبیب دەبێت.[٢٤]

## ئەنجام

ڕیکەوتنی سعودیە و ئێران بە ناوبژیوانی چین وەرچەرخانێکی گرنگبوو لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. عەرەبستانی سعودیە کە هاوپەیمانێکی لەمێژینەی ستراتیژی ئەمریکا بەم هەنگاوە لەگەڵ یەکێك لە نەیارە سەرسەختەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەندییەکانی ئاساییکردەوە بە ناوبژیوانی هێزێکی جیهانی کە لە کێبڕکێدایە بۆ شوێنگرتنەوەی ئەو وڵاتە ئەویش چینە.

ئەگەرچی ڕێکەوتنەکە گرفتی زۆری هاتەپێش، بەتایبەت ڕوداوەکانی ٧ی تشرینی یەکەمە ٢٠٢٣ و جەنگی حەماس و ئیسرائیل هەندێك کارتەکانی تێکەڵ کرد، بەڵام بۆ ئێران ئەو ڕێکەوتنە دەسکەوتێکی گرنگبوو چونکە ڕێکەوتنی سەدە و یان ئەوەی پێیدەوترا ڕێکەوتنی ئیبراهیمی لەنێوان ئیسرائیل و دەوڵەتانی کەنداودا لاوازکرد. پرۆسەی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل-سعودیەی پەککخست.

لەلایەکی دیکەوە، عەرەبستانی سعودی لە مەترسی هێزە چەکدارییە پرۆکسیەکانی ئێران بەتایبەت حوسییەکان ڕزگاریبوو، لەکاتێکدا بۆ چەندین ساڵ لەجەنگدابوو لەگەڵیان، لە بەرامبەردا هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەتایبەت ئەمریکا کاریگەری ئەوتۆی نەبوو کە بتوانێت هاوسەنگی هێز لەبەرژەوەندی سعودیە بگۆڕێت. سعودیە بەو هەنگاوە ئاشتیەی لەگەڵ ئێران خۆی لەمەترسی ئەو هێزە بە دوورگرت، لەکاتێکدا دوای جەنگی غەززە و ڕێگرییەکانی حوسی بۆ هاتوچۆی دەریاوانی لە گەروی باب ئەلمەندەب و دەریای سوور، بەهێزبوونی گرووپە میلیشیاییەکانی ئێران لە عێراق و سووریا و لوبنان، مەترسیەکانی پێشووی سعودیەی لە هەژموونی ئێران بەڕوونی پیشانی جیهاندا، بەڵام ئەمجارە نەك بۆ سعودیە، بەڵکو بۆ ئیسرائیل و ئەورووپا و ئەمریکا دەبێت.

## پەراوێز

2 The Iran Primer: Iran and Saudi Arabia Restore Ties, the United States institute of peace, June 6, 2023.

٣ محمد جمشیدی و زکیه یزدانشناس، دیپلماسی اقتصادی و راهبرد چین در تنظیم روابط با ایران و عربستان سعودی، فصلنامه علمی مطالعات راهبردی سیاست گزاری عمومی، ١٤٠١ دوره ١٢. شماره ویژه، ص ١١٩

٤ محمد جمشیدی و زکیه یزدانشناس، دیپلماسی اقتصادی و راهبرد چین در تنظیم روابط با ایران و عربستان سعودی، فصلنامه علمی مطالعات راهبردی سیاست گزاری عمومی، ١٤٠١ دوره ١٢. شماره ویژه، ص ١١٩

٥ محمد جمشیدی و زکیه یزدانشناس، دیپلماسی اقتصادی و راهبرد چین در تنظیم روابط با ایران و عربستان سعودی، فصلنامه علمی مطالعات راهبردی سیاست گزاری عمومی، ١٤٠١ دوره ١٢. شماره ویژه، ص ١٢٠

٦ عارف عبد البصير، أسرار المصالحة السعودية الإيرانية.. ماذا ستكسب الرياض وطهران؟ وما طبيعة دور الصين؟ ٢٠٢٣/٣/١٣

٧ محمد جمشیدی و زکیه یزدانشناس، دیپلماسی اقتصادی و راهبرد چین در تنظیم روابط با ایران و عربستان سعودی، فصلنامه علمی مطالعات راهبردی سیاست گزاری عمومی، ١٤٠١ دوره ١٢. شماره ویژه، ص ١٢١

8 Naser Al-Tamimi, China-Saudi Arabia Relations: Economic Partnership or Strategic Alliance? Number 2: June 2012, HH Sheikh Nasser alMohammad Al Sabah Publication Series, Durham University research online, retived from: China Saudi Arabia relations : economic partnership or strategic alliance? (worktribe.com)

9 Scobell, A., & Nader, A. (2016). China in the Middle East, the Wary Dragon. California: Rand Corporation, P 12.

10 The Iran Primer: Iran and Saudi Arabia Restore Ties, the United States institute of peace, June 6, 2023.

11 Mahdi Salami Zavareh, Mehrdad Fallahi Barzoki, China's Energy Security: I.R. Iran and Saudi Arabia's Role in China's Energy Diplomacy, Iran. Econ. Rev. Vol. 22, No. 3, 2018. pp 709.

12 Mahdi Salami Zavareh, Mehrdad Fallahi Barzoki, China's Energy Security: I.R. Iran and Saudi Arabia's Role in China's Energy Diplomacy, Iran. Econ. Rev. Vol. 22, No. 3, 2018. pp 710.

13 The Iran Primer: Iran and Saudi Arabia Restore Ties, the United States institute of peace, June 6, 2023.

14 Ministry of Foreign Affairs of the People›s Republic of China, Joint Trilateral Statement by the People›s Republic of China, the Kingdom of Saudi Arabia, and the Islamic Republic of Iran, 2023-03-10 22:56, retrieved from: Joint Trilateral Statement by the People›s Republic of China, the Kingdom of Saudi Arabia, and the Islamic Republic of Iran (fmprc.gov.cn)

15 The Iran Primer: Iran and Saudi Arabia Restore Ties, the United States institute of peace, June 6, 2023.

١٦ فارس نیوز، انگیزه اصلی چین از میانجی‌گری میان ایران و عربستان/ سرعت جریان دلارزدایی در جهان، سفیر چین در تهران در خصوص از سرگیری روابط ایران و عربستان تأکید کرد: متأثر از آشتی تهران-ریاض، مذاکره در منطقه خاورمیانه، تنش‌زدایی و عادی‌سازی روابط در خاورمیانه تقویت و تعمیق یافته است. ١۴:٢٠ ١۴٠٢-١-١٧، وەرگیراوە لە: انگیزه اصلی چین از میانجی‌گری میان ایران و عربستان/ سرعت جریان دلارزدایی در جهان | خبرگزاری فارس (farsnews.ir)

١٧ خبرگزاری جمهوری اسلامی، توافق ایران-عربستان و نقش چین در منطقه، ٢۴ اسفند ١۴٠١، ١۴:٠۴، وەرگیراوە لە: توافق ایران-عربستان و نقش چین در منطقه - ایرنا (irna.ir)

18 Dr Hassan Farooq Mashwani, Samiya Shahzad, Muhammad Tariq Niz, Ammar Zulfiqar & Muhammad Akbar, China's Growing Influence in the Middle East Politics: The Shifting Saudi-Iran

Rivalry to Rapprochement, Arbor journal, Vol. 11, N 1.

19 Marks, J. China›s Evolving Conflict Mediation in the Middle East. Middle East Institute, 2022,

Retrieved from http://www.mei.edu/publications/chinas-evolving -conflict-mediation-middleeast.

٢٠ عارف عبد البصير، أسرار المصالحة السعودية الإيرانية.. ماذا ستكسب الرياض وطهران؟ وما طبيعة دور الصين؟ ٢٠٢٣/٣/١٣

٢١ عارف عبد البصير، أسرار المصالحة السعودية الإيرانية.. ماذا ستكسب الرياض وطهران؟ وما طبيعة دور الصين؟ ٢٠٢٣/٣/١٣

٢٢ عارف عبد البصير، أسرار المصالحة السعودية الإيرانية.. ماذا ستكسب الرياض وطهران؟ وما طبيعة دور الصين؟ ٢٠٢٣/٣/١٣

٢٣ الجزيرة، بعد ٧ سنوات من القطيعة.. محللون يكشفون سر مصالحة السعودية وإيران ٢٠٢٣/٣/١٠،

٢٤ الجزيرة، بعد ٧ سنوات من القطيعة.. محللون يكشفون سر مصالحة السعودية وإيران ٢٠٢٣/٣/١٠،



# چالاکییە سیاسییەکانی ناو سوپای ئێران، سەردەمی پەهلەوی

توێژەر: محەمەد فاتح



## بەرایی

بوونی سوپا لە گەڵ بوونیاتنانی دەوڵەت، پێویستیەکی حاشا هەڵنەگرە. سوپا لە ئێران مێژوویەکی درێژی هەیە. هەر لە سەردەمی هەخامەنشی تاوەکو ئێستا، لە هەموو سەردەمەکان وەک کرۆکی دەوڵەت و دامەزراوەکانی ڕۆڵی سەرەکی بینیوە. لە ئێران بە تایبەت سوپا یا لە بۆ خزمەتی خەڵک و بەشداریان لە جەنگی پاراستنی نیشتمان بە کار هاتووە، یا وەک ئامرازێک بۆ سەرکووتکردنی ناوخۆیی و نەیارەکانی حکوومەت لە ناوخۆ. لە توێژینەوەیە پەردە لە سەر مێژووی سوپای ئێران لە سەردەمی پەهەلەوی هەڵدەدەینەوە و هەوڵدەدەین تیشکێکی بابەتیانە بخەینە سەر لێکۆڵینەوەکە.

## بەشی یەکەم:

### ١-ئێران، پوختەیەکی مێژوویی

ئێران وەك دەوڵەت، لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەهەم(١) دەرکەوت، ئەویش بە هۆی گەیشتنی بنەماڵەی سەفەوییەکان بوو بە دەسەڵات.

سەفەوییەکان ڕێبازی –شیعە-یان وەك ئایینێکی ڕەسمی دەوڵەتەکەیان پێڕەو دەکرد، شاری (ئەسفەهان)یش لە ساڵی (١٥٠٧)ز پایتەختی دەسەڵاتەکەی-شا (عەباس)ی گەورە بوو. ساڵی (١٧٢٤)ز بنەماڵەیەکی ئەفغانی بۆ ماوەیەکی کورت دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت، بەڵام نادر شا توانی دووریان بخاتەوە، پاشتر بنەماڵەی زەندییەکان دەستیان گەیشتە دەسەڵات و دوای ئەوانیش قاجارییەکان. ئێران لەژێر دەسەڵاتی قاجاری مایەوە لە نێوان (١٧٧٩-١٩٢٥)، لەو ماوەیەدا دەستێوەردانی دەوڵەتانی ئەورووپا لە کاروباری سیاسی و ئابووری ئێران دەستی پێکرد. دیارە لەم ڕووەوە حکومەتی بەریتانیا ڕۆڵی پێشڕەوی بینیوە، هەروەها لەساڵانی (١٨١٣) (١٨٢٨) دوو ڕێکەوتن لە نێوان ئێران و ڕووسیا واژۆکرا، بە هۆیانەوە ناوچەی قەفقاس بووە بەشێك لە خاکی ڕووسیا.

دەستێوەردانی هەردوو حکومەتی ڕووسیا و بەریتانیا لە کاروباری ناوخۆی ئێران درێژەی کێشا و شێوەیەکی ڕکابەریشی وەرگرت، ئەگەرچی هەردوو حکومەت قەرز و هاوکاری ئابووری و سەربازییان پێشکەش بە ئێران دەکرد، بەڵام بارودۆخ و گوزەرانی خەڵکی ئێران تا دەهات خراپتر دەبوو، لە ئاکامدا بوو بە هۆی بەرپابوونی شۆرش و ڕاپەڕینی جەماوەری.

بۆیە لە ژێر فشاری نارەزایی و ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی و ئاینی، (موزەفەرەدین) شا، ساڵی (١٩٠٦) ناچار بوو بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی بدات و دەستووریش بۆ وڵات دابڕێژێت.

ماوەیەکی کەم حوکمڕانیەکی دیموکراسی (ڕێژەیی) باڵی کێشا بەسەر وڵات، بەڵام بە مردنی موزەفەرەدین شا، دۆخەکە لە سەردەمی (محەمەد شا) پاشەکشەی کرد، شای ناوبراو کەوتە ململانێ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن، ساڵی (١٩٠٨) ئەنجوومەنی نیشتمانی داخرا، نارەزایی و ڕاپەڕینی جەماوەری سەری هەڵدایەوە، لە تەموزی (١٩٠٩) بەرەی نارازی دەستیان بەسەر شاری تەهرانی (پایتەخت) گرت و دەستووریان گەڕاندەوە، لە ئاست ئەو بارودۆخە(محەمەد شا) لە دەسەڵات دوورکەوتەوە بەرەو وڵاتی ڕووسیا هەڵات، ساڵی (١٩٠٩) جێگرەکەی بڕیاری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی یاسادانانی دەرکرد، ئەو ئەنجوومەنە لەگەڵ شای وڵات دووبارە کەوتنەوە ململانێ، حکومەتی ڕووسیاش پاڵپشتی شای کرد و جارێکی دیکە ئەنجوومەن پەکی کەوت.

ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨) بۆ ئێران قۆناغێکی سەخت و نالەبار بوو، دەوڵەتە زلهێزەکانی وەك، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، ڕووسیا، دەستیان لە کاروباری ناوخۆی وەردەدا، دوای سەرکەوتنی شۆڕی سۆشیالستی (١٩١٧) لە وڵاتی ڕووسیا، حکومەتی بەریتانیا ترسی ئەوەی هەبوو کە ئەو بارودۆخەش ئێران بگرێتەوە، بۆیە خۆی لە دەسەڵاتی ئێران نزیك دەکردەوە و ئامادەیی دەردەبڕی بۆ هاوکاریکردنی ئابووری.

**٢-گەیشتنی ڕەزاشا بە دەسەڵات**

ڕەزا عەباس قولی خان، سەرەتاکانی ساڵی (١٩١٥) پلەی سەرهەنگی (عەقید)ی هەبووە(٢) لەناو یەکەکانی سوپای ئێران، پێگەی لەناو سەرکردایەتی هێزی –قەوزات-بەرزبۆوە و گەیشتە پلەی (عەمید)، لە ژیانی سیاسی وڵات نزیك دەبووەوە و خواستی دەسەڵاتداری زۆرتر لا پەیدا بوو. ساڵی ١٩٢١ ڕەزا لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی پلە باڵای ناو سوپا بە کودەتایەکی سەربازی هەستان لە ژێر ناوی چاکسازی، ڕەزا خۆی بە وەزیری بەرگری دانا، پاشان گەیشتە پێگەی سەرۆك وەزیران لە سەردەمی (ئەحمەد شا) ی قاجاڕی، ئەحمە شا ناچار کرا وڵاتی ئێران بەجێبهێڵێت لە ١٩٢٣، پاشان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە (ئەنجوومەنی نیشتمانی) هەڵبژێردرا و ڕەزا خان بە شای ئێران دانرا و نازناوی

پەهلەوی هەڵگرت.

ڕەزاخان هەر لە سەرەتای دەسەڵاتەکەی، ڕێبازێکی ناوەندی توندی پیڕەو دەکرد، ئەنجوومەنی نیشتمانی لە کار پەك خست، حزبە سیاسییەکانی هەڵوەشاندەوە ڕێگەی لە چالاکی ئۆپۆزیسیۆن گرت. لە ماوەی دووەم جەنگی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥) ڕەزاشا، پاڵپشتی ئەڵمانیای نازی دەکرد و پەیوەندییەکانی پەرەی سەند لەگەڵ ئەو دەوڵەتە، ئەو سیاسەتە وڵاتانی بەرەی (هاوپەیمانانی) ناڕازی کرد، کاریان بۆ داگیرکردنی خاکی ئێران دەکرد، هێزەکانی بەریتانیان لە باشوری ئێران و لەشکری یەکێتی سۆڤیەت لە باکورەوە دەستیان بەسەر چەند ناوچەیەکی ئەو وڵاتە گرت.

### ٣-هەوڵەکان بۆ دوورخستنەوەی ڕەزاشا لە دەسەڵات

لەسەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانی و بە هۆی گۆڕانەکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و لە تەرازووی هێزدا، هەروەها بە هۆی نزیکبوونەوەی ڕەزاشا لە ئەڵمانیای نازی، سەرەڕای بەردەوامبوونی ململانێ ناوخۆییەکان و درێژەپێدانی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە پێناو مافە دیموکراسی و نەتوایەتییەکان و لەگەڵ بێ توانایی ئەو ڕژێمە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ دۆخەکە، ئەوا بیرۆکەی لادانی ڕەزاشای پەهلەوی لە دەسەڵات لەلایەن کاربەدەستانی هەردوو حکومەتی بەریتانیاو یەکێتی سۆڤیەت جێگای بایەخپێدان بووە.

دیارە پەرەسەندنی بیروباوەڕی نازیزم لەناو ئێران کە خودی ڕەزاشا ئەو هزرەی وەك ئایدیۆلۆژیایەکی ناسیۆنالیزمی وەردەگرت، هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ بڕیاری دوورخستنەوەی ڕەزاشا لە دەسەڵات. لەم بارەوە کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە هەردوو باڵیوزی بەریتانیا و یەکێتی سۆڤیەت لە تارانی پایتەخت بە ڕەسمی داوا لە (ڕەزاشا) بکەن کە دەست لە دەسەڵات هەڵبگرێت و محەمەدی کوڕی جێگەی بگرێتەوە(٣).

### ٤-سەردەمی محەمەد ڕەزاشا(٤)

لە (١٦/ئەیلولی/ ١٩٤١) محەمەد ڕەزاشا وەك دووەم شا لە بنەماڵەی پەهلەوی لەبەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران سوێندی یاسایی خوارد، لە سەرەتای حوکمڕانی، چەند گۆڕانێك ڕوویدا، لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ئەو قۆناغە:

کرانەوەی سیاسی بەرەو ڕووی هێز و لایەنە سیاسیەکان، توندبوونی ململانێی سیاسی هەر لە نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان، دەستێوەردانی سوپا لەکاروباری وڵات.

محەمەد ڕەزاشا، لە سەرەتای دەسەڵاتەکەی چەند بڕیارێکی دەرکرد، دیارە مەبەستیشی ئەوە بوو کە شێوەیەکی دیموکراسی و قۆناغێکی نوێی بخاتەڕوو، لەو بڕیارانەش:

١-پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ بەپێی دەقەکانی دەستوور.

٢-لێخۆشبوونی گشتی لە زیندانە سیاسییەکان.

٣-گۆڕان لە پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئێران.

٤-ڕێگاپێدان بە دەرچوونی چەند ڕۆژنامەیەك.

٥-ڕێگاپێدانی بە کاری ئاشکرای سیاسی بۆ چەند حزبێك کە ژمارەیان دەگەیشتە (١٥) حزب (٥).

## بەشی دووەم:

### ١-بارودۆخی سیاسی ناوخۆی سوپای ئێران

کاتێ ڕەزاخان دەسەڵاتی گرتەدەست، وەك یەکەم شا لە بنەماڵەی پەهلەوی، یەك لە هەوڵە گرینگەکانی بەهێزکردن و ڕێکخستنەوەی سوپا بوو، لەو سەروبەندەدا لەناو سوپا و لە نێوان ئەفسەرانی پلە باڵا (بەتایبەتی) چەندین ئاراستە و گرووپی جیاواز سەریهەڵدابوو، وەك:

أ-لە حوزەیرانی ١٩٢٦ عەقید مەحمود بولادین (فەرماندەی هێزەکانی پاسەوانی شا) دەسگیرکرا، لەگەڵ هەریەك لە موقەدەم ئەحمەد هەمایون (فەرماندەی فەوج لەو هێزە) عەقید ڕوحەڵڵا خان، سلیمان هایم، بە تاوانی پیلانگێری دژی ڕژێمی شا.

پاشان دادگای سەربازی لە وڵات، بڕیاری کوشتنی بۆ هەریەك لە عەقید بولادین و سلیمان هایم دەرکرد، ئەوانی دیکەش بڕیاری زیندانیکردنی هەتا هەتاییان بۆ دەرچوو(٦).

ب-موحسین جیهان سۆزی، دەرچووی کۆلێژی ماف بوو لە زانکۆی تاران، ناوبراو ڕەزاشای بە نۆکەرێکی بەریتانی دەزانی، هەستی نیشتمانپەروەری لە سەرەتای خوێندنی لە کۆلێژی ماف، هانی دەدا بیر لە دامەزراندنی ڕێکخستنێکی سیاسی نهێنی بکاتەوە لەناو لاوان و ناو یەکەکانی سوپای ئێران بۆ دژایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەی سیستمی دیکتاتوری لە ئێران.

جیهان سۆزی کاتێ لە کۆلێژی سەربازیی وەرگیرا، توانی پەیوەندی لەگەڵ چەند خوێندکار و ئەفسەرێکی ناو کۆلێژەکە ڕێك بخات، بیروباوەڕەکانی خۆی بۆیان ئاشکرا دەکرد و هەندێکیانی ڕازی کرد، بەو کارەش بنچینەی ڕێکخستنێکی نهێنی لەناو سوپا بونیادنا،

کاری بۆ هۆشیاری سیاسی دەکردەوە لەو ناوەندە. بەڵام تەمەنی ئەو ڕێکخراوە بچووکە درێژەی نەکێشا ساڵی ١٩٣٩ فەرماندەی کۆلێژ بەو کارە ئاگادارکرایەوە، چالاکیەکانی جیهان سۆزی و کۆبوونەوەکانی هەمووی ئاشکرا بوون، بۆیە لەلایەن دەزگای ئاسایشەوە بڕیاری دەسگیرکردنیان بۆ دەرچوو.

ژمارەی گیراوەکان گەیشتە (٨٧) کەس، لەوانە (٣٨) کەسیان بڕیاری کوشتنیان بۆ دەرچوو، بەشێك لە زیندانی هەتاهەتایی و بەشێکی دیکەیان بە ماوەی کەمتر. لە ١٩٤٠/٣/١٣ جیهان سۆزی تەمەن (٢٤) ساڵا بە تەقەلێکردن دەکوژرێت.

ج-هەر لە سەروبەندی دامەزراندنی حزبی تودە و هەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی ڕێکخستنێکی نهێنی لەناو سوپا، ئەفسەری پلە باڵای سوپای ئێران (لیوا) حەسەن ئەرفەع هەندێ کەسانی مەدەنی و سەربازی کۆکردەوە بۆ پێکهێنانی حزبێك لە ژێر ناوی—ئاریا-ساڵی ١٩٥٠.

باڵێکی سەبازی بۆ حزب پێکهات، لە ئەندامە دیارەکانی: (عەمید) ئەلرەیهەمی، (عەقید) مەنوشەهدی، (موقەدەم) حەسەن ئەخوی، (عەقید) ئەمین زادە، (موقەدەم) مەحمود ئارم، (موقەدەم) عەلی ئەکبەر، (موقدەم) نیعمەتوڵڵا نەسیری، (موقەدەم) موخبرنوەیسی، (نەقیب) یەحیائی. وا دەردەکەوێت ئەم حزبە بە ئاگاداری خودی (محەمەد ڕەزاشا) دامەزرابێت و ئامانجیشی لە دامەزراندنی بەربەرەکانی حزبی تودە بووبێت.

بەڵام ئامانجی کەسانی سەرەکی ڕێکخراوە سەربازییەکە، گەیشتن بوو بە پلە وپایەی باڵا لەناو سوپا و بەتایبەتیش سەرۆکایەتی ئەرکان. لیوا حەسەن ئەرفەع لە ڕکابەریدا بوو لەگەڵ لیوا –عەلی ڕزم ئارا-بۆ گەیشتن بە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا، هەر لایەکیان هەوڵیدەدا گرووپێك ئەفسەر لە خۆی کۆبکاتەوە(٧).

دیار ئەو بارودۆخە بوو بە هۆی لاوازی سوپا، لیوا ڕەزم ئارا بە هۆی سەرکەوتنو لە ئەنجامی ناوبردنی هەڵگەڕانەوە سەربازییەکە، ناوچەی خوراسان پێگەو ناوبانگی بەرزبۆوەو بووە کەسایەتی یەکەم لەناو سوپا. لەلایەکی دیکەوە محەمەد ڕەزاشا چاودێری دۆخەکەی دەکرد، گەیشتە ئەو باوەڕەی کە کێ سوپای لە پشت بێت دەتوانێت لە دەسەڵات بەردەوام بێت، بۆیە بیری لەناوبردنی ئەو ئەفسەرانە دەکردەوە کە پێگە و ناوبانگیان بەرزە لەناو سوپا، بەتایبەتی لیوا عەلی ڕەزم ئارا. (عەقید) مەنسور ڕەحمانی لە یاداشتەکانی دەگێڕێتەوە، محەمەد ڕەزاشا سەربازێکی پلەداری ناو سوپای ڕاسپاردبوو بۆ

کوشتنی عەلی رزم، مەنسور ڕەحمانی دەڵێت: ئەو فیشەکەی بەر ڕەزم ئارا کەوت لەلایەن ئەندامێکی ڕێکخراوی –فیدائیان ئیسلام- نەبووە هۆی کوشتنی، بەڵکو هەر لەو کاتەدا سەربازی ڕاسپێردراو تەقە لە ڕەزم ئارا دەکات و دەبێتە هۆی کوشتنی(٨).

### ٢-ڕێکخراوی سەربازیی حزبی تودەی مارکسی

کاتێ محەمەد ڕەزاشا دەسەڵاتی گرتە دەست بڕیاریدا بە ئازادکردنی زیندانە سیاسییەکان، ژمارەیەك لەوانەی ئازادکران (٢٧) کەس دەبوون سەر بە گرووپەکەی تەقی ئارانی(٩). ئەوانە لە ماڵی سلێمان میرزا ئەسکەندەری لە (٢٩/ئەیلولی ١٩٤١) کۆبوونەوە، لەو کۆبونەوەیەدا بڕیار لەسەر دامەزراندنی حزبی تودەی ئێرانی درا(١٠).

حزبی تودەی ڕووی لە گەشەکردن کرد، ڕێکخراوەکانی لەناو چین و توێژەکانی کرێکاران و خوێندکاران و ژنان پەرەی دەسەند، ئەو حزبە لە ١٩٤٣ بڕیاریدا بە پێکهێنانی ڕێکخراوێکی سەربازیی نهێنی لەناو هێزە چەکدارەکان و دامەزراوە ئەمنییەکان بۆ ئەوەی بەکاری ڕێکخستنی سیاسی هەستێ، لە ژێر ناوی (سازمانی نیزامی حزب تودە).

ئەنجوومەنی ڕێبەرایەتی ئەو سازمانە پێکهاتبوو لە چەند ئەفسەرێك، لەوانە:

عەقید ڕەزا ئازەر، نەقیب سەروان خەسرەو ڕوزبە، نەقیب محەمەد باقر ئاکی، مولازمی یەکەم ڕەسدی ئیعتماد، مولازمی یەکەم عەبدولحوسین ئاکی، مولازمی یەکەم هۆشەنگ ئەعزاین، نەقیب یوسف مرتەزەوی، سەرهەنگ عیزەت سیامك، سەرهەنگ محەمەد عەلی، سەرگورد عەلی ئەکبەر ئەسکەندەرانی. ئامرازی پەیوەندی نێوان ڕێکخراوەکە و سەرکردایەتی حزبی تودە (عەبدولسەمەد کامبەخش) بوو(١١).

ڕێکخراوەکە لە ماوەی کاری سیاسی و حزبییەوە ژمارەیەکی زۆری ئەفسەرانی ناو سوپا و بەشە جۆراوجۆرەکانی هێزە ئەمنیەکان پەیوەندییان پێوەکردووە، ئەوانە سەرەڕای ئەوەی هەواڵ و جموجۆڵەکانی سوپایان دەگەیاندە حزبی تودە، دەیانتوانی لە کاتی پێویستدا بە قازانجی حزبی تودەو بۆ پشتگیری سیاسەتەکانی کاربکەن. دوای کودەتاکەی ئابی (١٩٥٣) بەسەر حکومەتەکەی (د. موسەدەق)، بە سەرکردایەتی جەنەڕاڵ زاهدی، ژمارەیەکی زۆری سەرکردە و کادیرانی ئەو حزبە زیندانی کران و بەرەو ڕووی ئەشکەنجە و لێکۆڵینەوە کران، بۆیە بەشێکی زۆری ڕێکخراوەکانی ئەو حزبە ئاشکرا بوون، لەوانە ڕێکخراوە نهێنییە سەربازییەکەی تودە، زیاتر لە (٦٠٠) کەس لە کادیر و ئەندامانی دەسگیرکران و ڕەوانەی

دادگاکان کراون، ئەوانە سزای جۆراوجۆریان بەسەردا سەپێنرا، بەم شێوەیە:

(٦٩) کەسیان بڕیاری کوشتنیان بۆ دەرچوو، لە سەر (٢٧) کەسیان جێبەجێکرا، (٩٢) کەسیان بەزیندانی هەتاهەتایی بڕیاریان لەسەر درا. ئەوانی دیکە بە ماوەی (١٥) ساڵ بەرەو خوارەوە بڕیاری زیندانیان لەسەر دەرچوو (١٢).

### أ-زەمینە خۆشکردن بۆ ڕاپەڕینی سەربازیی

ئەو ڕێکخراوە سەربازییە نهێنیە لەماوەی تەمەنیدا جگە لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی، بەشێك لە کادیر و ئەندامانی ناوچەی خۆراسان بە ڕاپەڕینێکی سەربازیی دژ بە ڕژێم هەستان، لێرەدا دێینە سەر باسی ڕووداوەکان. دیارە ناوچەی خۆراسان کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئێران یەك لە پارێزگاکانی ئەو وڵاتەیە، مەڵبەندەکەشی شاری –مەشهەد-ە، دانیشتوانی بە هەردوو زمانی فارسی و تورکی دەدوێن، نزیکە لە سنووری یەکێتی سۆڤیەتی (ئەو سەردەمە)، بۆیە لەم بارەوە بە ناوچەیەکی ستراتیژی دەژمێردرێت(١٣).

لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا (١٩٣٩-١٩٤٥) سوپای ئێران لەبەر زۆر هاوکاری ناوخۆیی و دەرەکی بەرەو ڕووی تێکشکان و پەرتەوازەیی و لاوازی ببوویەوە، حکومەتی ناوەندی لە تاران لە خەمی ئەوەدا بوو ئەو لەشکرە ڕێکوپێك بکاتەوە و بە هێزیشی بکات، بۆیە لە نێوانی ساڵانی (١٩٤٣-١٩٤٤) زنجیرە بڕیارێك دەرچوو بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ئەو هێزانە کە کەوتوونەتە بەری ڕۆژهەڵاتی وڵات، هەوڵبدرێت تیپێکیان لێپێکبهێنرێت و شاری –مەشهەد-یش ببێتە مەڵبەندی ئەو تیپە.

یەك لە ئەفسەرە باڵاکانی ئەو تیپە (سەرگورد) عەلی ئەکبەر ئەسکەندەرانی بوو، ناوبرا ئەندامی حزبی تودەی ئێرانی بوو، ناوبراو توانیبووی ژمارەیەك ئەفسەر و پلەداری ناو ئەو هێزە ڕێك بخات، خۆی سەرپەرشتیان بکات. هەڤاڵانی ئەسکەندەرانی دەربارەی دەگێڕنەوە کە کاریگەر بوو بە کەسێتی (تیتۆ) سەرکردەی یوگوسلاڤیای پێشوو(١٤).

ئەسکەندەرانی بیرۆکەی ڕاپەڕینی چەکداری دژی ڕژێمی شا لە مێشکی چەسپی بوو، ئەو باوەڕی وابوو کە لە نێوان ناوچەکانی (مەراوەتەپە) و (گونبەت قابرس) لە هەرێمی خۆراسان (کە هیچ ئاوەدانی تیادا نییە) دەکرێ لەو ناوچەیە بنکەیەکی سەرەکی بۆ ڕاپەڕین دابمەزرێت، بەو کارەش دەتوانرێت سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. ئەسکەندەرانی ڕێکخەر و بیرمەندێکی باش بوو، کەسێکی ڕێکخراوەیی، دەروونناس،

سەرشێت و جەربەزە، باوەڕی بەڕێبازی لینین هەبوو، هەندێ بڵاوکراوەی هزری مارکسی بە زمانی فەرەنسی دەخوێندەوە، زیاتریش کەسێکی پراکتیکی بوو. ئەسکەندەرانی هەر لەو ڕۆژانەی کە گەیشتە سەربازگەی –مەشهەد- دەستی بە خۆئامادەکردن و کۆکردنەوەی پێداویستیەکان کرد، هاوڕێیانی خۆی هۆشیار و ڕێنمایی دەکرد، لەتاووتوێکردنی دۆخەکە بەردەوام بوو لەگەڵیاندا، بەڵام وەك دەردەکەوێت ئەو بڕیارە لەلایەن سەرکردایەتی حزبی تودە نەدرابوو.

## پ-پوختەی ڕووداوەکان

(ئەبولحەسەن تەفریشیان) ئەفسەری سوپای ئێران و ئەندام لە حزبی تودە، کەسێکی نزیکبوو لە سەرکردەی ڕاپەڕینەکە لە کاتی هەڵگیرساندنی، ناوبراو لە کتێبی ئەفسەرانی خۆراساندا بەم شێوەیە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە(١٥):

لە هاوینی ١٩٤٦ (٢٥/مرداد/١٣٢٤)ی فارسی، ڕۆژی دەستپێکردنی ڕاپەڕینەکەمان بوو، ئێمە پێداویستی و کەلوپەلەکانی ڕاپەڕین، وەك: جلوبەرگ، مەتارەی ئاو، زەخیرەی خواردن لە ماڵی سەرهەنگ ئەبولقاسمی عەزیمی کۆکردبۆوە. ئەو شەوەی بڕیار بوو بجووڵێین ئەرکی هەر کەسێکمان پێش وەخت دیاریکرابوو، من دەبوایە لە جبەخانەکەی خۆم (٢٠) تفەنگ و (١٠) دەمانچە و ئەوەندەی پێویست بێت فیشەك بهێنم، ئەرکی ئەسکەندەرانی ئامادەکردنی ئۆتۆمبێل بوو، دەبوایە دوو لۆری و جێبێك ئامادە بکات، هەروەها هەموو کەرەستە و ئامرازەکانی مانۆڕەکانی لەشکر لەکار بخات تا لە دوایدا نەتوانن بە دوامان بکەون، دوو ئەفسەری دیکە هەریەك لە: مولازمی یەکەم سەلیمی و مولازمی دووەم قەمسەریان خۆیان گەیاندە ئێمە، کاتێ جووڵەمان کرد سەعات (١١)ی شەو بوو، لە جێگایەکی دیاریکراو لە کاتی پێویست خۆمان گەیاندە ئۆتومبیلەکان، ئێمە پێشتر ڕێڕەوی خۆمان دیاری کردبوو، بڕیار بوو بە ڕێگەیەکدا بڕۆین کە تووشی بازگەی ئێران و عەسکەری سۆڤیەت نەبین، پێشوەخت پێداویستیەکانی پەڕینەوەمان لەسەر ڕووبارەکان ئامادە کردبوو.

ئێمە ژمارەمان (١٩) ئەفسەر و (٦) سەرباز بووین، شەوی (٢٥/ مرداد/١٣٢٤) بەرەو قوچان کەوتینەڕێ، لە هەموو جێگەیەکی سەر ڕێگەماندا تێلی تەلەفۆن و تەلەگرافمان قرتاند، گرنگترین ڕووداوی سەر ڕێگەمان چەککردنی سەربازگەی مەراوەتەپە بوو، ئەویش

ناوچەیەکە لە نزیکی سنووری دەوڵەتی سۆڤیەت کە فەسیلێکی سوارەی لێبوو.

ئەسکەندەرانی ئێمەی ڕاسپارد ئەگەر ئەفسەر و پاسەوان بە مەبەستی ڕاگرتنمان هاتنەپێش بەبێ یەك و دوو تەقیان لێبکەن.

لە شاری بوجنورد ئێمە بەپێی پلانەکەمان زۆر ئاسایی بەشاردا تێپەڕ بووین، چونکە شوفێری ئۆتومبیلەکانی ئێمە بە زۆری ئەرزاق و چەك و تەقەمەنیان بۆ بنکەی سەربازی بنجورد دەبرد، سەرەڕای ئەوە مولازمی یەکەم ئیحسان و مولازمی یەکەم فازیلی کە ئوتومبیلەکەیان لێدەخوڕی هەردووکیان ئەفسەری بار گوێزانەوە بوون و زۆر سەفەری بنجوردیان کردبوو، سەربازەکانی سەر ڕێگەکان دەیانناسین، بە چاك و خۆشییەوە دەچوونە ناو بنکە سەربازییەکە و شارۆچکەی بنجوردمان تێپەڕکرد. هەندێك کەرەستەی وەك بێل و کولینك و دوودە و بۆ چاککردن و خۆشکردنی هەندێ لە کوێرە ڕێگەکان لەگەڵ خۆمان بردبوو کە لە نێوان بنجورد و مەراوەتەپە زۆر بەکەڵکمان هات. شەو گەیشتنیە مەراوەتەپە لە دەرەوەی شار سەنگەرمان گرت و سبەینێ بەیانییەکەی نەخشەی چەککردنی مەراوەتەپەمان زۆر بە سادەیی جێبەجێ کرد.

سەرۆکی یەکەی ڕوکنی (٣)ی ستادی لەشکر-سەرگورد پیرزادە-یەکێك بوو لەو کەسانەی لەگەڵماندا بوو، ئەو دەیزانی کە بڕیارە دەستەیەك بۆ لێکۆڵینەوە و پشکنینی بنکە سەربازییەکە لە تارانەوە بەرێدەکەوێ، ئەو پێشتر ئەو شتەی بە بنکەی سەربازی مەراوەتەپە ڕاگەیاندبوو، لە هەمان کاتدا مەراوەتەپە ئاگادارکرابۆوە بەر لە هاتنی دەستەی لێکۆڵینەوە لە تارانەوە، دەستەیەك لە سەربازانی لەشکر بەرێدەخرێن. لە شاری –مەشهەد-نامەیەکی بانگهێشتی فەرماندەی بنکەی مەراوەتەپە ئامادەکرابوو، بە مۆر و ئیمزای لەشکر لای ئەسکەندەرانی بوو، ئەم نامانە سەرگورد پیرزادەی وەك دەستەی لێکۆڵینەوەی لەشکر بە بنکە سەربازییەکە دەناساند.

لە نزیك مەراوەتەپە-سەرگورد پیرزادە-، هەر یەك لە نەقیب نەدیمی و مولازمی یەکەم قەمسەریان و یەك دوو کەسی دیکە وەك دەستەی لێکۆڵینەوەو پشکنینی سەربازی سواری جێبێك بوون و پێنج سەرباز لەوانەی لەگەڵماندابوون لەگەڵ مولازمی یەکەم نەجەفی (ئەفسەری دژیان –ئینزبات) ئەوا نیان دەپاراست، بەم شێوە دەستەی لێکۆڵینەوەی لەشکر چووە ناو بنکەی مەراوەتەپە.

سەرگورد پیرزادە هەر لەگەڵ ئەوەی دەگاتە ئەوێ دەست دەکات بە دەرخستنی ناڕەزایی و عەیب و عار گرتن لە فەرماندەی بنکەکە-مولازمی یەکەم فەخرانی- دوای کەمێك لێکۆڵینەوە، ئەو فەرماندەی دەستەگەی لێدەخاو بەپێی فەرمانێك بڕیار دەدات کە دەم و دەست خۆیان بە بنکەی گوردان بگەیەنن، ئەوانی خستۆتە ناو ئوتومبیلێکی جێب و بەرەو بنجوردی ناردون، ئێمە لە نیوەی ڕێگە چاوەڕێیان بووین و دەستگیرمان کردن، بەم جۆرە دەست بەسەر بنکەی سوارەی سەربازگەکە دەگرن.

ئەو دەستەیەی کە لەپێشدا ڕۆیشتبوو ئاگاداری کارمەندانی فەسیلی سوارە دەکەنەوە کە دەستەی لێکۆڵینەوە لە تارانەوە بەرەو لای ئێمە بەرێگاوەن و بەزوویی دەگەنە لاتان، سەرگورد ئەسکەندەرانی لەگەڵ چەند پیاوێکی دیکە بە شێوەی ئەم دەستەیە بەرەو (مەراوەتەپە) کەوتنەڕێ، سەبازەکانی بنکەکە لەلای ئەم دەستەیە سکاڵا دەکەن کە ماوەی کار و مەئموریەتەکەیان تەواو بووە و بە زیادەوە لەم بنکەیە ماونەتەوە، سەرۆکی دەستە گوردان ئەسکەندەرانی نارەحەت دەبێت و فەرمان دەدات کە دەمودەست سەربازەکان بەرەو بنجورد بجووڵێن، تەنیا ئەفسەرێك لە بنکە سەربازییەکەدا مابوو، بە بیانویەك ئەویش بەرەو لای ئێمە ڕەوانەکرد کە دەستگیرمان کرد.

بەپێی پیلانەکەی پێشومان بەخۆمان و دیلەکانمانەوە بۆ ئەولای مەراوەتەپە جووڵاین و لە جێگەیەکدا کە پێشتر دیاریکرا بوو وەستاین، هاوڕێکانمان لە مەراوەتەپە هەموو چەکەکانی بنکە سەربازیەکەیان لە ئوتومبیلێکدا بارکردبوو بەرەو لای ئێمە هاتبوون، لەم بارەدا پێویستیمان لە چەك تەواو بوو: دوو ڕەشاشی سوك، (١٣٠) تفەنگ، سێ هەزار فیشەك، سەرەڕای بڕێکی زۆر لەو فیشەکەی کە لە شاری مەشهەدەوە لەگەڵ خۆمان هێنابوو، ئەو فیشەکانە لە شاری مەشهەدەوە نێردرابوو بۆ سەربازگەی بنجورد، سەربازگەکە ژمارەیەك ئەسپیشی هەبوو کە بە بڕیاری ئەسکەندەرانی بەرەڵا کران، هەروەها سێ ئەفسەری بەدیل گیراویش بەرەڵا کران.

دوای دوو ڕۆژ لە (٢٧ مرداد) گەیشتینە –گونبەت تاوس- لەوێ بەرپرسانی دەوڵەتی سۆڤیەتی ئێمەیان ڕاگرت، ئەسکەندەرانی هەرچۆنێك بێت قسەی لەگەڵ کردن، لە کۆتاییدا توانی قەناعەتیان پی بکات کە ڕێگەمان بدەن بچینە گورگان، مەبەستی ئەسکەندەرانی ئەوە بوو کە لە گورگان پەیوەندی بە (ئەحمەد قاسمی) بەرپرسی کۆمیتەی

حزبی تودەی ناوچەکە بکات، بە دڵنیاییەوە لە تاران، (کامبەخش) نەخشە و پلانی ڕاپەڕینەکەی دیتبوو، ئەوانیشی ڕاسپاردبوو کە ئێوە بەرەو گورگان بڕۆن و قاسمی ئاگادار دەکەمەوە کە لەوێ بەپێی پێویست یارمەتی ئێوە بدات.

شەو بە دووری دوو کیلۆمەتر لە شاری –گورگان- لەناو دارستانێکی دوور لە ڕێگە هەڵماندا، بۆ بەیانییەکەی ئەسکەندەرانی چووە گورگان، لە کاتی گەڕانەوە زۆر تووڕە دیار بوو. (ئەحمەد قاسمی) گوتبووی، ئێوە کارێکی بێکەڵکتان کردووە ئێمە ناتوانین ڕاپەڕینی چەکداری بەرپا بکەین، کارەکەی ئێوە ئاژاوەگێڕییە و بیانوو دەدەنە دەست دوژمن تا هێرش بکاتە سەر ڕێکخراوەکانی حیزب، ئێمە بە هیچ شێوەیەك ناتوانین هاوکاریتان بکەین.

لە گورگان شەش ئەفسەری دیکەش کە لە تارانەوە هاتبوون پەیوەندییان پێوەکردین، ئەوان پاشماوەی ئەو ئەفسەرانە بوون کە دەیانەویست پێکەوە لە تاران ڕابکەن، بەڵام تەنها ئەم شەش کەسەیان لە ترسدا بوون و بە نهێنی هاتنە باکوور و پەیوەندییان پێوەکردین، یەکێك لەوانە سەرهەنگ ئارەزوو بوو، ئێستا ژمارەمان گەیشتە (٢٥) ئەفسەر و (٦) سەرباز.

بڕیاردرا بگەڕێنەوە بۆ (هەمون) ئەو شوێنە دیاریکرابوو بۆمان. لە ناوچەی (گونبەت) سەرلەنوێ پاسەوانانی –سۆڤیەت-ئێمەیان ڕاگرت تا بڕیار لە دەسەڵاتی سەرەوەیان وەرگیرا.. پاشان بڕیارماندا شەو بۆی دەرچین، بەو هیوایەی لە ڕووی ئەمنیو کەش و هەواوە گونجاوتربێت، سەرەڕای ئەوەش ئەسکەندەرانی وایدانابوو لەگەڵ –بهلکە-بەرپرسی حزبی تودە لە (گونبەت) پەیوەندی بکرێ بۆ ئەوەی ڕێ و شوێنێك بۆ داهاتوو دابنرێت.

بەڵام وادەردەکەوێت کەژمارەیەك ئەفسەر لە (گونبەت) جێگیر ببوون، ئەو ئەفسەرانەی کە مەئموری ئامادەکردنی خواردەمەنی بوون هەواڵیان هێنا کە ئەفسەران خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە ئامادە دەکەن. بەڵام ئەسکەندەرانی بە ڕادەیەك باغر بوو کە باوەڕی نەدەکرد ئەفسەر و پاسەوان بوێرن ڕووبەڕوویان ببنەوە، بەڵام ژاندرمەی پێشتر پەیوەندی بە ناوەندەوە کردبوو، سەرلەشکر (ئەرفەع) سەرۆکی ستاندی سوپای ئەو کاتە فەرمانی دابوو کە ڕێگریمان لێبکرێت، جگە لەوەش بۆ گرتنی هەر کەسێکمان چەند هەزار تومەن بەخشیش دانرابوو.

فەرماندەی ژاندرمەی گونبەت –مولازمی یەکەم حوسین-تێکرای ئەفسەرو

پاسەوانەکانی لە گونبەت کۆکردبۆوە تاوەکو ڕێگەمان لێبگرن، لەلایەکی دیکەوە بەرپرسی سنووری ئەویش-سەرگورد فرازی-پەیوەندی بە ئەسکەندەرانی کرد بەڵکو مەسەلەکە بەشێوەیەکی ئاشتیانە کۆتایی بێت، لەو سەروبەندەدا-بهلکە-ی بەرپرسی حزبی تودە لە گونبەت نێوانگەری بوو.

سەرئەنجام دوای نیوەڕۆی ڕۆژی (٩مردادی ١٣٢٤) بەرامبەر (١٩٤٦)ز، لە ناو باخێك کە شوێنی پشوودانمان بوو، دەرچووین بە هەموو کەلوپەل و چەك و تەقەمەنییەوە کەوتینەڕێ، دیارە لە ئەنجامی دەنگ و باسێکی ناساز لەناو شار و خۆئامادەکردنی ئەفسەر و پۆلیس، کەمێك ناڕەحەتی پەیدابببوو لە ناومان، ئەسکەندەرانی سواری جێب بوو، ئێمە لە نیوەی ڕێگە بۆ پێنج دەستە و مەفرەزەی جەنگی دابەشبووین کە هەر مەفرەزەی بەرپرسێکی هەبوو، ئەسکەندەرانی سەرەڕای ڕێبەرایەتی ڕاپەڕین ئەو ڕۆژە ئەرکی پێش پاسەوانی مەفرەزەکەی گرتە ئەستۆ، بۆ ئەوەی هەموو ترس و هەڕەشەیەك پوچەڵ بکاتەوە.

ئەفسەر و پۆلیسەکان لەناو باڵەخانە و بینای شارەوانی، سەرشەقام و کۆڵانەکانی هەردووبەر، بە تفەنگ و ڕەشاش خۆیان ئامادەکردبوو، هەر بەپێی هەواڵەکان ژمارەیان (١٢٠) کەس دەبوو. هەر کە جێبی ئەسکەندەرانی گەیشتە نزیك شار لە پڕ و بەبێ هیچ دەنگدانێك لە لولەی ڕەشاش و تفەنگەکانەوە تەقە بەرەو جێبەکە بەرزبۆوە، جێبەکە لە شوێنی خۆی کەوت و دووکەڵی لێ بەرزبۆوە، ئەوانی ناو جێبەکە (٧) کەس بوون هەموویان کوژران، ئەوانەش بریتی بوون: سەرگورد ئەسکەندەرانی، مولازمی یەکەم نەجدی، مولازمی یەکەم شەهبازی، مولازمی یەکەم نەجەفی، مولازمی دووەمی مینائی، لەگەڵ دوو سەرباز، تەرمەکانیان تا بەیانی لەناو جێبەکە لەسەر شەقام مایەوە.

دوای ئەو پێکدادانە دەمودەست ئوتومبیلەکان وەستان، ئێمە لە بەرامبەر باڵەخانەی شارەوانی خۆمان هەڵدایە خوارەوە، سەرەتا لە ڕۆخ جادە و پەنای دیواری باڵەخانەکان سەنگەرمان گرت، دوو کەسی ترمان لێ بریندار بوون، بەڵام توانیمان چەند کەسێك لە ئەفسەرو پۆلیس بپێکین، ئەو تەقە و ڕووبەڕووبوونەوەیە ماوەیەکی کێشا، لەم سەروبەندەدا (سەرهەنگ ئازەری) ڕابەرایەتی ئێمەی گرتە دەست و ئاماژەی بۆمان کرد بە دوای کەوتین، دوو بریندارەکەمان هەڵگرت بۆ بنکەی سەربازی سوڤییەتەکان، بەڵام ئەوان قبووڵیان نەکرد تیماریان بکەن، بە ناچاری بریندارەکانمان بەجێهێشت کە بۆ

سبەینێ ئەفسەران دەستگیریان کردن و ڕەوانەی تارانیان کردن. دواتر سێ ئەفسەری دیکەش دەستگیرکران، بەم جۆرە ڕاپەڕینەکە بەپەلە و سەرشێتانە کۆتایی هات، ئێمەش هەریەکە کەوتینە هەوڵی خۆ ڕزگار بوون. دەکرێ هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەو هەوڵە بۆ ڕاپەڕین بۆ چەند هۆیەك بگەڕێنینەوە:

أ-بە گشتی بارودۆخی دەرەکی و ناوخۆیی ئێران پینەگەیشتبوو بۆ ئەو جۆرە ڕاپەڕینە.

ب-کەمی ژمارە و بەشداربووانی ڕاپەڕینەکە، هەروەها هەر جۆرە هاوکارییەکی بەرچاویان نەبوو، نە لەلایەن حزبی تودە و نە لە ناو سوپا.

ج-کەم ئەزموونی ئەو ئەفسەرانەی بەو ڕاپەڕینە هەستان.

د-سەرکردایەتی حزبی تودە، پشتی لە ڕاپەڕینەکە کرد.

### ٣-ڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخواز

بارودۆخی ناوخۆیی ئێران لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەم و لەسەروبەندی حوکمڕانی محەمەد ڕەزاشا چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی خۆی هەبووە، لەوانە توندی ململانێی سیاسی لە نێوان حزب و لایەنە سیاسیەکان. لەو سەردەمە سێ ئاڕاستەی سیاسی بەهێز ڕۆڵیان گێراوە لەسەر گۆڕەپانەکە، لایەنی یەکەم کە بریتی بوو لە دەسەڵات و ئەوانی لە دەرەوەی کۆبوونەوە لە سیاسەتمەداران کە خودی (شا) ئاڕاستەی دەکردن، ئەوانە پێویستیان بە بەستنەوەی ئێران بوو بە سیاسەتی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا.

هێزی سیاسی دووەم، ئاڕاستەی لیبراڵ و عیلمانیەکانن، ئەوانە سەرەڕای جیاوازیەکانی نێوانیان بەڵام کۆکبوون لەسەر ئەوەی ئێران سیاسەتێکی دەرەکی سەربەخۆ و دەسەڵاتی تەواویش هەبێت و بەسەر لایەنە سیاسیو لایەنە ئابووریەکەی، ئاڕاستەی سێیەم، هێز و لایەنە ئایینیەکانن، کە بەرنامە و سیاسەتی تایبەتیان هەبووە. لەو هەلومەرجەدا کۆمەڵێك ئەفسەری نیشتمانپەروەری ناو سوپای ئێران، ئەوانەی هەستی بەرزیان هەبووە لە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر وڵاتەکەیان، ئەوانە بڕیاریاندا بە پێکهێنانی ڕێکخراوێکی سەربازی بەناوی –ڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخواز-، لە هەندێ سەرچاوە بەناوی –ڕێکخراوی ئەفسەرانی نیشتمانپەروەر-هاتووە.

ئەو ڕێکخراوە زیاتر لە سەردەمی حکومەتەکەی (د. موسەدەق) لە نێوان (١٩٥١-١٩٥٣) گەشەی کردوە و پەیوەندییان لەگەڵ (موسەدەق) ئاسایی بووە(١٦).

سەرەتای پێکهێنانی ئەو ڕێکخراوە بە کۆبوونەوەی چەند ئەفسەرێکی پلەباڵا پێکهات کە لە ماڵی عەقید (مەحمود ئەفشار توس) ئەفسەر لە کۆلێژی جەنگ کۆبوونەوە. ئامادەبووان جگە لە ناوبراو هەریەك لە:

عەقید باوردی (فەرماندەی هێزی تۆپخانە)، عەقید قودرەت دبیر سیاق (فەرماندە لەهێزی پیادە)، عەقید محەمەد ئەشرەفی (فەرماندە لە هێزی سوارە)(١٧).

نووسەر (غولام ڕەزا نەجاتی) لە کتێبەکەی ئاماژە بۆ چەند ناوێکی دیکە دەکات کە بەشدار بوونە لە سەرکردایەتی ڕێکخراوەکە وەك:

تەقی ڕیاحی، مەحمود ئەمین، مەهدی سەبهپور، غولام ڕەزا ڕەحمانی (١٨).

ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە:

١-پێکهێنانی حکومەتێکی دیموکراسی بەپێی بنەماکانی دەستوور.

٢-فەرماندەیی هێزە چەکدارەکان لە خودی شا وەربگیرێتەوە بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی شەرعی.

٣-بەربەرەکانیکردنی گەندەڵی لەناو هێزە چەکدارەکان و پاککردنەوەیان لە کەسانی بێ کەڵك و گەندەڵ.

٤-پشتگیریکردنی حکومەتەکەی د. موسەدەق (١٩).

ئەم ڕێکخراوە پەرەی سەند و ڕووی لە گەشەکردن کرد، ژمارەیەکی گەورەی ئەفسەرانی هێزی پیادە و هێزە ئاسمانییەکان پەیوەندییان لەگەڵ بەستن، هەروەها چەندین چالاکی سیاسییان بە شێوەیەکی نهێنی ئەنجامداوە، لەو چالاکییانە:

أ-ئاگادارکردنەوە و سەرنج ڕاکێشانی سەرۆکی حکومەت (د. موسەدەق) بۆ ئەو مەترسییەی کە بەرەو ڕووی گەلی ئێران دەبێتەوە بە بەردەوامی لەلایەن هێزە چەکدارەکان، ئەگەر ئەو هێزانە لە ژێر فەرماندەیی خودی شا بێت.

بۆیە لە ئاست ئەم حاڵەتەدا (سەرۆکی حکومەت) داکۆکی لەسەر ئەوە کرد و سووربوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ خۆی وەزیرەکانی حکومەتەکەی هەڵبژێرێت بە وەزیری بەرگرییەوە بەپێی دەستوور، چونکە تا ئەو سەردەمە وەزیری بەرگری و فەرماندەی هێزی چەکدار

لەلایەن خودی شاوە دەستنیشان دەکرا.

محەمەد ڕەزاشا لە (٥/حوزەیرانی/١٩٥٢) بە داواکەی سەرۆکی حکومەت ڕازی نەبوو، لە بەرامبەردا (د. موسەدەق) بڕیاری دا دەستلەکاربکێشێتەوە سەرەتا شا ڕازی بوو لەسەر دەستلەکارکێشانەوەکەی موسەدەق و (ئەحمەد قەوام ئەلسەلتەنە)ی ڕاسپارد کە وەزارەت پێك بهێنێ بەڵام دوای چوار ڕۆژ لە ژێر فشاری جەماوەر و بەرەی ئۆپۆزیسیۆن ناچار بوو (د.موسەدەق) بگێڕێتەوە وەك سەرۆکوەزیران کاربکات.

ب-پاکسازی لە ڕیزەکانی سوپا لەلایەن ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراو کە پێکهاتبوو لە چەند ئەفسەرێك ئەوەش بۆ ئەوەی دەسەڵاتی شا لەناو سوپا لاواز بێت، هەروەها ئەفسەرە نیشتمانپەروەر و دڵسۆزەکانی گەل ئەرکیان بە دەستەوە بێت. ئەو ئەنجوومەنەی بۆ پاکسازی هەڵبژێردرا، هەموویان لە ئەفسەرانی ڕێکخراوی ئازادیخواز بوون، هەر بە بڕیاری ئەو ڕێکخراوە زیاتر لە (١٣٦٠) ئەفسەری پلە جیاواز ڕەوانەی خانەنشینی کران.

ح-ئەفسەرانی ئازادیخواز ڕۆڵێکی کارایان گێڕا لە سەرکەوتنی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی (٢٠/تەموزی/١٩٥٢) بەرامبەر (شا) و ڕژێمەکەی کاتێ چەند یەکەیەکی سەربازی ڕەوانەی تاران کران بۆ چەوساندنەوە و کپکردنەوەی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە.

ئەو یەکە سەربازییانە کە بەشی زۆری ئەفسەرەکانی سەر بە ڕێکخراوەکە بوون، ئەوان نەك هەر تەقەیان لە جەماوەر نەکرد، بەڵکو پشتگیرییانیش دەکرد، هەروەها ئەفسەرەکانی هێزی ئاسمانی ڕازی نەبوون تەقە لە جەماوەر بکەن.

لە ئاست ئەو هەڵوێستە، محەمەد ڕەزاشا ترسی لێ نیشت و هەستی بە فراوانی و گەورەیی قەبارەی ئەو ڕێکخراوە کرد، بۆیە بڕیاری دەرکرد بە کشانەوەی سوپا لە شەقامەکانی تاران.

لەلای خۆیەوە سەرۆکوەزیران (د. موسەدەق) درکی بەو ڕاستییە کرد کە ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخواز داوایان دەکرد، بۆیە بە شێوەیەکی لەسەرخۆ دەستی کرد بە گۆڕان لەناو سوپا، پێگە گرنگەکانی خستە ژێر دەستی ئەفسەرانی ئازادیخواز، کارەکانیش پەرەی سەند تا ڕادەی ئەوەی زۆر لە یەکە و بنکە سەربازییەکانی گرتەوە، تەنها پاسەوانی تایبەتی –شا-نەبێت.

دیارە چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوە کاریگەریشی هەبووە بەسەر ڕێکخستنە نهێنیەکانی جزبی تودە لەناو سوپادا، بۆیە ژمارەیەك لە ئەفسەرانی حزبی تودە پەیوەندییان لەگەڵ

ئەم ڕێکخراوە بەستووە.

بەڵام ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخواز لە ساڵی ١٩٥٣وە، ململانێی سیاسی کەوتە ناو ڕیزەکانی بەهۆی پلە و پایە و دەسکەوت لەلایەکەوە، هەروەها بەهۆی ناکۆکی سیاسی تووند لە وڵاتدا، دەکرێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە تیرۆرکردنی عەمید مەحمود ئەفشار، بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس نامەیەکی هەڕەشە بوو بۆ هەموو ئەفسەرانی ئازادیخواز، بۆیە لەگەڵ نزیکبوونەوەی کودەتاکەی (١٩/ئاب/١٩٥٣) هەموو چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە کۆتایی هات(٢٠).

## ئەنجام

سەردەمی پەهلەوی لە مێژووی ئێراند لاوازترین بازنەی گواستنەوەی دەسەڵات بووە لە زنجیرەیەکی حوکمڕانی بۆ زنجیرەیەکی تر. ئەم لاوازیە بە تایبەت لە ڕووی سەربازیەوە لە سەردەمی قاجارەوە بۆی بە میرات مابوو. ڕزا شا خواستی دامەزراندی سوپایەکی بەهێزی هەبوو. هەنگاویی بۆ هاویشت. بەڵام ڕوداوگەلی سیاسی زۆر چ لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی ( جەنگی دووەمی جیهانی) کاریگەری بە سەر مێژووی ئێرانیشەوە بەجێهێشت. شکستی ئێران بەرامبەر سوپای سەرکەوتووی شەڕ، خاڵی لاوازی سوپای ئێران بوو، لە مێژووی هاوچەدخدا کە لە کەمترین ماوەدا کەووت و وڵاتی و پاشاکەی تەسلیمی دوژمن کرد. قۆناغی دووەمی پەهلەوی سەردەمی موحەممەد ڕەزا شا سوپا لە ململانێی ناوخۆیی تێوەگلا و وەک ئامرازی سەرکووتکاری، لە پێناو مانەوەی حکومەتی پەهلەوی بەکار هات. ئەنجامی ئەوەش شۆڕشی ئێران بوو دژی دەسەڵاتی پەهلەوی.

## پەراوێزو سەرچاوەکان:

١-موسوعه السياسيه، جزو أول-إشراف. د. عبدالوهاب الكيالى، الموسوعه العربيه للدراسات والنشر-ب١٩٩٩ بيروت، ص٤٢٣.
-الموسوعه العربيه الميسره –المجلد الأول-إشراف محمد شفيق الغزال، المكتبه العصريه-بيروت-١٩٦٥، ص٥٤٦-٥٤٧
٢-دراسات فى تأريخ إيران الحديپ والمعاصر، د. كمال أحمد مقهر، ١٩٨٥ بغداد، ص١١٥، ص١٦٥
٣-إيران فى سنوات الحرب العالميه الپانيه، عبدالهادى كريم سليمان، مركز دراسات الخليج العربى، جامعه البصره ١٩٨٦، ص٨١.
-التأريخ الايرانى المعاصر، إيران فى العصر البهلوى، غلام رچا نجاتى، ترجمه عبدالرحيم الحمرانى، دار الكتاب الاسلامى، ايران ١٩٩٧، ص٦٦.
-التحولات السياسيه فى إيران، الدين، الحداپه ودورها فى تشكيل الهويه الوگنيه، موسى النجفى، موسى نقيه حقانى، ترجمه قيس القيس، مركز الحچاره التنميه، الفكر الاسلامى، گ١، ٢٠١٣، ص٢٣١.
٤-موسوعه تأريخ ايران السياسى، د. حسن الجاف، جزو٤، گ١، ٢٠٠٨، الدار العربيه للموسوعات، بيروت، ص٢٩٦.
٥- -التحولات السياسيه فى ايران، سەرچاوەی پێشوو ص٢٣١
-إيران فى سنوات الحرب العالميه الپانيه ...سەرچاوەی پێشوو ص١٠٠.
٦-التأريخ الإيرانى المعاصر، إيران فى العصر البهلوى.. سەرچاوەی پێشوو ص١٠٧. هەروەها بۆ زیاتر زانیاری تەماشای: أربعون سنه فى الميدان، د. جلال عبده بكه.
٧- -التأريخ الإيرانى المعاصر، إيران فى العصر البهلوى، سەرچاوەی پێشوو ص١٠٨.
-دور الجيش فى القچاو على الحركه الوگنيه الإيرانيه (١٩٥١-١٩٥٣) د. صديق محمود، مجله كليه الآداب، بقنا-العدد/٣٩سنه ٢٠١٢، ص١٥٢.
٨-موسوع تأريخ إيران، السياسى، د. حسن الجاف، سەرچاوەی پێشوو ص١٨٦..
٩-تەقی ئارانی، لە دایکبوونی شاری تاران ١٩٠٢، شارەزا لە بواری کیمیا، لە تاران گۆڤاری –مارکسیزمی-دەرکرد، ژمارەیەك رۆشنبیری لاو لە دەوری کۆبوونەوە، لە سەردەمی رەزا لە ١٩٣٨ دەستگیر کران، ژمارەیان (٥٣) کەس دەبوو، ساڵی ١٩٤١ ئازاد کران، بەڵام ئارانی ساڵی ١٩٤٠ لەناو زیندان کۆچی دوایی کردووە.

-الاحزاب والمنظمات السياسيه في إيران، د. احمد شاكر العلاق، الرافد للمطبوعات، گ١، ٢٠١٥ بغداد، ص١١٤.

١١-هەڵوێستی حزبی تودە لە ئاست كێشەی نەتەوایەتی گەلی كورد لە ئێران، (١٩٤١-١٩٨٣) د. یاسین دەشتی، بنكەی ژین ٢٠٠٥ لا١٠.

١٢-كودەتایەكی سەربازی گرووپێك لە سوپای ئێران پێی هەستا بە پاڵپشتی و پلان دارێژی هەواڵگری دەرەكی، بەهۆیەوە حكومەتەكەی (د. موسەدەق هەڵوەشایەوە) و جەنەران فەیزوڵلا زاهدی بوو بە سەرۆك حكومەت.

13 www.marefa.org

١٤- www.Ar.M.wikipedia.org

١٥-راپەڕینی ئەفسەرانی خۆراسان، ئەبولحەسەن تەفریشیان، هەولێر وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١٣، ل ٦٥-٦٦.

١٦-راپەرینی ئەفسەرانی خوراسان، سەرچاوەی پێشوو ل ٨٧.

١٧-التأريخ الايراني المعاصر، ايران في العصر البهلوي، سەرچاوەی پێشوو ل١١٢.

١٨-دور الجيش في القچاو على الحركه الوگنيه الايرانيه، سەرچاوەی پێشوو ص١٥٥.

١٩-التأريخ الايراني المعاصر، ايران العصر البهلوي، سەرچاوەی پێشوو ص١١٦.

٢٠-د. موحەمەد موسەدەق (١٨٨٣-١٩٦٧)، پیشەی پارێزەر بوو، ئاراستەیەكی سیاسی لیبراڵی هەڵگرتبوو، لە ساڵی ١٩٤٤ بەرەی نیشتمانی پێكهێنا، لەنێوان (١٩٥١-١٩٥٣) سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران، پاشان بەهۆی كودەتایەكی سەربازیی لە دەسەڵات دوورخرایەوە و زیندانی كرا.

21 www.aljazeera.net

٢٢ -دور الجيش في القچاو على الحركه الوگنيه، سەرچاوەی پێشو، ص١٦١.

-التأريخ الإيراني المعاصر، ايران في العصر البهلوي، سەرچاوەی پێشوو ص١١٦-١٣٢.

-پەیجی (٢٦/اب/٢٠٢٣).

23 www.aawsat.com

# چاوپێکەوتن

ئێرانناسی



# هێرشە mووشەکییەکانی ئێران بۆ سەر شارەکانی هەرێمی کوردستانو ئایندەی پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێم

**چاوپێکەوتن لەگەڵ پەرویز ڕحیم قادر، دکتۆرا لە فەلسەفەی زانستە سیاسییەکان- پڕۆفیسۆری یاریدەدەر لە تیۆری سیاسی/ زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.**

ئێراننامی: ئەم وتووێژەمان لەگەڵ دکتۆر پەرویز ڕحیم قادر/ دکتۆرا لە فەلسەفەی زانستە سیاسییەکانە. دەمانەوێت تێڕوانینی بەڕێزیان سەبارەت بە هێرشە مووشەکییەکانی ئێران بۆ سەرشارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێم لەم چاوپێکەوتنەدا بخەینە ڕوو.

**- بە گشتی پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان لە پاش ڕاپەڕینەوە تا ئێستا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

ئەم پەیوەندیانە بەپێی گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە و تەنانەت ڕکابەرایەتی-بارگرژییەکانی ئێران لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە و بەتایبەتی ئەمریکا و هەستکردن بە مەترسی لە ژینگەی هەرێمایەتی ئێران گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لەلایەکی تریشەوە، کاتێک کە ئێران لەئاستی ناوخۆیی ڕووبەرووی کێشە بۆتەوە، یاخود لەلایەن کوردەوە هەستی بە مەترسی کردووە، ئەوا گوشارەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان بەرز کردۆتەوە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە ڕاپەڕینەوە تاوەکو ئێستا پرسێک کە لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی لەهەمبەر هەرێمی کوردستان نەگۆڕو و جێگیر بووە، بریتیبووە لەوەی کە پرسی کورد بە گشتی و پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە ڕوانگە و لە چوارچێوەیەکی سەربازیی-ئاسایشیدا بووە و بونیاتنراوە.

پێگەی جیۆسیاسی و جیۆئکیۆنۆمی هەرێمی کوردستان لەلایەک و بکەرایەتی ئەم هەرێمە لەپاش ساڵی ٢٠٠٣ لە گۆڕەپانی نوێی سیاسەتی عێراق و بەتایبەتی لەپاش سەرهەڵدانی «داعش» لە ناوچەکە، وایکردووە ئاستێک لە پەیوەندی ئاسایشی-سەربازیی و پاشان سیاسی و ئابووری و کولتووری لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکە وەکو (تورکیا و ئێران و وڵاتانی سوننە) و تەنانەت دەوڵەتانی سەروو هەرێمییەوە وەکو (ئەمریکا و فەرەنسا و پاشان ڕووسیا و...) ببێتە بەشێک لە ئاسایشی نەتەوەیی ئەم دەوڵەتانە. هەر ئەمەش وایکردووە کە هەرێمی کوردستان لەناوچەی دەرەوەی نزیکی کۆماری ئیسلامیی وەکو ئەکتەرێکی ئاسایشی پێناسە بکرێت. ڕووخانی ڕژێمی سەدام و دەستووری نوێی عێراق پێگەی هەرێمی کوردستانی بەرز کردەوە و ئێران ناچار بووە کە بۆ هاوسەنگی هێز لە نێو پێکهاتەکانی عێراق گرنگی زیاتر بە هەرێمی کوردستان بدات، بەڵام ئەم گرنگییە پەیوەستە بە گۆڕانکارییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان کە لەئاستی هاوکاری تاوەکو دوژمنایەتی هاتووچۆ یاخود بەرزی و نزمی بەخۆیەوە دەبینێت.

**-لە ڕابردوودا پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێم ئاسایی و لە چەند وێستگەدا ئێران هاوکاری کوردانی باشووری کردووە، بۆچی پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێم گەیشتووەتە ئەم ئاستە؟**

چەندین فاکتەر و پرسی دیکەی نوێ هاتۆتە ئاراوە کە کاریگەری لەسەر ئاست و جۆری پەیوەندییەکان و تێڕوانینی ئێرانییەکان لەهەمبەر هەرێمی کوردستان هەیە. بۆ نموونە لەلایەک پرسە ئابووری و بازرگانییەکان و ڕۆڵ و نفووزی تورکیا لە عێراق

و هەرێمی کوردستان لەپاڵ پرسی وزە و بەتایبەتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان وەکو ئەڵتەرناتیڤێک بۆ گاز و نەوتی ئێران و لەلایەکیتریشەوە پاش بەهاری عەرەبی و سەرهەڵدانی داعش و ڕۆڵی ئێران لە سووریا و هەوڵدان بۆ جێگیرکردن و پێگەیاندنی ئەڵقەکانی ناسراو بە پرۆژەی هیلالی شیعی لە ئێرانەوە بۆ کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست، هەروەها بارگرژییەکانی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و سەپاندنی سزا و ئابلوقە داراییەکان بۆسەر ئێران و بەم پێیە، بەرزبوونەوەی ئەگەری پێکدادانی سەربازی لەنێوانیان (هەرچەندە ناڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی هێزە بەنوێنەرایەتییەکانی لایەنگری ئێران وەکو حەشدی شەعبی و حیزبوڵلای لوبنان و...) وایکردووە هەرێمی کوردستان بۆ ئێران هەم وەکو فاکتەرێکی ئاسایشی و هەم وەکو ئەکتەرێکی نادەوڵەتیی ئاسایشی، هەم دەرفەت بێت و هەمیش هەڕەشە. لە ڕوانگەیەکیترەوە بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان و دوورکەوتنەوەی لە ئێران هەڕەشەیە بۆ بەرژەوەندی ئێران لە عێراق و ناوچەکە و تەنانەت ناوخۆی، بەڵام لاوازبوون و نزیکبوونەوەی لە ئێران دەرفەتێکی ئاسایشییە.

هەموو ئەم فاکتەرانە وادەکات کە ئێران لەئێستادا بە گوشارخستنە سەر هەرێمی کوردستان هەم مەترسییەکان لەخۆی دووربکاتەوە و هەمیش لەم ڕێگەیەوە دوژمنێکی دەرەکی کە توانای سەربازی بەسەریدا زاڵە و لە ڕێگەی بەغداوە و دەستوەردان لە پەیوەندییەکانی پارتە سیاسییەکان لەناوخۆی هەرێمی کوردستانەوە، کۆنترۆڵی سیاسی و ئابووری کوردستان دەکات.

**- بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دوو هێرشە بەرنامە بۆ داڕێژراوەی کە لە لایەن ئێرانەوە کرانە سەرسەرمایەدارەکانی هەرێمی کوردستان، پێتانوایە کە ئەمە سیاسەتی گشتیی ئێرانە یان بەشێك و باڵێك لە نێو دەسەڵاتی ئێران؟ ئایا تاو انبارکردنیان بە هەبوونی پەیوەندی نێوان ئەم سەرمایەدارە دیارانە لەگەڵ مووساد یان ئەمریکا یان هەرهێزێکی دیکە تەنیا بۆڕەو ایەتیدانە بە پەلامارەکانیان؟ ئەو تاو انبارکردنە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟**

هەستکردن بە دڵەڕاوکێی ئاسایشی و هەڕەشە لەهەمبەر هەرێمی کوردستان لەلایەن ئێرانەوە، بەهۆی سیاسەت و ستراتیژی و تێگەیشتنی ئێرانە لە پرسە ئاسایشی و هاوکێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی. لە ئەدەبیاتی سیاسی-مەزهەبی-ئایدیۆلۆژیایی کۆماری ئیسلامیدا هەرێمی کوردستان بە «ئیسرائیلی دووەم» پێناسەکراوە، هەر ئەمەس وایکردووە کە هەر هێرشێک بۆسەر هەرێمی کوردستان وەکو هێرش بۆ ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی ڕەوایەتی ناوخۆیی و ئایدیۆلۆژیایی وەربگرێت، لەم چوارچێوەیەدا ساناترین ئامانج بۆ ئێران

هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستانە، چونکە لەلایەک هەرێمی کوردستان توانای بەرگریی سەربازیی و ئاسمانیی نییە و تەنانەت بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی بەهۆی دڵنیابوون لە توانا، هێز و هاوکێشە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەک و نفووز و باڵادەستیان لە عێراق لەلایەکی دیکەوە، بەبێ تێچوویەکی ئەوتۆی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی دەتوانن ڕای گشتی ناوخۆییان ڕازی بکەن کە لەئێستادا لەژێر گوشاردایە و هەمیش لەئاستی هەرێمایەتی وەڵامی داواکارییەکانی لایەنگرانی ئێران کە بە بەرەی موقاوەمە ناسراون، بداتەوە. جگەلەمانەش پەیام بۆ ئەمریکا بنرێت کە لە پاڵپشتی لە ئیسرائیل دەکات و لە هەرێمی کوردستان و تەنانەت نزیک لەشوێنی هێرشە مووشەکییەکە بنکە و بارەگای دیپلۆماسی و سەربازی هەیە.

جێگەی ئاماژەیە کە بائامانجگرتگی بازرگانانی کورد لە هەرێمی کوردستان بە وردی دیراسەکراوە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، چونکە هەم ئێران دەتوانێت بەهۆی کۆمپانیا و سامانەکەیانەوە باشتر ڕەوایەتی پەیوەندیان بە ئیسرائیل بخاتەڕوو و هەمیش شوێنی نیشتەجێبوونیان کە زیاتر ڤێلاییە قوربانی کەمتری مرۆیی لێدەکەوێتەوە-چونکە ئێران نایەوێت بە کوژرانی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی مەدەنی زیاتر بکەوێتە ژێر بەرپرسیارییەتی ناوخۆیی و دەرەکی- هەروەها نزیکی شوێنی نیشتەجێبوونی بازرگانەکان لە دامەزراوە و بنکە ئەمریکییەکان باشتر پەیامەکانی ئێران دەنێرێت و ئامانجەکانیان دێنێتەدی. جگە لەمانەش ئەمە جۆرێکە لە جەنگی ئابووری لە دژی هەرێمی کوردستان لە وادەکات سەرمایەدار. وبازرگانان لە گیانیان دڵنیا نەبن و ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر دۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان دروست دەکات و لەمەش گرنگتر گوشارێکی دیکەیە لە خودی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ببنە بەشێک لە هیلالی شیعی، هەروەها بەرەی موقاوەمە و تەنانەت لەکاتی بڕیار یان گوشاری دەرکردنی هێزە ئەمریکییەکان لەچوارچێوەی بڕیاری هێزە شیعییەکانی لایەنگری ئێران بڕیار بدەن.

**- پاکێجی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ تێکەڵ بە پەیوەندیەکانی هەرێم و ئێران کراوە؟**

لەم چەند ساڵەی ڕابردوو ئێران ڕووبەڕووی چەندان هێرشی سایبەریی ئیسرائیل بۆ سەر بنکە ئەتۆمییەکانی (بەتایبەت دوواینیان لە نەتەنز و ئەسفەهان)، هەروەها تێکدان و تەنانەت کوشتنی زانا ئەتۆمی و مووشەکییەکان بەتایبەت (فەخریزادە) بۆتەوە، کە لە هەموویاندا ئیسرائیل بە تۆمەتبار زانراوە وەکو هەوڵێک بۆ وەپاشخستنی بەرنامە مووشەکی و ئەتۆمییەکانی ئێران و وەکو سیاسەت و ستراتیژیی بەرگریی دەسپێشخەرانە

لەلایەن ئیسرائیلەوە؛ هەرچەندە ئیسرائیل بەدەگمەن بەرپرسیارێتیی ئەم هێرشانەی گرتۆتە ئەستۆ. هەروەها لەم ساڵانەدا لە سووریا بە سەدان هێرشی ئاسمانی کراوەتە سەر کۆگا و دامەزراوە مووشەکی و بنکە سەربازییەکانی ئێران و لایەنگرانی و، تەنانەت کوشتنی سەدان ئەندام و فەرماندەی پلەبەرزی سوپای قودسی ئێران لە سووریا، کە لە هەموویاندا ئیسرائیل تۆمەتبار کراوە. بۆیە ئەم هێرشانە وەکو وەڵام و تۆڵەکردنەوەیەک دێت بۆ ئیسرائیل و پاڵپشتی ئەمریکا بۆ ئەو وڵاتە. هەروەها ئێران لە بەرامبەر وەڵامنەدانەوەی ئەو هێرشانەی ئیسرائیل، ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر دەبووەوە و زۆر بە لاواز دەردەکەوت و، ئەمەش کاریگەریی نەرێنیی لەسەر لایەنگرانی ناوچەیی و تەنانەت ڕای گشتیی ناوخۆیی لە ئێران کردبوو و ئەم هێرشانە وەکو نمایشێکی توانای مووشەکی و هێرشبەرانەی ئێران بۆ سەر خاکی ئیسرائیل، وەکو دەرفەت و وەڵامێک وایە بۆ ئەو لاوازی و ڕەخنانە.

لە ڕاستیدا، بەمەرجێک هەرێمی کوردستان نەبێتە پێگەیەک بۆ بنکە سەربازیی و هەواڵگرییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و ڕۆژاوا بەگشتی، هەروەها نەبێتە جێگرەوەیەک بۆ وەزەی ئێران و فاکتەرێک بۆ پچڕانی ئەڵقەی بەیەکگەیشتنی هیلالی شیعی و لەلایەکیتریشەوە هاوسەنگی هێز لە عێراق بپارێزێت، هەرێمی کوردستان قەڵغان و دەرفەتێکە بۆ دوورکردنەوەی مەترسییەکان لە ئێران و تەنانەت پاراستنی ئاسایشی ئابووری ئەو وڵاتە بەتایبەتی لە سەردەمی بارگرژی لەگەڵ ئەمریکا. بەڵام ئەگەر ئەمانە ڕوو نەدات ئەوە هەرێمی کوردستان، چونکە دەوڵێت نییە و لەژێر گوشاری ناوخۆیی و بەغدایە، وەکو هەڕەشە پێناسە دەکرێت و هەرێمی کوردستان وەکو ئیسرائیلی دووەم-لە ئەدەبیاتی سیاسی-ئایدیۆلۆژیایی کۆماری ئیسلامیی - باشترین دەرفەت و ئامانجە کە ئێران بتوانێت وەکو هاوپەیمانی ئێران و ئیسرائیل وێنای بکات و هێرشی بکاتە سەری.

جگە لەمانەش، ئێران هەرێمی کوردستان لە بەڕێوەبردنی ململانێکانی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا وەکو بەربەستێک دەبینێت لەبەرامبەر ستراتیژی سەربازییەکەی لە ناوچەکەدا بەناوی یەکگرتوویی و یەکێتیی گۆڕەپانەکان(وحدت میدان ها)، بەم واتایە کە تا ئەو کاتەی کە هەرێمی کوردستان نەچێتە ژێر ڕکێفی ئەجێندای ئێران و بەم پێیەش یەکێتیی گۆڕەپانەکان بۆ ئێران نەیەتەدی، ئەوا هەرێمی کوردستان بەشێکە لە بەرەی دوژمن و هێرشەکان و گوشارەکان هەر بەردەوام دەبێت. جگە لەمانەش، بەهۆی کوشتنی "قاسم سولەیمانی"یەوە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە، ئێران بەردەوام هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەی لە بکەرانی ئەم هێرشە بۆ سەر گەورەترین فەرماندەی سەربازیی خۆی کردووە. هەر لەم

چوارچێوەیەدا بوو کە لە ڕێکەوتی (٨-٥-٢٠٢١) بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێک لە ماڵپەڕی "یاهوو نیوز" کە وردەکاریی کوشتنی سولەیمانی، هەروەها ڕۆڵی ئیسرائیل لەو هێرشەدا و تەنانەت ئاماژەدان بە بەشداری ئەندامێکی گرووپی دژە تیرۆر لە باکووری عێراق کە «پەیوەندییەکی قووڵیان لەگەڵ دێلتا فۆرسدا هەیە»، ئێران دووبارە پرسی تۆڵەکردنەوەی بەرز کردەوە. بۆیە ئەوە باشترین دەرفەت بوو بۆ ئێران کە ڕای گشتی ڕازی بکات تۆڵەی کردۆتەوە، لەکاتێکدا نە ئەو کات و نە لە ئێستاشدا هیچ بەڵگەیەکی سەلمێنەر لەو بارەیەوە نەخرایەڕوو و تەنانەت ترەمپ سەرۆککۆماری پێشووی ئەمریکا لەم ماوەیەدا باسی لە بەشدارینەکردنی ئیسرائیل لەو هێرشەدا کرد! ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامیی هەموو هەوڵێک دەدات کە هەم جەنگ و پێکدادانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل دروست نەبێت و هەمیش بە لایەنگرانی بڵێت کە تۆڵەی کوشتنی ئەفسەران و لایەنگرانی دەکاتەوە، هەر بۆیە چونکە لەئاستی ڕای گشتیی خۆی کاری لەسەر ئەوە کردووە کە هەرێمی کوردستان ئیسرائیلی دووەمە، ئەوە هێرش بۆسەر هەرێمی کوردستان وەکو هێرش بۆ ئیسرائیل وێنا دەکات، لەکاتێکدا هەموو ئەکتەرەکان بەباشی ئەوە دەزانن کە ئەم بانگەشەیە دوورە لە ڕاستییەوە و چەندین بنکە و نوێنەرایەتی ئاشکرای ئیسرائیلی لە دراوسێیەتی و سنوورەکانی ئێراندا هەیە کە مەودای جوگرافی زۆر نزیکترە لە هەرێمی کوردستان. هەر بۆیە کۆماری ئیسلامیی لەم دژایەتییە کەڵک و ڕەوایەتی وەردەگرێت بۆ مانەوە و بەرهەمهێنانەوەی ئەویتری ناسنامەیی خۆی، بەم پێیەش هەرێمی کوردستان و تەنانەت عێراق باشترین ئامانجن لە ناوچەکەدا بۆ کۆماری ئیسلامیی. تەنانەت لە ڕێگەی بەستنەوەی هەرێمی کوردستان بە ئەمریکا و ئیسرائیل دەیەوێت ڕای گشتی عێراقی لە دژی هەرێمی کوردستان بجووڵێنێت، بۆیە بەشێک لەو بانگەشە و پرۆپاگەندانە بۆ ئەوەیە کە هێزە شیعییە عێراقییەکانیش دژی هەرێمی کوردستان هەڵوێستیان هەبێت.

**- ئامانجی ئێران لە تێکەڵ کردنی ئەم وەرەقەیە چییە؟**

ئێران بەتێکەڵکردنی ئەم وەرەقەیە هەم پەیام بە ئەمریکا و ئیسرائیل دەنرێت کە توانا و ئیرادەی هێرشکردنی هەیە یاخود نمایشی هێز و توانا مووشەکییەکانی دەکات و لەلایەکی تریشەوە نایەوێت جەنگەکە بەجۆرێک لە کۆنترۆڵ دەرچێت کە ئەمەریکا تێوەبگلێت، چونکە تێوەگلانی ئەمریکا بەواتای هێرشکردنە سەر ئێران و پرۆکسییەکانی دێت بە شێوەیەکی بەرفراوان و ئەو کاتە خودی ئێران لە جەنگەکە بەناچاری و لەوپەڕی لاوازی ناوخۆیی و ئابوورییەوە بەشداری دەکات و ئەمەش بە واتای لێدانە لە هەموو

ستراتیژییەکانی بەرگری ئێران، چونکە بە شێوەیەکی گشتی، ئێران لە ستراتیژی نوێی بەرگری خۆی بۆ دەربازبوون لە گەمارۆ جیۆسیاسییەکان، هەروەها لە دۆکترینی سەربازیی خۆی، کەڵک لە "ستراتیژیی بەرگریی دەسپێشخەرانە"(Preemptive Defense Strategy) و "دوکتورینی جەنگی ناهاوسەنگ" ( Asymmetric War Doctrine) وەردەگرێت. ئێران بە گرتنەبەری ئەم ستراتیژە هەوڵدەدات بەرەی جەنگ لە سنوورەکانی خۆی دوور بخاتەوە و لە دوورەوە ئامرازەکانی ڕێگری و گەمارۆدان لە دژی ئیسرائیل بەکار بهێنێت. بەم پێیە، ئەم هێرشەش دەکەوێتە ئەو چوارچێوەیەوە کە ئێران مەترسییەکان لەخۆی بەهۆی ئەم پێشدەستییەوە دوور بکاتەوە. بۆیە دەبینین ئێران خۆی ڕاستە وخۆ لەعێراق و سووریا و تەنانەت دەریای سوور هێرش ناکاتە سەر ئەمریکی و ئیسرائیلییەکان، بەڵکو لە ڕێگەی هێزە پرۆکسییەکانەوە ئەمە دەکات، بەڵام لەبەرامبەردا خۆی ڕاستەوخۆ بەرپرسیارییەتی هێرشەکانی بۆسەر هەرێمی کوردستان دەگرێتە ئەستۆ و هێرش ناکاتە سەر ئەمریکییەکان، چونکە دەزانێت ئیدارەی بایدن ناچار دەبێت وەڵامی سەبازیی هەبێت و ئەمەش تاوەکو ئێستا ئەو خاڵەیە کە ئێران خۆی لێ پاراستووە و نایەوێت جەنگ بەرفراوان بێت و بەرفراوانبوونی جەنگ لە زیانی خۆی و لە قازانج ئیسرائیل دەزانێت.

**- بەرامبەرسیاسەتەی ئێران، هەرێم چی لە ئێران دەوێت؟**

هەرێمی کوردستان بەئاشکرا و بەشێوازی جۆراوجۆر و تەنانەت بە کرداریش ڕایگەیاندووە و ئەوەی سەلماندووە کە هەڕەشە نییە بۆسەر ئاسایشی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەڵام بەپێچەوانەوە ئێران چونکە پرسی کورد بەگشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی بە پرس و تەنانەت ئەکتەرێکی ئاسایشی دەزانێت، هەر لەم چوارچێوەیەدا مامەڵەی لەگەڵ دەکات کە ناسنامە ئایدیۆلۆجیایی-شۆڕشگێڕانەکەی بەسەریدا دەسەپێنێت، بە واتایەکی دیکە، ئێران ئەو پەیام و داواکارییە وەرناگرێت کە هەرێمی کوردستان دەیەوێت وەکو هەرێمێکی دەستووری و دانپیانراو لەچوارچێوەی عێراق ڕەفتاری لەگەڵدا بکات، بەڵکو دەیەوێت وەکو بزووتنەوەیەک هاوشێوەی جەنگی ئێران عێراق، هەروەها لە چوارچێوەی پەیوەندی لەگەڵ حزبەکان نەک حکومەتی هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات لە چوارچێوەی ستراتیژی و بەرژەوەندی ئێران لەناوچەکەدا، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستانیش بەشێک بێت لە بەرەی خۆڕاگری-موقاوەمەی شیعی-ئیسلامی لە دژی ئەمریکا و ئیسرائیل.

هەربۆیە هەرێمی کوردستان دەیەوێت نەچێتە ژێر باری ئەم داواکارییەی ئێران. لەم

چوارچێوەیەدا، هەرێمی کوردستان بەهۆی هاوسنووری و فاکتەری جوگرافیا و کولتوور و مێژوو و پاشان هاوکێشە سیاسییەکانی پاش ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراق، ویستی ئەوەی هەیە کە ئێران هاوپەیمانێکی سروشتی هەرێمی کوردستان بێت، چونکە هەم ئێران و هەمیش هەرێمی کوردستان لە تەنیایی ستراتیژی(Strategic loneliness)دا دەژین لەناوچەکەدا و هاوپەیمانیی سروشتی یاخود هاوپەیمانی ستراتژیان نییە، کە بەداخەوە سیاسەتی ناوخۆیی، هەروەها ناسنامە و ئایدیۆلۆژیای فەرمی کۆماری ئیسلامیی و تەنانەت ڕوانگە و تێگەیشتی بەرپرسان و سیاسەتدارێژەرانی ئێرانی ئەمەیان قبووڵ نەکردووە، بۆیە دەیانەوێت وەکو ئەکتەرە میلیشاییە چەکدارەکانی دیکەی ناوچەکە «پەیوەندی شوێنکەوتوو-پشتیوان» لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئێراندا بوونی هەبێت. هەرێمی کوردستان بەپێچەوانەوە دەیەوێت بەهۆی ناسنامەکەی و پێگە دەستوورییەکی و هەڵکەوتە جوگرافیاییەکەی و ڕابردووە هاوبەشە مێژوویی و کولتوورییەکانەوە ئەوە بگۆڕدرێت، وەکو ئەکتەرەکانی دیکەی ناوچەکە هاوسەنگی لەنێوان پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران و تورکیا و ئەمریکا و..هتد بوونی هەبێت و تەنانەت زیاتر لەئێران نزیک ببێتەوە و ئێران لەبەغدا پشتیوانی و پاڵپشتی بێت. بەهۆی کاریگەری ئەو فاکتەرە عەینی و زەینییانەی کە لەسەرەوە خستمانەڕوو، تائێستا ئەمە نەهاتۆتە دی و هەر بەهێزبوونێکی هەرێمی کوردستان وەکو هەڕەشە بۆسەر ئێران سەیرکراوە و لەلایەکی دیکەشەوە، ئێران نایەوێت هەرێمی کوردستان لەبازنەی ئەکتەرێکی لۆکاڵی و حزبی و شوێنکەوتوو دەربچێت و ڕۆڵ و بکەرایەتی لەسەر هاوکێشەکانی عێراق و ناوچەکە هەبێت. لە ڕاستیدا لەلایەک فاکتەری کورد لە ناوچەکە و لەلایەکی دیکەوە جۆری سیستەمی سیاسی ئێران و ناسنامەکەی، لەپاڵ هاوکێشە جیۆسیاسییەکان وایکردووە کە داواکارییەکانی هەرێمی کوردستان لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بێ ئەنجام بێت و تەنانەت ئێران بۆ لێدانی نەرم و ڕەق لە هەرێمی کوردستان بەردەوام هەرێمی کوردستان بە ئیسرائیلی دووەم ناوزەد بکات.

**- لە بەڕێوەبردنی ئەم قەیرانە، هێرش و تاوانبارکردنی هەرێم لە لایەن ئێران و کاردانەوەی توندی هەرێم خزمەت بە چارەسەری دۆخەکە دەکات؟**

ئەم سیاسەتی ئێران نەک بەشێک لە چارەسەری نییە، بەڵکو وایکردووە کە حکومەتی عێراق و بەرپرسانی باڵا کاردانەوەیان هەبێت و ئەمەش نیشان دەدات کە بە زیانی ئێران شکاوەتەوە چی لە ڕووی ڕای گشتییەوە کە ئامانجێکی سیڤیلی مووشەکباران کردووە و چی لە ڕووی پەیوەندییەکانی بەکورد و شیعەکان لە عێراق. بەڵام سەبارەت بەهەرێمی

کوردستان، ئەوە هەرێمی کوردستان ناچارە و تەنانەت پێویستە کە توندترین کاردانەوەی هەبێت لەبەرامبەر تێکدانی ئاسایش و پاراستنی گیان و سامانی هاوڵاتیانی خۆی و ئەمەش بۆ ئێران چاوەڕوانکراو نەبوو، چونکە لە ڕابردوو بە ئیدانەکردنێک دۆخەکە تێپەڕیبوو چی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و چی لە حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا. بەڵام ئەمجارە بەپێچەوانە شکایەوە، هەر ئەمەش دەریدەخات کە ئێران لەم هێرشە ئامانجەکانی نەپێکا، جونکە هاوکات بوو لەگەڵ هێرش بۆ سووریا و پاکستان، لە سووریا ئەو شوێنەی کە کرایە ئامانج دەرکەوت داعشی لێنییە وەکو تۆڵە لەبەرامبەر هێرشەکانی خۆکوژی سەر مەراسیمی ساڵوەگەری کوژرانی قاسم سولەیمانی (کە تەنانەت هەر ئەوەش گومانی لەسەرە لەلای خودی لایەنگرانی کۆماری ئیسلامییەوە)، هەروەها هێرش بۆ ناوقووڵایی خاکی پاکستان بەبیانوی بەئامانجگرتنی گرووپە توندڕەوەکان (جیش العدل) لەلایەن پاکستانەوە وڵامی توندی سەربازیی لەناو خاکی ئێران درایەوە و هێرشەکەی سەر هەولێریش کاردانەوەی توندی حکومەت و جەماوەر و عێراقی لێکەوتەوە و دەرکەوت کە کەسێکی بازرگان و سیڤیل کراوەتە ئامانج. بەم پێیەش تێچووی ئەم هێرشەی ئێران جگە لەپەیامی سەربازیی بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل، زۆر بەرز بوو.

**- کارتەکانی فشاری ئێران بۆ سەر هەرێم لە داهاتوودا چین؟**

ئەگەر بەخاڵ وەڵام بدرێتەوە دەتوانین بەم شێوەیە سەرەکیترین و گرنگترین کارتەکانی ئێران پۆڵین بکەین:

یەکەم- دروستکردنی ناکۆکی ناخۆیی لەنێو پارتە سیاسییەکان و دوورخستنەوەیان لە یەکتری و بەم پێیەش دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆیی هەرێمی کوردستان، بەو پێیەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ بەشێکی زۆر لە حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە.

دووەم- کۆماری ئیسلامیی ئەگر هەست بکات کە هێرشی لەم شێوەیە تێچوویەکی گەورەی بۆ نییە، ئەوە ئەم هێرشانە دووبارە دەکاتەوە و بە تەواوی دۆخی ئاسایش و ئابووری و تەنانەت سیاسیی هەرێمی کوردستان تێکدەدات.

سێیەم- کۆماری ئیسلامیی لە ڕابردوو و ئێستادا بە ئەگەری زۆریشەوە لە داهاتوویەکی نزیک، حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا و دامەزراوەکانی بەکاردێنێت بۆ گوشارخستنە سەر هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە پرسی مووچەی کارمەندان، هەروەها پشک و

شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان. جگە لەمانەش هەموو هەوڵێک دەدات کە هەموو ڕێککەوتنێکی سیاسی لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لەرزۆک و کاتی بێت. تەنانەت بەکارهێنانی داگای فیدراڵی و زۆرینەی پەرلەمانی لە دژی هەرێمی کوردستان لەو چوارچێوەیەدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت.

چوارەم- کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕووی ڕاگەیاندن و ڕای گشتییەوە زۆر چالاکە و هەوڵدەدات کە لەلایەک لێکترازانی کۆمەڵایەتی لەبوار و پرسە جۆراوجۆرەکان لەناو هاوڵاتیان و ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و تەنانەت پارچەکانی کوردستان دروست بکات و بەتایبەتی نارەزایەتی جەماوەری لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکات. بەم پێیەش ڕای گشتیی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەک ئاراستە بکات کە خوازیاری لاوازبوون یاخود ڕووخانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بن، لەلایەکی تریشەوە گوشارەکانی بە جۆرێک بەرز بکاتەوە کە حکومەت ناچار بکات نەتوانێت هیچ سیاسەتێک بەپێچەوانەی بەغدا و ئێران بگرێتەبەر. هەروەها کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و هەرێمی کوردستان لەلایەن پاسەوانی سنوورەوە، مەترسییەکی گەورەیە لە داهاتوو لەسەر ئاسایشی سەربازیی هەرێمی کوردستان و ئەگەرێکی بەرزە کە لە داهاتوودا لە ناکۆکییە سیاسییەکاندا بەکاربهێنرێت.

پێنجەم- ئێران بە پاساوی ئامادەیی و بوونی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها لە ڕێگەی بەغداوە هەم گوشار لە حکومەت دەکات و هەمیش ئەگەر کاردانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بەرز بێتەوە، ئەوە لێکترزانی نەتەوەیی لەنێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان دروست بکات. لەم ڕێگەشەوە هەم ئاسایشی خۆی دەستەبەر دەکات و هەمیش دابڕان و لێکترزانی نەتەوەیی دروست دەکات کە لە هەردوو بواردا لە بەرژەوەندی و قازانجی ئێران و لە زیانی هەرێمی کوردستان و پرسی کوردە بەگشتی.

شەشەم- کۆماری ئیسلامیی لە ڕێگەی میلیشا چەکدارەکانەوە دەتوانێت بەردەوام هەڕەشەی ئاسایشیی بۆ سەر هەرێمی کوردستان دروست بکات و تەنانەت کێشەی گەورە بۆ دامەزراوە و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەناوخۆ و لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دروست بکات. ڕێگریکردن لە هەناردەکردنی نەوت و کێشە دروستکردن بۆ بەرهەمهێنانی گازی سروشتی و دۆخی نائاسایشی لە ناوچەکانی سنووری مادەی ١٤٠ ئەو ڕاستییە دەردەخات.

**- ئایا هەرێم توانای بەرگریکردن لە خۆی هەیە؟**

لە ڕووی سەربازییەوە توانا و هێزەکان بەراورد ناکرێت و پێویستی بەپێداچوونەوە ئامادەکاری زیاتر هەیە، هەرچەندە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان توانایەکی بێوێنەیان هەیە، ئەگەر بەدروستی و وشیارییەوە بەکاربهێنرێت لە هاوکێشە سەربازیی و ئاسایشییەکاندا، بەڵام لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسی و جەماوەرییەوە هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەمە بکات بەمەرجێک کە ناکۆکییە ناوخۆییەکان بەتایبەتی لەم پرسانەدا لەنێوان هێزە سیاسییەکان و جەماوەر و حکومەت کۆتایی پێبهێنرێت، لە بەغداش کورد بە یەکگوتار بەشداری و گوشار بکات ئەو کاتە دەتوانێت ئەم هەڕەشە سەربازییانە کەم بکاتەوە. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، ئەگەر تێچووە سیاسی و ئابوورییەکان بۆ ئێران بەرز بێتەوە، ئەوە گەورەترین بەرگرییە.

هەروەها کارکردن لەسەر ڕای گشتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ڕازیکردنی ئەمریکا و هاوپەیمانان بە پاراستنی هەرێمی کوردستان لە هێرشە مووشەکییەکان و لەلایەکی تریشەوە پەیڕەوکردنی دیپلۆماسییەکی چالاکی هەرێمایەتیش بەشێکن لەو خۆڕاگری یاخود بەرگرییە. جگە لەمانەش، کورد تاوەکو کار لەسەر داڕشتنی قوڵایی ستراتیژی خۆی نەکات ناتوانێت لە ڕووی سەربازییەوە خۆی بپارێزێت، ئەمەش ئەرکی ئەکادیمییەکان لەگەڵ لایەنە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانە بە هاوبەشی. جگە لەمانەش، سەرەڕای ڕەخنەکان، بەڵام هەرێمی کوردستان لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە سیما و وێنایەکی پەسندکراوتری هەیە لە کۆماری ئیسلامیی لە ڕووی گرنگیدان بە بەها و نۆرمە ڕۆژئاواییەکان و مافەکانی مرۆڤ و تەنانەت دیموکراسی و فرەیی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە و ..هتد، هەر ئەمەش دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ گوشارخستنەسەر کۆماری ئیسلامی لەئاستی ڕای گشتی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی و تەنانەت عەرەبی ناوچەکە.

**- ئایا فشارەکانی ئێران ئەگەر ناڕاستەوخۆ لە لایەن میلیشیاکانی هاوسۆز لە گەڵ ئێران ئەنجام بدرێت کاریگەری نەرێنیی لە سەر پەیوەندیەکانی هەرێم و بەغدا بە جێ دەهێڵێت؟**

تاوەکو ئێستا کەم تێچووترین سیاسەتی ئاسایشی و سەربازیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەبەرامبەر هەرێمی کوردستان هێرشی میلیشیاکان بووە، لەبەرامبەریشدا

حکومەتی عێراق لاوازترین کاردانەوە و هەڵوێستی هەبووە. هەر بۆیە ئەگەر هەرێمی کوردستان نەتوانێت گوشار لە حکومەتی بەغدا بکات بۆ ڕاوەستاندنی ئەوە بەدڵنیاییەوە بەردەوام دەبێت. هەروەها لاوازی ئابووری هەرێمی کوردستان لەپاش ساڵی ٢٠١٤ەوە تاوەکو ئێستا و گوشارە ئابووری و داراییەکانی بەغدا بۆسەر هەرێمی کوردستان وایکردووە کە هەرێمی کوردستان نەتوانێت لە قۆناغ و پێشهاتە جیاوازەکاندا کاردانەوە و هەڵوێستێکی توندی لە دژی بەغدا هەبێت. لەم چوارچێوەیەدا، ئەگەر هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە بەغدا یەکدەست و یەکگوتار بن، ئەوە دەکرێت هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێز بێت، بەڵام بەپێچەوانەکەی ئەگەرێکی لاوازە و هەر بۆیە هەم پەیوەندییەکان بەردەوام بووە و هەمیش حکومەتی بەغدا کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نەبووە، ئێرانیش لەم ڕێگەیەوە گوشار و هێرشی کردۆتە سەر هەرێمی کوردستان و تەنانەت ئەمریکییەکان. بەم پێیەش ڕاستییە تاڵەکە ئەمەیە کە تا ئەو کاتەی حکومەتی عێراق لەلایەن ئێرانەوە کۆنترۆڵ بکرێت و هێزە سیاسییە شیعییەکان باڵی سەربازیی و سیاسیان هەبێت و دەوڵەتی قووڵ یاخود دەوڵەت لەناو دەوڵەتدا لەعێراق بوونی هەبێت و هەر ئەو هێزانە باڵادەست بن و لەلایەکی دیکەشەوە، هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر پرسە سیاسی و ئاسایشییەکان یەکگرتوو و یەکهەڵوێست نەبن، ئەوا ئەم هێرشانە دووبارە دەکرێتەوە و بەغدا و تەنانەت ئێرانیش دڵنیان لەوەی کە ئەم هێرشانە کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوانیان نییە!

**ئێراناسی: زۆر سوپاس بۆ بەڕێز دکتۆر پەروێز.**

ڕاپۆرت

ئێرانناسی

# هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئێران
## هەڵسەنگاندن، شیکاریی و پێشبینییەکان




ئامادە کردن: ئێر انناسی

## بەرایی

لە ڕاپۆرتێکی شیکارییدا تیشک دەخەینە سەر هەڵبژاردنەکانی خولی دوانزەی پەڕلەمانی ئێران کە بەپێێ یاساکانی وڵات بڕیارە لە یەکی مارسی ٢٠١٤ لە ئێران بۆ هەڵبژاردنی ٢٩٠ ئەندامی ئەنجوومەنی شوارى ئیسلامیی ئەنجام بدرێت. لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەزایان ( مجلس خبرگان رهبری). کە بڕیار لەسەر بە ئەندامبوونی ٨٨ ئەندام بۆ ماوەی هەشت ساڵی ئەو ئەنجوومەنە دەدرێت. ئەم هەڵبژاردنانە لە دۆخی ئێستای وڵات و هەلومەرجی نێو دەوڵەتی گرنگی زۆریان هەیە. بەپێی ڕای زۆرێک لە شارەزایان باس لەسەر بەشداری کەمی خەڵکی ئێران لەو هەڵبژاردنانە دەکرێت. لە ڕاپۆرتردا هەوڵدەدەین کە ڕەهەندەکانی ئەم هەڵبژاردنانەو پاشخانی هەڵبژاردنی پەڕلەمانیی لە ئێران و چوار چێوە یاسایی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی بخەینەڕوو. پرسیاری سەرەکی ئێمە لەم ڕاپۆرتەدا ئەوەیە: ئایا ڕێژەی بەشداری خەڵک لەم هەڵبژاردنانە بە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی پێشووتر لە چ ئاستێکدا دەبێت؟ کاریگەرییەکانی ئەم هەڵبژاردنە لەسەر دۆخی گشتی وڵات و سیاسەتی ناوخۆ چی دەبێت؟ کاریگەریی خۆپیشاندانە سەرتاسەرییەکانی ژن. ژیان. ئازادی. لەسەر ڕێژەی بەشدای خەڵک بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات.

### پێشینەی هەڵبژاردنەکانی پەڕلەمانی ئێران و ئەنجوومەنی دانایان

- **ئەنجوومەنی شورای ئیسلامیی**

بڕگەکانی دەستووری ئێران لە مادەی ٥٧ تا بڕگەی ٩٠ باس لە چوارچێوەی ئاسایی ئەم ئەنجوومەنە گرنگەی ئێران دەکات و لە بڕگەکانی دواتریش بە ڕاستەوخۆ یان پەیوەست بە ئەنجوومەنی پارێزەرانی دەستوور باسی لێوە کراوە. بەپێ دەستووری ئێران ئەنجوومەنی شورای ئیسلامیی دەسەڵاتی زۆر فراوانی هەیە بە بەراورد بە دەسەڵاتەکانی جێبەجێکار و دەسەڵاتی دادوەری. کە بەپێی مادەی ٦٣ دەستووری ئێران هەر چوار ساڵ جارێک ئەم ئەنجوومەنە پێش وادەی تواوبوونی ئەرکەکانی هەڵدەبژێردرێن. بۆ ئەوەی هیچ کات وڵات بە بێ پەڕلەمان نەبێت. ژمارەی ئەندامەکانی ٢٧٠ کەسە. بەڵام لە دوای دوا هەمواری دەستووری ئێران هەر دە ساڵ جارێک دە ئەندام بە ژمارەی ئەندامای زیاد دەکرێت. کە خولی ١٢ ئەنجوومەنی شورای ئیسلامیی بۆ ٢٩٠ ئەندامی پەڕلەمانە.[١]

هەموو هاووڵاتیەکی ئێران لە چوارچێوەی یاساکانی وڵات مافی خۆپاڵاوتنی هەیە. پاڵێوراوان لە وەزارەتی ناوخۆێ ئێران ناونووسی دەکەن. پاشان ناوەکانی پاڵێوراوان لە ئەنجوومەنی پارێزەرانی دەستوور بڕیار لەسەر ئەهلیەتی بە ئەندام بوونیان دەدرێت. بابەتی دەسەڵاتەکانی

ئەنجوومەنی پارێزەران ( لە ١٢ ئەندام پێک دێن کە ٦ ئەندام لە لایەن ڕابەری کۆماری ئیسلامی دیاری دەکرێن و ٦ ئەندامی تر لە لایەن دەسەڵاتی دادوەریو دوای پەسەندکردنی لە پەڕلەمانی ئێران دیاری دەکرێن) دەستوور هەمیشە مایەی مشتومڕی زۆری سیاسی و فیکری بووە لە ئێران. هەندێک پێیانوایە ئەنجوومەنی پارێزەرانی دەستوور دەسەڵاتی چاودیریکردنی هەڵبژاردنەکانی هەیە نەک پەسەند کردن یاخود ڕەتکردنی پاڵیوراوان. بەڵام نەریتی باو لە ئێران بە ئاڕاستەی چاودێریکردن هەنگاوی نەناوە. چاودێرانی دۆخی سیاسی و پەڕلەمانی لە ئێران پەیوەست بە دیموکراتیەتی ئایینی لەو وڵاتە، ئەنجوومەنی پارێزەران دەستووریان وەک فیلتەر و بەربەستێک لە بەردەم پرۆسەی هەڵبژاردن لە ئێران داناوە. ئەنجوومەنی پارێزەرانی دەستوور چاودێری و دەستەبژێری پاڵێوراوانی هەڵبژارندەکانی سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجوومەنی دانایان دەکات. ئەنجوومەنی پارێزەرانی دەستوور نە کات و نە کارمەندی پێویستی لەبەردەستە بۆ پیاچوونەوە بە کارنامەی پاڵێوراوان بە تایبەت لە ناوچە دوورە دەستەکانی ئێران. بۆیە بە شێوەیەکی نهێنی ناوەندەکانی ئەمنی و زانیاری دۆسیەی ئەوکەسانە دەخەنە بەر دەستی ئەنجوومەنی پارێزەریانی دەستوور.

■ یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شورای ئیسلامی لە (٢٤-٣-١٩٨٠) دەستی بە کارەکانی کرد. لە هەڵبژاردنێکی گەرمدا. زۆرێک لە ڕەوت و پارتە سیاسیەکانی ئێران بەشداریان تێدا کرد. ڕێژەی خەڵک لەم هەڵبژاردنە زیاتر لە ٥٠٪ دەنگدەران بەشداریان تێدا کرد لە کۆی بیست ملیۆن و ٨٥٧ هەزار کەس مافی بەشداری کردنیان هەبوو کە لەو ژمارەیە زیاتر لە دە ملیۆن و ٥٧٥ هەزار ٩٦٩ کەس بەشداریان تێدا کرد. براوەی هەڵبژاردن حیزبی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو.

■ دووەم خولی ئەنجوومەنی شورای ئیسلامیی ئێران لە (١٥-٤-١٩٨٤) لە کاتێکدا هەڵبژێردرا کە ئێران لە گەرمەی شەڕی لەگەڵ عێراقدا بوو. سەید حەسەنی بەنی سەدر سەرۆککۆمار لەسەر کارەکەی دوور خرابوویەوە. بارودۆخی ناوخۆی ئێران لە ژێر کاریگەری و فشاری شەڕ و گرتنەوەی شاری خورەمشەهر لە لایەن ئێرانەوە بوو. لەم خولەدا ٢٤،١٣٤،٤٩٨ مافی بەشداری کرنیان هەبوو. کە لەو ژمارەیە ١٥،٦٠٧٣٠٦ بەشداریان تێدا کرد. واتە ٦٤.٦٤٪ خەڵک بەشداریان تێدا کرد. لەم خولەی پەڕلەمان سەرەتای کەوتنە ڕووی هەر دوو باڵی چەپ و ڕاست لە ئێراندا بوو. براوەی هەڵبژاردن باڵی ڕاستی ئێران.

■ سێیەم خولی ئەنجوومەنی شورای ئیسلامیی لە ( ٨-٤-١٩٨٨) هەڵبژاردنی بۆ کرا. لەم خولەدا ئایەتوڵڵا خامنەیی وەک سەرۆککۆمار و میر حسەینی موسەوی وەک سەرۆکوەزیران

هەڵبژێردران. سازمانی موجاهیدنی خەلقی ئێران هەڵوەشێنرا و شۆڕشی ئێران کەوتە قۆناغێکی جیاوا لە خولەکانی پێشوو. ٢٧،٩٨٦٧٣٢ کەس مافی باشداری کردنیان هەبوو کە لەو ڕێژەیە ١٦،٧١٤٢٨١ واتە ٧٢٪ خەلک بەشداریان تێدا کرد. براوەی هەڵبژاردن مەجمەعی ڕۆحانیەتی موبارز.

▪ چوارەم خولی پەرلەمانی ئێران لە ( ١٠-٤-١٩٩٢) لە کاتێکدا ئەنجامدرا کە ڕوداوگەلی زۆر بەسەر ئێراندا هاتبوو. ئایەتوڵڵا خومەینی ڕابەری شۆڕش کۆچی دوای کردبوو. ئایەتوڵڵا خامنەیی وەک ڕابەری نوێ دەستبەکاربوو. شەڕی ئێران و عیراق وەستابوو. ڕەفسەنجانی وەک سەرۆککۆمار دەستینشان کرا. ٣٢،٤٦٥٥٥٨ کەس مافی دەنگدانیان هەبوو کە لەو ڕێژەیە ١٨،٧٦٧٠٤٢ بەشداریان لە هەڵبژاردنەکەدا کرد. واتە ٨١.٥٧٪ . براوەی هەڵبژاردن جامیعەی ڕۆحانیەتی موبارز بوو.

▪ پێنجەم خولی پەرلەمانی ئێران لە ( ٨-٣-١٩٩٦) ئەنجامدرا. کە تێیدا ٣٤،٧١٦٠٠٠ کەس مافی دەنگدانیان هەبوو. لەو ڕێژەیە ٢٤،٧٨٢٣٨٤ دەنگیاندا. واتە ٧١,١٪ ی خەڵک بەشداریان کردبوو. کە ئەم ڕێژەیە باڵاترین ڕێژەی دەنگدان بوو لە چاو چوار خولی پێشووی پەرلەمانی ئێران. براوەی هەڵبژاردن جامیعەی ڕۆحانیەتی موبارز بوو.

▪ خولی شەشەمی ئەنجوومەنی شورای ئیسلامیی لە (١٩-٢-٢٠٠٠) ئەنجام درا. لە خولەدا سەید موحەممەدی خاتەمی سەرۆککۆمار بوو. باڵی ئیسلاحی لە ئێران توانیان کۆنترۆڵی پەرەمان بکەن. لەم خولەدا ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان لە ٢٧٠ کەسەوە بۆ ٢٩٠ کەس بەرز بووەوە. ٣٨،٧٢٦٤٣١ مافی دەبگدانیان هەبوو. لەو ڕێژەیە ٢٦،٨٢٠١٥٧ دەنگیاندا. واتە ٦٧/٣٥٪ خەڵک بەشداریان تێدا کرد. لەم خولەدا تیرۆرە پلان بۆ داڕێژراوەکانی ئێران لە دەرەوی وڵات دەستی پێکردبوو. ئەو قەتڵە زنجیرەییانە باس و خواستی زۆری لێکەوتەوە چ لەسەر ئاستی ناوخۆ و چ لەسەر ئاستی دەرەوە. براوەی هەڵبژاردن ڕیفۆرمخوازان.

▪ خولی حەوتەمی پەرلەمانی ئێران لە (٢٠-٢-٢٠٠٤) ئەنجامدرا. لەم خولەدا کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان لە هەمبەر دۆسییەی ئەتۆمی ئێران دەستی پێکرد. ئەم دۆسییەیە ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەرگرت. لە خولەدا ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو بریتیبوون لە ٤٦،٣٥١٠٣٢ کەس. کە لەو ڕێژەیە ٢٣،٧٣٤٦٧٧ بەشداریان کرد. واتە ٥١/٢١٪ خەڵک بەشدار بوون. براوەی هەڵبژاردن نەریتخوازان بوون (اصول گرایان).

▪ خولی هەشتەمی پەرلەمانی ئێران لە (٢٤-٢-٢٠٠٨) ئەنجام درا. ڕێژەی بەشداری خەڵک لەم هەڵبژاردنە ٦٥٪ بوو. ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو ٤٣،٨٢٤٠٠٠ کەس

بوون کە لەو ڕێژەیە ٢٢،٣٥٠،٢٥٤ دەنگیانداوە. واتە ٥١٪ خەڵک بەشداریان تێیدا کردوە. براوەی هەڵبژاردن نەریتخوازان ( اصول گرایان) بوون.

▪ خولی نۆیەمی ئەنجوومەنی شورای ئیسلامیی لە (٢-٣-٢٠١٢) ئەنجامدرا. ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو ٤٨،٢٨٨٧٩٩ کەس بوون کە لەو ژمارەیە ٣٠،٩٠٥٦٠٥ کە دەنگیاندا کە ٦٤٪ دەنگدەران بوون. براوەی ئەم جارەی هەڵبژاردنەکانیش نەریت خوازەکان بوون.[٢]

▪ خولی دەیەمی ئەنجوومەنی شورای ئیسلامیی لە (١٦-٢-٢٠١٦) ئەنجامدرا. کە ٥٤،٩١٥٢٢٥ کەس مافی بەشداریکردنیان هەبوو. لەم ڕێژەیە ٣٣،٩٥٦٦٥١ کەس بەشداریان کرد. واتە ٦٣/٨١٪ خەڵک بەشدار بوون. براوەی ئەم هەڵبژاردنە هەر سێ باڵی ئیسلاحی ( اصلاح طلب) نەریتخواز ( اصول گرا) و سەربەخۆکان بوون. لەم خولەدا باڵی ڕیفۆرمخواز جارێکیتر ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە بوون بەرامبەر باڵی نەریتخواز.

▪ خولی یانزەهەمی ئەنجوومەنی شورای ئیسلامیی لە ( ٢١-٢-٢٠٢٠) ئەنجامدرا. کە تێیدا ٥٧،٩١٨١٥٩ کەس مافی دەنگدانیان هەبوو. کە لەو ژمارەیە ٢٤،٥١٢٤٠٢ بەشداریان لە هەڵبژاردندا کردووە واتە ٤٢٪ خەڵک بەشداریان لەو خولەی پەرلەماندا کردووە کە کەمترین ڕێژەی بەشداریی بووە لە مێژووی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی شورای ئیسلامیی ئێراندا. کە باڵی نەریتخواز براوەی ئەم خولەی هەڵبژاردن بوون. ڕەخنەی زۆر لەم خولەی هەڵبژاردنەکان گیراوە کە لە هەندێن ناوەند سندوقەکانی هەڵبژاردن زۆر زیاتر لە ماوەی خۆی درێژ کراوەتەوە.[٣]

کۆی ئەو یانزە خولەکەی ڕابردووی پەرلەمانی ئێران بە گشتی لە هەموو باوردۆخێکدا لە کات و ساتی خۆییدا ئەنجام دراون. نە ڕووداوەکانی ناوخۆیی ئێران و نە شەڕی ئێران لەگەڵ عێراق نەیانتوانی پرۆسەی ئەنجامدانی هەڵبژارادن لە ئێران بوەستێنن. کەمترین ڕێژەی بەشداری لەم یانزە خولەی پەرلەماندا خولی یانزەهەم بووە کە ڕێژەی بەشداری تێیدا ٤٢٪ بووە. وە زۆرترین ڕێژەی بەشداری لە خولی پینجەمی پەرلەمان بووە کە ٧١٪ خەڵک بەشداریان تێیدا کردوە. زۆرترین ماوەی براوەی هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا باڵی نەریتخواز بوون کە هەمیشە سەبگەری پەرلەمانی ئێرانیان بە دەستەوە بووە. لە ڕێگە یاساییەکان کە زۆرجار بە توندکردنی یاساکان لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان هێناوە. هەر بۆیە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆمار کەمتر توانیویان ئەو ڕێوشوێنە توندانە بگرنەبەر، بەرامبەر دەنگی ڕاستەوخۆی خەڵک نەیانتوانیوە باڵی ڕیفۆرمخوازی خاتەمی و ئیسڵاحی ڕەفسەنجانی و خەتی میانڕەو و مەعتەدیلی ڕۆحانی لاواز بکەن.

- **ئەنجوومەنی دانایان (مجلس خبرگان)**

ئەنجوومەنی شارەزایانی دەستوور بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی کە لە دەستووری ئێران بۆی دیاریکراوە، هەر هەشت ساڵ جارێک بە دەنگدانی ڕاستەوخۆی خەڵک هەڵدەبژێردرێن. ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەزایان (٨٨) ئەندامە. ئەو دەسەڵاتانەی کە لە دەستووری ئێران بۆی دیاریکراوە، ئەرکی دانان و لادانی ڕابەر بەو مەرجانەی کە دیاریکراون لە ئەستۆی ئەم ئەنجوومەنەیە. تا ئێستا پێنج خولی کاری خۆی تەواوکردووە. خولی شەشەمی ئەنجومەنی شارەزایان لەگەڵ خولی دوانزەی ئەنجوومەنی شورای ئیسلامیی پێکەوە بەڕێوە دەچن. لەبەرئەوەی ئەم ئەنجوومەنە بە کرداری ڕۆڵی ڕاستەوخۆی لە ژیانی سیاسی و یاسای و ئابووری خەڵکدا نییە، گەرمترین چاوەڕوانی لەم ئەنجوومەنە هەیە.

ئەم خولەی ئەنجوومەنی شارەزایان بووە جێگەی مشومڕ کاتێک ئەنجوومەنی پارێزەرانی دەستوور، ئەهلییەت و توانایی دکتۆر حەسەنی ڕۆحانی وەک کاندید بۆ ئەم ئەنجوومەنە ڕەتکردەوە. کاردانەوەکان ڕەتکردنی حەسەنی ڕۆحانی زۆر بوون. وەک سایتی تابناک لە زاری کەسێکی نزیک لە باڵی میانڕەوی ڕۆحانی نووسیویەتی: کاتێک لە شەمەنەفەری شۆڕش کەسانێک بەبێ ڕێزییەوە فڕێ دەدرێنە خوارەوە! کەواتە ئێمە بۆ سواری ئەو شەمەنەفەرە ببین! باڵی کۆنەپارێز لە ئێران فیلتەرەکانی بەردەم ئەنجوومەنی شارەزایانیان بە تەواوی بەرتەسک کردووەتەوە، کە هیچ کام لە باڵی میانڕەو و ئیسڵاحی لەو ئەنجوومەنە نوێنەریان نەبێت. یاخود ئەگەر هەبێت ژمارەیەکی زۆر کەمن، کە هیچ کاریگەرییەک لەسەر داهاتووی دەسەڵاتەکانی ڕابەر نەبێت. لە کاتێکدا کە ڕابەر بەپێی دەستوور نەتوانێت ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات یا لە کاتی نەمانی ڕابەر هیچ گرفتێک بۆ باڵی کۆنەپارێز دروست نەبێت. جێی ئاماژە پێکردنە کە ئەنجوومەنی شارەزایان هەموویان لە ڕەگەزی نێرن و هەمووشیان لە چینی ڕۆحانیەتی ئایینین واتە مەلاکان کە دەبێت لە ڕووی پلەی مەلایەتی لە ئاستی باڵادا بن نوێنەری مەزهەبی سوننەش لە کوردستان و سیستان و بەلوچستان کورسییان هەیە لەو ئەنجوومەنە.

**شیکاری ڕاپرسییەکان**

ڕێژەی بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٠ ئاستەکەی گەیشتە ٤١٪ کە بە بەراورد لەگەڵ خولەکانی تری هەڵبژاردن، ڕێژەی بەشداری خەڵک زۆر دابەزیوە. ڕاپرسی زۆر ئەنجامدراون بە تایبەت ئەو ناوەندانەی ڕاپرسی کە نزیکن لە حکومەت و لە تازەترین ڕاپرسی کە پێگەی ئینساف ( انصاف) بڵاوی کردووەتەوە، ڕێژەی بەشداری گشتی لە ئێران ٣٠٪ بووە. لە ناوەندی پارێزگای تارانی پایتەخت ٢٢٪ و لە ناوەندی شاری تاران ١٥٪ پێشبنیی دەکرێت.[٤] ئەم ڕاپرسییەی کە لە زۆرێک لە پێگە و ماڵپەڕەکانی ئێران بڵاوکرایەوە یا دزەی پێکراوە،

بووە جێگەی سەرنجی میدیاکانی دەرەوەی ئێرانیش لەوانە پێگەی ئێران ئینتەرناشناڵ کە بە نزیک لە سەڵتەنەتخوازەکانی دادەنرێت. ئەوەی کە جێگەی سەرنج بوو ئەوەیە کە لە برگەیەکی ئەو ڕاپرسییەدا پرسیار ئاڕاستەی ئەو کەسانە کراوە کە ڕاپرسییان لەگەڵ کراوە کە لە کاتی هەڵبژاردندا گوێ بۆ کام یەک لەم سەرکردانە دەگرێت و کاریگەرە لەسەرتان؟ لە نێوان ڕەئیسی سەرۆککۆمار و خاتەمی و ئەحمەدی نەژاد و ڕۆحانی؟ ئەحمەدی نەژاد ٣٠٪ دەنگەکانی بردووە کە لەسەر هەمووانەوەیە. ئەحمەدی نەژاد کە لە کایەی سیاسی بە تەوای دوور خراوەتەوە هێشتا وەک سەرکردەیەکی ڕەخنەگری سیستەمی حکومەت لەسەرکردەکانی دیکە زۆرتر هێڵە سوورەکانی بەزاندووە کە لە مێژووی ئەو کۆمارەدا ئەو جورئەتە نەبووە.

**هەڵبژاردن و کاردانەوەکان**

هەڵبژاردنی مەجلیسی شورای ئیسلامی لە ئێران لە هەموو کات زیاتر کەوتوتەبەر ڕەخنەی پاشماوەکانی باڵی ڕیفۆرم و ئیسلاحی لە ئێران لە لایەک و نارەزاییەتییەکانی خەڵک و نوخبەی سیاسی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات لە لایەکی دی. ئەمەش کاربەدەستانی ئێرانی نزیک لە کۆماری ئیسلامی تۆشی دڵەڕاوکێ و ترسکردووە لە ساردبوونەوەی خەڵک لە هەڵبژاردن. هەر وەک حەدادی عادل کەسایەتی فەرهەنگی و سیاسی باڵی نەریتپارێزی ئێران بە نیگەرانییەوە، ڕەخنەکانی ئاڕاستەی شورای پارێزەرانی دەستوور دەکات و دەڵێت: «دوژمن هەمیشە لە هەوڵی ساردکردنەوەی خەڵکدایە و خوازیارن کە وای نیشان بدەن کە هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بوونی نییە. یەکێک لەو فاکتەرانەی کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕێژەی بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردن هەیە شێوازی کارکردنی شورای پارێزەرانە» پاشان ڕوی دەمی ئاڕاستەی ئەو ناوەندە دەکات و دەڵی: دەستتان شل بکەن و کارەکە قورس مەکەن»[٥] کە مەبەستی ڕەتکردنەوەی بە لێشاوی پاڵێوراوانی ئەنجوومەنی شورای ئیسلامییە کە لە پێناو زامنکردنی یەکدەستکردنی سیستەمی سیاسی لە ئێران کاری کردووە. خەفەکردنی باڵەکانی تری ناو سیستەم کە لەسەردەمە جیاوازەکان بە شێوەیەکی ڕەمزیش بوو بێت بەشداریان کردووە و هەمیشە ڕێژەیەک کورسی پەرلەمانی ئێرانیان بۆ خۆیان مسۆگەر کردووە. هەر لەوێشەوە وەک سەکۆیەکی سیاسی بۆ خۆیان بەکاریان هێناوە تا لە دەنگدەرەکانیان دابڕاو نەبن.

ئەنیستیتۆتی واشنگتۆن[٦] لە هەڵسەنگاندنێکی کورت بۆ هەڵبژاردنەکانی ئێران ئاماژەی بەوە داوە کە:» لە ڕاپرسییەک کە لە ٢٥ ی جوولای ئەنجامدراوە ٦٨٪ خەڵکی ئێران لەم خولەی ئێستای پەرلەمانی ئێران ناڕازین. پەرلەمانی ئێستای ئێران کەمترین ڕۆڵی لە سیاسەتی دەرەوە و دۆسییەی ئەتۆمی ئێراندا هەبووە».

لەسەر ئاستی ناوخۆیی ئێرانیش، ئەحمەدی زەیدئابادی ڕۆژنامەنووسی سیاسی لە

کەناڵی تایبەتی خۆی لە تێلگرام ئاماژەی بە دۆخی گشتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شورای ئیسلامیی کردووە و پێیوایە کە: لە چوارچێوەی گوتاری زاڵی باڵی نەریتخواز و کۆنەپارێز لە ئێران هیچ گوتارێکی تر ناتوانێت بوونی هەبێت. گرووپی پاستۆر(ئەو شوێنەیە کە سەرۆکایەتی کۆمار تێیدا نیشتەجێیە) خوازیاری یەکدەستکردنی دەسەڵاتی سیاسییە لە ئێران. خستنە دەرەوەی نەیارەکانی خۆی لە کایەی سیاسی لە ئێران. لەم پێناوەشدا ڕێژەی بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردنەکان دادەبەزێنێ لەو پێناوەدا. بەشداری کەمی خەڵک بۆ ئەم قۆناغە، دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران لە دەستی دەسەڵاتدارانی نەریتخواز چڕ دەکاتەوە. ئەمەش لە کورت مەودادا دەسەڵات سوودمەند بێت لێێ، بەڵام لە درێژخایەندا زیانی زۆر بە هەیکەلی دەسەڵات دەگەیێنێت». [٧]

هەرچەندە کەسانێک لە باڵە جیاوازەکانی باڵی ڕیفۆرمخواز و میانڕەو بەشدارییان لەو هەڵبژارنەدا کردووە، بەڵام ئەم سیناریۆیە وەک سیاسەتی ڕووکەش لیکدەدرێتەوە. ڕەتکردنەوەی دکتۆر حەسەنی ڕۆحانی وەک پاڵێوراو بۆ ئەنجوومەنی شارەزایان کاردانەوەی توندی ئەو باڵە و باڵی ڕیفۆرمخوازی سەید موحەممەدی خاتەمی بە داوی خۆیدا هێناوە. لە تەک ئەو ڕەتکردنەوە بەربڵاوانەدا ناوی دوو وەزیری پشێوی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران و چەندین کەسایەتی دیاری ئەمنی و دادوەرێش هاتووە. هەرچەندە ئەو ڕەخنانەی کە باڵی ڕیفۆرمخواز و میانڕەو ئاراستەی دەسەڵاتی ئەنجوومەنی شارەزایانی دەکەن بێ وەڵام نەبووە. لەسەردەمی سەرۆکایەتی کۆماری دکتۆر حەسەنی ڕۆحانیش هەمان گرفت و بەربەست لە بەردەم پاڵێوراواندا هەبوو، بەڵام ئەوکات گرنگییان بەو ڕەخنانە نەداو و پشتگوێیان خست. لە هەموو خولەکانی هەڵبژاردنەکانی ئێران ئۆپۆزسیۆنی دەرەوی وڵاتیش وەک نەریتێکی سیاسی بایکۆتی هەڵبژاردنەکان دەکەن. بەڵام هێشتا ڕوون نییە کە تا چەند دەتوانیت ڕێژەی کاریگەری لەسەر ڕێژەی بەشداری خەڵک هەبێت. بە تایبەت هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاش ئەو هێرشانەی کە لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران کرایە سەریان و گۆشەگیر کردنییان لە هەرێمی کوردستان توانای موناوەری سیاسییان ماوە یا نا؟ ئەوەش لێدەگەڕێن بۆ کاتی هەڵبژاردنەکان و کاردانەوەکان و لێکەوتەکانی ئەو هەڵبژاردنە. هەندێک لە چاودێران چ لەسەر ئاستی ناوخۆ و چ لەسەر ئاستی دەرەوە پێیانوایە کە ئەم هەڵبژاردنانە کەمترین شانسی ڕێژەی بەشداری خەڵکی هەیە لە مێژووی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵام لەهەمانکاتدا زۆرترین گرنگی هەیە هەم بۆ حکومەت و هەم بۆ نەیارانی حکومەت پەیوەست بە دۆخی ناوچەکە و هەلومەرجی نێودەوڵەتی ئێران. مەحەکێکی سیاسی

زۆر بەهێزە بۆ پێوانەکردنی شەرعیەتی سیاسی ئێران لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتیش. لە کاتێکدا ئێران لە ڕووی سیاسەتی هەرێمایەتی لە ژێر گوشاری زۆردایە. شەڕی غەززە و دەرەنجامەکانی و فشار لەسەر حوسییەکانی ئەمەن و هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر پێگەکانی ئێران و لەهەمانکاتدا سەرقاڵبوون بە هەڵبژاردنێکی وا حەیسیەتی لە ئێران کارێکی ئێجگار قوورسە لەم دۆخەی ئێستادا. هەرچەندە مێژووی هەڵبژاردن لە ئێران ئەوەمان پێدەڵێن کە لە هەلومەرجی شەڕی ئێران و عیراقیش بۆ ساتێک هیچ هەڵبژاردنێک لە ئێران ڕانەوەستاوە.

لەگەڵ ئەوەی بە پێی یاسا دامەزراندی پارتی سیاسی لە ئێران ڕێگە پێدراوە، بەڵام لە پاش پارتی کۆماری ئیسلامی (حزب جمهوری اسلامی) کە لەسەرەتاکانی شۆڕشی ئیسلامیەوە دامەزراوە هیچی تر دانەمەزراوە. بەڵکو ئەم ناونیشانە زۆرجار سەندیکا و ڕێکخراوەکان لە ژێر چەتری یاسای پارتە سیاسییەکان بەکاریان هێناوە. بەڵام ڕەوت و باڵی سیاسی بەهێز لە چوارچێوەی سیستەمی هەڵبژارنەکانی ئێران دامەزراون. کە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین. ئەم قەوارانە لە خولەکانی پێشووتری ئەنجوومەنی شورای ئیسلامی کاریگەریی زۆریان هەبووە.

- باڵی ئوسوڵگەرا یان نەریتخوازەکان. زۆرجاریش بە بناژۆخوازەکان ناوزەد کراون. ئەم باڵە زۆرترین ماوەی خولەکانی پێشووی پەرلەمان زۆرینەی کورسییەکانیان بۆ خۆیان مسۆگەرکردووە. ئەم باڵە خۆیان بە میراتگری شۆڕشی ئیسلامی ئێران دەزانن. لە مێژووی خۆیدا کەسایەتییە بەهێزەکانی شۆڕشی ئیسلامیی سەرکردایەتییان کردووە. خۆیان بە نزیکترین باڵ لە ڕابەری کۆماری ئیسلامیی ئێران دەزانن. ئێستا لە ناوخۆیاندا بە چەندین ناونیشان خۆیان دەناسێنن. باڵی نەریتخوازی کۆن و نەریتخوازی نوێ. هەر ئەم باڵی ئوسوڵی و نەریخوازانە بوون کە پشتگیرییان لە ئیبراهیم ڕەئیسی کرد بۆ سەرۆکایەتی کۆمار.
- جەبهەی پایەداری کە لەسەرۆککۆماری پێشوو مەحمودی ئەحمەدی نەژاد نزیکبوون، ڕابەی فیکریان ئایەتوڵڵا محەممەد تەقی میسباحی یەزدی بوو. لە خولی ئێستا پەرلەمان هەرچەند زۆرینە نیین، بەڵام زیاتر لە ٤٠٪ کورسییەکانیان بە دەستەوەیە. پێناچێت لە هەڵبژادنی ئەمجارە بتوانن زۆرینە بە دەست بهێننەوە. بەشێکی زۆری سەرکردە پەرلەمانییەکانی بە فیلتەری ئەنجوومەنی شارەزایاندا تێپەڕیان نەکردووە. ئەحمەدی نەژاد کاریگەری ڕاستەوخۆی بە سەریانەوە نەماوە، بەڵام وەک کەسایەتییەکی دیار هێشتا بنکەی جەماوەری خۆی لەدەستنەداوە.
- جەبهەی ڕیفۆرمخوازەکان. لە دوای سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانی مەهسا

ئەمینی لە ئێران، بە هۆی بێسەنگی هەڵبژاردنیانەوە دوا بزمار بە تابووتی باڵی ڕیفۆرمخواز لە ئێران کەوت. سەید محەمەدی خاتەمی سەرکردایەتییان دەکات. لە بڵاوکراوەی فەرمی بەرەی ڕیفۆرمخواز بە ئاشکرا ڕایان گەیاندوە کە بۆ هەڵبژاردنی خولی دوانزەی پەرلەمانی ئێران هیچ لیستێکیان نابێت. بە هۆکاری ئەوەی زۆربەی کاندیدەکانیان ڕەتکراونەتەوە و ئیمکانی دروستکردنی لیستییان بە هەردوو ئەنجوومەنی شارەزایان و ئەنجوومەنی شورای ئیسلامیی ئێراندا نابێت. خولی دوانزەی پەرلەمانی ئێران ڕیفۆرمخوازەکانی ئێران دەخاتەوە سوورێکی تری متبوونی سیاسی.

- باڵی میانڕەوەکان. کە خۆیان بە میراتگری کولتووری سیاسی هاشمی ڕەفسەنجانی دەزانن. دکتۆر حەسەنی ڕۆحانی سەرۆککۆماری پێشوو سەرکردایەتییان دەکات. خۆکاندیدکردنی ڕۆحانی بۆ ئەنجوومەنی شارەزایان و ڕەتکردنەوەی لە لایەن ئەنجوومەنی پارێزەرانی دەستوور، هەرەسێکی گەورە بوو بۆ سەرۆککۆماری پێشوو و باڵە سیاسییەکەی. لەم هەڵبژاردنەی ئەم خولەی پەرلەمان حەسەنی ڕۆحانی لە کایەی سیاسی ئێران دەرکرایە دەرەوە. داهاتووی سیاسی ئەو باڵە هاوشێوەی باڵی ڕیفۆرمخواز بەرەو دهاتوویەکی نادیاری سیاسی دەڕوات.

## پەراوێز


١ قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران

2.https://shorturl.at/yHQ49

3.https://shorturl.at/ixyF4

4.https://ensafnews.com/486995/%D9%86%D8%AA%D8%A7%DB%8C%D8%AC-%D9%86%D8%B8%D8%B1%D8%B3%D9%86%D8%AC%DB%8C-%DB%8C%DA%A9-%D9%86%D9%87%D8%A7%D8%AF-%D8%AF%D9%88%D9%84%D8%AA%DB%8C-%D8%A7%D8%B2-%D9%85%DB%8C%D8%B2%D8%A7%D9%86-%D9%85%D8%B4/

5.https://shorturl.at/bxRV3

6.https://www.washingtoninstitute.org/fa/policy-analysis/chrkhh-antkhabat-2024-dr-ayran-aghaz-myshwd

7. https://t.me/ahmadzeidabad/1698


توێژینەوەی وەرگێڕدراو

ئێرانناسی

# سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەمەڕ عێراق و سووریا: گرنگیی ستراتیژیی و هاوسەنگیی هەرێمایەتی

توێژەران: شێرکۆ کرمانج - عەبدوڵڵا کوێخا سادق

وەرگێڕان: پەرۆش محەمەد



## پوختە

ئەم توێژینەوەیە لە ڕۆڵی ئێران دەکۆڵێتەوە لە عێراقی دوای ٢٠٠٣و لە ململانێ بەردەوامەکانی سووریا لە ئێستادا. هەروەها ستراتیژیەتی سیاسیی ئێرانیش بەرامبەر هەردووولاتەکە شی دەکاتەوەو لێی دەکۆڵێتەوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئێران و بەکارهێنانی شەڕی بە وەکالەت لە عێراق و سووریا بۆ دەستنیشانکردنی ئامانجە ستراتیژیەکانی ئێران لەو دوو وڵاتەداو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی. هەروەها هەوڵدەدا کارو کاردانەوەکانی دژبەرە هەرێمییەکانی ئێران وەکو سعودیە و قەتەریش شی بکاتەوە. توێژینەوەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە نزیکایەتی مەزهەبیی ڕژێمەکانی سووریا و عێراق لەگەڵ گرنگیی ستراتیژیی جوگرافیای هەردوو وڵات بۆ بەستنەوەی ئێران بە حیزبوڵڵاوە هۆکاری هەرە سەرەکی تێوەگلانی ئێرانن لە سووریا و عێراق. توێژینەوەکە جەخت لەوەش دەکاتەوە کە عێراق کارتێکی سیاسییە بەدەست ئێرانەوە بەکاری دێنێ بۆ زیادکردنی توانا سیاسییە هەرێمییەکانی بە مەبەستی پاراستنی هاوسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆ گەشتن بەم ئامانجە ئێران دەیەوێت سوپایەکی تەریب لە سووریا و عێراق دا دروست بکات کە هاوشێوەی سوپای پاسدارانی خۆی بێت.

وشە کلیلەکان: ئێران، عێراق، سووریا، سوننە، شیعە، سیاسەتی دەرەوەی ئێران، مەزهەبگەرایی، هاوسەنگی هێزو شەڕی بە وەکالەت.

### بەرایی

لە دوای دروستکردنییەوە لە ١٢٩١ لەلایەن بەریتانیاوە، عێراق لە لایەن کەمینەی عەرەبی سوننیەوە حوکم کراوە، کە لە سەدا ٢٠ی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن. دەسەڵاتی سوننەکان تاوەکو ٢٠٠٣ حوکمی کرد تا ئەو کاتەی کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا حکومەتە سوننیەکەی لە کار خست کە لەلایەن «سەدام حوسێن»ەوە حوکم دەکرا. ئەمەش ڕێگەی بۆ شیعەکان خۆش کرد، کە لە سەدا ٦٠ی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن، بۆ ئەوەی وەکو گرووپی زۆرینە لەوکاتەوە تا ئێستا کۆنترۆڵی حکوم بکەن. دوای

لەکار لابردنی سەدام حوسێن، ئەمریکا هیواکانی لەسەر ئەوە دامەزراندبوو کە لە ڕێگەی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە سیستەمێکی سێکولاری دیموکراتی لە وڵاتەکەدا دابمەزرێنێت. بەڵام ئەو زنجیرە هەڵبژاردنانەی کە تا ئێستا ئەنجامدراون (لە ٥٠٠٢، ٩٠٠٢و ٤١٠٢) هاوکاربوون بۆ خۆتێهەڵقورتاندنی هێزە هەرێمیەکان لە سیاسەتی عێراقدا بەتایبەتی ئێران.١

سووریا وەکو دەوڵەتێکی مۆدێرن لە ٠٢٩١ ، ڕێکساڵێک پێش عێراق لەلایەن فەرەنسای ئیستیعمارەوە، دروستکرا. بەڵام لە ٦٤٩١ دا سەربەخۆیی وەرگرت، چواردە ساڵ دوای ئەوەی عێراق. هەرچۆنێک بێت ساڵانی ناجێگیریی سیاسیی و کودەتای سەربازیی بەردەوام بوو تاوەکو ٠٧٩١ کاتێک حافز ئەسەد، کە سەر بە خێزانێکی شیعەی عەلەوی کەمینە بوو، دەسەڵاتی لەڕێگەی کودەتایەکی سیاسی ترەوە گرتە دەست. عەلەوییەکان لە سەدا ٤١ی دانیشتوانی سووریا پێکدەهێنن. لە ٢٨٩١ سوپا و هێزە ئەمنیەکانی ئەسەد یاخیبوونێکی سوننەکانی شاری حەمایان دامرکاندەوە کە تێیدا دەیان هەزار مەدەنییان کوشت. لە ٠٠٠٢ دا، حافز ئەسەد مرد و کوڕەکەی، بەشار ئەسەد، جێگەی گرتەوە.

لەو کاتەوەی ئەمریکا ڕژێمەکەی سەدام حسێنی لە ٣٠٠٢ ڕووخاند بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری لە عێراق ناجێگیر بووە، لە پەیوەندی بە سووریاش، لەگەڵ دەسپێکی خۆپیشاندانەکان لە ١١٠٢ ەوە لە دژی ڕژێمەکەی ئەسەد دۆخەکە ناجێگیرە. داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە بووە بە هۆکاری ئاڵۆزبوونی دۆخەکە، وەک توندوتیژیی مەزهەبیی، دارمانی ئەمنی، گەشەکردنی گرووپە ڕادیکاڵ و توندڕەوەکانی وەک ئەلقاعیدە لە عێراق (کە دواتر بوو بە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا، داعش). لە نیوەی ٤١٠٢ دا داعش ناوچەیەکی بەرفراوانی لە عێراق و سووریا کۆنترۆڵ کرد، ئەمەش داعشی کردبوو بە گەورەترین ڕێخراوی تیرۆرستی لە جیهاندا. لە قۆناغێکدا داعش بەوەوە دەنازی کە ناوچەیەکی فراوانی لە عێراق و سووریا کۆنترۆڵ کردووە و چەندان سەرچاوەی گەورەی داهاتی هەیە، لەوانە بیری نەوت لەو هەرێمانەی بەڕێوەی ئەبرد. دوای کۆنترۆڵکردنی هەرێمێکی جوگرافیی فراوان داعش دەوڵەت/خەلافەتێکی دامەزراند کە لە باکووری سووریاوە دەستی پێدەکرد تاوەکو ناوچەکانی ڕۆژاوای عێراق و ناوی لێنابوو دەوڵەتی ئیسلامی. هەرچەندە دوای سێ ساڵ، داعش زۆربەی ئەو ناوچانەی لەدەستدا کە لە ٤١٠٢ ـەوە کۆنترۆڵی کردبوو. دوای داعش ئەو ناوچانە کەوتنە دەست سوپای عێراق و هێزە کوردیەکان لە عێراق و هێزەکانی حکومەتی سووریاو هێزەکانی سووریای دیموکرات

لە سووریا.

شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران ڕژێمی شای ڕووخاند کە دۆست و هاوپەیمانێکی نزیکی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بوو لە ناوچەکە، لەجێی ئەوە کۆماری ئیسلامیی ئێرانی دامەزراند کە پێچەوانەی ڕژێمەکەی پێشوو بوو بە دژی ئەمریکاییەکان. لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی لە ئێران پەیوەندیەکان لەگەڵ عێراق تێکچوون. لە ئەیلوولی ١٩٨٠ عێراق جەنگێکی لە دژی ئێران ڕاگەیاند کە هەشت ساڵی خایاند. لە ماوەی ئەم جەنگەدا حافز ئەسەدی سووریا پشتی ئێرانی گرت؛ ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ هاوپەیمانیەکی ستراتیژی دوورمەودا لەنێوان هەردوو دەوڵەتەکەدا.

لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، ئێران هاوکاری پێشکەشی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی (مەجلیسی ئەعلا) لە عێراق دەکرد، کە لە ٢٠٠٧ ناوەکەی کرا بە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی لە عێراق (لێرە بەدواوە، مەجلسی ئەعلا، کە گرووپێکی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بوو لە ئێران دامەزرابوو). ئێران ڕاهێنانیشی بە جەنگاوەرەکانی ڕێکخراوی بەدر دەکردو چەکی پێدەدان، کە باڵی سەربازیی مەجلیسی ئەعلا بوو، بۆ ئەوەی شەڕی عێراق بکەن. ڕێکخراوی بەدر کۆڵەکەیەکی سەرەکی هێزەکانی حەشدی شەعبیە کە بەمدواییە دامەزرا ئەویش کاتێک کە سوپای عێراق لە موسڵ لە ٢٠١٤ دا ڕووخا.[2] زیاد لەوەش، ئێران هاوکاریی و هەماهەنگی حیزبی دەعوەی ئیسلامیشی دەکرد کە گرووپێکی ئۆپۆزسیۆنی تری شیعیەو حیزبی حاکمە لە عێراق لە ٢٠٠٦ ەوە تا ئێستا.[3] لە دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییەوە، دەکرێت ئەوە وەک هۆکارێکی تێوەگلانی ئێران لە کاروباری عێراقدا ببینرێت. لەگەڵ داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە و لەدوای ڕاپەڕینەکانی سووریا، ئێران تابێت زیاتر ڕۆدەچێتە کاروباری سیاسیی ئەو دوو وڵاتە. لەگەڵ تێوەگلانی ئێراندا، هێزی تری هەرێمی و نێودەوڵەتی کاریگەریان هەبووە لەسەر ئاڵۆزییەکانی ئەو دوو وڵاتە بەڵام هیچیان بە قەد ئێران کاریگەریان نەبووە. ئامانجی سەرەکی ئەم نوسینە گفتوگۆکردنە لەسەر پرسەکانی پەیوەندیدار بە دەستێوەردانی ئێران و هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لە عێراق و سووریادا.

ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی سووریا کە لە ٢٠١١ دەستی پێکرد هەرزوو بووبە ئاڵۆزی فراوان، بەتایبەتی دوای تێوەگلانی هێزگەلی دەوڵەتی و نادەوڵەتی. کاتێک نارەزاییەکان لە سووریا دەستی پێکرد ئێران بە «پیلانێکی ئیسرائیلی-ئەمریکی بۆ ڕووخاندنی ئەسەد»

وەسفی کرد. بەهۆکاری ئەو هاوپەیمانیە بەهێزەی نێوان هەردوو وڵات یارمەتیدانی سووریا بووبە کۆڵەگەیەکی سەرەکی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بۆ پاراستنی ڕژێمەکەی ئەسەد، پەیداکردن و سەپاندنی کاریگەریی هەرێمیی، هەروەها بۆ پاراستنی ئەمنیەتی خۆی. ململانێ بەردەوامەکانی عێراق و سووریا بەهۆی ڕۆڵ و تێوەگلانی زلهێزی وەکو ئەمریکا و ڕوسیا، وڵاتانی دراوسێ وەکو سعودیە، تورکیا و قەتەر زیاتر ئاڵۆز بووە. زیاد لەوەش تێوەگلانی هێزگەل و ڕێکخراوی نادەوڵەتی وەکو بەرەی نوسرە (لقی سووریای ئەلقاعیدە لە ٢٠١٧ ناوەکەی خۆی گۆڕی بۆ هەیدەت تەحریر ئەلشام)؛ داعش؛ حیزبوڵڵای شیعەی توندڕەوی لوبنان لەگەڵ پەیەدەی کوردی، هەموویان بەسەریەکەوە تەنگژەی سووریایان گەورەتر و ئاڵۆزتر کرد. لەگەڵ ئەم چەقبەستوویە سیاسیە ئاڵۆزەی عێراق و سووریا، کە بەهۆکاری هەندێ دەوڵەتی «خەمخۆر» خراپتر بووە، پێویست دەکات کە پێشهاتە نوێکان لە هەردوو وڵاتدا بە وریاییەکی زۆرەوە چاوی لێ بکرێت، بە شێوەیەک کە ئێران وەکو یاریکەرێکی بەهێزی هەرێمی تەماشا بکرێت کە پێشتر توێژەران بەو ڕەنگە دەستنیشانیان نەکردووە و لێییان نەکۆڵیوەتەوە.

### شەڕی بە وەکالەت لە سیاقی عێراق و سووریا دا

بەر لەوەی لە خۆتێهەڵقورتاندنی ئێران و بکەرەکانی تر لە کاروباری عێراق و سووریا دا بکۆڵینەوە گرنگە کە زاراوەی ‹شەڕی بەوەکالەت» پێناسە بکەین. سەرەتا، مرۆڤ تا ئەندازەیەک بە دڵنیاییەوە دەتوانێ بڵێت کە سەرەڕای گرنگیی لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا، بە تایبەتی لە ماوەی جەنگی سارددا (١٩٤٥-١٩٩١)، شەڕی بەوەکالەت بە ئەندازەی پێویست توێژینەوەی لەبارەوە نەکراوە. مەمفرد پێیوایە کە «ململانێی بەوەکالەت ڕەنگدانەوەی هێڵێکی دێرینە لە مێژووی جەنگدا». «شەڕ بە هەرزانی» ، شەڕی بە وەکالەت، بە درێژایی سەدەکان تەلیسمێکی ستراتیژیی هەبووە کە دەوڵەتەکان نەیانتوانیوە خۆیان بگرن و پەنای بۆ نەبەن.»٥ مەمفرد شەڕی بەوەکالەت ئاوا پێناسە دەکات کە «دەرگیربوونێکی ناڕاستەوخۆی لایەنێکە [دەوڵەتێکە] لەڕێگەی لایەنی سێیەمەوە لە ململانێیەکدا کە لایەنەکە دەخوازێت کاریگەریی لەسەر دەرئەنجامە ستراتیژییەکانیدا هەبێت.» پاشماوەکانی شەڕی دووەمی جیهانی لەگەڵ کاریگەریان لەسەر جەنگی سارد نیشانی دەدات کە تێوەگلان لە شەڕی بەوەکالەتدا ڕێگەیەکە کە لەمیانیدا زلهێزەکان تواناو هێزی خۆیان لەسەر وڵاتانی جیهانی سێیەم بەکاردێنن و لە یەککاتدا هەم

بەرژەوەندی زلهێزەکان زیاتر دەکات هەم ئەگەری ڕوودانی ململانێی ڕاستەوخۆ و فراوان کەمتر دەکاتەوە. هەرچەندە کۆتایی جەنگی سارد دوایهێنا بە سیستەمی دووجەمسەری جیهانیی و سیستەمێکی نوێی ڕێکخستنی جیهانی هێنایە کایەوە، بەڵام شەڕی بەوەکالەت وەک خۆی مایەوە و وەک فاکتەرێک لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا کەڵکی لێوەردەگیردرا. سەردەمی تەکنەلۆژیای زانیاریی و فراوانبوونی جیهانگیریی لەدوای جەنگی سارد وایکرد دەکتەرە نادەوڵەتییەکان ڕۆڵی گەورەتر ببینن لە پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکاندا. ئەمە بە سادەیی بەو مانایە دێت کە ئەوە چیتر تەنیا زلهێز و هێزە هەرێمیەکان نین، کە بتوانن کاریگەر بن لە شەڕی بە وەکالەت چونکە لە ئێستادا دەکتەرە نادەوڵەتییەکان بەردەوام وەک بکەرێکی هەرزان و ڕێگەیەکی بەسوود دەردەکەون بۆ کەمکردنەوەی مەترسی ململانێ و تێوەگلانی ڕاستەوخۆی زلهێزەکان.٦

هۆکاری پشت ئەوەی کە حکومەتێک پەنا بباتە بەر بژاردەی شەڕی بەوەکالەت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دژبەرەکەیدا زۆرن. یەکەم، شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی دەوڵەتان لەبری شەڕی بەوەکالەت ڕەنگە وەکو کردەیەکی «بێ پاساو»، «گرانبەها»، «نایاسایی»، یان «نەکردە» دەربکەوێت. دووەم، «شەڕی بەوەکالەت» لە سیاقە نێودەوڵەتییەکەدا بەراورد بە «شەڕی ڕاستەقینە»٧ کەمتر نەرێنیە. لە سەروو ئەمانەوە، دوو هۆکاری تر هەیە کە ئێران شەڕی بەوەکالەت بەکاردێنێت: یەکەم، ئێران ئاگاداری ئەوەیە کە بەراورد بە دژبەرەکانی توانا سەربازییەکانی لاوازە بە تایبەتی لە ئاستی ئەمریکا و ئیسرائیل دا. دووەم، ئێران پەیوەندییەکانی لەگەڵ وەکیلەکانی بەکاردێنێت بۆ ئەوەی وردەوردە زیاتر ڕۆبچێتە ناو دامودەزگاکانی حکومەت لە عێراق و سووریا دا، دامەزراوە فەرمییەکان بێهێز و وەکیلەکانی بەهێز بکات.٨

کۆمەڵێک فاکتەر و ڕووداوی بە خەسڵەت مەزهەبیی لە پشت شەڕی بەوەکالەتن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. چەندین قۆناغی گرنگ هەیە لە سەدەی بیستدا کە وایان کرد مەزهەبگەرایی سەرهەڵداتەوە و بەردەوام بن. یەکەم، دامەزراندنی شانشینی عەرەبستانی سعودیە بوو لە ١٩٣٢ کە هەر زوو تەبەنی فیکری وەهابیەتی کرد؛ وەهابیەت فۆرمێکی ئیسلامی سوننەیە لە سەدەی هەژدە لەلایەن «محەمەد عەبدولوەهاب»ەوە بنەماکانی دارێژرا کە دووەم گەورە مەزهەبی ئیسلامی، واتە شیعەی، وەکو بیدعە و کوفر ناساند.٩ دووەم هۆکار، شەڕی پانزە ساڵەی ناوخۆیی لوبنان بوو، کە لە ١٩٧٥ دەستی

پێکردو تێیدا سوننەو شیعە لە ناوچەی جیاوازی وڵاتەکەدا شەڕی یەکدیان دەکرد. سێیەم قۆناغ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو لە ٩٧٩١ کە بارگاویی بوو بە فیکری شیعەگەراییەوە، کە بەشێوەیەکی گشتی دژی بانگەشەی سوننە دەوەستایەوە لەپەیوەندی بە پرس و پرۆسەی شوێنگرتنەوەی پێغەمبەری مسوڵمانان. لەمانە مەترسیدارتر ئەوە بوو کە ڕژێمە نوێکەی ئێران هەناردەکردنی شۆڕشە ئیسلامییەکەی بۆ وڵاتە مسوڵمانەکانی تر وەک ئەرکێکی سەرەکی سەر شانی خۆی دەبینی. چوارەم، شەڕی هەشت ساڵەی عێراق-ئێران بوو، کە لایەکیان نوخبەیەکی سیاسی سوننی و لایەکەی تر دامودەزگای ویلایەتی فەقیهی شیعە، کە شێوازێکی بەڕێوەبردنی ئیسلامییە، بەڕێوەی دەبرد. پێنجەم ڕووداو دامەزراندنی دوو حیزبی ئیسلامی شیعیی بوون: حیزبی دەعوەی ئیسلامیی لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو و مەجلیسی ئەعلا لە ٢٨٩١ لە باشوری عێراق، کە زۆرینەی دانیشتوانی شیعەی عێراقی تێدا دەژی. شەشەم، داپڵۆسینی دڕندانەی ڕاپەڕینی شیعەکانی عێراق بوو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە ١٩٩١ کە تێیدا دەیان هەزار هاووڵاتی شیعە کوژرا و مەزارگا پیرۆزەکانی نەجەف و کەربەلاش بۆمباران کران. حەوتەم، لابردنی ڕژێمی سەدام حوسێن بوو لە ٣٠٠٢، کە بە هۆیەوە سوننە کۆنترۆڵی دەوڵەتی عێراقیان لەدەستچوو. هەرزوو دوای ئەمە توندوتیژی مەزهەبی تەقیەوە کە پەراوێزخستنی سوننە هۆکارێکی بوو؛ هۆکارێکی تریش ڕەتکردنەوەی سوننەکان بوو بۆ ئەو واقیعە تازە سەپاوە لە عێراق کە زاڵێتی شیعەی لەخۆنیشان دەدا. هەشتەم ڕووداو ڕاپەڕینەکانی سووریا بوو کە لە ڕووکاردا بۆ ئازادیی و دادپەروەریی بوو، بەڵام هەرزوو سەری کێشا بۆ توندوتیژی مەزهەبی، بەتایبەتیش کاتێک گرووپە ڕادیکاڵە سوننییەکانی وەک بەرەی نوسرە و داعش دەستیان گرت بەسەر ئۆپۆزسیۆنە چەکدارییەکاندا. هەموو ئەم هۆکار و پێشهات و ڕووداوانە دوژمنایەتیی نێوان سوننەو شیعەیان لە عێراق و سووریا دا خراپتر و زەقتر کردو هاوکاربوون بۆ دەستێوەردانی هێزە هەرێمی و دەکتەرە نادەوڵەتیەکان لە ململانێکانی ناو هەردوو وڵاتدا. بە تایبەتی، ئەم ڕووداوانە بواریان دا بە ئێران شەڕی بەوەکالەت وەکو ئامرازێک بەکاربێنێت بۆ کۆنترۆڵکردنی عێراقی دوای شەڕ و ئاڕاستەکردنی پەرەسەندنە سیاسییەکانی سووریا لە دوای ڕاپەڕین و ململانێکانی ئەو وڵاتە.

## دەستێوەردانی ئێران لە عێراق

کار و کردەوەکانی ئێران لە عێراقی دوای-جەنگ دەکرێ لە سیاقێکی فراوانتری ستراتیژیەتی ئەو وڵاتەدا بۆ ناوچەکە تەماشا بکرێت کە مەبەست لێی دابینکردن و مانەوەی پێگەی خۆیەتی. داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە ٣٠٠٢، دواتریش، گۆڕینی ڕژێم لە عێراق دەرگایەکی کردەوە بۆ ئێران کە لێیەوە بە ئاسانی بچێتە ژوورەوە و تێوەگلێ لە کاروباری ناوخۆی عێراق. شیعەکانی عێراق، ئەو زۆرینەیەی کە ساڵانێک بوو داپڵۆسێنرابوون، بە ڕووخانی ڕژێم، خۆیان لە پێگەیەکی تەواو جیاوازتردا بینیەوە زۆر بەرزتر لەوەی کە پێشتر ئەزموونیان کردبوو لە سەردەمی حوکمڕانی ستەمکارانەی سەدامدا.٠١ لە دەرئەنجامدا شیعەکانی عێراق مافی زیاتر، ئاستی زیاتری بەشداری سیاسیی و لە هەمووشی گرنگتر کۆتایی پەراوێزخستنی ئابووریی و کۆمەڵایەتییان دەویست. ئێران وەکو وڵاتێکی زۆرینە شیعە ئەم دەسەڵاتە نوێیەی شیعەکانی عێراقی بەکارهێنا بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی هێز و کەمکردنەوەی کاریگەریی ئەمریکا و سعودیە لە وڵاتەکەدا.١١ هاوکات، ئێران کەڵکی لەو پەیوەندییە مێژووییەی لەگەڵ گرووپە شیعەکاندا کە پێشتر بارەگایان لە ئێراندا هەبوو، وەرگرت، ئەوانیش، وەک ئاماژەی پێکرا، حیزبی دەعوە و مەجلیسی ئەعلا بوون. ئەمە جگەلەوەی پەیوەندی دروست کرد لەگەڵ ئەو بزوتنەوە نوێیانەی تازە دروست ببوون وەکو بزوتنەوەی موقتەدا سەدر و میلیشیاکانی تری وەکو عەسایبی ئەهلی حەق.٢١ ئەم پەیوەندییە و دۆستانەییانە پێگەیەکیان بۆ ئێران دروستکرد کە لەوێوە کاریگەریی لەسەر سیاسەت لە عێراق دا هەبێت.

لە ساڵانی داگیرکاریی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، لە نێوان ٣٠٠٢ بۆ ١١٠٢، ئێران جۆرەها میلیشیا و گرووپی شیعی دروست و پارەدار کرد. هاوکات، هاوکاری دەکردن و ئاڕاستەی دەکردن لەناو هێزە سیاسیە شیعیەکاندا تاوەکو هێرش بکەنە سەر هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە عێراق دا. لە هەمانکاتدا، ئێران پشتی ئەو حکومەتە شیعیەی دەگرت کە لە بەغدا دەسەڵات بەدەست بوو.٣١ بەپێی ڕاپۆرتەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان تاوەکو نیوەی ساڵی ٧٠٠٢ ، ئەو میلیشیایانەی ئێران هاوکاری دەکردن، بەرپرسبوون لە ئەنجامدانی نیوەی ئەو هێرشانەی دەکرانە سەر هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان.٤١ لە ٣٠٠٢ وە، میلیشیا شیعیەکان، لەوانە: سوپای مەهدی

(لە ٤١٠٢ ناوەکەی گۆڕا بۆ سەرایای سەلام) و عەسایب ئەهلی حەق لەلایەن سوپای قودسی پاسداران (ئەم یەکەیەی سوپای پاسداران بەرپرسە لە ئۆپەراسیۆنە نهێنیەکان لە دەرەوەی ئێران) و حیزبوڵڵاوە ڕادەهێنران و ڕێکدەخران. ئەم بانگەشانە بنەمای لەسەر ئەو شوێنپەنجە و شوێنەوارانە داناوە کە بەو چەکە ئێرانیانەوە بوون کە دژی هێزەکانی هاوپەیمانان لەلایەن میلیشیاکانەوە بەکارهاتبوون. ئەفسەرانی سەربازی ئەمریکا لە عێراق دەڵێن، ئێران بە بەهای نزیک لە ٣ ملیۆن دۆلار چەکی لە چەشنی سەکۆی ڕۆکێت و نارنجۆک داوە بە میلیشیا شیعیەکان لە عێراق.٥١ ئامانجی سەرەکی ئێران لەمەدا سەرلێشێواندن و هەراسانکردنی هێزەکانی ئەمریکا بووە بۆ ئەوەی فشاریان لێ بکات عێراق بەجێبهێڵن. بە کورتی ئامانجی ئێران لێدان بووە لە بەرژەوەندی و ئامانج و سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بە گشتی و لە عێراق بە تایبەتی. کەواتە مادام ئێران هێندە بوێر بێت گرفت بۆ ئامانج و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بکات، ئەوا دەبێت لەلایەن هەموو هێز و لایەنەکانی ناوچەکە بە هەند وەربگیرێت.

لە دوای ئەوەی پارێزگا سوننیەکانی عێراق کەوتنە دەست داعش، تێوەگلانی ئێران لە عێراق و پاڵپشتیەکانی بۆ حکومەتە شیعیەکەی و میلیشیا شیعیەکان بەرفراوانتر بوون و زیاتر دەرکەوتن. ئێران ئەوەی پێی کرا کردی بۆ ئەوەی عێراق و حکومەتە شیعیە-باڵادەستەکەی لە ڕووخان ڕزگار بکات. ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە «ڕاوێژکارە سەربازیيە ئێرانییەکان لە مەیدانی جەنگدا ئامادەن و کاریگەریی زۆریان لە یارمەتیدانی عێراقییەکاندا لە دژی داعش هەیە».٦١ سەرچاوە ئێرانییەکان ئەوەیان پشتڕاستکردۆتەوە کە ئێران ڕاستەوخۆ لە شەڕدایە دژی داعش و ڕاوێژکارێکی باڵای سوپای پاسدارانی ئێران لە مەیدانی جەنگدا لە شاری سامەڕا لە باکووری بەغداد کوژراوە.٧١ سەرکردەی باڵای سەربازیی ئێران، قاسم سلێمانی، کە بەرپرسی فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران بوو لە سەروبەندی کەوتنی موسڵ لە ٤١٠٢ بە بەردەوامی هەر لە عێراقدا کارا بوو.٨١ لە پشت پەردەوە سلێمانی و ئەو ٠٨ هەزار میلیشیایەی لە ژێر فەرمانیدا بوون ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا لە ڕزگارکردنی موسڵ و ناوچەکانی تر لە داعش، ئەمەش تێوەگلانی ئێران لە کاروباری عێراقدا بە زەقی دەردەخات.

## ستراتیژیەتی ئێران لە عێراق

سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە هەمبەر عێراق لە دەیەی ڕابردوودا دوو دیوی هەبووە: دژە-ئەمریکاو ڕوو لە شیعە. لە داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە, لە ٢٠٠٣ بۆ ٢٠١١، واتە تا ئەو کاتەی ئەمریکا هێزە سەربازیەکانی لە عێراق کشاندەوە، ئێران سیاسەتە دژە ئەمریکاییەکەی لە ڕێگەی پلانێکی تاکتیکیەوە جێبەجێ دەکرد کە پێکهاتبوو لە هێرشکردنە سەر و زیانگەیاندن بە هەموو شێوەیەک بە هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لەڕێگەی میلیشیا شیعیەکانەوە. ئامانجەکانی ئێران، یەکەم، لەنزیک مەودادا ئەوەبوو کە ناسەقامگیریی دروست بکات تاوەکو ڕێگری بکرێت لەوەی ئەمریکا بە ئامانجە ستراتیژیەکانی بگات لە عێراق. دووەم، لەدوورمەدادا، تاوەکو ڕێگری بکات لەوەی ئەمریکا شوێن پێی خۆی لە عێراق قایم بکات یان بنکەی سەربازیی دابنێت. بە مانایەکی تر مەبەستەکە ئەوە بوو کە ڕێکەوتننامەی ستراتیژی نێوان ئەمریکا و عێراق کاریگەریی نەبێت، بگرە ئەمریکا لە وڵاتەکەدا لاواز بکات نەک بەهێز.٢٠ ئامانجی سێیەم ئەوەبوو کە ئەمریکا دوورخاتەوە لەوەی کە بیر لە هێرشی سەربازیی بۆ سەر ئێران بکاتەوە، بەتایبەتی ئەگەر لە داهاتوودا گفتوگۆی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران شکست بێنێت یاخوود وازی لێبهێنرێت ڕێک وەک ئەوەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، کردی (٢٠١٧-٢٠٢١). ئامانجی چوارەم گرفت دروستکردن بووە بۆ بەهێزبوونی هەر هێزێکی سونی لە عێراق کە ڕەنگە مەترسیەکی دوورمەودا بۆ سیستەمە دینی و سیاسییەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران دروست بکات. ئامانجی پێنجەم و کۆتا دڵنیابوونەوە بوو لەوەی کە عێراق جارێکی دیکە نەبێتەوە بە مەترسی سەربازیی لەسەر ئێران، ئەڵبەت دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت کە عێراق لە هەشتاکاندا هێرشی کردە سەر ئێران و لە کۆتایی جەنگەکەشدا سوپای عێراق تا ئەندازەیەک سەرکەوتوو بوو.

ستراتیژیەتی دووەمی ئێران لەمەڕ عێراق بەو مەبەستە دانراوە کە هێزە شیعیەکان پڕتوانا و بەهێزو پڕچەک بکرێن، بەتایبەتی لە کۆنترۆڵکردنی دامەزراوە حکومییەکان و دامودەزگا ئەمنییەکان. بۆ گەشتن بەم ئامانجە ئێران نەک هەر یارمەتی حکومەتە هەڵبژێردراوە زۆرینە شیعەکانی داوە، بەڵکو دەستێوەردانیشی کردووە لە دروستکردن و ئاراستەکردنی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لە ٢٠٠٣ەوە تا ئێستا. ئێران پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرکردە سیاسییە شیعیەکاندا بە چاکی بەکارهێناوە بۆ فراوانکردنی کاریگەرییەکانی

لەسەر ئاراستە سیاسییەکانی عێراق و ئەو دیوی عێراقیش. ئێران کە خۆی وڵاتێکە شیعە تێیدا زاڵە، هەم لە ڕووی دانیشتوان هەم لە ڕووی سیاسیەوە لەو باوەڕەدایە کە تەنیا کاتێک بە ئامانجە ستراتیژیەکانی دەگات ئەگەر هاتوو هاوپەیمانە شیعەکانی کۆنترۆڵی دەسەڵات و دامەزراوەکانی عێراق بکەن. ئیدی لەو ڕێگەیەوە، ئێران دەتوانێت دەسەڵاتی خۆی لە عێراق دا بسەپێنێت، باڵادەستی خۆی فراوان بکات و بیگەیەنێتە سووریا و لوبنان.٢٢ بەمشێوەیە ستراتیژیەتی ئێران لە عێراق لەسەر سێ کۆڵەکە وەستاوە، ئەوانیش یارمەتیدانی حکومەتە زۆرینە شیعەکەیە، لەگەڵ کۆمەکی میلیشیا شیعەکان، لەپاڵ ئەمانەش دروستکردنی کۆمەڵێک تۆڕی وەکیل و هاریکار.

عێراق زۆر گرنگە بۆ ئێران چونکە دەروازەی گەیشتنی ئێرانە بە سووریا، کە هاوپەیمانێکی تری ئێرانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەوێشەوە ئێران دەتوانێ دەستی کۆمەک و یارمەتی بگەیەنێت بە حیزبوڵڵا. لە ڕێگەی کاریگەرییەکانیەوە لەسەر حکومەتی عێراق، ئێران دەیەوێت ئەو هاوسەنگی هێزە بپارێزێت لە ئاکامی ڕووخانی سەدام حوسێن بەدەستیهێناوە کە بوو بە هۆی پوکانەوەی سیاسیانەی سوننەکان و هەستانەوەی شیعەکان. ئەم هەستانەوەیەی شیعە وای کردووە زۆربەی سیاسی و چاودێرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەن بەو باوەڕەی کە هیلالێکی شیعی دروستبووە کە لە ڕۆژهەڵاتەوە لە ئێران دەستپێدەکات و بە عێراق و سووریا دا تێدەپەڕێت بەرەو باشووری لوبنان، کە ناوچەی باڵادەستیی حیزبوڵڵایە.٣٢ سەرەڕای بەرژەوەندی سیاسی و ئەمنی، ئێران بەرژەوەندی ئابووری زۆر گرنگیشی لە عێراقدا هەیە. «ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان ئێران و عێراق گەیشتووە بە ٢١ بلیۆن دۆلار» لە ٣١٠٢ و ئەگەری ئەوەش هەیە «ئەو بڕە بگاتە دوو ئەوەندە» لە ٤٢.٤١٠٢ لە ٧١٠٢ دا، ئێران ڕۆژانە ٨ ملیۆن مەتر سێجا گاز بۆ عێراق دەنێرێت.٥٢ ئەو گەمارۆ ئابووریە نێودەوڵەتیانەی خراونەتە سەر ئێران وایکردووە عێراق ببێ بە هاوبەشێکی بازرگانی گرنگ بۆ ئێران. ئێران دەیەوێت عێراق وەکو بازاڕێک بۆ شمەکەکانی بەکاربێنێت، هاوکات لەڕێگەی عێراقیشەوە ئەو کەرەستەو ئامێرانەی دەستبکەوێت کە گەمارۆیان خراوەتە سەر.

هۆکارێکی تر لە پشت ڕۆڵگێڕانی ئێران لە عێراقدا ئەوەیە کە لە سەردەمی جەنگی عێراق-ئێران، عێراق ببووە مۆڵگەی چەندان هێزی نەیاری ئێران، بۆ نموونە موجاهیدینی خەلقی ئێران. لە کاتی ڕووخانی ڕژێمەکەی سەدام حوسێن دا موجاهیدین نزیکەی

٣٤٠٠ چەکداری هەبوو کە لە نزیک سنوری ئێران دانرابوون لە کامپی ئەشرەف. ئێران هەوڵیداوە ئەم گرووپە لەلایەن عێراقەوە کۆتایی پێبهێنرێت و گەر بکرێت ئەندامەکانی تەسلیمی ئێران بکرێن. کاتێک کامپەکە لەژێر سەرپەرشتی هێزەکانی ئەمریکادا بوو تا ٢٠٠٩، داواکاری لەوجۆرە ڕەتدەکرانەوە. بەڵام لە سەردەمی حکومەتەکەی مالکی کە شیعە تێیدا باڵادەست بوون، ئیدی گرووپەکەیان ناچار کرد عێراق جێبهێڵێت.٢٦ فشارەکانی ئێران بوو بەهۆی ئەوەی چەند هێرشێک بکرێتە سەر کامپەکە لەلایەن هێزە عێراقیەکانەوە کە هێرشێکیان لە ٢٠٠٩ و ئەویتر لە ٢٠١١ ڕوویداو تێیدا سەدان ئەندامی موجاهیدین کوژران یان بریندار کران. لەژێر فشاردا ئەندامەکانی ڕێخراوەکە لە کۆتاییدا دەستیان کرد بە چۆڵکردنی کامپەکە و زۆرینەیان ڕوویان لە ئەورووپا کرد.٢٧ ئەمە ئەو ئامانجەیە کە ئێران لە ڕێی هاوپەیمانە شیعەکانیەوە دەیویست پێی بگات و پێی گەیشت. ئەم دەسکەوتە ستراتیژیانە ئەو تێزەی ئەم توێژینەوە دەسەلمێنێت کە ئێران هێزێکی هەرێمییە و ڕۆڵێکی کاریگەر لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگێڕێت، وەک شەڕکردن دژی داعش و دەستێوەردان لە کاروباری عێراق و سووریا و یەمەن.

کاتێک داعش ڕووبەرێکی زۆری لە خاکی عێراق داگیرکرد و هەڕەشەی لە بەغدا کرد، حەسەن ڕۆحانی، سەرۆکی ئێران، ڕایگەیاند کە ئێران ئەوەی لەدەستی بێت دەیکات بۆ ئەوەی شوێنە پیرۆزەکانی شیعە لە هەڕەشەکانی داعش بپارێزێت. ڕۆحانی ناوی شوێنە پیرۆزەکانی وەک کەربەلا، نەجەف، کازمیە و سامەڕای هێناو پاشان وشیاریدا بە «زلهێزەکان و خزمەتکارەکانیان لەگەڵ تیرۆریستەکان» کە ئێران «هەموو شتێک دەکات بۆ پاراستنی ئەو شوێنانە».٢٨ هەرزوو دوای داگیرکارییەکانی داعش، ئێران قاسم سلێمانی فەرمانددەی سوپای قودسی نارد بۆ عێراق بۆ هاوکاری حکومەتەکەی لە دژی داعش.٢٩ ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە پێشەوە ئەوەیە: داخۆ عێراق بۆچی ئەوەندە گرنگە بۆ ئێران؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە مرۆڤ دەبێ هەڵسەنگاندن بۆ پێگەی جوگرافی و سیاسی عێراق بۆ ئێران بکات لەگەڵ وردبوونەوە لە دابەشبوونی دیموگرافی دانیشتوانی عێراق. یەکەم، زۆرینەی دانیشتوانی عێراق ڕێک وەک ئێران مسوڵمانی شیعەن. هەروەها عێراق شوێنی زۆر لە مەزارگە پیرۆزەکانی شیعەی تێدایە، لەوانە: ئیمام عەلی لە نەجەف، ئیمام حوسێن لە کەربەلا، ئیمام کازم لە بەغدا، ئیمام هادی و ئیمام عەسکەری لە سامەڕا. ئەم شوێنانە بۆ هەموو شیعەی جیهان گرنگن، بەڵام بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەم شوێنانە

دڵی مێژووی شیعەن. لەوەش زیاتر، ئێران سنوورێکی هاوبەش بە عێراق دەبەستێتەوە کە درێژییەکەی ١٤٥٨ کیلۆمەترە. لە حوزەیرانی ٢٠١٤ داعش شاری جەلەولای داگیرکرد کە تەنها ٢٥ کیلۆمەتر لە سنوری ئێرانەوە دوورە. ئێران وەڵامی ئەم هەڕەشەیەی داعشی بەوە دایەوە کە هاوکاری عێراق و سوپا لاوازەکەی زیاتر کرد بۆ ڕێگریکردن لەوەی کە داعش ببێتە هەڕەشەیەک لەسەر ئاسایشی ئێران. بێجگە لەمانە، ئێران دەیەوێت یەکپارچەیی خاکی عێراق بپارێزێت. ئێران لە هەڵوەشانەوەی عێراق زۆر دەترسێت چونکە دانیشتوانی ئێرانیش وەک عێراق دابەشی چەندین گرووپی نەتەوەیی و مەزهەبیین. ئێران زیاتر لەوە دەترسێت ئەگەر داعش یان هەر گرووپێکی دیکەی سونی-قەومی نەوەستێنرێن ئەوە حکومەتە شیعیەکەی عێراق بە یەکێکی سوننە جێگەی پڕدەکرێتەوە. لەپاڵ ئەمانەش، ئێران هەوڵی جددیش ئەدات ئەو هەوڵانە شکست پێبێنێت کە لەلایەن عێراقییەکان و ئەمریکیەکانەوە دەدرێن بۆ دروستکردنی سوپایەکی پرۆفێشناڵی نامەزهەبی بۆ عێراق. ئێران ئامانجی ئەوەیە کە هێزێکی سەربازی هاوتەریب بە سوپای عێراق هاوشێوەی سوپای پاسدارانی ئێران لەو میلیشیایانەی کە دامەزراون بنیادبنێت. بەمشێوەیەش زاڵبوون بەسەر کاروباری ناوخۆی عێراق و دەستگرتن بەسەر ئاراستەکانی ئەو وڵاتەدا ئاسانتر دەبێت بۆ ئێران.

لە تشرینی دووەمی ٢٠١٦ ئەنجومەنی یاسادانانی عێراق پێگەی حەشدی شەعبیان بەیاسایی کرد، بەوەی کە بە فەرمی تێکەڵ، یان کران بە بەشێک لە سوپای عێراق، بەڵام بەشێکی سەربەخۆ. لەم ساتەدا دەبێت چاوەڕێ بین و ببینین داخۆ سەرۆک وەزیران وەک فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکان چەندێک دەسەڵاتی بەسەر یەکەکانی حەشدی شەعبی دا دەبێت. لەوانەش گرنگتر، ڕاستە ئێران بە نیگەرانییەوە لە سەرهەڵدانی داعشی دەڕوانی بەڵام داعش ئەو دەرفەتەی ڕەخساند بۆ ئێران کە نیشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدات کە ئەو هێزێکی گرنگە لە ناوچەکە و دەبێ وەک ئەوە دانی پێدابنرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. لە گۆشەنیگای ئێرانەوە بەشداری ئەو لە ڕێگریکردن و تێکشکاندنی داعشدا پێگەی ئێران بەهێزتر دەکات لە دانوستانە ئەتۆمیەکاندا لەگەڵ ڕۆژاوا.١٣ مرۆڤ دەتوانێت ئەمە بە ئاسانی ببینێت لەو ڕێککەوتنەدا کە لە تەموزی ٢٠١٥ لەنێوان ئێران و بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ڕوسیا و چین دا واژۆکرا، کە بە ڕێککەوتنی پێنج کۆ یەک ناسراوە.

لە بنچینەدا ڕێک وەک ئەوەی حەسەن ڕۆحانی ڕوونی کردەوە، ئێران «سەقامگیری و

ئاسایشی عێراق وەک هی خۆی تەماشا دەکات.»٢٣ بەرژەوەندییەکانی ئێران لە عێراق لق و پۆپی زۆرە، بۆیە سیاسەتە ستراتیژییەکانی ئێران لەو وڵاتەدا پاڵنەر و هاندەری جیاوازیان هەیە و هەندێجار دژبەیەکن. بۆ نموونە، لەلایەکەوە ئێران دەیەوێت عێراق ناسەقامگیر بکات بۆ ئەوەی هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ شوێن پێ قایمکردن لاواز بکات؛ لەلایەکی ترەوە ئێران هەموو شتێکی کردووە بۆ ئەوەی وا بکات شیعە دەسەڵاتدار بکات و لە حکومەتدا زاڵیان بکات و مەزارە پیرۆزەکانی شیعەش بپارێزێت. ئەم دووڕیانە سیاسیە ئاستەمە، واتە دژایەتیکردنی ئەمریکا لەلایەک و هێشتنەوەی شیعەکان لە دەسەڵاتدا لەلایەکی دیکە، وایکردوە ئێران زۆر بەقووڵی ڕۆبچێتە ناو قەیرانی ئێستای سووریا و عێراق. ئەم بارودۆخە سیاسیانە دەبێت لەبەرچاو بگیرێن و ڕەچاو بکرێن.

## دەستێوەردانی ئێران لە سووریا

هەرچەندە شەڕی ناوخۆی سووریا لەلایەن میدیا و ناوەندە ئەکادیمییەکانی ڕۆژئاوا بایەخی زۆری پێدراوە بەڵام ڕاگەیاندن و نوسینەکان لەبارەی پرسەکانی پەیوەست بەم قەیرانەوە زۆر سادەن. سادەکردنەوەکە لەوە دەردەکەوێت کە زۆرجار کێشەکە وەکو شەڕی نێوان چاکە و خراپە پیشان دەدرێت؛ خراپە ڕژێمەکەی ئەسەد و چاکەش هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، کە وا پیشاندەدرێت چاکەخوازەکان تەنها ئازادی و نیزامێکی نوێ و دیموکراسییان بوێت. ئەم تێگەیشتنە بۆ پرسی سووریا لە ناوەندە ئەکادیمی و ڕاگەیاندنەکاندا زاڵ بوو تا ئەو کاتەی کە دوو گرووپی توندڕەوی تیرۆرستی، داعش و نوسرە، دەرکەوتن و بوون بە بەهێزترین ڕێکخراوی بەرەی ئۆپۆزسیۆن. ئەمە نیشانیدا کە ڕاستییەکان لەسەر ئەرزی واقیع زۆر ئاڵۆزترن. هەر چۆنێک بێت بەڵام ئەوەی نکۆڵی لێناکرێت ئەوەیە کە دەرکەوتەکان و دەرئەنجامەکانی ئەم ململانێیە سنورەکانی سووریایان بەزاند و کاریگەریان لەسەر بارودۆخی جوگرافی و سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسایشی جیهانی دروستکرد.٣٣ یەکێ لە دیوەکانی ململانێکە کە پێویستی بەوەیە بەتایبەتی بایەخی پێبدرێت جۆرو ڕادەی تێوەگلانی ئێرانە لەو کێشەدا.

کاتێک کە بەشار ئەسەد پەنای برد بۆ هێز بە مەبەستی دامرکاندنەوەی نارەزایەتییەکان دژی دەسەڵاتەکەی، ئیدی شەڕێکی ناوخۆیی مەزهەبیی سەریهەڵدا هاوشێوەی ئەوەی دوای ڕووخانی سەدام لە عێراق ڕوویدا. سووریا بوو بە مەیدانی جەنگ بۆ هەموو ئەو گرووپە جیاوازانەی کە لە ژێر ناوی «ئیسلامگەرایی سونی»دا سوننەکانی ناوچەکە هاوکاریان

دەکردن لەلایەک و هێزە شیعیەکانی حکومەتی سووریا و هاوپەیمانەکانی وەک حیزبوڵڵا و حکومەتی عێراق و ئێران لەلایەکی دیکە. هەندێک ئەکادیمی کردەوەی زلهێزەکانی ناوچەکە لە پەیوەند بە ململانێکانی سووریا و عێراقی دوای سەدام وەک نیشانەی چڕبوونەوەی «شەڕی سارد»ی سوننە-شیعە لە ناوچەکەدا دەبینن.٤٣

لەسەروبەندی دانوستانە ئەتۆمییەکانی ئێران لەگەڵ زلهێزەکانی ڕۆژئاوا لە لە ٢٠١١ لە گۆڕێدا بوو، ئێران کێشەی سووریای وەکو دەرفەتێک لە چەشنی عێراق دەبینی بۆ ئەوەی دەسەڵات و کاریگەریی خۆی لە ناوچەکە و دەرەوەشدا بسەپێنێت. بەمشێوەیە تێوەگلانی ئێران لە شەڕی ناوخۆی سووریا دا دەکرێت وەکو ململانێیەکی گەورەتری هەرێمی تەماشا بکرێت لە نێوان ئێران و سعودیە لەلایەک؛ لەلایەکی ترەوە وەکو ململانێی ئێران و زلهێزەکانی ڕۆژئاوا کە فشار لە ئێران دەکەن تاوەکو بەرنامە ئەتۆمییەکەی کۆتایی پێبێنێت. لەم توێژینەوەدا ئێمە لە ڕۆڵی ئیسرائیل بەجیا لە ڕۆژئاوا ناکۆڵینەوە چونکە ئەوانیش هەمان شێوەی ئیسرائیل دژی فراوانبوونی کاریگەریی ئێرانن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئەو پشتیوانییەی ڕژێمەکەی ئەسەد لە ئێرانەوە وەریگرتووە ئەوەندە کاریگەر نەدەبوو ئەگەر ئێران ئەو دەسەڵاتە زۆرەی بەسەر حیزبوڵڵادا نەبووایە.٦٣ لە سێ دەیەی دواییدا، پەیوەندی نێوان ئێران و حیزبوڵڵا زۆر گەشەی کردووە، هەتاوەکو حیزبوڵڵا دەسەڵاتی زیاتر بووبێت ئێرانیش توانای سوودبینینی لەم پەیوەندیە زیاتر بووە. لە ڕاستیدا، ئەوە پاڵپشتی لۆجستیە، وەکو ڕاهێنان پێکردن و پێدانی کەرەسەی پێشکەوتووی سەربازیی، کە میحوەری ئێران-حیزبوڵڵای کردووە بە هێزێکی کوشندە.٧٣ تێوەگلانی حیزبوڵڵا و چوونە بەرەی ئەسەد زیاتر دیوە مەزهەبییەکەی شەڕی سووریا ڕۆشن دەکاتەوە. هەموو یاریکەرەکانی ململانێکەی سووریا «ڕۆڵی خۆیان بەربنەمای هێڵە مەزهەبییەکان دیاریکردووە وەکو پاساوێک بۆ تێوەگلانیان»، بەڵام پاڵپشتی ئێران و حیزبوڵڵا «چەندێک بۆ نزیکایەتی دینی بووە ئەوەندەش بۆ بەرژەوەندی ستراتیژی بووە».٨٣ بەمشێوەیە، حیزبوڵڵا دەستێکی ئێرانە کە دەیەوێت وەکو پارێزەری شیعە و عەلەویەکان دژی زۆرینەی سوننە لە سووریا ئامادە بێت؛ هاوکات وەکو بەشێک لە ستراتیژی ئێران بۆ هەڕەشەکردن لە ئیسرائیل کاریگەریی هەبێت؛ لەپاڵ ئەمانەدا، بەمەبەستی ڕاگرتنی هاوسەنگی دەسەڵات لە هاوکێشە سیاسیە ناوخۆییەکانی لوبنانیشدا ڕۆڵ بگێڕێت.

دەستێوەردانی ئێران لە سووریا تەنها لە ڕێگەی پاڵپشتیەکانی بۆ حیزبوڵڵا نەبووە کە

هاوشانی هێزەکانی ئەسەد شەڕیان دەکرد. ئێران ڕاستەوخۆش لەگەڵ و لە پشت ڕژێمەکەی سووریا دا وەستاوە. چەندان ڕاپۆرت ئەوەیان پشتڕاست کردەوە کە لە یەکەم ساڵی قەیرانی سووریا دا قاسم سلێمانی فەرماندەی سوپای قودسی پاسداران دووجار سەردانی دیمەشقی کردووە. ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوەش دەکەن کە هەرزوو دوای سەرهەڵدانی ململانێکان، ئێران ٥١ هەزار چەکداری «بژاردە»ی لە سوپای قودس ناردووە بۆ ئەوەی هاوشانی سوپای سووریا و هێزە ئەمنیەکانی شەڕ بکەن.٩٣ تا ناوەڕاستی ٦١٠٢، هێزە ئێرانی و غەیرە ئێرانییەکان لە سووریا دا ژمارەیان گەشتبووە ٠٧ هەزار چەکدار، کە بە ژمارە ٠٥ هەزار لە هێزی چەکداری ئەسەد زۆرتر بوو. جگە لە چەکدار، ئێران پاڵپشتی پسپۆڕیی و کەرەستەشی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگریی سووریا دابینکردوە.١٤ دەگوترێت کە ئێران هێڵە فڕۆکەوانیە مەدەنیەکانی ئێران (هێڵی ئاسمانی ئێران و هێڵی ئاسمانی یاس) بۆ گواستنەوەی کەرەستەی سەربازیی وەکو موشەک و ڕۆکێت و دژە فڕۆکە و سەرباز و چەک بۆ سووریا بەکارهێناوە. لەگەڵ بەردەوامبوونی ململانێکان و فراوانبوونیدا ئێران گرووپێکی٠٥ هەزار سەربازیی لە دەرەوەی سوپا پێکهێنا و ڕاهێنانی پێکردن و ناوی لێنان جەیشی شەعبی بۆ ئەوەی هاوشانی سوپای سووریا شەڕ بکەن و بۆ داهاتوش وەکو سوپایەکی هاوتەریب لە سووریا سوودیان لێ ببینێت ڕێک وەکو سوپای پاسداران لە ئێران و حەشدی شەعبی لە عێراق. دواتر ئەم هێزە لەلایەن حکومەتی سووریاوە بەیاساییکراو ناوی لێنرا هێزەکانی بەرگری نیشتیمانی.٣٤

بەگشتی، ئێران بە دوو شێوە لە سووریا تێوەگلاوە. یەکەم، ئێران سوودی لە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان وەرگرتووە، لەوانە: حیزبوڵڵا و جەیش شەعبی، کە وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژیەکانی بەکاریان دەهێنێت. لە ئەنجامدانی ئەمەدا ئێران دەیویست باری سەرشانی خۆی و ڕژێمی سووریا سووکتر بکات؛ هەروەها بە مەبەستی بەکارهێنانی هێزی مرۆیی سووریا لەسەر خاکی خۆیاندا. دووەم، ڕاستەوخۆ پاڵپشتی لە ڕژێمی سووریا کرد، چونکە ڕووخانی ڕژێمەکە پرسی یاساییبوونی هەبوونی ئێرانییەکانی لەوێدا دروست دەکرد و زیاتر سووریای ناسەقامگیر دەکرد. بەم پێیە دەستێوەردانی ئێران لە سووریا دا بەو مەبەستە بووە کە بە ئامانجی ستراتیژی خۆی بگات. ئەگەر ئێران بتوانێت بەردەوام بێت لەو هاوکارییە بەرچاوەی کە پێشکەشی ڕژێمی سووریای دەکات، ئەمە بەو مانایە دێت هیچ ڕێککەوتنێکی ئاشتی بەدەستنایەت بەبێ بەشداریی کاریگەریی ئێران، ئەمەش ڕۆڵی ئێران وەکو یاریکەرێکی بەتوانای هەرێمیی دەردەخات.

## ستراتیژیەتی ئێران لە سووریا

شەراکەتی نێوان ئێران و سووریا ئەو کاتەوە دروستبوو کە شەڕی نێوان ئێران و عێراق لە ئەیلولی ٠٨٩١ سەریهەڵدا. لەگەڵ درێژەکێشانی شەڕەکە شەراکەتەکە بەهێزتر بوو و «سووریاش هاوکاریی بەنرخی دیبلۆماسی و سەربازیی پێشکەشی ئێران کرد بۆ ئەوەی یارمەتی ئێران بدات کە لە شەڕەکەدا شکست نەهێنێت، بە ڕادەیەک کە هێزەکانی ئێران توانیان عێراقییەکان لەسەر خاکەکەیان لە ئایاری ٢٨٩١ بەتەواوی دەربکەن».٥٤ لە هەمان ساڵدا، سەرەڕای پێویستیی عێراق بە داهاتی نەوت، بەڵام ڕژێمی سووریا بۆڕی سەرەکی نەوتی عێراقی داخست، کە لە کۆتایی چلەکانی سەدەی بیستدا دروست کرابوون بۆ گواستنەوەی نەوتی کێڵگەکانی کەرکوک بۆ بەندەرەکانی سەر دەریای ناوەڕاست. بەرەوپێشچوونێکی دیکەی گرنگ کە بوو بە هۆی پتەوکردنی پەیوەندیەکانی ئێران و سووریا داگیرکردنی عێراق بوو لەلایەن ئەمریکاوە لە ٣٠٠٢ لەگەڵ ئەو شەڕە ناوخۆییە کە بە دواییدا هات.

خۆتێهەڵقورتاندنە پەسەندکراوەکەی ئێران لە کاروباری ناوخۆی سووریا و پاڵپشتی لە ڕژێم لە دژی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، وەکو پێشتر باسکرا، شتێکی نهێنی نییە. هۆکارەکانی ئەوەی کە ئێران سووریا وەکو هاوپەیمانێکی گرنگ لە ستراتیژیەتی هەرێمی خۆیدا دەبینێت زۆرن. لە ڕاستیدا چەندان ئامانجی ستراتیژی هەیە کە ئێران دەیەوێت لەو هاوپەیمانییە بەدەستیان بێنێت لە ڕێگەی پاڵپشتیکردنی ڕژێمەکەی ئەسەدەوە. یەکەمین و گرنگترینیان، لە گۆشەنیگای هەرێمییەوە، جگە لە عێراق، سووریا تاکە وڵاتە لە ناوچەکەدا کە دەکرێت وەکو هاوپەیمانی ئێران لەقەڵەم بدرێت. دووەم، سووریا تاکە وڵاتی عەرەبیە کە لە ڕووی سیاسی و لۆجستیەوە پشتیوانی لە ئێران کردبێت. بۆ ئەمە هەر ئەوەندە بەسە مرۆڤ هاوکارییەکانی سووریا بۆ ئێران لە شەڕی دژی عێراق دا لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بهێنێتەوە یاد. سێیەم، سووریا بووەتە کەناڵ و کۆریدۆری سەرەکی بۆ گەیاندنی چەکی ئێران بە حیزبوڵڵا هەر لە دامەزراندنیەوە لە ٥٨٩١ تا ئێستا. توانای حیزبوڵڵا بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل وایکردووە حیزبوڵڵا ئامرازێکی سەربازی سەرەکی ئێران بێت دژی ئیسرائیل. هەروەها حیزبوڵڵا هەم وەک ئامرازێکی سەربازی هەم سیاسی بە قوورسی تێوەگلاوە لە شەڕی ناوخۆی سووریا، کە هاوشانی ئێران و سووریا شەڕی کردووە. چوارەم، کەوتنی ڕژێمەکەی سووریا کاریگەریی ئەمنی ڕاستەوخۆی لەسەر عێراق دەبێت کە هاوپەیمانێکی

تری گرنگی ئێرانە لە ناوچەکەدا. لابردنی ئەسەد گرووپە سیاسیە سوننیەکان بەهێز دەکات و ڕەنگە پێگەی هێزە چەکدارە سوننیەکانیش لە عێراق بەهێز بکات. هەموو ئەمانە ڕەنگە پێگەی حکومەتە زۆرینە شیعیەکەی عێراق لەق بکات کە ئێران بەرژەوەندی لەوەدایە لە دەسەڵاتدا بیهێڵێتەوە. پێنجەم، ڕووخانی ڕژێمەکەی سووریا دەکرێت ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ دەرکەوتنی میحوەرێکی سونی و نیزامێکی نوێی هەرێمی کە لە بنچینەدا دژی ئێران بێت. لە دۆخێکی وا دا، زۆر نەڕۆشتوین گەر بڵێین، ئێران لەوانەیە ڕووبەڕووی هیلالێکی سونی دۆستی ڕۆژئاوا ببێتەوە کە لە سووریاوە بۆ ئوردن و سعودیە و ئیماراتی عەرەبی درێژ بێتەوە. شەشەم، سووریا و عێراقی دوای سەدام تەنها دوو دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامین کە لەلایەن حکومەتێکی شیعەوە بەڕێوە دەبرێن، کە هەمان ئایدۆلۆژیای ئیسلامی ئێرانیان هەیە. بە ڕوانین لەم پەیوەندی نێوان ئەم دوو وڵاتەدا کە لێرە بە کورتی باسمان کرد، شتێکی سەیر نابێت کە ئێران بەو شێوە لە شەڕی ناوخۆی سووریا دا تێوەگلاوە و بەتوندی لە پشت ڕژێمەکەی ئەسەد وەستاوە.

بەبێ ئەوەی بە وردی دەستنیشانی ئەوە بکەین داخۆ بنچینەی هاوپەیمانێتییەکەی ئێران-سووریا چییە لە شێوەی ئێستایدا، ئەوا دەکرێت بڵێین کە ئەم شەراکەتە دەکرێت لەو گۆشەنیگایەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت کە ئێران دەیەوێت لەم ناوچەیەدا بوونێکی کاریگەر و ئاڕاستەکەری هەبێت. ئامانجی سەرەکی ئێران ئەوەیە ڕووبەڕووی دەستێوەردان و خۆتێهەڵقورتاندنی هێزەکانی ڕۆژئاوا ببێتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئێران بۆ پاڵپشتیکردنی گوتارە دژە-ڕۆژئاواییە و ستراتیژەکەی هەندێ هەنگاوی هاویشتوە بۆ پاڵپشتی حکومەتەکانی عێراق و ڕژێمەکەی ئەسەد و حیزبوڵڵا؛ بە ئەندازەیەکی کەمتریش هاوکاری حەماس و هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکانی تری فەلەستین و یاخیبووە حوسییەکانی یەمەنیشی کردووە. بەمجۆرە، لە ٢٠١٥ ـەوە ئێران ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، کەم تا زۆر، جڵەوی چوار پایتەختی وڵاتی عەرەبی (بەغدا و دیمەشق و بەیروت و سەنعا) گرتۆتە دەست؛ بەمشێوەیەش ئیمپراتۆریەتە مێژوویەکەی زیندوو کردۆتەوە.٦٤

## ڕەهەندی نێودەوڵەتیی و هەرێمیی ئاڵۆزیەکانی سووریا

هەرچەندە باسکردن لە ڕەهەندی نێودەوڵەتی قەیرانی سووریا لە دەرەوەی بازنەی شرۆڤەکانی ئەم بابەتە دایە، بەڵام ئەم توێژینەوە ناتەواو دەبێت گەر باسی ڕەهەندە نێودەوڵەتییەکەی قەیرانی سووریا نەکرێت.٧٤ بەهاری عەرەبی و دووبارە ڕێکخستنەوەی

نیزامی سیاسی زۆر لە وڵاتە عەرەبیەکان کاریگەریەکی گەورەی هەبوو لەسەر دۆخی سیاسی و جوگرافی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. یەکێ لە پێشهاتە هەرە سەرەکییەکانی بەهاری عەرەبی قەیرانی سووریایە. ئەم قەیرانە مەیدانێکی دیکەی جەنگی دروستکرد بۆ هێزە هەرێمیەکان کە شەڕی بەوەکالەت بەکاربێنن بۆ گۆڕینی هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا.٨٤ تێڕوانینی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا دەربارەی ڕژێمەکانی عێراق و سووریا زۆر جیاوازە. ئەمریکا بە دەنگی بەرز و بە ئاشکرا پاڵپشتی حکومەتەکەی عێراقی کردووە هەرچەندە لە هەندێ ئەدای ناڕازی بووە، بە تایبەتی لە بابەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کورد و سوننە و پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئێران. بەڵام کە دێتە سەر سووریا، ئەوە شتێکی جیاواز دەبینین، ڕوانینی ئەمریکا و هێزەکانی دیکەی ڕۆژئاوا بەوە دەناسرێتەوە کە وتاری توندە دژی ئەسەد بەڵام کە کار دێتە سەر هەنگاوی کردەیی بێبڕیار و ناڕوونن. ئەمە زۆر جیاوازە لەو شێوازەی ڕوسیا لە سووریا مامەڵە دەکات، ئەو هاوپەیمانێکی بەهێزی ڕژێمی سووریایە و هەنگاوی بەرجەستەی ناوە لە شێوەی یارمەتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی سەربازیی بۆ ڕژێمەکە. لە ئازاری ٢٠١٥، جۆن کێری، وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی ئەمریکا گوتی «هیچ چارەسەرێکی سەربازیی بۆ [قەیرانی سووریا] بوونی نییە؛ تەنها چارەسەری سیاسی هەیە.» ڕووسیا هەر کە هەستی بەوەکرد کە ئەمریکا ڕاستەوخۆ دەستێوەردانی سەربازی ناکات لە سووریا، وردە وردە تێوەگلانی سەربازی خۆی زیاد کرد و لە ئەیلولی ٢٠١٥ گەیشتە لوتکە. لە پەیوەند بە عێراق، ڕوسیا بە هەمان ئەندازە تێوەنەگلاوە لە پێشهات و ڕووداوە سیاسیەکانی عێراقی دوای ٢٠٠٣. ڕۆژئاوا بە گشتی ڕەتی کردووەتەوە دەستێوەردانی سەربازیی بکات هەرچەندە هەندێ لە سەرکردەکانی خۆیان بەدوور نەگرتووە لە بەکارهێنانی زمانێکی توند دژی بەشار ئەسەد و ڕژێمەکەی، بەتایبەتی دوای ئەوەی بەڵگەکان دەرکەوتن کە ڕژێمەکە چەکی کیمیایی بەکارهێناوە دژی هاووڵاتیان.

تێڕوانینی دژە ئەمریکایی ئێران و سووریا سەرنجی ڕووسیای ڕاکێشاوە. ڕووسیا لەڕووی مێژوویەوە هەوڵیداوە کاریگەریی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا سنوردار بکات. لەبەرئەوە پاڵپشتیکردنی ڕژێمەکەی ئەسەد ڕێگەیەکی ترە بۆ وەستانەوە دژی ڕۆژئاوا لە گرفتێکی گرنگی سیاسی و جوگرافیدا. سەرەڕای کەمی دانیشتوان، ڕووبەر، سەرچاوە و داهاتی ئابووری کەچی سووریا گرنگییەکی جوگرافی و سیاسی هەیە لەبەرئەوەی هێزێکی سەربازی بەهێزی هەیە، هیچ نەبێ پێش شەڕە ناوخۆییەکەی، هەروەها شوێنەکەی

کە دەکەوێتە چەقی ڕۆژهەڵات ناوەڕاستەوە. بەڵام گرنگی سووریا بۆ ئەمریکا لە سووریا خۆیەوە نایەت بەڵکو لە پەیوەندی سووریادایە بە ئیسرائیلەوە کە هاوپەیمانێکی گرنگی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا، هەروەها بەهۆی پەیوەندی سووریا و گرنگیەکەی بۆ وڵاتانی کەندا و و حیزبوڵڵایە. هاوپەیمانی سووریا لەگەڵ ئێران و هەڕەشەکانی بۆ سەر ئیسرائیل بۆ ئەمریکا مایەی گرنگی پێدانە. سووریا هەرگیز هاوبەشێکی بازرگانی ئەمریکا نەبووە و هەرگیزیش هەڕەشەی ڕاستەوخۆ نەبووە بۆ سەر بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانی ئەمریکا. بە پێچەوانەی ئەمەوە سووریا لە ڕووی ستراتیژیەوە گرنگە بۆ ڕوسیا، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە. یەکەم، ڕووسیا بنکەیەکی دەریایی هەیە لە تەرتوسی سووریا کە لەڕووی ستراتیژیەوە گرنگە و تاکە بنکەی سەربازی ڕووسیایە لە دەرەوەی سنوورەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران. دووەم، ڤلادیمێر پوتن، سەرۆکی ڕوسیا، هێشتان زهنیەتی جەنگی سارد لە فیکریدا بەهێزە و بۆ ئاسایشی نیشتیمانی ڕووسیاش زۆر گرنگە بەلایەوە کە یەکێ لە دواهەمین هاوپەیمانە سەربازییەکانی بهێڵێتەوە کە سووریایە. سێیەم، سووریا بڕێکی زۆر بەرهەمە سەربازیە ڕووسیەکان دەکڕێت و گەر ئەو ئابڵوقە نێودەوڵەتیە لەبەرچاو بگرین کە خراوەتە سیەر ڕووسیا دوای داگیرکردنی کرایمیا و بەشێکی ئۆکرانیا ئەوا ڕووسیا پێویستی بە هاوپەیمان و پارەیە.٥٠ چوارەم، ڕووسیا لەوە دەترسێت کە قەیرانی سووریا بگوازرێتەوە بۆ ناوچەکانی دەریای ڕەش و باکووری قەوقاز، لەوێدا ڕووسیا لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی چەندان گرووپی ئایینی و نەتەوەیی جیاوازە. زۆر لەم گرووپانە پەیوەندیان دروستکردووە لەگەڵ گرووپە ئیسلامییە جیاوازەکاندا و سەرچاوەن بۆ پێدانی ئەندام و لایەنگر بە گرووپە ئیسلامییە سەربازییەکانی وەکو ئەلقاعیدە و داعش.١٥ ئەگەر تەنها ئەو ئەگەرە بە هەند وەرگرین کە ئەو یاخیبووە سوننیانەی ئێستا لە سووریا دا چالاکن هەوڵی ئەوە بدەن پەناگەیەکیان لە باکووری قەوقاز دەستبکەوێت، ئەوەندە بەسە کە وا لە ڕووسیا بکەن هەوڵی زۆر بدات و یارمەتی هێزەکانی بەشار ئەسەد زیاد بکات بۆ کۆتاییهێنان بەو هەڕەشەی ئەم هێزە چەکدارە ئیسلامییانە دروستیان کردووە.٢٥

لە ماوەی دە ساڵی سەرەتای شۆڕشی ئیسلامییدا (١٩٧٩-١٩٨٩) پەیوەندیەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو زۆر نزم بوو. ئێران سوور بوو لەسەر هەناردەکردنی شۆڕشە ئیسلامییەکەی، لە وەڵامی ئەمەدا وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداویش پاڵپشتی عێراقیان کرد لە شەڕی هەشت ساڵەی کەنداودا. دوای شەڕەکە،

سەرۆک محمد خاتەمی (١٩٩٧-٢٠٠٥) ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ باشبوونێکی کەمی پەیوەندیەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی کەنداو. هەرچەندە پەیوەندییە سیاسیەکان لە ٢٠٠٥ بەدواوە بە گشتی لاواز بووە، بەهۆی توندیی وتاری سیاسەتی دەرەوەی ئەحمەدی نەژاد و سەرهەڵدانی ئاڵۆزی مەزهەبیی لە عێراق و سووریا. ئێران و چالاکی وەکیلەکانی لە سووریا کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبووە لە تێوەگلانی هێزە هەرێمییەکانی تر بە تایبەتی قەتەر و سعودیە لە سووریا. ئەوانیش ‹وەکیل›ەکانی خۆیان بەکارهێناوە و تێوەگلانی خۆیان بە کارتی مەزهەبی پاساو داوە. وەکیلەکانی ئەوان سەر بە ‹کامپ›ی سوننەن کە هاوشانی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن شەڕ دەکەن، لەوانە: سوپای سووریای ئازاد، بەرەی نوسرە، ئەحرار ئەلشام، داعش و چەندان گرووپی تر.

تێوەگلانی قەتەر لە سووریادا پابەندە بە بەرژەوەندی ئابووریەوە. ڕێککەوتنێکی گەورەی نێوان ئێران و سووریا لەسەر گواستنەوەی گاز دەکرێت ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ئابووری قەتەر. قەتەر دەیویست بۆریەکی گازی سروشتی لە ژێر زەویدا بۆ تورکیا ببات کە بە سعودیە و ئوردن و سووریا داتێپەڕ دەبوو بۆ دەریای ناوەڕاست و لەوێشەوە بۆ ئەورووپا. تورکیا ئەم پلانەی بەدڵ بوو چونکە ئەمە تورکیای دەکرد بە یاریکەرێکی گرنگ لە گواستنەوەکەدا، جگە لەوە قازانجیشی لێدەکرد. بەڵام ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد ئەمەی بەدڵ نەبوو، چونکە بۆریە پێشنیارکراوەکە ڕووسیای لە هاوکێشەکە دەکردە دەرەوە. لەجێی ئەوە و لە ٢٠١٠ دا سووریا لەگەڵ ئێران و عێراق پێشنیاری بنیادنانی بۆریەکی کرد بۆ گواستنەوەی گاز بۆ ئەو ئەورووپا ڕاستەوخۆ لە کێڵگەکانی ئێران و عێراقەوە بە تێپەڕین بە سووریادا.٣٥ بەشداری قەتەر لە پرۆژەیەکی وادا بەشێکە لە دەستپێشخەرییەکی گەورەتری ئەو وڵاتە بۆ ئەوەی خۆی وەکو هێزێکی هەرێمیی نیشان بدات کە سەرەڕای بچوکی ڕووبەرەکەی کەچی دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە پاراستنی سەقامگیری ناوچەکەدا. قەتەر و سعودیە لەو باوەڕەدان کە شوێنگرتنەوەی ئەسەد بە حکومەتێکی دۆستی خۆیان دەسەڵاتی زیاتریان ئەداتێ بەسەر حکومەتە زۆرینە شیعەکەی عێراقدا. گۆڕینی ڕژێم لە دیمەشق سودی بۆ وڵاتانی کەنداو ئەوەیە کە پێگەیان لە لوبنانیش بەهێزتر دەکات، ئەمەش بێگومان لێدان دەبێت لە پێگەی حیزبوڵڵای دۆستی ئەسەد و ئێران. هەروەها، فشارێکی زۆری جەماوەری لە کەنداودا هەیە بۆ ئەوەی هاوکاری گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی سووریا بکرێت و دەسەڵاتدارانی وڵاتانی کەنداویش ناتوانن فەرامۆشی بکەن.٤٥ بە

کورتی ئەوەی وڵاتانی کەنداو دەیانەوێت بیکەن، دووبارە دامەزراندنەوەی ئەو هاوسەنگی هێزەیە لە بەرژەوەندی خۆیان کە دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە ٢٠٠٣ لە دەستیان چووە. لەوە ترسناکتر، وڵاتانی کەنداو لەوە دەترسن شیعەکانی ناوچەکە دەسەڵات پەیدا بکەن. بڕ و ڕادەی ئەم کێشانە زیاتر دەبن ئەگەر ئێران بتوانێت چەکی ئەتۆمی بەدەست بێنێت، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی هەڵکشانی دەسەڵاتی میحوەری ئێران؛ بەمشێوەیە ڕادەی کاریگەریی ئێران لە پێشهات و ڕووداوە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا قووڵترو فراوانتر دەبێت لە ڕێگەی پاڵپشتیەکانیەوە لە حکومەتە شیعیەکان و وەکیلەکانی لە ناوچەکەدا.٥٥ لێکنزیکبوونەوەی ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو لەم ساڵانەی ڕابردوودا دەکرێت لە ڕوانگەی ترسی هەردوولایان لە بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی لەلایەن ئێرانەوە تەماشا بکرێت، ئەمەش گۆڕانکارییەکی سیاسییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردتر هەیە.

## ئەنجام

ئێمە گفتۆگۆمان لەبارەی هۆکارەکانی دەستێوەردانی ئێران لە عێراقدا دوای داگیرکردنی لە ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمریکاوە کرد، هەروەها لەبارەی هۆکارەکانی دەستێوەردان لە سووریاش دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئەو وڵاتە لە ٢٠١١ وە. ئێمە باسمان لە ئامانجە ستراتیژیەکانی ئێرانیش کرد لەو دوو وڵاتەدا. ئەو هاوپەیمانییە ستراتیژیەی لەنێوان ڕژێمی ئەسەد و ئێران دا هەیە دەگەڕێتەوە بۆ هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەمەش وایکردوە خۆتێهەڵقورتاندنی ئێران لە قەیرانی سووریا دا بکاتە کردەیەکی پێویست. لە ڕاستیدا، دەکرێت بڵێین پاڵپشتیکردنی ئێران شتێکی چاوەڕوانکراو بوو لەبەر گرنگی ئەو ڕژێمە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی ئێران نەک هەر لە سووریا بەڵکو لە لوبنان و وڵاتانی تریش. بەهەمانشێوە لە عێراق، ئێران جگە لەوەی بەدوای ئامانجی سیاسی و جوگرافی خۆیەوەیەتی، بەڵام خۆتێهەڵقورتاندنەکەی لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتەکەدا بە ئەندازەیەکی زۆر بەهۆکاری نزیکایەتی ئایینی و مەزهەبی شیعەکانی عێراقە لە ئێران. ئێران دەیەوێت خۆی وەکو پارێزەری مسوڵمانە شیعەکان لە ناوچەکەدا نیشان بدات، بۆ ئەم مەبەستەش ئێران «ناچار»ە هاوکاری هەر حکومەتێکی عێراق بکات کە شیعەکان زۆرینە و باڵادەستن. بە هەمانشێوە دەکرێت بڵێین پێکەوە،

پاڵنەرە مەزهەبی و بەرژەوەندییە ستراتیژییە تایبەتییەکان ئاڕاستەی کار و کاردانەوەکانی هێزە هەرێمییەکانی تریان کردووە لە هەمبەر هەڵکشانی زیاتری دەسەڵاتی ئێران. سعودیە و قەتەر چالاکانە هەوڵیانداوە زۆنێکی جیاکەرەوە دروست بکەن لە دژی پلانەکانی ئێران بۆ دروستکردنی میحوەرێکی شیعە کە لە ئێران، عێراق، سووریا و حیزبوڵڵا پێکدێت.

لایەنێکی شەڕی بەوەکالەتی ئێران، کە لە سووریا و عێراق بەکاری دێنێت کە پێویستی بە سەرنج و بایەخی تایبەتە، ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەیە کە ئێران لەگەڵ وەکیلەکانی هەیەتی. لەناو وەکیلەکانیدا یەکێکیان زۆر گرنگە ئەویش حیزبوڵڵایە. ئەو ڕێکخراوە لە دامەزراندنیەوە لە هەشتاکانی سەدەی بیستەوە پاڵپشتی دارایی، ڕاهێنان و هاوکاری سەربازیی و ناسەربازیی لە ئێرانەوە وەرگرتووە. دەرئەنجامێکی گرنگی ئەم توێژینەوە دەربارەی شەراکەتی ئێران و حیزبوڵڵا تێگەیشتنە لەو ڕۆڵە گرنگەی سووریا دەیبینێت لە ئاسانکاریی بۆ لایەنە ڕۆژانەییەکانی ئەم شەراکەتە. بە مانایەکی تر، ڕژێمی ئێستای سووریا دەستگەیشتنی ڕاستەوخۆی ئێران بە لوبنان دابین دەکات. لەبەرئەوە، دەکرێت بڵێین لە کاتێکدا ئێران حیزبوڵڵا بەکاردێنێت بۆ هێشتنەوەی ڕژێمی ئێستای سووریا، لەهەمانکاتدا مانەوەی ئەم ڕژێمە گرنگ و بنچینەییە بۆ هێشتنەوە و کارکردنی میحوەری ئێران-عێراق-سووریا-حیزبوڵڵا.

هۆکارێکی تری گرنگی پشت دەستێوەردانی ئێران لە عێراق و سووریا بۆ ئەوەیە کە خۆی دڵنیابێتەوە لەوەی کە ئەم دوو وڵاتە شکسخواردووە هەڵناوەشێنەوە و بەش بەش نابن لەسەر هێڵە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان. ترسی ئێران تەنها لە هەڵوەشانەوەی عێراق و سووریا نییە بەڵکو ئەوەیە ڕووخانی ئەم دووانە ببێتە مۆدێل و نموونەیەک بۆ ئەو وڵاتانەی لە ناوچەکە کە لەسەر هێڵی نەتەوەیی و دینییدا دابەشن، لەناویاندا ئێران خۆی. یەکێ لەو ڕێگەیانەی ئێران بەکاریهێناوە بۆ ڕێگریکردن لە هەڵوەشانەوەی عێراق و سووریا پاڵپشتیکردنی تەواوی حکومەتە شیعیە/عەلەویەکەی هەردوو وڵاتەکەیە، ئەویش لەڕێگەی دروستکردنی هێزی سەربازیی هاوتەریبی سوپا لە هەردوو وڵاتدا لەو میلیشیایانەی کە خۆی دروستی کردوون و یارمەتیداون. ئەم سوپا هاوتەریبانە لە شێوەی سوپای پاسدارانی ئێران دروستکراون کە دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ئایاری ٩٧٩١ دامەزراوە.

## سەرچاوەکان:

1 Michael Rubin, "Has Iran overplayed its hand in Iraq?" American Enterprise Institute for Public Policy Research, July 28, 2014, p.7; Sherko Kirmanj, Identity and Nation in Iraq (Boulder, USA: Lynne Rienner, 2013), p. 204.

2 Kirmanj, Identity and Nation in Iraq, p. 145; Joseph Felter and Brian Fishman, Iranian strategy in Iraq: Politics and "other means" (New York: Military Academy West Point NY Combating Terrorism Center, 2008), p. 7-8.

3 Simon Tisdall, "Iran has bee n isolated by the Arab spring", The Guardian, May 17, 2011.

4 Andrew Mumford, Proxy Warfare (Cambridge: Polity Press, 2013), p.1.

5 Mumford, Proxy Warfare, p.3.

6 Mumford, Proxy Warfare, p. 30, 39.

7 Center for Strategic and International Studies, Deterring Iran After the Nuclear Deal (New York: Rowman Littlefield, 2017), p. 23.

8 Muhammad Abd al-Wahhab, Risalah fi al-radd ala al-rafidah (A letter in response to rejecters), (Riyadh: University of Imam Muhammad bin Sa'ud, 1791), p. 29.

10 Vali Nasr, The Shia Revival: How Conflicts within Islam Will Shape the Future (New York: W. W. Norton & Company, 2006); Michael G. Roskin and James J. Coyle, Politics in the Middle East: Cultures and Conflict (Upper Saddle River, NJ: Pearson/Prentice Hall, 2004).

11 Karim Sadjadpour, "Guidelines for approaching Iran". Carnegie Endowment for International Peace, June 19, 2007, http://carnegieendowment.org/files/sadjadpour_iran_final1. pdf (accessed April 20, 2014).

12 Sam Wyer, "The Resurgence of Asa'ib Ahl Al-Haq," The Institute for the Study of War, p. 6.

13 Michael Eisenstadt, Michael Knights, and Ahmed Ali, "Iran's Influence in Iraq", Washington Institute for Near East Policy, April 2011, http://www.washingtoninstitute.org/uploads/Documents/pubs/PolicyFocus111.pdf (accessed May 25, 2016).

14 Kimberly Kagan, "Iran's Proxy War against the United States and the Iraqi Government," The Institute for the Study of War, Iraqi Report, May 2006–August 2007.

15 Kagan, "Iran's Proxy War against the United States"; Sudarsan Raghavan, "Iran said to support Shiite Militias in Iraq". The Washington Post, August 15, 2006; Greg Bruno and Jayshree Bajoria, "Iran's Revolutionary Guards," Council on Foreign Relations, June

14, 2013, p. 1-5, http://www.relooney.fatcow.com/SI_Peter-Iran/IRGC-Economy_6.pdf (accessed July 23, 2014).
16 Tim Lister, "Battle for Tikrit: Despite billions in aid, Iraqi army relies on militia, and Iran". CNN News, Nov 3, 2015, http://edition.cnn.com/2015/03/11/middleeast/listeriraq- iran/ (accessed May 15, 2015).
17 Al-Monitor, "Iran military adviser killed in Iraq", December 9, 2014.
18 Fars News Agency, "Iran's General Soleimani to Play Major Role in Mosul Operations," http://en.farsnews.com/newstext.aspx?nn=13950516001188 (accessed Aug 16, 2017).
19 Lucas Tomlinson, "US officials: Up to 100,000 Iran-backed fighters now in Iraq," Fox News <http://www.foxnews.com/politics/2016/08/16/us-officials-up-to-100000-iranbacked- fighters-now-in-iraq.html > (accessed August 16, 2017).
20 Felter and Fishman, Iranian strategy in Iraq.
21 Foreign Policy, "Trump Can Have This Iran Deal or No Iran Deal," January 24, 2017 http://foreignpolicy.com/2017/01/24/trump-can-have-this-iran-deal-or-no-iran-deal/ (accessed August 16, 2017).
22 James Phillips, "Iran's Hostile Policies in Iraq," The Heritage Foundation, no. 2030, April 30, 2007, pp. 1-7.
23 Robin Wright and Peter Baker, "Iraq, Jordan see Threat to Election From Iran: Leaders Warn against forming religious state". The Washington Post, December 8, 2004; Amir M. Haji-Yousefi, "Whose Agenda is served by the Idea of a Shia Crescent?" Alternatives: Turkish Journal of International Relations 8 (1), 2009, pp. 114-135.
24 Al-Monitor, "Iran-Iraq trade reached $12 billion in 2013", July 1, 2014.
25 Iraqi Economic Center, "Iran exports 8 million cubic meters of gas per day to Iraq," July 29, 2017, http://en.economiciraq.com/2017/07/29/iran-exports-8-million-cubicmeters- of-gas-per-day-to-iraq/ (accessed August 16, 2017).
26 Kenneth Katzman, Iran's Activities and Influence in Iraq, (Washington DC: Congressional Research Service, Library of Congress, December 26, 2007).
27 Reuters, "Iraq moves batch of Iranian dissidents from camp," February 18, 2012, http://www.reuters.com/article/us-iraq-iran-camp-idUSTRE81H08T20120218 (accessed August 17, 2017).
28 Agence France-Presse, "Iran will do everything to protect Iraq shrines: Hassan Rouhani,"June 18, 2014, http://tribune.com.pk/story/723618/iran-will-do-everything-toprotect- iraq-shrines-hassan-rouhani/ (accessed May 14, 2015).
29 Imran Khan, "Why is Iraq so important to Iran?". Al-Jazeera net, August 10,

2014, http://blogs.aljazeera.com/blog/middle-east/why-iraq-so-important-iran (ac essed May 14, 2015).
30 Aljazeera, "Iraq's parliament passes law legalising Shia militias," November 27, 2016, http://www.aljazeera.com/news/2016/11/iraq-parliament-passes-law-legalising- shia-militias-161126133010696.html (accessed August 17, 2017).
31 Alireza Nader, "What are the Iranians doing in Iraq?," Newsweek, January 29, 2015.
32 Islamic Republic News Agency, "Iran not seeking permission for supporting Iraq", September 25, 2014, http://www.irna.ir/en/News/2738699/ (accessed May 15, 2015).
33 For details see Sherko Kirmanj, "The Syrian Conflict: Regional Dimensions and Implications," Journal of International Studies 10, 2014, pp. 57-75.
34 Stephen J. Flanagan, "The Turkey-Russia-Iran Nexus: Eurasian Power Dynamics,"The Washington Quarterly 36 (1), 2013, pp. 163-178.
35 Jeremy M. Sharp and Christopher M. Blanchard, "Armed Conflict in Syria: U.S., and International Response," Congressional Research Service, July 12, 2012, pp.1-45, http://fpc.state.gov/documents/organization/195385.pdf (accessed April 21, 2014).
36 For details on Iran Hezbollah relations see Marius Deeb, Syria, Iran, and Hezbollah: The Unholy Alliance and its War on Lebanon (Stanford, US: Hoover Institution Press, 2013).
37 David A. Pattena, "Taking advantage of insurgencies: effective policies of state-sponsorship," Small Wars & Insurgencies 24 (5), 2014, pp. 878–905.
38 Aaron Reese, Sectarian and regional conflict in the Middle East, Middle East Security Report 13 (The United States: Institute for the Study of War, July 2013).
39 Al-Mokhtsar, "IRGC sends Fifteen Thousand of the 'elite' to Damascus," February 8, 2012, http://www.almokhtsar.com/node/35363 (accessed May 15, 2015).
40 Majid Rafizadeh, "Iran's Forces Outnumber Assad's in Syria," November 24, 2016, https://www.gatestoneinstitute.org/9406/iran-soldiers-syria (accessed August 17, 2017).
41 US Department of the Treasury, "Treasury Sanctions Syrian, Iranian Security Forces
42 US Department of the Treasury, "Treasury Sanctions Major Iranian Commercial Entities". June 23, 2012, http://www.treasury.gov/press-center/press-releases/Pages/ tg1217.aspx (accessed May 15, 2015); US Department of the Treasury, "Treasury Targets Iranian Arms Shipments". March 27, 2012, http://www.treasury.gov/press-center/ press-releases/Pages/tg1506.aspx (accessed May 15, 2015).
43 Scott Lucas, "Syria & Iran Follow-Up: The Real Story of Syria's Iran-Hezbollah

50,000-Man Militia in 3 Easy Steps". EA Worldview, February 12, 2013, http://www.enduringamerica.com/home/2013/2/12/syria-iran-follow-up-the-realstory- of-syrias-iran-hezbollah.html (accessed May 25, 2016).

44 For further details see Jubin M. Goodarzi, Syria and Iran: Diplomatic Alliance and Power Politics in the Middle East (London: I.B.Tauris, 2009).

45 Jubin M. Goodarzi, "Syria and Iran: Alliance Co-operation in a Changing Regional Environment". Ortadoğu Etütleri 4 (2), 2013, pp. 31-54.

46 Reuters, "Iran expands regional 'empire' ahead of nuclear deal," March 24, 2015, http://www.reuters.com/article/us-mideast-iran-region-insight-idUSKBN0MJ1G520150323 (accessed August 18, 2017).

47 For details Sherko Kirmanj, "The Syrian Conflict: Regional Dimensions and Implications," Journal of International Studies 10, 2014, pp. 57-75.

48 Efraim Inbar, "Israel's national security amidst unrest in the Arab world", The Washington Quarterly 35 (3), 2012, pp. 59-73.

49 BBC News, "Syria conflict: US wants to 're-ignite' peace talks, says Kerry," March 15,2015, http://www.bbc.com/news/world-middle-east-31897389 (accessed August 19, 2017).

50 Rebecca M. Nelson, "U.S. Sanctions and Russia's Economy," Congressional Research Service, February 17, 2017, https://fas.org/sgp/crs/row/R43895.pdf (accessed August 19, 2017).

51 Mohanad Hage Ali, "Meet ISIS' new breed of Chechen militants," Al-Jazeera net, August 31, 2014, http://english.alarabiya.net/en/perspective/analysis/2014/08/31/Meet- ISIS-new-breed-of-Chechen-Militants-.html (accessed May 16, 2015).

52 Igor Delanoe, "The Syrian Crisis: A Challenge to the Black Sea Stability," February 2014, http://www.khas.edu.tr/cms/abaum/dosyalar/files/CIESPolicyBrief02.pdf (accessed May 19, 2014). 53 Jiri Valenta and Leni Friedman Valenta, "Why Putin Wants Syria," Middle East Quarterly, vol. 23, no. 2, pp. 1-16; Steve Austin, "Crude Oil and the Syrian Conflict," Oil

53 Price Net, November 12, 2013, http://oil-price.net/en/articles/crude-oil-syrian-conflict. php (accessed May 16, 2015).

54 Kirmanj, "The Syrian Conflict," pp. 57-75; Eric Draitser, "The war on Iran begins in Syria," RT, August 28, 2013, http://rt.com/op-edge/us-war-iran-begins-syria-096/ (accessed May 20, 2016); David B. Roberts, "The Arab World's Unlikely Leader: Embracing Qatar's Expanding Role in the Region," Project on Middle East Democracy, March 13, 2012, http://www.pomed.org/wordpress/wp-content/uploads/2012/03/ POMED-Policy-Brief_Roberts.pdf (accessed June 26, 2015).

55 Yoel Guzansky and Gallia Lindenstrauss, "The Emergence of the Sunni Axis in the Middle East," Strategic Assessment 16 (1), 2013, pp. 37-48.

# حوسییەکان و بە ئامانجگرتنی
# بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل لە دەریای سووردا:
# ئاسۆ و لێکەوتەکانی

علي الذهب

وەرگێڕان: بارام سوبحی



## بەرایی

پەلاماردانی ئیسرائیل و بەرژەوەندییەکانی لە دەریای سوور لەلایەن حوسییەکانەوە لە (نۆزدەی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣)ەوە، یەکێکە لە دیارترین ڕووداوەکانی هاوزەمانی ئۆپەراسیۆنی زریانی ئەقسا، کە لە (حەوتی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣) لەلایەن بزووتنەوەی بەرگری ئیسلامی (حەماس) دژی سوپای ئیسرائیل لە ناوچەکانی دەوروبەری غەززە ئەنجامدرا، بوون و نەمانی ئەم هێرشانە پەیوەستە بە ڕووداوەکانی غەززەوە، چونکە حوسییەکان ڕاگرتنی هێرشەکانیان بۆ سەر بەندەری ئیلات (ئوم ئەلڕەشرەش) و کەشتییە بازرگانییەکانی پەیوەست بە ئیسرائیلەوە لە دەریای سووردا، کردوەتە مەرج لە بەرامبەر وەستاندنی پەلامارەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە.

ئەم توێژینەوەیە باس لە چوارچێوەی گرژییەکانی گرووپی ئەنسارولڵا (حوسییەکان) دەکات لە بەرامبەر ئیسرائیل. شانۆی ئۆپەراسیۆنەکان و تەکنیکە سەربازییەکانی دەستنیشان دەکات، تیشک دەخاتە سەر دەرهاویشتە سیاسی، سەربازی و ئەمنیەکانی، پاشان سنووری وەڵامدانەوەی ئیسرائیل و نێودەوڵەتی دەخاتەڕوو، کە چی ڕوویداوە و لە داهاتوودا چاوەڕوان چی دەکرێت.

### یەکەم: زەمینە سیاسییە ئاڵۆزییەکان

لێکەوتەکانی ئاگربەستی مرۆیی بەردەوامی نێوان حکومەتی یەمەن و حوسییەکان، کە لە (٢/ نیسان/ ٢٠٢٢)ەوە کەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەنوکە بە گرنگترین گۆڕاوی ناوخۆیی دادەنرێت کە پەیوەندییەکی بەتینی بە هەڵکشانی چالاکی سەربازیی حوسییەکان لە دەریای سوور و کەنداوی عەدەنەوە هەیە، کە لە ماوەی چارەکی کۆتایی ساڵی (٢٠٢٣) دا لەدژی بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی ئەنجامدراون.

شەڕی ئیسرائیل لە کەرتی غەززە دەرفەتێکی بەنرخ بوو بۆ حوسییەکان، بۆ بەدەستهێنانی چەند خاڵێک لە ئاستە جیاوازەکاندا، دیارترینیان جووڵاندنی پرۆسەی ئاشتییە بە ئاراستەی ئیرادەی سیاسی سەرسەختی خۆیان، لەگەڵ ئێران لە پشتیانەوە، یان گەڕانەوە بۆ ڕێگای شەڕ و تۆمارکردنی پێگەیەکی تۆکمە کە وەکو هێزێکی عەرەبی بوێر

دەریاندەخات، لە بەرامبەر خۆپارێزی هەموو دەوڵەتانی عەرەبی لەگرتنەبەری هەڵوێستێکی لەو شێوەیە یان کەمتر لەوە.

پێدەچێت ئەو بەڵگەوبەندەی ئەم بۆچوونە پشتڕاست بکاتەوە، ئەو دۆخە چەقبەستووە مەیدانییە بێت کە حوسییەکان لە ماوەی بیست مانگی ئاگربەستەکەدا تیایدا نوقم بوون، داواکارییە زیادەکانیانی پوچەڵکردەوە، کە بۆ نوێکردنەوەی ئاگربەستەکە بەشێوەیەکی فەرمی، وەکو مەرج دایاننابوو[1]. ئاگربەستەکە ڕێگر بوو لە هاندانیان بۆ ناو جوگرافیایەکی دەوڵەمەند بە نەوت و سەرچاوەکانی دیکە کە حکومەت کۆنترۆڵی کردبوو، هەروەها کاتێکی تەواوی بە نەیارەکانیان لەم حکومەتەدا بەخشی تاوەکو کارتە پەرشوبڵاوەکانیان ڕێکبخەنەوە، جا هەر لایەنێکی نەیاریان بە تەنها، یان هەر هەموویان پێکەوە لەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی سەرۆکایەتیدا، کە پێنج ڕۆژ لەدوای ڕاگەیاندنی ئاگربەستەکە پێکهێنرا. جگەلەو دۆخی دڵەڕاوکێیەی کە حوسییەکانی گرتەوە، لە ئەنجامی پەرەسەندنی ڕۆحی شۆڕشگێڕانە لەبەرامبەریان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا، لە ئەنجامی خراپی بارودۆخی ئابووری و پەروەردەیی و تەندروستی و بێتواناییان لە دابەشکردنی مووچەی کەرتی گشتی لە ساڵی (٢٠١٦)ەوە، سەرباری بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان، کە لە سەرکوتکردنی ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی یادی (٦١) ساڵەی شۆڕشی (٢٦ی ئەیلوولی ١٩٦٢)دا بەدەرکەوت[2].

بە درێژایی ماوەی ڕابردووی ئاگربەست، حوسییەکان جەختیان لەوە کردۆتەوە کە یەمەن هێشتا لەژێر هەڕەشەی دەستدرێژیی سعودییە و ئەمریکا و ئیسرائیلدایە، ئەمەشیان لە وتارە فەرمییەکانیاندا باسکردوە. بە نموونە وتارەکانی عەبدولمەلیک حوسی سەرکردەی حوسییەکان و وتارەکانی مەهدی مەشاتی سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی حوسییەکان، بەدەر نەبوو لە هەڕەشەی دەستپێکردنەوەی شەڕ[3]. ئەمەش پێچەوانەی واقیعە، چونکە پێکدادانەکانی نێوان هەردوولا لە خاڵە سنوورییە جیاکەرەوەکانی نێوانیاندا بەردەوامە، تەنانەت حوسییەکان لە ماوەی مانگی تشرینی دووەمی (٢٠٢٢)دا بە مووشەکی بالیستی و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان پەلاماری بەندەری نەوتی (الضبَّة)یان دا.

لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیش، ئاشتەوایی نێوان سعودیە و ئێران، وەک گۆڕاوێکی سیاسی سەرهەڵدەدات کە پەیوەندییەکی نزیکی بە گرژییەکانی حوسییەکانەوە

هەیە. لەلایەکەوە ئەم گرژییانە دەیانخاتەوە نێو ئەو میحوەرەی مقاوەمەوە کە ئێرانی تاکە هاوپەیمانی نێودەوڵەتییان تێیدا ئامادەیە، پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ ئێراندا ئەم گریمانەیە پشتڕاست دەکاتەوە، هەروەها دەرفەتێکی زیاتریان پێدەبەخشێت بۆ بەهێزکردنی پێگەیان لە بەرامبەر لایەنەکانی ڕێککەوتنی ئەتۆمی ساڵی (٢٠١٥)دا کە دواتر ئەمریکا لێی کشایەوە. لە لایەکی دیکەشەوە حوسییەکان بە هاندانی سعودییە و ئەمریکا هەوڵی بەرتەسککردنەوەی بژاردەکانی بەردەم حکومەتی یەمەن دەدەن، بۆ فشارخستنە سەر ئەم حکومەتە تاوەکو ملکەچی داواکارییەکانیان بێت کە پەیوەندی بە درێژکردنەوەی ئاگربەست و چوونە ناو پرۆسەی ئاشتیەوە هەیە. حوسییەکان ئەوە دەزانن کە سعودییەکان چەندە مکوڕن لەسەر بەردەوامبوونی ئەم ئاگربەستە و هەوڵەکانیان بۆ خامۆشکردنی سەرچاوەکانی ئەم ناکۆکیە، چونکە بووەتە هۆی سستکردنی پرۆژە ستراتیژییەکانیان، لەپێشی هەموویانەوە دیدگای (٢٠٣٠)ی سعودییە[٤].

لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا کە زۆرینەی ئەو پێدراوانەی سەرەوە کۆنترۆڵ دەکات، پلانی ئەمریکایە کە حەز دەکات بە هەندێک خۆگری ستراتیژییەوە مامەڵە لەگەڵ حوسییەکاندا بکات، ئەمەش بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک حیساباتی ناوچەیی خۆی بەرامبەر بە هاوپەیمانەکانی وەکو دەوڵەتانی کەنداو و ئیسرائیل، بەرامبەر بە نەیار و ڕکابەرە نێودەوڵەتییەکانی وەک ئێران و چین، هەروەها ئەو گرووپانەی کە بە تیرۆریست وەسفیان دەکات بەتایبەتی قاعیدە و داعش. جگەلە حیساباتی ئیدارەی سەرۆک جۆ بایدن سەبارەت بە ناوچە گەرمەکانی توندوتیژی لە سودان و ئۆکرانیا و غەززە، هەروەها بەرامبەر هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کە بڕیارە لە کۆتایی ئەمساڵدا (٢٠٢٤) ئەنجام بدرێت، چونکە بایدن لە مانگی نیسانی (٢٠٢٣)دا ڕایگەیاند دەیەوێت خۆی هەڵبژێرێتەوە. جگە لەوەی لەمیانی هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٠)دا بەڵێنی بە دەنگدەرانی دا کە کار بۆ ڕاگرتنی شەڕی یەمەن و سنووردارکردنی پشتیوانی سەربازی ئەمریکا بۆ سعودیە لە یەمەندا بکات.

دیارە حوسییەکان ئاگاداری ئەو ڕەهەندانەن، بەڵام بۆ ئەم ساتە کار دەکەن و کار بۆ ئەوە دەکەن کە بە تەواوی سوودی لێ وەربگرن[٥]. ڕەنگە لابردنی ئەوان لەلایەن ئیدارەی بایدنەوە لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییە بیانییەکان، بەهێزترین بەڵگە بێت کە دەتوانرێت بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی ئێستای ئەمریکا لەسەریان وەربگیرێت، هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی خودی حوسییەکان بەرامبەر بە ئەمریکا. ئەوان لەگەڵ

پرسە جۆراوجۆرە ناوخۆیی و ناوچەییەکاندا مانۆڕ دەکەن، بەڵام لە سنوورێکدا کە دەرفەتەکان ڕێگەیان پێدەدات، بەبێ زیان گەیاندن بە بەرژەوەندییە ستراتیژییە دیارەکانی ئەمریکا. لەکۆتاییدا بۆمان دەردەکەوێت کە کۆی دوژمنایەتیان بەرامبەر ئەمریکا، لە ماوەی هێرشەکانیاندا بۆ سەر کەشتییەکان لە دەریای سووردا، یەکسانە بە (سفر) زیان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تەنها یەک حاڵەت لە ناوچەی دەریایی ژێر کۆنترۆڵی ئەواندا ڕوویدا، ئەویش کاتێک فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی جۆری (Rapier ٩-MQ)یان خستە خوارەوە، کە ئەرکێکی سیخوڕی ئەنجام دەدا و پاشماوەکانیشی کەوتە ناو دەریای سوورەوە[٦].

## دووەم: گۆڕەپانی ئاڵۆزییەکان و ئامرازە بەکارهێنراوەکان

### ١. گۆڕەپانی ئاڵۆزییەکان

خاڵە گەرمەکانی ئاڵۆزییەکانی حوسییەکان لە دوو ناوچە یان دوو ئاڕاستەدا چڕبووەتەوە، یەکەمیان ناوچەی دەریایی و کیشوەرییە، لە بەندەری ئیلات (ئوم ئەلڕەشڕەش) لە باکووری کەنداوی عەقەبە، کە لەوێوە زیاتر درێژدەبێتەوە تا دەگاتە ناوچەی تابای میسری لە باشووری ڕۆژئاوای بەندەرەکە. جگەلە زەوییەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئوردن، لەنزیک سنوورە وشکانیەکانی سعودیە[٧]. دووەمیان: لە کەرتی باشووری هێڵی کەشتیوانی دەریایی لە باکووری ڕۆژئاوای کەنداوی عەدەن دەست پێدەکات، تا بەرامبەر بەندەری سەلیف. کۆنترۆڵی حوسییەکان لەم کەرتەدا بە تەواوی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو لە ڕێگەی توانا مووشەکییەکانیانەوەیە کە دەگەنە ئەو شوێنە و مەترسی دروستدەکەن. سەبارەت بە کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆیان، لەنێوان دورگەکانی زوقار و زوبەیرە کە تا کەناراوەکانی باشووری حودەیدە درێژدەبێتەوە، پاشان لەنێوان دورگەی زوبەیر و دوورگەکانی بەکلان و ڕافیع و زومهەر لە باکوور، بۆ زانیاری ئەم دوورگانە لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی دەریایی حکومەتدان[٨].

بەم شێوەیە کۆنترۆڵی کیشوەری و دەریایی حوسییەکان، توانای مووشەکی بالیستیکیان، فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی خۆکوژییان، توانای دەریایی کۆن و مۆدێرنیان، پشتیوانی لۆجستی و هەواڵگری ئێران؛ هەر هەموویان سنووری هەڕەشە ئەمنییەکانی

حوسییەکان بەسەر باکوور و باشووری دەریای سووردا دەسەپێنن، هەروەها سروشتی خاڵە بە ئامانج گیراوەکان دیاری دەکەن.

مەودای چەک و مووشەکانیان لەنێوان (١٩٠٠-٢٠٠٠ کم)دایە، کە بە نزیکەیی هەمان مەودای نێوان سەنعا و بەندەری حودەیدە، یان بەندەری ئیلاتە[٩]، لەکاتێکدا مەودای نێوان دوایین خاڵی کەنار دەریاکانیان لە باشووری حودەیدە و هەر خاڵێک لە کەنداوی عەدەن کە هاوتەریب لەگەڵ بەندەری عەدەن هەڵکەوتووە لەنێوان (٣٤٠-٣٧٠ کم) مەزەندە دەکرێت[١٠]. ئەم مەودایەش دەرفەتی گەیشتنی مووشەک و فڕۆکە بێ فڕۆکەوانە خۆکوژەکانیان بە ئامانجەکانیان دەڕەخسێنێت.

لە ئاڕاستەی یەکەمی گرژییەکاندا کە لە (١٩/ تشرینی یەکەم/ ٢٠٢٣) ڕوویدا، بەندەری ئیلات و دەوروبەری بە ئامانج گرتبوو، حوسییەکان یەکەم هێرشیان بە نزیکەی (١٥) مووشەکی بالیستیک و سێ فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی خۆکوژی ئەنجامدا، کە بەرەو ئیسرائیل (ناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستین) ئاڕاستەکرابوون، بەڵام کەشتی وێرانکەری ئەمریکی (یو ئێس ئێس کارنی) لە ئاسمانی دەریای سووردا هەندێکیانی لەکارخست، سەرچاوەی هەڵدانیانیشی بۆ ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی حوسییەکان گەڕاندەوە[١١]. پاشان، ئەم جۆرە هێرشانە لە مانگەکانی تشرینی دووەم و کانوونی دووەمدا، بە شێوەیەکی نارێک دووبارە کرانەوە، حوسییەکان دانیان بەوەدا نا کە ئەوان لە پشتی ئەو هێرشانەن، هۆکارەکەشیان گەڕاندەوە بۆ پەلامارەکانی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززە. هێرشەکان بە نزیکەی نەوەد مووشەکی بالیستی و فڕۆکەیەکی خۆکوژی بێ فڕۆکەوان ئەنجامدرا. دوایین هێرش کە بە ئاڕاستەی ئیلات ڕێگری لێکرا، نزیکەی (١٥) مووشەک بوو، کە فەرماندەیی ناوەندی هێزی دەریایی ئەمریکا لە (١٦/کانوونی دووەم/٢٠٢٣) ڕایگەیاند ئەو مووشەکانەی خستۆتە خوارەوە.

سەبارەت بە ئاڕاستەی دووەمی گرژییەکانی حوسییەکان، کەرتی باشووری هێڵی کەشتیوانی دەگرێتەوە، بەدرێژایی سنووری دەسەڵاتیان بەسەر کەناری دەریاکان و کە بەرەو باشوور بۆ کەنداوی عەدەن درێژدەبێتەوە، ئاستی گرژییەکان لە هەردوو دیوی گەرووی باب ئەلمەندەبدا چڕبووەتەوە. لەم کەرتەدا هێرشەکان ئەو کەشتییە بازرگانیانەیان کردە ئامانج کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە حکومەتی ئیسرائیلەوە هەبوو،

هەروەها ئەو کەشتیانەی بەرەو بەندەرەکان دەچوون یان لێی دەردەچون و بە گەرووی باب ئەلمەندەبدا تێدەپەڕین.

بەگوێرەی ڕاگەیەنراوەکانی فەرماندەیی ناوەندی هێزە دەریاییەکانی ئەمریکا، تا (٢٣/ کانوونی دووەم/ ٢٠٢٣)، نزیکەی پازدە هێرش بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی خۆکوژ، مووشەکی بالیستی و کروز ئەنجامدراوە، بەڵام لەلایەن فڕۆکە تێکشکێنەرە ئەمەریکیەکانی «USS Carney» و «USS Labone» لە دەریای سوور، هەروەها «USS Mason» لە کەنداوی عەدەن تێکشکێنراون[١٢].

حوسییەکان چەندینجار هەوڵی ڕفاندنی کەشتییە بازرگانییەکان و تیمەکانیان داوە، یاخود هەندێکجار هەوڵیانداوە ئاڕاستەکانیان بەرەو بەندەری حودەیدە بگۆڕن، یان ئاڕاستەی گەشتەکانیان پێچەوانە بکەنەوە، ئەم کارانەش وەک جۆرێکی دیکەی هەڕەشەکردنن کە دەکەونە چوارچێوەی گرژییەکانەوە، سەرەتای هەوڵەکانیان بە هۆشداریدان و سەپاندنی داواکارییەکانیان دەستیپێکرد، بەمەبەستی وەستاندنی پەلامارەکان بۆ سەر غەززە و ڕێگەدان بە چوونە ژوورەوەی کاروانی خۆراک بۆ ناو غەززە. کاتێکیش گوێ بە هۆشدارییەکانیان نەدرا، هەڕەشەکانیان بەکرداری جێبەجێکرد.

هەرچەندە حوسییەکان دانیان بە بەرپرسیارێتی ئەو هێرشەدا نەنا، بەڵام هێرشەکانی (١٩/ تشرینی یەکەم/ ٢٠٢٣)، بە یەکەمین جێبەجێکردنی ئەو هۆشدارییانە دادەنرێت، کە بەدوایدا هەوڵدان بۆ ڕفاندنی کەشتییە بازرگانییەکانی پەیوەست بە حکومەتی ئیسرائیل هات، ئیدی پەیوەندییەکەیان هەرچۆنێک بێت.

دوای مانگێک لە یەکەم هێرشی مووشەکی حوسییەکان بۆ سەر ئیسرائیل، لە (١٩/ تشرینی دووەم/ ٢٠٢٣)، هێرشکرایە سەر کەشتیی "گالاکسی لیدەر". پاشان لە ئەنجامی نەبوونی هیچ وەڵامێکی توندی ئیسرائیل، هێرشی مووشەکی و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی حوسییەکان بۆ سەر کەشتییە بازرگانییەکان بوو بە ڕەفتارێکی ئاسایی.

ئەم خشتەیەی خوارەوە کورتەیەک لە وردەکارییەکانی هێرشی سەر کەشتیەکان دەخاتەڕوو کە لەلایەن حوسییەکانەوە دانی پێدا نراوە، لەلایەن فەرماندەیی ناوەندی هێزە دەریاییەکانی ئەمریکاشەوە پشتڕاستکراوەتەوە و لە ماوەی (١٩/ تشرینی یەکەم/ ٢٠٢٣ هەتا ٢٦/ کانوونی دووەم/ ٢٠٢٣) ئەنجامدراون.

| م | الواقعة | دولة العلم | المالك | المشغل | النوع | وسيلة الاستهداف | المكان | الزمان | النتائج |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | اختطاف السفينة جالاكسي ليدر | البهاما | شركة بريطانية مرتبطة برجل أعمال إسرائيلي | شركة يابانية | ناقلة سيارات (فارغة) | زوارق صغيرة مسلحة، وطائرة مروحية | جنوبي الحديدة | 11/19 | احتجاز السفينة وطاقمها (25 بحار) |
| 2 | هجوم ناري على السفينة يونيتي إكسبلورر | *** | إزاي لشحن إسرائيلية | (إزاي لشحن إسرائيلية) | ناقلة بضائع الصب (السائبة) | صاروخ بحري | خليج عدن | 12/3 | أضرار مادية طفيفة |
| 3 | هجوم ناري على السفينة نمبر 9 | بنما | بروبوا إدارات صلة بحكومة إسرائيل | بريارد بلوانت | ناقلة حاويات (بضائع) | طائرة غير مأهولة التجارية | خليج عدن | *** | *** |
| 4 | هجوم ناري على السفينة أيه سونو 5 | *** | سانكر مرين وكيو اكسبن | غير معلوم | *** | *** | خليج عدن | *** | *** |
| 5 | هجوم ناري على السفينة ستريندا | النرويج | موينكل كيميكال تانكر | موينكل كيميكال تانكر | ناقلة نفط | صاروخ كروز | شمالي مضيق باب المندب | 12/12 | تعطل الناقلة بسبب نشوب حريق فيها، وإجلاء الطاقم دون أضرار |
| 6 | محاولة اختطاف، مع هجوم ناري على السفينة أرديمور إنكاونتر | جزر مارشال | شركة بانيكوبون شيبكو | شركة أرديمور للشحن | ناقلة نفط / كيماويات (وقود طائرات هندية) | زوارق صغيرة مسلحة، وقذائف صاروخية، وطائرة غير مأهولة التجارية | *** | 12/13 | لم تسجل أي أضرار |
| 7 | ميرسك جبرالتر (جبل طارق) | هونغ كونغ | مجموعة سيسبان متعددة الوسائط | شركة سيسبان لإدارة السفن | ناقلة حاويات (بضائع) | طائرة غير مأهولة التجارية | *** | 12/15 | *** |
|  | ام اس سي آلانيا | ليبيريا |  | البحر الأبيض المتوسط للشحن |  | تحذير بتغيير الاتجاه جنوباً | غربي جزيرة ميس | *** | *** |
| 8 | ام اس سي بالاتيوم 3 | *** | فلوتيا ريبيري- ألمانيا | فلوتيا ريبيري- ألمانيا | *** | صاروخان باليستيان | قبالة ميناء المخا | *** | حريق جزئي للسفينة، وإجبارها على العودة جنوباً |
| 9 | الحسرة | *** | نيبون يوسن كايشا وإيتير | شركة الشحن الألمانية - هاباغ لويد | ناقلة حاويات (بضائع) | *** | جنوبي البحر الأحمر | *** | أضرار مادية محدودة |
| 10 | سوان أتلانتك | جزر كايمان | إنفيمور الكيميكال تانكر- النرويج | ديماوند شب مانيجمنت | ناقلة نفط /كيماويات | طائرة غير مأهولة التجارية، وصاروخ باليستي | قبالة ميناء المخا | 12/18 | أضرار طفيفة |
| 11 | إم إس سي كلارا | بنما | وشن ترويف إس جي (المحدودة) | البحر الأبيض المتوسط للشحن سويسرا | ناقلة حاويات (بضائع) | غير معلوم | *** | *** | لم تسجل أي أضرار |
| 12 | بلاتين | النرويج | كيكيمان تانك شيبنج | ناقلات هاتون النرويج | ناقلة كيماويات ونفط | طائرة غير مأهولة التجارية | غربي الحديدة | 12/23 | *** |
| 13 | ساي بابا | الجابون | غير معلوم | غير معلوم | ناقلة نفط خام | *** | *** | *** | *** |

## ٢. ئامرازە سەربازییەکان کە لە هێرشەکاندا بەکاردەهێنرێن

حوسییەکان کۆمەڵێک چەک و تەکنەلۆجیایان بەکارهێنا، لە چوارچێوەی دوو پۆلی سەرەکی ئەو هێزە فەرمییانەی کە خۆیان کۆنترۆڵیان دەکەن، ئەوانیش: هێزی دەریایی و هێزی بەرگری کەناراوەکانن، لەگەڵ هێزی ئاسمانی و هێزی بەرگری ئاسمانی، جگەلە هێزەکانی پاسەوانی کەناراوەکان کە ناوچە دەریاییە هەرێمیەکان دەپارێزن لەو ناوچانەی کە لەژێر کۆنترۆڵیاندایە. چەکەکانیان بریتین لە: مووشەک و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان (فڕۆکەی خۆکوژی بێ فڕۆکەوان و مووشەکی بالیستی و باڵدار).

لە کاتی پەلامارەکاندا، جۆرێکی نوێ لە مووشەکی بالیستیکی بەکارهێنرا کە بە «تۆفان» ناسراوە، کە مووشەکێکی زەمین بە زەمینە و کۆپییەکی مووشەکی «قەدر»ی ئێرانییە و مەوداکەی (١٩٥٠) کیلۆمەترە. ئەم مووشەکە، بەپێی نمایشە سەربازییەکانی حوسییەکان و ئەو زانیارییانەی کە لە ماوەی نۆ ساڵی ڕەوتی شەڕەکەدا ئاشکرا بووە؛ لە ڕێگەی ئامێری هەڵدانی زەمینی بزواوە دەهاوێژرێت. هەروەها مووشەکی قودسی باڵدار لە جۆری کروز بەکاردەهێنن کە مەوداکەی زیاتر لە (١٦٥٠) کیلۆمەترە[١٣].

جگە لەوەش فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی خۆکوژی، لەوانە: فڕۆکەی "سەمەد" کە مەوداکەی

لەنێوان (١٢٠٠-١٥٠٠) کیلۆمەترە، لەگەڵ "سەمەد-٣"، ئەو جۆرەی کە لەکاتی پەلاماری حوسییەکان لە بەرانبەر ئیسرائیل و لە دەریای سوور ناوەکەی بەشێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرا. جێگای سەرنجە کە لەگەڵ کۆپی فڕۆکە بێ فڕۆکەوانە ئێرانیە خۆکوژەکان دەگونجێت کە بە "شەهید" ناسراوە. تائێستا نازانرێت ئایا حوسییەکان ئەو جۆرە لە فڕۆکەی خۆکوژیان بەکارهێناوە، کە پێشتر ڕایانگەیاندبوو هەیانە و بە "وەعید" ناسراوە و مەوداکەی دەگاتە (٢٥٠٠) کیلۆمەتر، کە هاوشێوەی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی خۆکوژی ئێرانی (شەهید ١٣٦)ە[١٤].

ئەم مووشەکانە یان فڕۆکانە بەزۆری بە گورزە یان وەجبە هەڵدەدرێن، کە گەورەترینیان پازدە مووشەک و فڕۆکەیەکی خۆکوژ بوو، ئەمەش بەپێی قەبارە و گرنگی و دووری ئامانجەکە دەگۆڕێت. هێرشەکان بۆ سەر بەندەری ئیلات زۆرترین ژمارەی ئەو مووشەکانەیان لەخۆگرتبوو، کە مووشەکی بالیستی و باڵدار و فڕۆکەی خۆکوژ بوون، سەبارەت بە ئامانجە دەریاییەکان، بە تاکە مووشەک، هەندێکجار بە جووت بەبێ ئەوەی بگاتە شەش مووشەک، دەکرێنە ئامانج. لە هەردوو ئاڕاستەکەدا، کڵاوەی مووشەکەکان تەقینەوەی ئاسایی بوون و لەکاتی تەقینەوەشیاندا توندییەکی مامناوەندییان هەبوو.

حوسییەکان لە هێرش و ئۆپەراسیۆنە دەریاییەکاندا کۆمەڵێک چەک و ئامرازی یارمەتیدەری دەریایی و ئاسمانی بەکاردەهێنن، کە پێشتر لە گۆڕەپانە گشتییەکان و لەکاتی ئاهەنگگێڕانیان لە بۆنە سیاسی و ئایینیەکانی خۆیاندا نمایشیان کردبوو.

لە هەموو حاڵەتەکاندا بە بەکارهێنانی بەلەمی شەڕکەری پرچەکی سنووردار هێرشەکانیان دەستپێدەکەن، لەوانە: مەلاح، عاسیف، نەزیر. چەکەکانیشیان بریتین لە تفەنگی ئۆتۆماتیکی (AK-٤٧)، عەیار (٧،٦٢-٣٩ ملم)، دۆشکەی عەیار (١٢،٧-١٠٨ ملم)، مووشەک هەڵگری (RPG-٧)، پێدەچێت کەسێک کەشتییەکی گەورەیان بۆ دابین بکات کە لە دەریادا لەنگەری گرتووە، کە وەک ئەو کەشتییە دایکە کاردەکات کە ئەم بەلەمانە لێیەوە دەڕۆن. لێرەشدا مشتومڕێکی زۆر لەسەر ڕۆڵی کەشتییە ئێرانییەکان لە دەریای سووردا هەیە، کە لە ماوەی نۆ ساڵی ڕابردووی شەڕەکەدا یارمەتی لۆجستیکیان بۆ پشتیوانی لە حوسییەکان دابین دەکرد. ئەم ڕۆڵە لە ناوچەی دەریا بەرزەکاندایە کە بەلەمی حوسییەکان ناتوانن پێی بگەن، بۆ ئەوەی کەشتییەکان بگرن و بگەڕێنەوە بۆ شوێنی لەنگەرەکانیان لە کەناراوەکاندا.

حوسییەکان ئەو مووشەکە دەریاییانەیان ئاشکرا نەکرد کە لە هێرشەکانیاندا بۆ سەر کەشتیەکان بەکاریدەهێنن، سەرەڕای کەم بەکارهێنانیان؛ ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو مووشەکانەی کە دەیهاوێژن، مووشەکی بالیستیکی و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی خۆکوژین، کە لەسەر وشکانی وڵات جێگیرکراون. جۆری ئەو مووشەکەی کە بۆ هێرشکردنە سەر کەشتییەکان بەکاردەهێنرێت، ڕەنگە مووشەکی کروزی (قودس -٤) بێت کە مەوداکەی نزیکەی (٨٠٠) کیلۆمەترە، ئەم مووشەکەش دەتوانێت ئامانجەکانی لە دەریا و لە وشکانیشدا بپێکێت[١٥].

## سێیەم: کاردانەوەی ناوخۆیی و دەرەکییەکانی پەرەسەندنەکە

هێرشەکانی حوسییەکان بۆ سەر ئامانجە سەربازییەکان و شوێنە گشتییەکان لە ئیلات، هێرشەکانیان بۆ سەر کەشتییە بازرگانییەکان کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ئیسرائیلەوە هەیە، بووەتە هۆی چەندین کاردانەوەی ڕاگەیەندراو و ڕانەگەیەندراو کە هەموویان دەکەونە چوار بوارەوە: سیاسی، ئابووری، سەربازیی و ئەمنی.

### ١. کاردانەوەی سیاسی

پەلاماری سەربازیی حوسییەکان بۆ سەر ئیسرائیل و بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی و بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکانی لە باشووری دەریای سوور، بەشداربوو لە شکاندنی ئەو بەستەڵەکە سیاسییەی کە نزیکەی دوو ساڵە قەیرانی یەمەنی گرتۆتەوە.

دوای نزیکەی دوو مانگ لە هێرشەکانیان بۆ سەر بەندەری ئیلات و کەشتییە بازرگانییەکان لە دەریای سوور؛ هانس گروندبێرگ نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە یەمەن، پابەندبوونی لایەنە بەشەڕ هاتووەکانی لەسەر کۆمەڵێک ڕێوشوێن ئاشکراکرد کە بریتین لە ئاگربەست، باشترکردنی بارودۆخی ژیان و بەشداریکردن لە ئامادەکاری بۆ پرۆسەیەکی سیاسی لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا[١٦]. ئەم ڕاگەیاندنە هاوکات بوو لەگەڵ چالاکیەکی سیاسی چڕوپڕ لەناو لایەنە جیاجیاکانی شەڕ و پشتیوانە دەرەکییەکانیاندا، کە ئاماژەیە بۆ نزیکبوونەوەی چارەسەرێکی سەرەتایی سیاسیی، کە دیارترین تایبەتمەندییەکانی بریتین لە: کاروباری مرۆیی و دروستکردنی متمانە لەنێوان ئەو لایەنانەدا، بەڵام لایەنەکانی ناو حکومەتی یەمەن هێشتا بۆ ئەم ڕاگەیاندنە بە جۆش و خرۆش نین، تەنانەت ئەگەر پێشوازیشی لێبکەن، پێیانوایە بەهۆی نەبوونی گەرەنتی پشتیوانیکردن لە ئاشتییەکی

ڕاستەقینە و بەردەوام، دەبێتە هۆی دروستبوونەوەی گرژی و ئاڵۆزیی[١٧].

پێش ئەم جووڵە چڕ و پڕەی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان، بە درێژایی ماوەی دەستدرێژی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە، لێرە و لەوێ هێرش و دەستێوەردانی حوسییەکان هەر هەبوو. جموجوڵەکانیش لەو پایتەختانە بوون کە کاریگەریان لەسەر لایەنەکانی ململانێکە هەیە و بریتین لە: ڕیاز، ئەبوزەبی، مەسقەت، واشنتۆن و لەندەن. هەروەها ڕۆڵی نوێنەری ئەمریکا لە یەمەن تیمۆسی لیندەر کینگ و ڕۆڵی سعودیە سەرپەهەڵدا، کە خۆی لە چالاکییەکانی وەزیری بەرگری خالد بن سەلمان و باڵیۆزی سعودییە لە یەمەن محەمەد ئال جابردا دەبینێتەوە، جابر لەماوەی مانگەکانی تشرینی دووەم و کانونی یەکەمدا لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی سەرۆکایەتی ڕەشاد ئەلعەلیمی و باقی ئەندامانی ئەنجومەن کۆبوویەوە. لەکاتێکدا عوممان ڕۆڵی ئەڵقەی پەیوەندی لەنێوان هەموو لایەنەکاندا بە حوسییەکانیشەوە دەگێڕێت[١٨].

لە نیوەی دووەمی مانگی کانوونی دووەمی (٢٠٢٣)، وەفدێکی حوسییەکان لە شاری مەسقەت لەگەڵ وەفدێکی بەرپرسانی ئەمریکا کۆبوونەوە، ڕەنگە ئەمەش پاڵنەرێکی بەهێز بووبێت بۆ ڕاگەیاندنەکەی هانس گروندبێرگی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەبارەی دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتیەوە[١٩].

لە ئاڕاستەی پەلامارەکانی ئیسرائیلەوە بۆ سەر غەززە، پەلامارەکانی حوسییەکان لەگەڵ هۆکارەکانی دیکەدا، هانی ئیسرائیل و هێزە نێودەوڵەتییەکانی هاوسۆزیی دا کە بیر لە بەهای درێژەدان بە پەلامارەکانیان و پەنابردن بۆ چارەسەرێکی سیاسی لەسەر بنەمای دانوستانی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ بزووتنەوەی حەماسدا بکەنەوە، تەنانەت ئەگەر وەکو فێڵێکی سیاسیش بێت، چونکە لەڕووی سیاسییەوە هێشتا ترسی لە سەرهەڵدانی توندوتیژی لە دەوروبەری ئیسرائیل هەیە، ئەمە سەرباری ئەو مەترسیيانەی کە حیزبوڵای لوبنانی دروستی دەکات.

لە سەردەمێکدا کە حکومەتەکەی ناتانیاهۆ بەدەست قەیرانێکی سیاسی دواخراوەوە دەناڵێنێت، ئۆپەراسیۆنی لافاوی ئەقسا و بەرپەرچدانەوەی، بووە دەرچەیەک بۆ هەڵاتن لەو قەیرانە. چونکە تائێستا کاریگەری ڕاستەوخۆی هەڵوێستی حوسییەکان لەسەر ئەم بابەتە سنووردارە. تێبینی ئەوەش دەکرێت مەیلی کەمکردنەوەی توندوتیژییەکان لە بەرامبەر غەززە، تەنها فێڵێکە، چونکە هێشتا نیوەی دیلەکانی ئیسرائیل، لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنی

لافاوی ئەقسا، لەژێر دەستی حەماسدان. لەلایەکی دیکەوە توانا سەربازییەکان و ژێرخان و سەرچاوە لۆجستییەکانی حەماس، تائێستاش مەترسییەکی جددی لەسەر ئیسرائیل دروست دەکەن[٢٠].

### ٢. کاردانەوەی سەربازیی

سەرەڕای پەرەسەندنی هێرشی حوسییەکان بە ئاڕاستەی بەندەری ئیلات و کەشتییە بازرگانییەکان لە دەریای سوور و کەنداوی عەدەندا، بەڵام ئیسرائیل هیچ هەنگاوێکی سەربازیی بۆ بەرپەرچدانەوەی حوسییەکان نەبووە، بەڵکو تەنها بە هۆشداریدان سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی بەردەوامبوون لەسەر ئەم کارە وازی هێناوە، داوای لە وڵاتە دۆستەکانی کردووە کار بۆ وەستاندنی هەڕەشەکانی حوسییەکان بکەن[٢١]. پێدەچێت ئیسرائیل ئەم وەڵامە دوابخات بۆ ئەو ڕێگە و ئامراز و کاتەی کە خۆی دەیەوێت و بە پێویستی دەزانێت. چونکە ئێستا ئیسرائیل لە زۆنگاوی غەززەدا نوقم بووە، بەهۆی ئەو زیانە ماددی و مرۆیی و دەروونییەی کە سوپاکەی بە توندی تووشی هاتووە.

لەڕووی کاریگەری سەربازیی هێرشی حوسییەکانەوە، کاریگەرییەکی سەربازی ڕاستەوخۆی بەدەستنەهێناوە، نەبووەتە هۆی ئەوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئیسرائیل لە غەززەدا سنووردار بکات، هەرچەندە هەوڵە سیاسییەکان بۆ بەدیهێنانی ئاگربەست بەردەوامن. ئەوەی دەتوانرێت لەڕووی کاریگەرییە سەربازییە ڕاستەوخۆکانەوە بخەملێندرێت ئەوەیە کە ئەو هێرشانەی ناوچەی ئیلاتیان کردە ئامانج، کەرەستە و ئامرازەکانی بەرپەرچدانەوە و پوچەڵکردنەوەیان پێویستی بە خەرجیەکی زۆرە، بۆ نموونە نرخی یەک مووشەکی ڕێگریکەری "تیر-٢ و تیر-٣"، لە سیستمی «تیر-٣»دا، نزیکەی (١,٥ بۆ ٢) ملیۆن دۆلاری ئەمەریکییە[٢١]. لەم ڕووەوە نابێت ئەوە پشتگوێ بخرێت کە بەردەوامبوونی هێرشەکانی حوسییەکان لە بەندەری ئیلات، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هاوردە و داهاتی بەندەرەکە کە لە ڕۆژهەڵاتەوە دێت، ئاشکرایە بەشێک لەو داهاتەش بۆ پاڵپشتی ئابووریی جەنگەکە و ئۆپەراسیۆنە لۆجستیکیەکانی هێزە بەشداربووەکانی شەڕی غەززە بەکاردەهێنرێن.

لەلایەکی دیکەوە، ناوچەی باشووری دەریای سوور، هیچ کاتێک وەک ئەمڕۆ میلیتاریزەکردنی نێودەوڵەتی بەخۆوە نەبینیوە، هەرچەندە لە هەندێک لە دەوڵەتەکانی هاوسنووریدا بنکەی سەربازیی بیانی هەمیشەیی هەیە. ئەمریکا کەشتی جەنگی

پزیشکەوتووی ناردووە، تاوەکو لە چوارچێوەی گۆڕەپانی ئۆپەراسیۆنەکانی کەشتی فڕۆکەهەڵگری پێنجەمدا کاربکەن کە دەریای سوور و کەنداوی عەدەن لەخۆدەگرێت، ئەم کەشتیانەش بریتین لە کەشتی تێکدەری (Carney USS) و (USS Mason). ئەم ڕەوتە ڕێبازێکی مەترسیدارە، چونکە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی بوونی سەربازیی پێشووی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، لەوانەش بنکە ئەمەریکییەکان لە جیبۆتی و سۆماڵ. هەروەها وێستگەی کۆنترۆڵی زەمینی و پەیوەندییەکان دەکەوێتە دوورگەی سیشێلەوە، کە بنکەکانی ئەمریکا لە زەریای هیندی و دەرەوەیدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لەنێویاندا فەرماندەیی کەشتی فڕۆکەهەڵگری پێنجەمی ئەمریکا لە مەنامە، کە چاودێری مانگە دەستکردەکانی تایبەتمەند بە پەیوەندییە گەردونیەکان دەکات[٢٢].

### ٣. کاریگەرییە ئەمنییەکان

ئۆپەراسیۆنی حوسییەکان دژی کەشتییەکان، بووەتە هۆی ئەوەی کە چەتە دەریاییەکانی سۆماڵ چالاکییەکانیان لە ناوچەی پۆنتلاند لە باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەدا دەستپێبکەنەوە، دەرکەوتنی هاوشێوەی کارەکانی ئەوان، وەکو هێرشی چەکداری بۆ سەر کەشتییەکان و چالاکیی و هەڕەشەی دەریایی حوسییەکان لە باشووری دەریای سوور، بووەتە ڕووپۆشێک بۆ چالاکییەکانیان، لەوانەیە پەیوەندییەکی نزیکیشیان بە حوسییەکانەوە هەبێت، یاخود وەڵامێکی ڕانەگەیەندراو بێت بۆ دەستدرێژییەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە.

لە (٢٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣)، گرووپێکی چەکدار هەوڵی ڕفاندنی کەشتیی «سەنتراڵ پارک»یان دا لە کەنداوی عەدەن، بەڵام کەشتییەکی سەر بە فەرماندەیی ناوەندی هێزەکانی دەریایی ئەمریکا، ئەو کارەی پووچەڵکردەوە و گرووپەکەی دەستگیرکرد، کەچی تائێستا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ئاشکرا نەکراوە. لە (١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣)دا، چەتە دەرياييەکانی سۆماڵ کەشتی بارهەڵگری «روین»یان لە شوێنێکدا ڕفاند کە نزیکەی (٤٠٠) میلی دەریایی لە ڕۆژهەڵاتی دوورگەی سۆکۆتراوە دوورە، دواتر ئەو کەشتییە و حەڤدە دەریاوانیان بەرەو کەناراوەکانی پۆنتلاند برد[٢٣].

لەبەرامبەر ئەو ڕووداوانەدا، ئەمریکا لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی دووەمی (٢٠٢٣) دا، دامەزراندنی هاوپەیمانی ئاسایشی دەریایی ڕاگەیاند کە بە "پارێزەری خۆشگوزەرانی" ناودەبرێت، دوازدە دەوڵەتی لەخۆگرتوە، لەوانە بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، هۆڵەندا،

نەرویج، ئیسپانیا، بەحرەین و سیشێڵ. سەبارەت بە بەشداریی بەحرەین و سیشێڵ، سەرەڕای بچووکی قەبارەیان، ئەمە دەتوانرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ ئەوەی کە فەرماندەیی کەشتیەڵگری پێنجەمی ئەمریکا لە بەحرەینە، هەروەها وێستگەی ئەمەریکی بۆ کۆنترۆڵکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سیشێڵە، جگەلە بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە زەریای هیندی و ناوچەکانی دەوروبەریدا.

پڕچەککردنی جبەخانەی ئەو هێزانە دەتوانێت کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایشی ناوچەکە دابنێت، بەتایبەتی کە یەکێک لە ئامانجەکانی برینی خواستە دەرياییەکانی ئێرانە، دوای ئەوەی کە لەڕێگەی بریگرتەکەی «حوسییەکان»ەوە ئامادەبوو، تەنانەت لەزاری ژمارەیەک لە سەرکردە سیاسی و سەربازییەکانیەوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەریای سوور بەشێکی دانەبڕاوە لە بواری دەریایی. محەممەد ڕەزا نەغدی یاریدەدەری فەرماندەی سوپای پاسداران هۆشداریدا لەوەی کە ئەگەری داخستنی گەرووە دەریاییەکان هەیە[٢٤]. ئەم لێدوانەش ئاماژەیە بۆ تواناکانیان بەئامانجی بەکارهێنانی گرووپە چەکدارە توندوتیژەکان و دابینکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی خۆکوژی بۆیان، کە لە ئێستادا بووەتە مەترسیدارترین چەک.

**• کاردانەوەی ئابووری:**

تائیستا لێکەوتە ئابوورییەکانی لەسەر وڵاتانی ناوچەی دەریای سوور لە نزمترین ئاستیدایە، بەڵام ئەگەر توندوتیژی نێوان حوسییەکان و هێزە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکانی نەیاریان فراوانتر بێت، ئەوا کاریگەری خراپی دەبێت. ئەم لێکەوتانەش دەرەنجامی ئەو ئاڵنگارییانەیە کە بەهۆی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە تووشی ئابووری جیهانی بووە. هەروەها بەهۆی کاریگەرییە خراپ و درێژخایەنەکانی پەتای کۆرۆنا ”کۆڤید-١٩“یە.

تائێستا حوسییەکان بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو مامەڵە لەگەڵ کەشتییە بازرگانییەکاندا دەکەن. ئەوان سەرنجیان لەسەر کەشتییە پەیوەندیدارەکانە بە حکومەتی ئیسرائیلەوە. بۆیە جگە لە ئیسرائیل و میسر، بەپێی ئەو داتایانەی خراوەتەڕوو کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر دەوڵەتانی ناوچەکە و بەندەری حودەیدەی سەر بە خودی حوسییەکانیش نەبووە[٢٥].

لە میسر، سەرۆکایەتی دەسەڵاتی کەناڵی سوێس ئاشکرایکرد کە کەشتییە بازرگانییەکان لەبری ئەوەی بە کەناڵەکەدا تێپەڕن، بەرەو ڕێگای (راس ڕجاء صالح) لە ڕۆژئاوای ئەفریقا دەڕۆن، لەدوای ڕفاندنی کەشتی گالاکسی لیدەر لە (١٩ی تشرینی دووەم)، نزیکەی (٥٥)

کەشتی بازرگانی ئەو ڕێگەیەیان هەڵبژاردوە[٢٦].

ئەگەر بێتو گۆڕانکاری لە بڕیاری زیاتر لە دە کۆمپانیای نێودەوڵەتی لە بواری کەشتیوانی دەریایی بۆ ڕاگرتنی ترانزێتی کەشتیەکانیان لە دەریای سووردا نەکرێت، ئەوا ئەو ژمارەیە بۆ دوو هێندە بەرز دەبێتەوە، کە دیارترینیان بریتین لە: کۆمپانیای مێرسکی دانیمارکی، کۆمپانیای (CMA-CG) فەرەنسی، کۆمپانیای بریتش پترۆڵیۆم ، کۆمپانیای هاپاگ لۆید لە ئەڵمانیا، کۆمپانیای یانگمینگی تایوان، کۆمپانیای ئۆریێنت ئۆڤەرسیز کۆنتێنەر لاین لە هۆنگ کۆنگ[٢٧]. ئاماژەی ئەوە هەیە کە کۆمپانیای مێرسک لە بڕیارەکەی پاشگەزبێتەوە، بەڵام کەشتییەکانی کە چالاکییەکانیان بە بەندەرەکانی ئیسرائیلەوە پەیوەستە، بەشێک نابن لەم پاشگەز بوونەوەیە. بێگومان گۆڕینی ئاڕاستەی ڕێگە بەرەو (راس رجاء صالح)، لێکەوتە خراپە ئابوورییەکانی لەسەر کەناڵی سوێس و بەندەرەکانی وڵاتانی دەریای سوور بۆ دوو هێندە زیاددەکات، تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بێت. هەرچی بەندەری ئیلاتە، چالاکییەکانی بە ڕێژەی (٨٥٪) کەمیکردووە[٢٨].

لەبەرئەوەی حوسییەکان ڕایدەگەیەنن هەتا دەستدرێژی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە بەردەوام بێت، ئەوانیش لەسەر هەڕەشەکانیان بەردەوام دەبن، بۆیە زیانەکانی ئەو بەندەرە زیاتر دەبێت. ئەوەش نەوەکو تەنها بەهۆی کەمبوونەوەی هاتنی کەشتییەکانەوە بێت، بەڵکو بەردەوامبوونی هێرشەکان بۆ سەر بەندەرەکە، وادەکات ئەو کەشتیانەی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە بەرەو بەندەرەکە دێن، ڕێڕەوی خۆیان بگۆڕن و ڕێگایەکی دوور و درێژ لە دەرەوەی دەریای سووردا تەی بکەن، دەبێت ڕێگەی دەریای ناوەڕاست بگرنەبەر و بە (جبل طارق)دا تێبپەڕن، پاشان کەناڵی سوێس و ئینجا بگەنە بەندەری ئیلات.

## چوارەم: سنووری وەڵامدانەوەی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ هێرشەکان

وەڵامدانەوەی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ هێرشی حوسییەکان، تا ئێستا لە خوار ئاستی ئەو هەڕەشانەدایە کە لێی دەکەوێتەوە. ئەم دۆخە ڕێگە بۆ سیناریۆی جیاواز بۆ وەڵامدانەوەی توندوتیژانە دەکاتەوە، بەڵام ڕەنگە ئەمە ئاماژەیەک بێت بۆ ئەوەی قەیرانەکە بەم زووانە دەپوکێتەوە. سنووری ئەم وەڵامانەش بریتیە لەوەی کە لەواقیعدا دەبینرێت و ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتودا ڕووبدات.

**١- ڕێوشوێنەکانی بەرگری و لەناوبردن بەبێ ڕووبەڕووبوونەوە**

کەشتییەکانی فەرماندەیی ناوەندیی هێزەکانی دەریایی ئەمریکا، لە ڕێگەی کەشتییە دەریاییەکانی کە لە دەریای سوور و کەنداوی عەدەندا جێگیرکراون، لە ماوەی سێ مانگی کۆتایی ساڵی (٢٠٢٣)دا، لە چوارچێوەی وەڵامدانەوەی ڕێگری و بەرگری لە هێرشی حوسییەکاندا، زۆرێک لە مووشەک و فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانیان لەکارخستوە، کە ئاڕاستەی ئیسرائیل و کەشتییە بازرگانییەکان کراوە. پاساویشی بۆ ئەو کارە بەرگریکردن و پاراستنی ئاسایش و سەلامەتی کەشتیوانی دەریایی بووە. گۆڕەپانی هێرشی حوسییەکان، دەکەوێتە سنووری کارەکانی فەرماندەیی ناوەندیی هێزەکانی دەریایی ئەمریکاوە، بۆیە ئەو فەرماندەییە توانیویەتی زۆرێک لە هەڕەشەکانی حوسییەکان پوچەڵ بکاتەوە، بە نموونە پوچەڵکردنەوەی زۆربەی ئەو مووشەکانەی کە ئاڕاستەی کەشتیەکان کراون، هەروەها شکستی بە پەلاماری چەتە دەریاییەکان بۆ سەر کەشتیەکان هێناوە، تەنانەت ژمارەیەک چەتەی دەریایی دەستگیرکردوە و کەشتییەکی دەستبەسەرکراوشی ئازادکردووە.

**٢. ڕووبەڕووبوونەوە چاوەڕو انکراوەکان (سیناریۆکان)**

لەدەرەنجامی ئەو هەلومەرجە ناوخۆیی و دەرەکیەی پەیوەستە بە هێرشی حوسییەکانەوە، هەروەها سیاسەتی زلهێزەکان بەرامبەر بە دەریای سوور و کەنداوی عەدەن، دەتوانرێت بژاردەی وەڵامدانەوە لە چوارچێوەی ئەم سیناریۆیانەی خوارەوەدا وێنا بکرێت:

- **سیناریۆی یەکەم: پابەندبوون بە ڕێبازی نزمە بەرگرییەوە**

ئەم ڕێبازە ئەولەویەت بە مامەڵەکردنێکی هێواش لەگەڵ هێرشی حوسییەکان دەدات، ئەوەش لەمیانەی ڕێگریکردن لە هێرشەکان لەڕووی بەرگرییەوە، چونکە گرژییەکان کاتین، لەگەڵ بەرەو پێشچوونی پرۆسەی سیاسی لە یەمەن و گەڕانەوەی سەقامگیرییەکی ڕێژەیی بۆ غەززە کە ئێستا لەو پێناوەدا کاردەکرێت، هێرشەکان نامێنن.

ئەم ڕەفتارە هاوتایە لەگەڵ قەبارەی کاریگەری هەڕەشەکە، بە بەراورد لەگەڵ گەورەیی دەرئەنجامەکانی هەر ڕەفتارێکی توندوتیژانە لە سەرووی ئەم ئاستەوە. دەکرێت چەند قۆناغێکی بەدوادا بێت، وەک سەپاندنی سزا بەسەر ئۆرگان یان ئەندامانی سەرکردایەتی گرووپی حوسییەکاندا، چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە هێرشەکانەوە هەیە، ئەمە ئەو کارەیە کە ماوەی حەوت ساڵە ئەمریکا لە هەلومەرجێکی نزیک لە هەڕەشەکانی ئێستا دەیکات. لە ماوەی مامناوەنددا، ئەم سیناریۆیە نزیکترین گریمانەیە.

**• سیناریۆی دووەم: ڕێبازی بەرگری بەکۆمەڵ**

ئەم ڕێبازە پەیوەستە بەو هاوپەیمانییە دەریاییەی کە ئەمریکا دەستی بە پێکهێنانی کردوە، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنێک یان ئەرکێکی کاتی کورتخایەن یان درێژمەوەدادا بێت، هاوشێوەی ئۆپەراسیۆنەکانی دژە چەتەی دەریایی سۆماڵ، لە ماوەی دەیەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا، وەک ئۆپەراسیۆنی «قەڵغانی زەریا» کە لەلایەن هێزەکانی ناتۆوە ئەنجامدرا، هەروەها ئۆپەراسیۆنی «ئەتڵەسی» کە لەلایەن هێزەکانی یەکێتی ئەورووپا ئەنجامدرا.

کەشتیەکانی ئەم هاوپەیمانێتیە دەتوانن بە ڕێگەی جۆراوجۆر و گونجاو، یاوەری و بەرگری لە کەشتییە بازرگانییەکان بکەن، ئەمەش دوای ڕێکخستنی گەشتەکانیان لە شێوەی کارواندا لە کەنداوی عەدەن و دەریای سووردا. ئەم ڕێوشوێنە تەنها بۆ پاراستنیان لە حوسییەکان نییە، بەڵکو بۆ پاراستنیانە لە هەر هەڕەشەیەکی نائاسایی کە لە ئەنجامی پەرەسەندنی توندوتیژی لە سودان و هەر گۆڕانکارییەکی توندوتیژانە لە یەمەن و غەززە سەرهەڵبدات. ئەم سیناریۆیە بژاردەیەکی کاتییە، بەڵام لە سیناریۆی دووەم درێژخایەنترە، کەمتر بارگرانییە لەسەر ئەمریکا. ئەمەش پشتگیری لە سیاسەتی گێزەر و کوتەک دەکات کە ئەمریکا لەگەڵ حوسییەکاندا بەکاریدەهێنێت. لەلایەک هاوپەیمانییەکی بۆ پاراستنی کەشتیوانی دەریایی پێکهێناوە، لەلایەکی دیکەوە دەرگای دانوستانی لەگەڵ حوسییەکاندا لە عوممان کردۆتەوە.

**• سیناریۆی سێیەم: ڕەوتی بەرگریی توندوتیژ**

ئەم ڕێبازە پێکدێت لە کردەی سەربازی بەرگریی توندوتیژانە لە دوورەوە، واتە: بەبێ داگیرکردنی زەمینی. ئەمەش پەلاماردانی وێرانکەرانەی کۆمەڵێک ژێرخان و پێکهاتە و ئەندامانی حوسییەکان کە لە هێرشەکاندا بەشدارن دەگرێتەوە، ئەم دۆخەش بە سەپاندنی سزا بەسەر ئۆرگان و ئەندامانی دیکەی حوسییەکان یان هاوپەیمانەکانیان یاخود پەیوەندیدارن بە هێرشەکانەوە بەهێزتر دەکرێت. ئەم ڕێبازە کاتێک جێبەجێ دەکرێت کە هەست بکرێت گرووپی حوسییەکان بوونەتە سەرچاوەی مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا.

ئەم سیناریۆیە پەیوەستە بە بەردەوامبوونی دۆخی قەیراناوی یەمەن و غەززە و هێرش و

هەڕەشەی حوسییەکان بە ئاڕاستەی ئیسرائیل، یان بە ئاڕاستەی باشووری دەریای سوور و کەنداوی عەدەن و پەرەسەندنی ڕۆڵی ئێران تیایدا، یان دەستپێکردنی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژانە لەگەڵ ئێران لەسەرو جوگرافیا و دەریا هەرێمییەکانی. جێبەجێکردنی ئەم سیناریۆیە لە ماوەیەکی نزیکدا بەدوور دەزانرێت، چونکە مەرجەکانی بەدیهاتنی کەمن.

## ئەنجام

هێرشی حوسییەکان بۆ سەر ئیسرائیل و بەرژەوەندییەکانی لە دەریای سووردا، تائێستا جێگەی نیگەرانییە، سەرەڕای ئەوەی لە هەفتەی کۆتایی ساڵی (٢٠٢٣)دا داکشانی بەخۆیەوە بینی.

ئەم توێژینەوەیە تاتوێی گرژییەکانی لە ڕەهەندە گرنگەکانییەوە کردووە، ئاشکرای دەکات کە پاڵنەری هەلومەرجی ناوخۆیی لە هەلومەرجی دەرەکی بەهێزترە. وەستانی شەڕ و چەقبەستنی پرۆسەی سیاسی، بووەتە هۆی ئەوەی حوسییەکان دۆخی بەرەو پێشچوونی خۆیان لە جوگرافیایەکی دەوڵەمەند بە نەوت و ساماندا لەبەرامبەر حکومەتدا لەدەستبدەن، حوسییەکان کەوتوونەتە دۆخێکی هەڕەشەئامێزی ناوخۆییەوە کە ئەگەری تەقینەوەی هەیە.

دەستدرێژی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی کارەکان بگەڕێنێتەوە سەر ڕێڕەوی خۆیان. ڕەنگە لاوازی لێکەوتە هاندەرەکان بۆ وەڵامدانەوەی هەڕەشەکانی حوسییەکان، ڕوونترین ئاماژە بێت لەوبارەیەوە، کاردانەوە سیاسییەکانیش بەڵگەی زیاتری ئەم بیروڕایە نیشاندەدەن.

سەبارەت بە داهاتووی گرژییەکان، ڕەنگە بەڕووی سێ سیناریۆدا بکرێتەوە لەوانە بەرگری بەکۆمەڵ، ئەو سیناریۆیەی کە زۆر گریمانە دەکرێت ئەوەیە ڕێکارە ئەمنییە بەرگرییەکان لە دەریای سووردا کۆنتڕۆڵی دۆخەکە دەکەن و گرژییەکان بەرەو نەمان دەبەن، بەو مەرجەی پرۆسەی سیاسی لە یەمەندا دەستپێبکاتەوە و پەلامارەکانی ئیسرائیلیش لە غەززە کەم ببێتەوە.

## مراجع

١. عرَض هذه المطالب تحت عنوان خطير، وهو «الملفات الإنسانية»، وهي استنزاف سياسي لنقاط القوة لدى الحكومة اليمنية، ومن أهم ذلك: صرف رواتب الموظفين من عائدات نفط الحكومة فقط، والفتح الكُلِّي لمطار صنعاء، وموانئ الحُديِّدة التي تخضع، كلُّها، لسلطتهم.

٢- السبب في هذا السلوك، أن ثورة ٢٦ سبتمبر/أيلول ١٩٦٢، قضت على أقطابهم الحاكمة، السياسية والسُّلالية؛ لذلك يستميتون في إحلال ذكرى يوم استيلائهم على السلطة، في ٢١ سبتمبر/أيلول ٢٠١٤، محل ذكرى يوم هذه الثورة.

٣- "قائد الثورة يحسم الجدل بشأن الوضع الداخلي وحالة اللا حرب واللا سلم»، سبأ نت (وكالة الأنباء اليمنية سبأ)، ١٦ أغسطس/آب ٢٠٢٣، (تاريخ الدخول: ١٣ ديسمبر/كانون الأول ٢٠٢٣)

https://bitly.ws/35NAJ

٤- "رؤية السعودية ٢٠٢٣»، د.ت، (تاريخ الدخول: ١٢ ديسمبر/ كانون الأول ٢٠٢٣)

https://bitly.ws/36in3 ،

٥- لفهم وعود الرئيس بايدن بشأن الحرب في اليمن وموقف الأطراف اليمنية وقوى التأثير الأميركية منها، انظر: فرناندو جارفيجال، «إنهاء الحرب في اليمن- أي حرب؟»، منظمة داون للديمقراطية، ١٥ أبريل/نيسان ٢٠٢٣، (تاريخ الدخول: ١٧ ديسمبر/ كانون الأول ٢٠٢٣)

https://bitly.ws/36jIr

٦- انظر: "US Reaper drone shot down near Yemen by Iran-backed Houthi rebels, official says", Edition. CNN, November 8, 2023, accesses 25/12/2023, at: https://bitly.ws/37aqp.

٧- أصاب المقذوف الذي سقط في طابا، ستة مدنيين، ولم يحدث أي ضرر جراء سقوط أحد المقذوفات في منطقة المَدْورة، بمحافظة معان الأردنية.

٨- مصادر ميدانية خاصة.

٩- انظر: Eric Tegler, "what are the missiles the Houthis have fired at Israel?", Forbes, 10/11/2023, accesses, 18/12/2023, at: https://bitly.ws/36rVu.

١٠- المسافة جوية، وقد بُني هذا التقدير على ما ورد في: «فردوس البحر الأحمر )أرخبيل حُنيش(»، المركز الوطني للمعلومات، د.ت، (تاريخ الدخول: ١٤ ديسمبر/كانون الأول ٢٠٢٣)، 36iPR/ws.bitly//:https

١١- سقط بعض من المقذوفات في إحدى الجزر اليمنية الخاضعة للحكومة، وحينها كان رئيس هيئة الأركان العامة، صغير بن عزيز، مع مجموعة من كبار قادة الجيش، في زيارة لهذه الجُزر، والمناطق الساحلية بمحافظة حَجَّة.

١٢- كانت آخر عملية اعتراض في حدود زمن إعداد هذه الورقة، يوم ٢٣ ديسمبر/كانون الأول

٢٠٢٣؛ حيث اعترضت المدمرة «يو إس إس لابون» أربع طائرات غير مأهولة انتحارية، جنوبي البحر الأحمر. انظر:"-US says it shot down four drones in southern Red Sea launched from Houthi controlled areas in Yemen", The Guardian, Dec ٢٤, ٢٠٢٣, accesses ٢٥/١٢/٢٠٢٣, at: https:// ;٣٧agR /bitly.ws

١٣- متابعات خاصة. وكذلك: «صواريخ ومسيَّرات.. تعرَّفوا إلى ترسانة الحوثيين العسكرية بمواجهة إسرائيل، التليفزيون العربي»، ١٩ نوفمبر/تشرين الثاني ٢٠٢٣، (تاريخ الدخول: ١٨ ديسمبر/ كانون الأول ٢٠٢٣)، في: 37avq/ws.bitly//:https

١٤- نفسه.

١٥- يمتلك الحوثيون صواريخ مجنحة لمواجهة السفن من مسافة بين ٢٠٠-٤٠٠ كلم، ومن ذلك: صيَّاد، وتنكيل، وحاطم، وفالق. وتعد هذه الصواريخ والصاروخ قدس-٤، نسخة إيرانية من صواريخ كروز التي طورتها إيران، ومن المحتمل أن إيران زودت الحوثيين بها أو أنهم حصلوا عليها من مصادر أخرى. انظر: Eric Tegler, "what are the missiles the Houthis have fired at Israel?

١٦- غروندبرغ يعلن التزامات يمنية-يمنية نحو السلام، الشرق الأوسط، ٢٣ ديسمبر/كانون الأول ٢٠٢٣، (تاريخ الدخول: ٢٥ ديسمبر/كانون الأول ٢٠٢٣)، https://bitly.ws/37aBY

١٧- من أبرز هذه الأطراف: المجلس الأعلى للمقاومة الشعبية الذي يرأسه الشيخ حمود سعيد المخلافي. ولهذا المجلس حضور واسع في المناطق الوسطى من البلاد، مثل: تعز، ومأرب، والجوف، ولحج، والحديدة.

١٨- مثال: انظر: «حراك إقليمي ودولي لإنجاح خريطة السلام في اليمن»، الشرق الأوسط، ١٦ نوفمبر/تشرين الثاني ٢٠٢٣، (تاريخ الدخول: ١٣ ديسمبر/كانون الأول ٢٠٢٣)، https://bitly. ;٣٥Pau /ws

١٩- "أنباء عن تواصل غير مباشر مع واشنطن.. الحوثيون يعلنون استهداف سفينتين»، الجزيرة نت، ١٨ ديسمبر/كانون الأول ٢٠٢٣، (تاريخ الدخول: ١٩ ديسمبر/كانون الأول ٢٠٢٣)، https://bitly.ws/36BXM

٢٠- أساف أوريون، حنين غدار، ماثيو ليفيت، روبرت ساتلوف، «الحرب بين حماس وإسرائيل: هل هي بداية النهاية أم نهاية البداية؟»، معهد واشنطن لسياسة الشرق الأدنى، ١٥ أكتوبر/تشرين الأول ٢٠٢٣، (تاريخ الدخول: ٢٢ ديسمبر/كانون الأول ٢٠٢٣)، ;nbsp&36RYC/ws.bitly//:https

٢١- في هذا الشأن، انظر: أحمد الديب، «الرد على الحوثيين: جدلٌ محتدمٌ في إسرائيل»، مركز صنعاء للدراسات الإستراتيجية، ١٢ ديسمبر/كانون الأول ٢٠٢٣، (تاريخ الدخول: ٢٥ ديسمبر/كانون الأول ٢٠٢٣)، 37alw/ws.bitly//:https

٢٢- نفسه.

٢٣- للمزيد حول هذه القواعد، انظر: "U.S. Military Bases and Facilities in the Middle East", American Security Project (ASP), June 2018, accesses 23/12/2023, at: https://bitly.ws/36X-NW

٢٤- أثير جدل كبير بشأن ضلوع الحوثيين وراء ذلك، من خلال العلاقات الناشئة بينهم وبين بعض من الجماعات المسلحة في الصومال؛ حيث يتقاسم الجانبان العداء لأميركا، إضافة إلى الموقف الموحد تجاه العدوان الإسرائيلي على غزة. ولا يُعقل أنهم بوسعهم القيام بهذه العملية مباشرةً، نظرًا إلى بُعد مكانها عن مناطق سيطرتهم. حول حوادث القرصنة في المنطقة، انظر: "BulkCarrierRUENupdateDec18:offPunt-land,GulfOfAden",FleetMon,18/12/2023,accesses,18/12/2023,at: https://bitly.ws/36nPZ.

25- US says it shot down four drones in southern Red Sea

٢٦- رصدت هذه الورقة حركة السفن في موانئ الحديدة خلال الفترة (١- ٢٠ ديسمبر/كانون الأول ٢٠٢٣)، ولم تجد تغيرًا سلبيًا في نشاطها. انظر: «حركة السفن»، مؤسسة البحر الأحمر اليمنية، ٢٠ ديسمبر/كانون الأول ٢٠٢٣، (تاريخ الدخول: ٢٠ ديسمبر/ كانون الأول ٢٠٢٣)، https://bitly.ws/36CjD

٢٧- أنباء عن تواصل غير مباشر مع واشنطن، الجزيرة نت.

٢٨- "مع تصاعد التهديدات الأمنية.. شركات شحن عملاقة توقف رحلاتها عبر البحر الأحمر»، سي غن بي سي عربية، ١٥ ديسمبر/كانون الأول ٢٠٢٣، (تاريخ الدخول: ٢٤ ديسمبر/كانون الأول ٢٠٢٣)، في: https://bitly.ws/37aRe


٢٩- "صحيفة كالكاليست العبرية: تراجع حركة السفن في ميناء إيلات بنسبة ٨٠٪ بسبب هجمات الحوثيين»، آر تي عربي، ١٨ ديسمبر/كانون الأول ٢٠٢٣، (تاريخ الدخول: ٢٠ ديسمبر/كانون الأول ٢٠٢٣)، https://bitly.ws/36CxW

* توێژەرێکی پسپۆڕە لە کاروباری سەربازی و ستراتیژی. خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە تەکنەلۆژیای گواستنەوەی دەریایی، ئاسایش و سەلامەتی دەریایی، هەروەها ستراتیژی ئەمنی لە ڕۆژئاوای زەریای هیندی و کەنداوی عەدەن.

# گۆڕانکاریی «جیۆپۆلەتیك» و کاریگەرییەکانی لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی شەڕی نێوان «ئێران ـ ئیسرائیل»

مەهاب عادل

وەرگێڕان: عەبدوڵا ڕەسوولی



## بەرایی

لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوو جیۆپۆلەتیکی نێودەوڵەتی گۆڕانکارییەکی بەپەلە و بە تایبەت لە بواری نەخشەکانی کاریگەریی جوگرافیای دەسەڵاتە گەورەکان و ناوەندەکانی ململانێی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بە خۆیەوە بینیوە. گۆڕانکاریی لە پانتایی نێودەوڵەتی و توندتر بوونی ململانێ لە نێوان جەمسەرە نێودەوڵەتییەکان ناوەندیی ململانێ لە نێوان دەسەڵاتە گەورەکانی بەرفراوان کرد و ئەم ململانێیە ناوچە جوگرافیاییەکان وەکو ناوچەی «ئێندوپاسیفیك»، خۆرهەڵاتی ئەورووپا، ئاسیای ناوەڕاست، باشووری قەفقاس کە ناوەندی لە پێشتربوونی ستراتیژی لە ئاستی نێودەوڵەتین، گرتۆتەوە. زۆربوونی ئاڕاستەکانی ململانێ لەم ناوچانە، ناوچە نەرتییەکانی ململانێ وەکو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بینەری دابەزینی ئاستی ململانێیەکان بوو.

بارودۆخی شەڕی «ئێران و ئیسرائیل» کە بابەتی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەك کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەم گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکانەوە. لەبەرئەوەی دابەزینی ئاستی ئامادەبوونی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئینتیما بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دزەکردنی بەردەوامی «چین و ڕووسیا» لە ناوچەکانی «ئێندوپاسیفیك» و ئاسیای ناوەڕاست، هەروەها خۆرهەڵاتی ئەورۆپا و شکستهێنانی دانووستانەکانی زیندووکردنەوەی بەرجام و هەوڵی ئێران بۆ ناساندنی خۆی وەك وڵاتێگ کە لە سەروبەندی بە ئەتۆمبووندایە، هەروەها گۆڕانکاریی جیۆپۆلەتیکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئینتیمای ژمارەیەك لە وڵاتانی عەرەبی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و بەریەککەوتن لەگەڵ ئێران لە ئاڕاستەی دابینکردنی بەرژەوەندی ئاسایشی خۆی لە ژێر سێبەری کەم کردنەوەی چەتری پشتیوانی ئەمریکا لە ناوچەکە، هەروەها زۆربوونی ناکۆکی لە نێوان تەل ئەبیب و تاران لەم ساڵانەی دوایی لە چوارچێوەی «شەڕی سێبەر یان نیابەتی»، هەموو ئەمانە پیشاندەری زۆربوونی هەڕەشەکانی ئێران لەسەر ئیسرائیلە.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هەڕەشەیە، ئیسرائیل هەوڵدەدات لەسەر بنەمای پرەنسیپی بنەمایی مانیفێستی سەربازیی هێرشەکانی کە هەمان «ڕاکێشانی شەڕ بۆ ناوخۆی خاکی دوژمن»ە، ١ ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێرانی بە ڕۆژ کردووە و لە جیاتی سیاسەتە ئەمنییەکان پەنای بردۆتە بەر ستراتیژی جێگرەوە و بە کەڵك وەرگرتن

لە هۆکاری جیۆپۆلەتیك لە بەڕێوەبردنی شەڕ لە نێوان لایەنەکان، لە لەمپەرێك بە ناوی مەودای جوگرافیایی ٢٢٠٠ کیلومەتری نێوان تاران و تەلئەبیت تێپەڕ بێت. بە هەمانشێوە کە ئێران بە درێژایی دەیەی ڕابردوو هەوڵیدا بە کەڵکوەرگرتن لە پێکهاتەی جیۆپۆلێتیك کە لە ناوچە و لە ژینگەی جوگرافیایی دەوروبەری تەلئەبیب بە هۆی گۆڕانکاریی جیۆپۆلەتیك دروستبووە و ئەو وەك «شلیتە ناسکەکان» (shatterbelts) باس دەکرێت و لە ئەنجوومەنە ئەکادیمیك و میدیای عەرەبی بە هیلالی شیعە ناسراوە (سووریا، لوبنان و عێراق) لەم ژینگە گرنگەدا تەنگ بە ئیسرائیل هەڵچنێت و گەمارۆی بدات، هەست دەکرێت تەلئەبیبیش هەمان ئاڕاستەی گرتۆتەبەر و هەوڵدەدات بە دزەکردنی جیۆپۆلەتیك لە ژینگەیەکی گرنگ لە لایەن باکووری ئێرانەوە، لەو ناوچانە شوێنێك بۆ خۆی ببینێتەوە.

ئەم گۆڕانکاریانە هەندێ پرسیار دێننە ئاراوە بە تایبەت ئەوەی کە نزیکایەتی ئیسرائیل بە وڵاتانی دراوسێی ئێران لە باشووری قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست لە سەر ئاڕاستەکانی شەڕی «ئێران و ئیسرائیل» چ کاریگەرییەکی هەیە؟ ئایا بە هەمانشێوە کە ئێران لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هیلالی شیعەی دروستکردووە، ئیسرائیلیش دەتوانێت بە کەڵکوەرگرتن لە نزیکایەتی لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و باشووری قەفقاس «هێلالی ئیسرائیلی» و یان «پشتوێنەی شکێنەر» لەم ناوچەیە دروست بکات. پرسیاری گرنگ و کۆتایی ئەوەیە، ئایا نەخشەی جیۆپۆلەتیکی ناوچەی باشووری قەفقاس لە بواری ناوچەی دەستڕۆشتوویەوە و هەژموونی دەسەڵاتە ناوچەییەکانی لەوێ، ڕێگەی ئەوە بە ئیسرائیل دەدات لەم ناوچەدا ئامانجەکانی خۆی بپێکێت؟ ئەم توێژینەوە هەوڵدەدات لە چەندین باسدا وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە.

## یەکەم: پەیوەندی نێوان جیۆپۆلەتیك و بەڕێوەبردنی شەڕەکان

ئەنجامی ئەو توێژینەوانەی کە تاوتوێی شێوازەکانی دەرگیری و شەڕ لە نێوان وڵاتانیان کردووە، باسی ئەوە دەکەن کە لە هەموو سەرباشقەکانی پەیوەندی نێودەوڵەتی گریمانەگەلێك بۆ شرۆڤەکردنی شەڕی ناوچەیی و جیهانی هەیە، لەبەرئەوەی بەدرێژایی مێژوو هەمیشە لە ئاستی جیهان دەرگیریگەلێك هەبووە. لە حاڵەتی جیۆپۆلەتیکیش بە شێوەی سرووشتی لە هەموو پەیوەندییە سیاسییەکان دەرگیری ڕوودەدات. ئەم بابەتە ناوەڕۆکی مرۆیی و ڕەفتاری وڵاتانیش بەڕاست دەگەڕێت. هەروەها ژینگەی نێودەوڵەتی

ژینگەیەکی زۆر هەستیارە، لە ئەنجامدا وڵاتان دەبێت بۆ مانەوە هەوڵ بۆ ئارامی نیشتمانیی بدەن. لەمڕووەوە سەرانی وڵاتان لە بەڕێوەبردنی وڵات، گەیشتن بە ئاسایشی زۆرتر و پاراستنی ئیمکانیات و سەرچاوە گرنگەکان دەخەنە پێش شتەکانی دیکەوە.٢

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەم خاڵە بدەین کە «کۆلین گێری» بیرمەندی ئەمریکی لە زانستی سیاسەت، لەو گرنگترین ئەو کەسانە بوو، کە باسی بابەتی شەڕ و دەرگیری کردووە و ئەو بە بابەتێکی ڕیشەیی لە زانستی «جیۆپۆلەتیك» زانیوە. ئەو ڕوونی دەکاتەوە کە «گرنگی جیۆپۆلەتیك و تیۆری «هارتلەند» هالفۆرد مەکیندێر» بە ڕوونی لەم واقعیەتەدا شاراوەیە کە سەرنج دەداتە سەرەکیترین لایەنی شەڕی نێودەوڵەتی کە هەمان جوگرافیایە. ئەم تیۆرییە شێوازەکانی ڕەفتار لە شەڕی نێودەوڵەتی شی دەکاتەوە. لە ڕوانگەی کلاسیکەوە گریمانەی گێری لە بارەی شەڕ، نموونەیەکی گرنگ بۆ تاوتوێکردنی جیۆپۆلەتیکە.٣ لێرەدا پێویستە ئاماژە بە هەندێ هۆکاری جوگرافی لە چوارچێوەی زانستی جیۆپۆلەتیك بدەین، کە دەتوانێت پەرە بە دەرگیرییەکان بدات و یان ڕێگە لە ڕوودانیان بگرێت، کە هەمیشە وەکو «پێکهاتەی میحوەری جیۆپۆلەتیك» لە ناوخۆی ناوەندی شوێندا جێگای گرتووە. لە گرنگترین هۆکارەکان بریتین لە:

### ١ . شلیتە ناسکەکان (shatterbelts)

زاراوەی شلیتی ناسك بە ناوێکی دیکە وەکو «ناوچەی گوشار» یان «ناوچەی دەرگیری»، «چینی ناوەڕاست» یان «پشتێنەی گۆڕانکاریی سیاسی»، «سێیانی شەیتانی» و «ناوچەی پەیوەندی»یش یاد کراوە. ٤ جیۆپۆلێتیستەکان زاراوەی شلیتی دەرگیری زۆرتر لەبارەی ناوەڕاستی ئەورووپا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەکارهێناوە، هەرچەندە کە لە بارەی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیاش ئەم زاراوە بەکارهێنراوە.٥

لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم ناوچانە ئەمەیە کە نائارامییە سیاسییەکان، ناکۆکی ئیتنیکی و کێشەی ئابووری بەشی دانەبڕاو لە پێکهاتەی ئەم ناوچانەن و هەر ئەم هۆکارانەش بەستێن بۆ دەستێوەردانی وڵاتانی گەورەتری دراوسێ دەرەخسێنن. تایبەتمەندی شلیتە ناسکەکان ئەمەیە، کە لەم ناوچانە، وڵاتانی بچوکتر لە ئاڕاستەی ململانێ لەگەڵ ڕکابەرە ناوخۆییەکان، خوازیاری دەستێوەردانی دەسەڵاتە بیانییە گەورەکان دەبن. بە کورتی، شلیتی ناسك ناوچەکانی ڕوودانی شەڕ و هەڕەشە بۆ ئاسایشی جیهانی و ناوچەیین.٦

شلیتە ناسکەکان کاتێك دروست دەبن کە ژمارەیەك لە وڵاتان بۆ ململانێ لەگەڵ دوژمنانی ناوخۆیی و ستراتیژی خۆیان لەگەڵ هاوڕێیانی ناوخۆیی و ستراتیژی، هاوپەیمانییەك پێکدێنن. ئەم هاوپەیمانیانە بە پاڵنەری سیاسی بیچم دەگرێت، نەك پرسی تایبەتی ناوچەیی. لە ئەنجامدا ئێمە بینەری ڕوودانی ڕکابەری ستراتیژین کە لە ناوخۆی ناوچەگەلێکی دیاریکراو لەدژی یەکتر چالاکی دەنووێنن. ئەم ناوچانە تووشی نائارامیگەلێکن و ویلایەتە ناوخۆییەکانیش بۆ پشتیوانی خۆیان، خوازیاری دەستێوەردانی دەسەڵاتە گەورەکانن. بەکورتی، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، گەشەکردنی بازاڕی ئەم هاوپەیمانانە ئەگەری ڕوودانی شەڕ دووبارە دەکاتەوە.٧

## دووەم: تەختەی شەترەنج (checkerboards)

پێکهاتەی « تەختەی شەترەنج» لایەنی دیکە لە ململانێ و هاوپەیمانییە دژیەکەکانە کە بۆ هاوسەنگی هێز لە قۆناغی مێژوویی جیاوازدا لە ناوچەکانی جیهان ڕوودەدات. دیپلۆماتیکەکان لە کاروباری ئەمریکای باشوور نموونەی ئەم پێکهاتە جیۆپۆلەتیکەیەن. ناوەڕۆکی پێکهاتەی تەختەی شەترەنج هاوشێوەی ئەم نموونەیە کە «دراوسێکەم دوژمنی منە، بەڵام دراوسێی دراوسێکەم، برادەری منە». هەمیشە سنوورە نێودەوڵەتییەکان سەرچاوەی دروستکردنی ناکۆکی لە نێوان وڵاتانی دراوسێن. بەڵام وڵاتان هەوڵدەدەن بە دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ دراوسێ دوورترەکان لە ناوچەکە و کیشوەرەکان دەستیان بە هاوسەنگی ڕابگات. ئەم بەرجەستە جوگرافیاییە دیاریکراوانە لە ناوچەی تەختەی شەترەنج، ئاستی ئارامی لە ناوخۆی ئەم پێکهاتە دەستنیشان دەکەن.٨ باشترین نموونەی ئەم پێکهاتەیە لە شەڕی پلۆپۆنزی یۆنانی کۆن دەبینرێت، کە پێکهاتەی تەختەی شەترەنج بووە هۆی بەرفراوانبوونی پانتایی کەڵلەڕەقی و توندوتیژی و شکستی بە ڕێگەچارەی ئاشتیخوازانە هێنا. هێرشی شکستخواردووی ئەسینایییەکان لەدژی سیراکیۆس بووە هۆی لاوازبوونی شاری ئەسینا. فارسە دراوسێکان لە بواری داراییەوە هێزی دەریایی سپارتیان دابینکرد و یارمەتی دا و ئەم بابەتە کەفەی تەرازوی لە قازانجی سپارت قورستر کرد. هەر ئەم بابەتەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەسینا دوای شەڕێکی سی ساڵە شکست بهێنێت.٩ ژمارەیەك لە شێوازەکانی شەڕێك کە ئەمڕۆ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و هەندێ ناوچەی باڵکان و باشووری قەفقاسدا لە ئارادایە، هاوشێوەی هەمان سەرباشقەی شەڕی

پلۆپێنزییە. دەتوانین بڵێین کە پەیوەندی نێوان زانستی جیۆپۆلەتیك و بارودۆخی دەرگیری لە نێوان وڵاتان بە شێوەیەك کە شیمانکردەوە، سەرەتایەکی تێپەڕ لە چوارچێوەی تیۆری بۆ دەقی توێژینەوە واتە شەڕی «ئێران . ئیسرائیل» لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی باشووری قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست دایە، کە بەم باسانە دەستپێدەکات.

لەنێوان بگۆرە جیۆپۆلەتیکەکان کە پێکهاتە جوگرافییەکان وەکو «شلیتی ناسك» لەوەوە سەرچاوە دەگرێت و شەڕێك کە پەرە بەم پێکهاتانە دەدات، جۆرێك پەیوەندی ڕاستەوخۆ هەیە، لەبەرئەوەی «شلیتی ناسك» کاتێك بوون پەیدا دەکات کە دەسەڵاتە گەورەکان دزەیان کردۆتە نێو ناوچەیەکی جوگرافی و بۆ هەژموونی بەسەر ئەودا پێکەوە ململانێ دەکەن بۆ ئەوەی بەرژەوەندی خۆیان دەستەبەر بکەن. لەبەرئەوەی بەستێنەکانی دەستڕۆشتوویی بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە ڕەخساوە، کە بە ئەگەری زۆر لەم حاڵەتە ناکۆکی سڕینەوە بە شێوەی شەڕی نیابەتی ( war Proxy) لە نێوان دەسەڵاتە گەورەکان ڕوودەدات.١٠ ئەم توێژینەوەیە چڕ دەبێتەوە سەر تاوتوێکردنی کاریگەریی ئەم پێکهاتانەی جیۆپۆلەتیك وەکو «شلیتی ناسك». شیاوی گوتنە دیاردەی شلیتی ناسك لە ناوچەگەلێك وەکو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا دروست دەبێت، کە ژمارەیەك لە وڵاتانی ئەو دەرگیری شەڕی ناوخۆیین و ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ململانێی ستراتیژی دەرەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕکابەرە ناوخۆییەکان، دەست لەم وڵاتانە وەربدەن کە نموونەی ئەو لە ناوچەکانی دەرگیری لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست واتە و ڵاتانێك وەکو سووریا، عێراق، لوبنان و یەمەن و وڵاتانی باشووری قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست دەبینین. لەمڕووەوە، لەم توێژینەوەدا باسی ئەم پرسە دەکرێت کە ئەم هۆکارە جیۆپۆلەتیکانە چەندە لەسەر شەڕی «ئێران. ئیسرائیل» وەك دوو دەسەڵاتی ڕکابەر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەرن، کە هەریەك لەوان لەگەڵ دەسەڵاتی لۆکاڵی دەرگیر لەوێ هاوپەیمانییان کردووە. ئەم هاوپەیمانیانە کە هەندێ کات بە ئامانجی گەمارۆدانی دوژمن و هەندێ کاتیش بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی ئەو ئەنجام دەدرێت، بە پاڵنەری سیاسی ڕوودەدات، نەك بە بۆنەی تایبەتمەندییە تایبەتەکانی ناوچەییەوە.

**دووەم: نەخشەی جیۆپۆلەتیکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ستراتیژیی ئێران بۆ گەمارۆدانی ئیسرائیل**

نەخشەی جیۆپۆلەتیکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوو بینەری گۆڕانکاریی بەپەلە بووە، بە شێوەیەك كە كاریگەریی لەسەر چالاكبوونی ناوچەكە داناوە. هێرشی ئەمریكا بۆ سەر عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ زایینی و ڕووداوگەلێك كە لە ساڵەكانی ٢٠١١-٢٠١٢ زایینی لە ژمارەیەك لە وڵاتانی عەرەبی ڕوویدا و بە «بەهاری عەرەبی» ناوبانگی پەیداكرد، ڕۆڵی دەسەڵاتە -عەرەبییە نەریتییەكیان وەكو عێراق و سووریای كاڵ كردەوە و لە ئەنجامدا دەسەڵاتە بیانییەكانی ناوچەیی ئەم دەرفەتەیان بە هەل زانی و بە پڕكردنەوەی ئەم بۆشاییە و بۆ بەهێزكردنی دەستڕۆشتوویی خۆیان، چالاكی خۆیان زۆرتر كرد. لەم نێوەندەدا، ئێران بۆ بەهێزكردنی دەستڕۆشتوویی خۆی لە ناوچەكە، چالاكییەكانی خۆی بە شێوەیەكی بەرچاو زیاد كرد و هەوڵی دا بە كەڵكوەرگرتن لە نائارامییە ناوچەییەكان و گۆڕانكاریی جیۆپۆلەتیك سەرقاڵی بەرفراوانكردنی ناوچەكانی دەستڕۆشتوویی خۆی بێت. لە ئەنجامدا، ئەمڕۆ زۆربەی وڵاتانی ناوچەكە دەرگیری شەڕیماڵوێرانكەرن (ناوچەكانی «شلیتی ناسك»). ئەم بارودۆخە ڕێگە بە تاران دەدات هەڵوێست و پێگەكانی خۆی لە ناوچەكە زیاتر بەهێز بكات.

بەكورتی، گۆڕانكاریی بەردەوامی جیۆپۆلەتیكی ناوچەیی جیا لەوەی كە گۆڕانكاریی بارودۆخی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەدواوە هەبووە، ئەكتەرە سەرەكییەكانی ناوچەیی وەكو ئێران، توركیا و ئیسرائیل و هەروەها ئەكتەرانی جیهانی وەكو ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و ڕووسیای ناچار كردووە بۆ ئەوەی بە دوای بینینەوەی ڕێگەچارەی سیاسییەوە بن كە هاوكات لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی واقعیەتی ناوچەكە، بەرژەوەندی ئەوانیش دەستەبەر بكات. پێویستە لێرەدا ئاماژەیەك بە هۆكارەكانی گۆڕانكاریی جیۆپۆلەتیكی ناوچەیی بدەین كە بریتین لە:

أ- هێرشی ئەمریكا بۆ عێراق و دەرگیرییەگەلێك كە بەدرێژایی دوو دەیەی ڕابردوو لە ناوچەكەی ڕوویداوە.

ب- ڕووداوەكانی «بەهاری عەرەبی» كە بووە هۆی لاوازبوونی وڵاتە گرنگە عەرەبییەكان لە ناوچەكە وەكو سووریا، عێراق و یەمەن.

ج- دابەزینی گرنگی و لەپێشتربوونی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ستراتیژی ئەمریكا و لە ئەنجامدا كەمبوونەوەی چەتری پشتیوانی ئەمریكا لەم ناوچەیە.

د- زیاتربوونی ئاڕاستەی ناوچەگەرایی لە سایەسەتی جیهانی (Regionalism)، كە پشتی

بە گرنگی دەسەڵاتە ناوچەییەکان، ڕێکخراوە ناوچەییەکان و هاوپەیمانی ئەمنی وەکو (کۆمەڵەی بریکس، ڕێکخراوی بەڵێنامەی ئەمنی بەکۆمەڵ، ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای، یەکێتی ئابووریی ئۆراسیا، داهێنانی پشتێنە و جادە و هتد) بەستووە.

ل- زۆربوونی ڕۆڵی ئەکتەرانی ناحکومی ( Non-State Actors) لە ڕەوتە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانی ناوچە.

لە سێبەری ئەم بارودۆخە جیۆپۆلەتیکە ناوچەییەدا، تاران هەوڵیدا بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دەستڕۆشتوویی «ئەمریکا . ئیسرائیل» لە ناوچەکە پەنا بەریتە بەر پتەوکردن و جێبەجێکردنی ڕێکخراوی کولتووری ستراتیژی خۆی، بۆ ئەوەی هاوکات لەگەڵ بەهێزکردنی دەستڕۆشتوویی خۆی لە ناوچەکەدا بەرژەوەندییەکانی خۆیشی دەستەبەر بکات. لەم ئاراستەدا، ئێران «ستراتیژی بەرگریکردن و دەستپێشخەری» و «مانفێستی شەڕی نابەرامبەر»ی گرتەبەر، ١١ کە بۆ پاراستنی پەیوەندی ستراتییژی پتەو لەگەڵ یەکە سیاسی و سەربازییەکان لە سەرتاسەری ناوچەکە وەکو (ئەکتەرانی حکومی و ناحکومی لە سووریا، عێراق، لوبنان و یەمەن) و پشتی بە ئامادەبوونی هێزە ئێرانییەکان و هێزە میلیشیاییەکان لەو ناوچەدا بەستووە. ڕێبەرانی ئێران ئەم تۆڕەی ناوچەیی بە «مێحوەری مقاوەمەت ناودەنێن.١٢

ئێران بە گرتنەبەری ئەم شێواز و ستراتیژە هەوڵدەدات بەرەی شەڕ ئەوەندەی دەلوێت لە سنوورەکانی خۆی دوور بخاتەوە و لە ڕێگەی دوورەوە، سوود لە ئامرازی ڕێگەگرتن و گەمارۆ لە بەرامبەر دوژمنی خۆی واتە ئیسرائیل وەربگرێت و بە کەڵکوەرگرتن لە هێزە نیابەتییەکانی خۆی لە دەرەوەی ئێران هەڕەشە لە ڕکابەرەکانی خۆی وەکو ئیسرائیل، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پاشایەتی عەرەبستانی سعودیا بکات و لە شەڕێکی نابەرامبەردا هێرش بکاتە سەر ئامانجەکانیان. ١٣ لە پراکتیکدا ئێران لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوو سەرکەوتوو بوو، ئامادەبوون و دەستڕۆشتوویی خۆی لە چەندین وڵاتی ناوچەکە وەکو سووریا، عێراق و لوبنان بەهێز بکات کە بە «هیلالی شیعی» بەناوبانگن. زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە ئامادەبوونی خۆی لە ناوچەکە دەداتەوە بە چاویاندا. ئێران ئامادەبوونی سەربازیی خۆی لە سووریا پتەوکرد و پشتیوانی خۆی لە «حیزبوڵڵا»ی زیاتر کرد و توانی دەستڕۆشتوویی خۆی لە عێراقیش بەهێز بکات١٤. (سەیری نەخشەی ژمارە ١ بکەن)

## نەخشەی دەستڕۆشتوویی ئێران لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست




**سەرچاوە: دامەزراوەی نێودەوڵەتی خوێندنەوە ستر اتیژییەکان (IISS).**

تاران لە ستراتیژی خۆیدا ئەم پرسەی لەبەرچاو گرتووە کە ئیمکانیاتی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی ناوچەیی ئەو زۆر زیاتر لە توانایی و ئیمکانیاتی سەربازی ئێرانە. لە ئەنجامدا ئێران، ئایدیای شەڕی کلاسیکی پشتگوێ خستووە و لە جیاتی ئەو، چڕ بووەتە سەر ناوچە لاوازەکان لە سیستەمی بەرگری دوژمندا و هەوڵدەدات لەوبەری سنوورەکانی خۆی ڕووبەڕووی هەڕەشە بێتەوە بۆ ئەوەی ئەگەری بەرەی شەڕ لە سنوورەکانی خۆی دوور بخاتەوە.١٥ لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینە ستراتیژییە، تاران پەنای بردۆتە بەر تاکتیکەکانی دروستکردنی «مێحوەری مقاوەمەت» کە ژمارەیەك لە ڕێکخراو و بزووتنەوە هاوپەیمانەکانی ئێران لە ناوچە جیاوازەکانی ناوچەکە لەخۆ دەگرێت. ئێران بە ڕێکخستنی ناحکومی لە وڵاتانی دراوسێی وەکو حیزبوڵڵا لە لوبنان، حەشدی شەعبی لە عێراق و حوسییەکان لە یەمەن پێکهاتەگەلێکی هاوبەش و هاوپەیمانی دروستکردووە. هەر ئەم بابەتە تایبەتمەندیی دەرفەتخوازانەی سیاسەتی ئێران پیشان دەدات.١٦

لەم بوارەوە دەتوانین ئاماژە بە چەند هۆکاری بنەمایی لە ستراتیژی ئێران بدەین، کە تاران بۆ ڕێگەگرتن و گەمارۆدانی دوژمنی خۆی واتە ئیسرائیل لە ژینگەی ناوچەکە سوود

لەو وەردەگرێت. ئەم هۆکارانە بریتین لە:

أ. جەختکردنەوە لەسەر پێگەی میحوەری پرسی فەلەستین لە گوتاری ئێرانیدا: ئێران لە ستراتیژی خۆیدا بۆ بەهێزکردنی دەستڕۆشتوویی و ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان سوود لە دوو هۆکاری ئایدیۆلۆژیا و پراگماتیککەرایی وەردەگرێت. بەڵام لەبارەی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە، ئێران گوتاری رووبەڕووبوونەوەی ئێمپریالیزم (خۆرئاوایی و ئەمریکی) و دژایەتیکردنی ئیسرائیلی لە سەرشان گرتووە بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە وەکو پێشوو پشتوانی گرووپە نیابەتییەکانی خۆی لە لوبنان و فەلەستین و سووریا بکات١٧ و هەر ئەم پرسە وەفاداری ئەم گرووپانە بە ئێران بەهێز دەکات.

ب. بەهێزکردنی توانایی سەربازیی گرووپە نیابەتییەکان لە ناوچەی ڕاگردا: ئێران بۆ ڕاگرتن و ڕووبەڕووبوونەوەی دەستڕۆشتوویی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ناوچەکە، هەوڵدەدات تواناییە سەربازییەکان و بە تایبەت توانای موشەکی گرووپە نیابەتییەکانی خۆی لە ناوچەکە بەهێز بکات. بۆ نموونە، ئێران چەك و موشەکی پێشکەوتوو تەسلیمی حیزبوڵڵای لوبنان دەکات، لەبەرئەوەی دەتوانێت قوڵایی ئیسرائیلی لەبەر تیریدا بێت. حیزبوڵڵا بە بوونی ئەم موشەکانە توانی لە ساڵی ٢٠٠٦ زایینی لە شەڕێکی خەرج هەڵگردا، توانای خۆی بە چاو ئیسرائیلدا بداتەوە و ئێرانیش بەم موشەکانە کە لە تەسلیمی حیزبوڵڵای کرد پەیامێکی ڕاگرانەی بۆ تەلئەبیب ڕەوانە کرد لەسەر بنەمای ئەوەی کە هەر جۆرە شەڕێک لەگەڵ ئێران یان لەگەڵ حیزبوڵڵا، خەساری زۆر قەرەبوونەکراوەی بۆ ئیسرائیل بە دواوە دەنێت.١٨ هەنووکە حیزبوڵڵا بە یارمەتی ئێران دیسان توانای سەربازیی خۆی زیاتر دەکات. هەرچەندە حیزبوڵڵا نەیتوانیوە توانای سەربازیی خۆی بگەیەنێتە ئاستی پێویست، بەڵام توانیویەتی هاوکات لەگەڵ بەرزکردنەوەی ئاستی توانای خۆی، موشەککگەلێکی ورد و پێشکەوتوو بەرهەم بهێنێت و کەلوپەلی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و سیستەمی بەرگری ئاسمانی بەرفراوان بەکاربهێنێت.١٩

بەمانایەکی دیکە، ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە حیزبوڵڵا توانیویەتی کەلێنی نێوان خۆی و ئیسرائیل کە ئیمکانیاتی سەربازی پێشکەوتووی لەبەردەستدایە، پڕ بکاتەوە. لەبەر ئەم هۆیە، لە ڕوانگەی ڕێبەرانی ئێرانەوە، لوبنان و حیزبوڵڵا بۆ ئاسایشی خۆیان خاوەنی گرنگییەکی ستراتیژین و لە «ستراتیژی بەرگریی دەستپێشەخەرانەدا» تاران و ڕاگرتنی

ئەو لایەنانەی ئەگەری دوژمنییان هەیە، پێگەیەکی سەرەکییان هەیە. ٢٠ لەلایەکی دیکەوە هەوڵدەدات هاوکات لە بواری سەربازییەوە بەرەی لوبنان و سووریا بەهێز بکات. راپۆرتی سەرچاوە ئیسرائیلییەکان باسی ئەوە دەکات کە ئێران لە سووریا کارخانەی بەرهەمهێنان و پەرەسەندنی کەلوپەلی موشەکی رێکخستتووە و ئەم بابەتە یەکێك لە ئامانجە ستراتیژییەکانی ئێران لە ناوچەکەیە و بە زنجیرەی دابینکردنی حیزبوڵڵا دێتە ئەژمار. بەڵگاندنی رێبەرانی ئێران ئەوەیە کە ئەگەر ئێران لە سووریا ئامادە نەبێت، دەبێت بە ناچاری بۆ رووبەرووبوونەوەی دەرئەنجامگەلێك کە شەڕەکانی سووریا و عێراق بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئێران و سنوورەکانی ئەم وڵاتە هەیەتی، تێچوونی زۆرتر بدات.٢١

بەشێوەی گشتی لێڕوانینی ئێران لەبارەی سووریا و لوبنان ئەمەیە کە ئەم دوو وڵاتە گرنگترین پێگە بۆ هەنگاوی سەربازی ئێران و حیزبوڵڵا لەدژی ئیسرائیلە کە لە بارودۆخی ئاسایی بە بەرهەمهێنانی کەلوپەلی سەربازی لە ناوخۆی لوبنان، هەروەها گواستنەوەی چەك لە سووریا بۆ لوبنان سەرقاڵی بەهێزکردنی تواناییە سەربازییەکان دەبێت و لە بارودۆخی شەڕدا، شەڕکەرانی لە حاڵی خزمەت و سەربازانی پاشەکەوت لە لوبنان بە توانای سەربازیی جۆراوجۆرەوە وەکو (هێزە شەڕکەرەکان، هێزە تایبەتەکان، موشەکی زەوی بە زەوی، موشەکی دژەتانك، موشەکی کرووس و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان) دەستبەکاردەبن. هەڵبەتە هێزە پاشەکەوتەکان لە سووریاش بۆ بەهێزکردنی بەرەی شەڕی لوبنان دەڕۆن کە دەچنە ڕیزی هێزە شەڕکەر و هەواڵگرییەکانەوە. ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تەلئەبیب لە دوو بەرەدا تووشی شەڕ بێت و دان بە ڕەوتە دەستڕۆشتوویە هەمبەرییەکان لە سووریا و لوبناندا بنێت٢٢.

ج- هەوڵی ئێران بۆ بەردەوامی ئامادەبوونی سەربازیی و کۆمەڵایەتی خۆی: ئێران هەوڵدەدات ئامادەبوونی سەربازیی لەو ناوچانەی دەستڕۆشتنی لە وڵاتانی هیلالی شیعە بەهێز بکات، شیاوی گوتنە ئامادەبوونی سەربازیی ئێران لە ساڵانی ڕابردوو چ لە چوارچێوەی گرووپە چەکدارەکان، کە ئەم وڵاتە پشتیوانییان دەکات و چ لە چوارچێوەی تۆخمە میلیشیاییەکان وەکو سوپای پاسداران و سوپای قودس بەشێوەیەکی بەرچاو زۆرتر ببێت. ژمارەیەك لە راپۆرتەکان باسی ئەوە دەکەن، تاران ڕاوێژکارانی سەربازی و هێزەکانی سوپای پاسداران ڕەوانەی سووریا دەکات، کەسانێك کە سەردەمانێك ژمارەیان زیاتر لە چەند سەد کەس نەدەبوو، هەنووکە بووەتە هەزار کەس.٢٣ هەروەها تاران نزیکەی ٢٠

هەزار شەڕکەری لە وڵاتانی لوبنان، عێراق، ئەفغانستان و پاکستان بۆ شەڕ لە سووریا ڕێکخستووە.٢٤ هەروەها ئێران دزەی کردۆتە نێو سوپای سووریا و میلیشیا لۆکاڵییەکان ئەم وڵاتە و ئامادەبوونی خۆی بەهێزکردووە (لەبەرئەوەی پێکهێنانی هێزەکانی بەرگری نیشتمانی و هێزەکانی بەرگری ناوچەیی و پەروەردەکردنیان لەگەڵ ڕێنمایی و پشتیوانی ئێران ئەنجام دراوە).٢٥ جیا لەمە ئامادەبوونی سەربازیی، ئێران لە بوارە مەدەنییەکان وەکو بواری پەروەردە و کولتوور و بە تایبەت بۆ بەرفراوانکردنی هاوکاری ئابووری لە بوارەکانی وزە، پیشەسازیی و بازرگانیش دەستێوەردانێکی زۆری هەبووە.٢٦ جیا لەمەش، ناوەندەکانی ڕەوتی پشتیوانی کراو لەلایەن ئێرانەوە کە لەسەر هاوسەنگی هێزە سیاسییەکان لە سێ وڵاتی هیلالی شیعەدا کاریگەرن، نابێت پشتگوێ بخەین و ئەم کاریگەرییە بە ڕادەیەکە ئەگەر لە پێکهێنان و بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەم وڵاتانە لەگەڵ تاران هەماهەنگی نەکرێت، کارەکە زۆر قورس و تەنانەت نەلواویش دەبێت.٢٧

لە هەنگاوەکانی دیکەی ئێران بۆ بەهێزکردنی دەسترۆشتوویی ناوچەیی خۆی کە بە ئامانجی گەمارۆدانی تەلئەبیب ئەنجام دەدرێت، ئەمەیە کە بە دروستکردنی ئەوەی بە «هێلالی شیعە» یان « مێحوەر موقاوەمە» بەناوبانگە هەوڵدەدات بە دزەکردن و بەهێزکردنی ئامادەبوونی خۆی لە وڵاتانی دراوسێی ئیسرائیل، گەمارۆی ئەو بدات و تەنگی پێ هەڵچنێت. هەڵبەتە جیا لەوە، گەیشتنە بنبەست و بە ئەنجام نەگەیشتنی دانوستانە ئەتۆمییەکانیش نابێت پشتگوێ بخەین. هەموو ئەم گۆڕانکاریانە نیگەرانی ئاسایشی ئیسرائیل لەبارەی توانای بەردەوامی ئێرانی ورووژاندووە، کە نەکا تاران بە کەڵکوەرگرتن لە دەستە نیابەتییەکانی خۆی و لە خاکی ئەوانەوە هەندێ هێرش بۆ سەر ئیسرائیل ڕێك بخات. لە دیدی ئیسرائیلەوە، ئێران کە لە نزیکی سنوورەکانی ئیسرائیل لە سووریا و لوبنان ئامادەیە و پشتیوانی لە گروپەکانی مقاوەمەی فەلەستینی وەکو بزوتنەوەی حەماس و جیهادی ئیسلامی دەکات، گرنگترین قەیرانی ئەمنی لە بەرەکانی باکوور، خۆرهەڵات و باشووری ئیسرائیلە. ڕێکخراوە ئەمنی و سەربازییەکانی ئیسرائیل بە مەزەندەکردنی ئەمنی خۆیاندا چۆنیەتی ڕەفتارکردن لەگەڵ بارودۆخی نوێیان لەبەرچاو گرتووە و سیناریۆی هەڵسوکەوت لەگەڵ «شەڕ لە چەندین بەرەیان» ئامادەکردووە. ئاویو کوخاوی سەرۆکی پێشووی فەرماندەیی سوپای ئیسرائیل لە وتاری خۆی لە ٢٥ ی ئەیلولی ٢٠١٩ی زایینی ئاماژەی بەم پرسە دا و ئێران و گرووپە نیابەتییەکانی ئەوی بە گرنگترین هەڕەشە بۆ سەر

ئیسرائیل ناو هێنا. ئەو گووتی «شەڕ لەگەڵ ئێران تا ڕادەیەك یەكلایی بووەتەوە» هەروەها جەختی كردەوە كە «سوپا بۆ سیناریۆیەكی وەها ئامادە دەبێت“٢٨

لەم ئاڕاستەدا، ئیسرائیل ستراتیژی «شەڕی نێوان شەڕەكان» كە لە ساڵی ٢٠١٥ی زایینی پەردەی لەسەر لادا، گرتۆتە بەر. ئەم ستراتیژییە پشتی بە جێبەجێكردنی هێرشە سەربازییە سنووردارەكان بەستووە كە ئامانجی ئەو، پوچەڵكردنەوەی هەڕەشەكان و دروستكردنی ڕاگر و لە هەمانكاتدا دووریگرتن لە دەستپێكردنی شەڕی گەورە و دووریگرتن لە شەڕی كاملە.٢٩ هێرشی یەك لە دوای یەكی تەلئەبیب بۆ سەر ئامانجگەلێك لە سووریا و عێراق كە بینەری بەرفراوانبوونی جوگرافیای هێرشەكانی ئیسرائیل بووە، بە درێژایی ساڵی ٢٠١٩ی زایینی باسی ئەم بابەتە دەكات.٣٠ جیا لەمە «شەڕی سێبەر» لە نێوان لایەنەكان بە درێژایی ساڵەكانی ڕابردوو و بەتایبەت بە درێژایی ساڵی ٢٠٢١ی زایینی لە ئارادا بووە و گۆڕەپانی ئەم شەڕەش دەریای گرتۆتەوە و پاپۆڕە بازرگانییەكان لە دەریای سوور بوونەتە ئامانجی چەندین هێرشی ئێران و ئیسرائیل.٣١ هەروەها، تەلئەبیب بۆ تێرۆركردنی زانایانی سەربازی و ئەتۆمی ئێران چالاكی زۆری ئەنجامداوە، كە تێرۆركردنی موحسین فەخری زادەی زانای ئەتۆمی نموونەیەكی ئەویە. هەروەها ئیسرائیل بەپێدانی زانیاریی گرنگ بە واشنتۆن لە بواری زانیارییەوە یارمەتی دەدات و واشنتۆن لەسەر بنەمای هەمان زانیاریی توانی قاسم سولێمانی فەرماندەی سوپای قودس كە یەكێك لە قۆڵە سەرەكییەكانی سوپای پاسدارانە، تیرۆر بكات.٣٢ جیا لەوە ئیسرائیل بۆ تێكدانی ژێرخانە ئەتۆمییەكانی ئێران هەندێ چالاكی ئەنجام دەدات كە نموونەی ئەو تەقینەوەیەیە كە لە هاوینی ساڵی ٢٠٢٠ زایینی لە بنكەی ئەتۆمی نەتەنز ڕوویدا، وا گومان دەكرێت ئەم تێكدانەش لەلایەن سیستەمی هەواڵگریی ئیسرائیلەوە ئەنجامدراوبێت.٣٣ لە هەنگاوەكانی دیكەی ئیسرائیل دەتوانین ئاماژە بە هێرشی سایبەری لەدژی دامەزراوەی ئەتۆمی ئێران بدەین، كە باشترین نموونەی ئەم بوارە هەمان هێرشی سایبەری ئیسرائیل لە ڕێگەی ڤایرۆسەوە «كرمی ستاكس نێت»ەوەیە كە لە ساڵی ٢٠١٠ی زایینی بنكەی ئەتۆمی نەتەنزی كردە ئامانج.٣٤

بەسەرنجدان بەوەی كە تەلئەبیب و تاران هەڵویستیان بەدرێژایی چەندین ساڵی ڕابردوو لە ئاست یەكتر نەگۆڕاوە. ئاگاداری ئەم خاڵەن كە سیناریۆی شەڕی تەواوەتی لە زیانی هەر دوو لایەن دەبێت. هەروەها ئیسرائیل بۆ هێرشی یەك لایەنە و بەبێ یارمەتی

واشنتۆن بۆ سەر ئێران، چانسێکی زۆر کەمی هەیە، لەبەرئەوەی بە سەرنجدان بە مەودایەکی زۆر لە نێوان دوو وڵات، دەبێت فڕۆکە ئیسرائیلییەکان بە سەر چەند وڵاتدا تێپەڕن و ئەو فڕۆکانەی لە ئیسرائیلەوە دەفڕن لە ڕێگادا پێویستیان بە سوتەمەنی دەبێت.٣٥ دەتوانین بڵێین ئەگەری سیناریۆی شەڕی سەربازی بە شێوەیەك تەواوەتی دیسان ئەگەری زۆر کەمە، بە تایبەت ئەوەی کە دەسەڵاتە نێودەوڵەتییەکان (وڵاتانی ئەوروپایی و ڕووسیا و چین) و تا ڕادەیەك واشنتۆن پشتیوانی لە سیناریۆیەکی لەو چەشنە ناکەن. لە ئەنجامدا، دیسان ئیسرائیل بیر لە ستراتیژی کەم تێچووی دیکە وەکو ستراتیژی «شەڕی نێوان شەڕەکان» و «شەڕی سێبەر» بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران دەکاتەوە. هەروەها ئیسرائیل هەوڵدەدات بە کەڵکوەرگرتن لە گۆڕانکاریی جیۆپۆلەتیک ئامرازی ڕاگرتن و ئامرازی گوشار لەدژی ئێران بەهێز بکات. شیاوی ئاماژەیە وڵاتانی باشووری قەفقاس کە دراوسێی باکووری ئێرانن، بەبۆنەی کێشە سنوورییەکان لە نێوان وڵاتانی دراوسێ بە هۆی دیاردەی «شلیتی ناسکەوە» ئازار دەچێژن، کە نموونەی بەرچاوی ئەو کێشەی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجانە. هەوڵی وڵاتانی دیکەی کێشەکە بۆ پاراستنی هاوسەنگی هێز، دەرفەتی ئەوە بە ئیسرائیل دەدات بە درزە کردنە نێو ئەم ناوچەوە، بەستێنی ئامادەبوونی خۆی دەستەبەر بکات. لەمڕووەوە لە بەرامبەر نزیکی «ئێران و ئەرمینیا» ناوچە بینەری نزیکایەتی «ئیسرائیل و ئازەربایجانە“.

**سێیەم: نەخشەی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکانی باشووری قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست و ستراتیژی ئیسرائیل بۆ گەمارۆدانی ئێران.**

جیهان لەلایەکەوە بینەری توندتربوونی ڕکابەری لە نێوان زلهێزەکانە و لەلایەکی دیکەوە، سیستەمی نێودەوڵەتی بەرەو فرەجەمسەری دەڕوات. ئەم گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکانە لە ئاستی نێودەوڵەتی سێبەر لەسەر ناوچەگەلێك وەکو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، باشووری قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست دروست دەکات کە لە ناوەندی ڕکابەری نێودەوڵەتی دان (سەیری نەخشەی ژمارە دوو بکەن).

## نەخشەی ژمارە (٢) قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست




ئێران هەوڵدەدات ئەم هۆکارە جیۆپۆلەتیکانە بۆ بەهێزکردنی دزەکردنی ناوچەیی و دابینکردنی بەرژەوەندی ئەمنی خۆی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەت لە ناوچەی باکووری هاوسنوور لەگەڵ ئیسرائیل بەکاربهێنێت. وا هەست دەکرێت، تەلئەبیبیش هەمان ئاڕاستەی گرتبێتەبەر و گۆڕانکاریی نوێی جیۆپۆلەتیک لە ناوچەی باکووری، ژینگەی ستراتیژی ئێران بۆ بەدیهاتنی «ڕێگرتن و گەمارۆ» ی هەژموونی ئێران بەکاربهێنێت. لە گرنگترینی ئەم هۆکارانە کە تەلئەبیب لە جێبەجێکردنی ستراتیژی خۆی لە ناوچەکە چاوی تێبڕیوە، دەتوانین ئاماژە بەم هۆکارەکانی خوارەوە بدەین:

أ: ئاڕاستەیی ئەمریکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دزەکردنی «ڕووسیا و چین»: لە چوارچێوەی هەوڵە ئارایییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی خۆی و، پاسەوانی لە پێگەیەك وەك دەسەڵاتێکی سەرتر لە ئاستی جیهانی هەیەتی، لە سێبەری گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی جیۆپۆلەتیکی پەیوەندیدار بە دەسەڵات پەیداکردنی «چین و ڕووسیا»، واشنتۆن هەوڵدەدات دەسەڵاتی هاوسەنگکەری خۆی بگوازێتەوە بۆ دەرەوە و ناوچەی ئۆراسیا.٣٦ بە کەڵکوەرگرتن لە پێکهاتەی جوگرافیایی پێکهاتە نوێیە جیۆپۆلەتیکەکان لەم ناوچانە وەکو «شلیتی ناسك» کە سەرچاوە لە کێشەی سنووری نێوان وڵاتانی دراوسێ لەم ناوچەیە وەردەگرێت، لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم ناوچەدا ڕۆڵ بگێڕێت و بە هاوسەنگکردنی هێز و هاوپەیمانی لەگەڵ ڕکابەرە ناوچەییەکانی چین و ڕووسیا

هەوڵ بدات گەمارۆی ئەم دوو ڕکابەرەی خۆی بدات.٣٧ لەم بوارەوە کەڵک لە خۆڕاگری وڵاتانی دراوسێی ڕووسیا و چین لە بەرامبەر دزەکردن پەرەخوازانەی ئەوان وەردەگرێت. شیاوی گوتنە کە ئەم دوو وڵاتە لە هەوڵدان بە داگیرکردنی خاکی وڵاتانی دیکە بۆ سەر قەڵەمڕەوی خۆیان، ئیمپراتۆریایەکی نوێ بونیاد بنێن. ئەم هەنگاوەی واشنتۆن دەبێتە هۆی ئەوەی وڵاتانی ڕووسیا و چین لەلایەن وڵاتانی دەرگیر گەمارۆ بدرێن و ئاڕاستەی پەرەخوازانەی ئەوان ڕووبەڕووی خۆڕاگری زۆرتر بێتەوە.

بەسەرنج پێدان بە بوونی دیاردەی «شلیتی ناسك» لە ناوچەی باکووری ژینگەی ستراتیژی ئێران ولە باشووری قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست، دەبینین کە «شەڕە پاڵنەرییەکان» لەم ناوچانە. کە کێشەی سنووری نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا باشترین نموونەی ئەوە. بوار بۆ دەستێوەردانی ڕکابەرە ستراتیژییە بیانییەکان وەکو ڕووسیا، ویلایەتە یەکگرتووەکان، تورکیا، ئێران و ئیسرائیل دەڕەخسێنێت. شیاوی گوتنە وڵاتانی دەرگیری کێشەی ڕووبەڕووبونەوەی دزەکردنی ڕکابەری خود، خوازیاری دەستێوەردانی دەسەڵاتە بیانییەکان دەبن.

دەتوانین نموونەی بابەتی ئەم ئاڕاستە لە جوولەکانی ئەمریکا لە ناوچەی باشووری قەفقاس ببینین، کە بینەری ترافیکی پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ بەرپرسانی دوو وڵاتی دەرگیری لە کێشە لە باشووری قەفقاس واتە ئەرمینیا و ئازەربایجانە.٣٨ هەندێ نیشانە لە هاوکاریی گرنگی سەربازی ئەمریکا لەگەڵ ئەم دوو وڵاتە لەبەردەستدان. وەزارەتی بەرگری ئەرمینیا لە ٦ی ئەیلولی ٢٠٢٣ی زایینی ئامادەیی بۆ مانۆڕی سەربازیی هاوبەش لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕاگەیاند، کە ئەم لە پراکتیکدا ئەم مانۆرە لەژێر ناوی «شەریکی هەڵۆ» لە ١١-٢٠ ی ئەیلولی ٢٠٢٣ و لە خاکی ئەرمینیا ئەنجام درا.٣٩

ئەم جووڵانەی ئەمریکا پیشانی دەدات کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دزەکردنی ڕووسیا لە ناوچەی باشووری قەفقاس، کە مۆدێلی تەختە شەترەنج پەیڕەوی دەکات کە پێشتر ئاماژەمان پێدا. ئەمریکا هەوڵدەدات بە نزیکبوونەوەی بە هاوپەیمانە ناوچەییە کۆنەکانی ڕووسیا واتە ئەرمینیا، ڕووسیا گەمارۆ بدات. لە شەڕی دوایی کە ئەرمینیا لەگەڵ ئازەربایجان هەیبوو، موسکۆ ئامادە نەبوو پشتیوانی لە یەریڤان بکات و ئەم بابەتە بووە هۆی ساردبوونەوەی پەیوەندی نێوان موسکۆ و یەریڤان و ئەمریکاش ئەم ناکۆکییەی بۆ نزیکبوونەوە بە یەریڤان بەکارهێنا.

ب. ناکۆکی نێوان «ئازەربایجان و ئەرمینیا»: ژینگەی پۆست سۆڤیەتی ناوچەی باشووری

قەفقاس هەمیشە بینەری ناکۆکی و دەرگیری بەردەوام بووە. ناکۆکییە سنوورییەکان بووە هۆی سەرهەڵدانی «شلیتی شکێنەر» لەم ناوچانەدا کە لە گرنگترینیان دەتوانین ئاماژە بە ناکۆکی بەردەوامی نێوان ئابخازستان و جۆرجیا، ناکۆکی نێوان ئۆسیتیای باشووری و جۆرجیا و ناکۆکی نێوان ناوچەی سەربەخۆییخوازی ترانس نیستێریا ( کۆماری پریدنسترڤیا) و وڵاتی مۆڵداڤیا بدەین. بەڵام گرنگترینی ئەو دەرگیریانە، شەڕی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا لەسەر ناوچەی ناگۆرنۆ قەرەباغە و ڕیشەکانی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٢ زایینی کە شەڕی یەکەم، لە نێوان لایەنەکان ڕوویدا و بە سەرکەوتنی ئەرمینیا کۆتایی هات. جارێکی دیکە ئاگری ئەم شەڕە کڵپەی سەند و ئازەربایجان توانی ناوچەی جێی ناکۆکی کۆنترۆڵ بکات. شایانی ئاماژەپێدانە ئێستاش نیشانەی دەرگیری خۆی دەنووێنێت، لەبەرئەوەی ئازەربایجان هەوڵدەدات ڕێڕەوی لاچین گەمارۆ بدات بۆ ئەوەی ئەرمەنییەکانی ناوچەی ئارتساخ، ناگۆرنۆ قەرەباغ کە ڕێگەی پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ئەرمینیا لە دەستداوە، ناچار بە بەجێهێشتنی ناوچەکە دەبن. بۆ نموونە ئازەربایجان لە ١٩ی ئەیلولی ٢٠٢٣ زایینی لە ئۆپراسیۆنێکی سەربازیدا، هێزەکانی ئەرمینیا لە ناوچەی نارگۆرۆ قەرەباغی کردە ئامانج و لە ڕاگەیەندراوێکدا ئامانجی ئەم ئۆپەراسیۆنەی بە خەبات لەدژی هێزە تیرۆریستەکان ڕاگەیاند. وەزارەتی بەرگری ئەرمینیاش هەر جۆرە ئامادەبوونی هێزەکانی خۆی لە ناوچەکە ڕەتکردەوە٤١. لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکاریانە لە ناکۆکی نێوان لایەنەکان و شکاندنەوەی قورسایی کەفەی تەرازوو لە قازانجی ئازەربایجان و هاوکات گۆڕانکاریی جیۆپۆلەتیک کە لەگەڵ ڕکابەرە ناوچەییەکان بۆ پاراستنی هاوسەرەنگی نێوان یەکتر خوازیاری دەستێوەردانی زۆرتری ڕکابەرە ستراتیژییە بیانییەکانن، هەموو ئەم پرسانە بەهێزبوونی ئامادەبوونی ئیسرائیل لە ئازەربایجانی لێکەوتۆتەوە و باکۆ پەنای بردۆتە بەر تەکنەلۆژیای ئیسرائیل وەکو کەلوپەلی فڕۆکەی بێ فڕۆکەکانی سەربازی. ئێلهام عەلی ئێف لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ بنیامین ناتانیاهۆی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل لە ساڵی ٢٠١٦ زایینی جەختی کردەوە کە وڵاتەکەی کەلوپەلی سەربازیی بە نرخی ٥ ملیار دۆلار بە تایەبت فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و سیستەمی هەوایی لە ئیسرائیل دەکڕێت.٤٢ لە ساڵی ٢٠١٧ی زایینی دامەزراوەی لێکۆڵینەوەی ئاشتی نێودەوڵەتی ستۆکهۆڵم ڕایگەیاند کە باکۆ بە بڕی ١٢٧ ملیۆن دۆلار تەکنەلۆژیای سەربازیی لە تەلئەبیب کڕیوە.٤٣

جیا لەمە، ژمارەیەك لە ڕاپۆرتەکان باسی ئەوە دەکەن کە ئیسرائیل هەندێ هەماهەنگی لەگەڵ ئازەربایجان کردووە کە ڕێگە بە ئیسرائیل دەدات بۆ ئەگەری گەشتی ئاسمانی

دەرەوە، کەڵك لە خاکی ئازەربایجان وەربگرێت.٤٤ ئێرانیش چەندینجار بانگەشەی کردووە کە ئیسرائیل خاکی ئازەربایجان بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی و سیخوڕی لەدژی ئێران بەکاردەهێنێت. هەروەها تاران بانگەشەی کردووە تەلئەبیب بنکەیەکی سیخوڕی» لە ئازەربایجان هەیە.٤٥ لە ساڵی ٢٠١٢ی زایینی دوای ڕووداوی تیرۆرکردنی مستەفا ئەحمەدی ڕۆشەن زانای ئەتۆمی، ئێران ئازەربایجانی بەوە تۆمەتبار کرد کە یارمەتی دەزگای سیخوڕی ئیسرائیلی داوە.٤٦ ئێران لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ی زایینیش تۆمەتی هاوشێوەی ئاڕاستەی باکۆ کردووە.٤٧

لە ئێستادا ئازەربایجان هەوڵدەدات لە ڕێگەی دروستکردنی ڕێڕەوی زەنگزۆر کە بە پارێزگای سیونیکی ئەرمینیادا تێپەڕ دەبێت، ڕاستەوخۆ دەستی بە کۆماری ئۆتۆنۆمی نەخجەوان ڕابگات و سنوورەکانی ئێران لەگەڵ ئەرمینیا لە یەکتر دابڕێت و لە ئەنجامدا هەنگاوێك لە ئاڕاستەی گۆشەگیرکردنی ئێران بنێت.٤٨ جیا لەوە ئەم بابەتە ڕێگای پەیوەندی ئێران لەگەڵ ڕووسیا و ئەورووپای دەبچڕێنێت و ئێران لە ڕێڕەوەکانی وزە پەراوێز دەخات. ئەمە لە قازانجی پرۆژەی « تورکی .ئازەربایجانی» دایە.٤٩ یەکێك لە میدیاکانی سەر بە سوپای پاسداران بانگەشەی کردووە « ئەوەی بە «ڕێڕەوی زەنگزۆر» ناودەبرێت، بە ناوچەی سیونیکی ئەرمینیادا تێپەڕ دەبێت کە ڕێگەی دەستڕاگەیشتنی ئێران بە پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ ڕووسیا و ئەورووپا دەگرێت".٥٠

ج .ڕکابەری «تورکیا و ئێران»: بە سەرنجدان بەو گۆڕانکارییەی کە لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا دروستبووە و ڕوانگەی ئەو بۆ سەردەمی «قوڵایی ستراتیژی» ئاڕاستە کردووە و بەشداریی جیۆپۆلەتیکی نزیکتری ئەم وڵاتە لەگەڵ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکانی دیکەی زیاتر خستۆتە بەرباس، هەنووکە ئەم ئاڕاستەیە لە بارەی باشووری قەفقاس و خۆرهەڵاتی دەریای ڕەشیش بە جیدیەتەوە بەدواداچوونی بۆ دەکرێت و ئەنقەرە هەوڵدەدات لە ڕێگەی هاوکاری سەربازیی بەردەوامەوە لەگەڵ جۆرجیا و ئازەربایجان و جێبەجێکردنی پرۆژەی هاوکاری لەگەڵ ئازەربایجان وەکو دروستکردنی ڕێڕەوی زەوینی بۆ سەر دەریای خەزەر، هەروەها دروستکردنی پەیوەندی نزیکتر لە بوارەکانی سەربازیی و وزە کە ئامادەبوونی ئەنقەرە لە بەشی خۆرهەڵاتی باشووری قەفقاس بەهێز دەکات، کاریگەریی جیۆپۆلەتیکی زیاتر یەکلایی بکاتەوە.٥١

ئەم جۆرە جووڵانەی تورکیا، نیگەرانی ئێرانی بەدواوەیە. لە نیگای ئێرانەوە، بەهێزبوونی کاریگەریی تورکیا لە سەر ژینگەی ستراتیژیی ئێران دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی کاریگەریی ئەم وڵاتە. لەم ساڵانەی دوایی و دوای شەڕی ٢٠٢٠ی زایینی ناگۆرنۆ قەرەباغ ئەم واقعیەتە بە ڕوونی پیشان دراوە. واژۆی «ڕاگەیندراوی شوشا» کە لە حوزەیرانی ٢٠٢١ی زایینی لە شوشا لە نێوان ئێلهام عەلی ئۆفی سەرکۆماری ئازەربایجان و هاوتای تورکی ئەو واژۆ کرا، بەهێزبوونی بەرژەوەندییەکانی تورکیا لەسەر سنوورەکانی باکووری ئێرانی بەدواوە بوو. بەپێی ئەم بەڵگەنامەیە هەر جۆرە هێرشکردنەسەر یەکێك لەم دوو وڵاتە، وەکو ئەوەیە هێرش کرابێتە سەر هەر دوو وڵات.٥٢ جیا لەوە، تورکیا و ئازەربایجان یاداشتێکی لێکتێگەیشتنینان واژۆ کردووە، کە بەپێی ئەو کۆمپانیای «بۆتاش»ی تورکیا کە لە بواری بازرگانی هێڵی گواستنەوەی نەوتی خاو و غازی سرووشتیەوە چالاکی هەیە، کەم کردنەوەیەکی لەبارەی دروستکردنی هێڵی گواستنەوەی غاز بۆ نەخجەوانی بەڕێوەبردووە.٥٣ دروستکردنی ئەم هێڵەی بۆڕی، قەبارەی هەناردەکردنی غازی ئێران بۆ ئازەربایجان سنووردار دەکات.٥٤

لە ڕوانگەی ناوچەییەوە، ئێران لە ئاست دروستکردنی ڕێڕەوێکی زەوینی کە تورکیا ببەستێتەوە بە ئازەربایجان و دەریای خەزەرەوە، نیگەرانە، لەبەرئەوەی دەستێوەردانی تورکیا و دەستڕاگەیشتنی ئەو بە دراوسێیەکانی ئێران لە ئاسیای ناوەڕاست گۆڕانکارییەکی ڕوخێنەر بۆ ئێرانە،٥٥ بە تایبەت ئەوەی کە ئازەربایجان لە ٢٥ی ئازاری ٢٠٢٣ی زایینی بە پێشێلکردنی مەرجەکانی ڕێککەوتننامەی ٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠ی زایینی، ڕۆشتە نێو هێڵی دابەشکردن لە ناوچەی شوشا و سوپای ئازەربایجان ژمارەیەك لە بەرزاییەکانی نێوان گوندی جەغازو و زابۆخ و ناوچە بەرفراوانە سنوورییەکانی کۆنترۆڵ کرد و دەستی بەسەردا گرتن.٥٦

ئەمە ڕکابەرییەکی نوێ لە نێوان دوو دەسەڵاتی ناوچەیی کە کەفەی تەرازوویەکە لە قازانجی ئەنکەرا قورس دەکات، بەستێن بۆ بەهێزکردنی ئامادەبوونی ئیسرائیل لە ناوچەکە هەموار دەکات، لەبەرئەوەی ئیسرائیل لەم دواییانە هاوکارییەکانی خۆی لەگەڵ ئەنقەرە زیاد کردووە و پەیوەندی «تورکیا ـ ئیسرائیل» لە ئابی ٢٠٢٢ی زایینی کرانەوەیەکی ئەزموون کرد و هەردوو وڵات باسی ئاسایی بوونەوەی پەیوەندی و گەڕانەوەی باڵیۆزەکانیان کرد.٥٧ ڕەنگە ئەم گۆڕانکاریانە بە دروستکردنی چوارچێوەیەکی هاوکاریی نوێ بە ئامادەبوونی سێ لایەنی «تورکیا، ئیسرائیل و ئازەربایجان» لە باشووری قەفقاسی لێبکەوێتەوە، کە ئەم بابەتە هەڕەشەیەکی جیۆپۆلەتیکە کە بە کەم کردنەوەی دەسترۆشتووی ئێران لە ژینگەی

ستراتیژی لە ناوچەی باکووری ئەوی لێبکەوێتەوە.

د. ناڕوونبوونی پەیوەندی «ڕووسیا . ئەرمینیا»: لە ئێستادا و لە دوای شەڕی ئەم دواییەی نارگۆرنۆ قەرەباغ، پەیوەندی نێوان ڕووسیا و ئەرمینیا کە هاوپەیمانی کۆنی یەکتربوون، تاریکبووە. لەبەرئەوەی ئەرمینیا هەڵویستی بێلایەنانەی ڕووسیای لەم شەڕەی دوایی بەم جۆرە ڕاڤە دەکات کە ڕووسیا ئامادەنەبوو بچێتە ژێر باری پشتیوانیکردن لە ئەرمینیا و ئەم بابەتە کەفەی تەرازوەکەی لە قازانجی ئازەربایجان قورس کرد و بووە هۆی ئەوەی کە ئازەربایجان بە پشتیوانی «تورکیا . ئیسرائیل» ببێتە سەرکەوتووی گۆڕەپانەکە. ئەم گۆڕانکارییە بەستێنی نزیکی زیاتری ئەرمینیا لەگەڵ خۆرئاوا و بە تایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێنا ئاراوە. ئەرمینیا لە بەرواری ٦ی ئەیلولی ٢٠٢٣ی زایینی لە هەماهەنگی بەمەبەستی بەڕێوەچوونی مانۆڕێکی هاوبەشی سەربازی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ژێر ناوی «شەریکی هەڵۆی ٢٠٢٣» ڕاگەیاند. لە نیشانەکانی دیکەی نزیکایەتی ئەرمینیا لەگەڵ خۆرئاوا، دەتوانین ئاماژە بە گەشتی سەرۆکوەزیری ئەرمینیا هاوڕێ لەگەڵ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کێف و ناردنی یارمەتیی مرۆیی بدەین.٥٨ بەپێی هەندێ لە ڕاپۆرتەکان ئەرمینیا دەیەوێت لە یەکێتی گومرگی ئۆرائاسیا و ڕێکخراوی پەیمانی ئاسایشی جەمعی بچێتەدەر.٥٩

ڕووسیا هاوکات لەگەڵ ئیدانەکردنی ئەم جووڵانە، باڵیۆزی ئەرمینیای بانگهێشتکرد و ناڕەزایەتی توندی وڵاتەکەی لە ئاست ئەو شتەی کە لە ڕاگەیەندراوی ڕووسیا بە هەنگاوی «ناهاوڕێیانەی» ئەم دواییانەی ئەرمینیا باس کراوە، بەوی ڕاگەیاند. لە هەنگاوەکانی ئەم دواییانەی ئەرمینیا، بە ڕەسمی ناساندنی دادگای نێودەوڵەتی سزا لەسەر بنەمای پەیرەوی ناوخۆی ڕۆما بوو، ئەمەش لە کاتێك دایە کە ئەم دادگا پوتینی سەرکۆماری ڕووسیای بە تاوانباری شەڕ ناساندووە و بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرکردووە.٦٠

ئەم هەنگاوانەی ئەرمینیا لە ئاڕاستەی سیاسەتی دەرەوەی ئەریڤان کە هەمان گرتنەبەری «سیاسەتی دەرەوەی فرەلایەنە»یە، ئەنجام دەدرێت. لەبەرئەوەی بە باوەڕی ئەرمینیا متمانەکردنی بێبەرامبەری ڕووسیا ڕێگە لە مانۆڕی وڵاتەکە لە سیستەمی فرەجەمسەری نێودەوڵەتی دەگرێت.٦١ ئەم بابەتە دەرفەت بە تەلئەبیب دەدات کە بە بارمەتی ئەمریکا، ئامادەبوونی خۆی لە هاوسەنگی لێکدانەوە نێودەوڵەتییەکانی یەریڤان

جێگیر بکات، کە شەریکی نەریتی ئێرانە.

هـ- ناکۆکی لە پەیوەندی « ئازەربایجان و ئێران»: هەمیشە پەیوەندی نێوان ئەم دوو وڵاتە ناکۆك بووە و ئەم ناکۆکییە لە دوای هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ئازەربایجان لە ٢٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ی زایینی کە بووە هۆی کوژرانی فەرمانبەرێك و برینداربوونی دوو کەسی دیکە، گەیشتە ترۆپکی خۆی. دوای ئەو لە ڕێکەوتی ٢٩ی کانوونی دووەم هەموو فەرمانبەرانی باڵیۆزخانەی ئازەربایجان لەگەڵ خێزانەکانیان ئێرانیان بەجێهێشت، کە نیشانیەیەکی دیکە لە بەرزبوونەوەی ئاستی ناکۆکی نێوان دوو لایەنە. ئەم ناکۆکییە لە چەند پرسەوە سەرچاوە دەگرێت کە رکابەری «ئێران .ئازەربایجان» لەسەر سەرچاوە نەوتییەکان لە دەریای خەزەر لە گرنگترینی ئەم هۆکارانەیە، لەبەرئەوەی ئازەربایجان ڕێگە لە بەدیهاتنی ئامانجەکانی ئێران لە قەفقاس دەگرێت.

هەروەها بوونی کەمایەتی ئازەری زمان لە ئێران لە هۆکارەکانی دیکەیە کە پەرەی بە ناکۆکی نێوان دوو لایەن دەدات.٦٣ لە ڕوانگەی تارانەوە، ئامادەبوونی کۆمەڵگەی ئازەری زمان لە پێکهاتەی دانیشتوانی ئێران یەکێك لە هۆکارەکانی هەڕەشەیە و تاران هەمیشە نیگەرانە کە نەکا پشتیوانیانی نێودەوڵەتی باکۆ وەکو «ئیسرائیل، تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا» بە کەڵکوەرگرتن لەم هۆکارە ئینتمای جوداییخوازانە لە ناوچەکانی باکوور و هاوسنووری ئازەربایجان بەهێز بکەن. هەندێ کات باکۆ لەسەر ئەم بابەتە مانۆڕی سیاسی دەدات. لە مانگی ئابی ٢٠٢٢ی زایینی، ژمارەیەك لە میدیاکانی سەر بە دامەزراوەی سەرکۆماری ئازەربایجان وتار و شیکاریگەلێکیان بڵاوکردەوە، کە لەواندا باسی مافی ئازەربایجان لە ئاست یەکگرتنەوە لەگەڵ ناوچەکانی باکووری ئێران کردبوو٦٤. هەرچەندە چوار کەس لە نوێنەرانی خامنیی لە پارێزگای ئازەربایجانی ئێران هەنگاوی وڵاتی ئازەربایجان لە وەرگرتنەوەی ناوچەی ناگۆرنۆ قەرەباغ «لە سەر بنەمای شەریعەت» یاسایی و « لە ئاڕاستەیی چوار بڕیارنامەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی» ناوهێنا، دەتوانین بڵێین کە کەڵکوەرگرتن لەم توخمانە دەتوانێت نیگەرانییەکانی ئێرانی بەدواوە بێت.٦٥

لە ئەنجامی ئەم ناکۆکیانە و هەوڵی تاران بۆ پشتیوانی لە ئەرمینیا بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی ئازەربایجان. ئیسرائیل لەم ساڵانەی دوایی توانیویەتی شوێن پێیەك بۆ خۆی لە باکۆ بکاتەوە و زۆربوونی هاوکاریی سەربازیی لە نێوان ئیسرائیل و ئازەربایجان

و چەکدارکردنی باکۆ بە تەکنەلۆژیا و چەکی پێشکەوتوو لەلایەن تەلئەبیبەوە پیشاندەری ئەم بابەتەیە.٦٦ جیا لەمەش، زۆربوونی ئاستی پەیوەندی دیپلۆماسی لە نێوان دوو وڵاتیش لە نیشانەکانی دیکەی نزیکایەتی دوو وڵاتە. ئازەربایجان لە مانگی ئازاری ٢٠٢٣ی زایینی باڵیۆزخانەی نوێی خۆی لە تەلئەبیب کردەوە. جیحۆن بایرامۆڤی وەزیری دەرەوەی ئازەربایجان و ئێلی کۆهینی هاوتای ئیسرائیلی لە کۆنفرانسێکی میدیایی کە لە ٢٩ی ئازاری ٢٠٢٣ی زایینی لە ئیسرائیل بەڕێوەچوو، ڕایانگەیاند «ئازەربایجان و ئیسرائیل هەڕەشەی هاوبەشیان هەیە کە سەرچاوەی ئەوان ئێرانە. ئەوان تارانیان بە تێکدانی ئارامی تۆمەتبار کرد».٦٧ ئەم گۆڕانکاریانە بووە هۆی ناکۆکی زۆرتر لە پەیوەندی نێوان تاران و باکۆ و لە ٥ نیسانی ٢٠٢٣ی زایینی ٢١٠ ئەندام پەرلەمانی ئێران بەدەرکردنی ڕاگەیەندراوێکی هاوبەش کرداری ئازەربایجان بۆ کردنەوەی باڵیۆزخانە لە تەلئەبیب و دەستنیشانکردنی باڵیۆزی خۆی لە ئیسرائیل ئیدانە کرد.٦٨

جیا لەوە، ژمارەیەك لە ڕاپۆرتەکان باسی ئەوە دەکەن کە باکۆ ڕێگای بە تەلئەبیب داوە لە حاڵەتی ئەگەری هێرشکردنە سەر بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران، بتوانێت کەڵك لە فڕۆکەخانەکانی ئەو وڵاتە وەربگرێت. ڕۆژنامەی «هائارتسی» ئیسرائیلی لە سەرەتای مانگی ئازاری ٢٠٢٣ی زایینی لە ڕاپۆرتێکدا باسی ئەم بابەتەی کردووە، ٦٩ بەڵام دوای ئەو، باڵیۆزی ئازەربایجان لە ئیسرائیل ئەم بابەتەی ڕەتکردەوە.٧٠

ئێران، ئازەربایجان تۆمەتبار دەکات کە بواری چالاکی ئیسرائیل بە ناوچە سنوورییەکان لەگەڵ ئەم وڵاتەی ڕەخساندووە. هەروەها ئێران ئیسرائیل تۆمەتبار دەکات کە لە خاکی وڵاتێك لە باشووری قەفقاس بۆ کاری دەستدرێژی ناوچەیی و سیخۆری بەکار دەهێنێت.٧١ دوای شەڕ باکۆ لەدژی ئەرمینیا لە ئەیلولی ٢٠٢٢ی زایینی، ئێران لە ١٧ ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ زایینی لە ناوچە سنوورییەکانی لەگەڵ ئازەربایجان مانۆرگەلێکی سەربازی بە ناوی « ئێرانی گەورە» دەستپێکرد.٧٢ ئەم ڕاهێنانە سەربازیانە لە چوارچێوەی مانیفیستی ڕێگەگرتنی سەربازی ئێران ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەوەی ئامادەیی تاران بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر جۆرە هەڕەشەیەکی دەرەکی نمایش بکات.

و. ستراتیژی « یاری گەورە» لە ئاسیا: ئەم ستراتیژییە ڕەنگدانەوەیەك لە گۆڕانکاریی جیۆپۆلەتیکە، کە سەرچاوە لە توندتربوونی ململانێ لە نێوان دەسەڵاتە گەورەکان بە تایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین وەردەگرێت. لەبەرئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان

هەوڵدەدات بە هۆی «وڵاتانی کاریگەردانەرەوە» لە ناوچە جوگرافیاییە جۆراوجۆرەکان ڕووبەڕووی دەستڕۆشتوویی چین لە ئاسیادا بێتەوە، بە تایبەت ئەوەی کە دەسەڵاتە گەورەکان لە چوارچێوەی ئەوەی بە «سەردەمی کایەی گەورەی نوێ» دەناسرێت، بۆ زاڵبوون و هەژموونی لە ئاسیای ناوەڕاست، لەو ناوچانەدا پێکەوە ململانێ دەکەن. کۆمەڵەیەکی جیاواز لە ئەکتەران بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ناوچانە و دەستگرتن بە سەر سامانی ئەو بە تایبەت سەرچاوە سروشتییەکانی کە لە دەریای خەزەردا شاراوەیە، هەروەها نەوت و غازی سرووشتی لەوێدا پێکەوە ململانێ دەکەن.٧٣

لەسەر بنەمای ستراتیژی ئەمریکا لە پشت بەستن بە «وڵاتانی کاریگەردانەر»، ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵدەدات هاوپەیمانی فرەلایەنە دروست بکات کە بنەمای سیستەمە نوێیە ناوچەییەکان بێت و هەوڵی وڵاتانی ئەندام لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنان لە ئاڕاستەیەك ڕێك بخات.٧٤ ئەم چوارچێوانە بۆ ئیسرائیل ئەم دەرفەتە دەڕەخسێنێت، کە بە یارمەتی ئەمریکا و لە ڕێگەی هاوپەیمانی لەگەڵ ئەم وڵاتانە، دزە بکاتە نێو ئەو ناوچانەوە. نموونەی پراکتیکی ئەم مۆدێلە دەتوانین لە هاوپەیمانی « ١٢٧٢» نێوان هیند، ئیسرائیل، ئیمارەتی یەکگرتووی عەرەبی و ئەمریکادا ببینینەوە، کە لە تەموزی ٢٠٢٢ ی زایینی لە کاتی گەشتی بایدن بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بنیات نرا.٧٥ ویلایەتە یەکگرتووەکان دەیەوێت چوارچێوەیەکی کاری بۆ هاوپەیمانەکانی بنیات بنێت، کە لەودا، لە جیاتی ویلایەتە یەکگرتووەکان، خودی وڵاتانی شەریك ئەکتەری سەرەکی بن.

هەرچەندە ئامانجی سەرەکی ئەم هاوپەیمانییە یارمەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی بەردەوامی چین لە ئاسیایە، بەڵام جیا لەمە، ئەم هاوپەیمانییە نیگەرانی ئەمنی وڵاتانی ئەندام لە بەرامبەر هەڕەشەی جیاواز بە تایبەت هەڕەشە لەلایەن ئێرانەوە بخاتە بەرنامەی کاری خۆیەوە و توانای بەرگری وڵاتانی ئەندامی بەهێز دەکات، کە جێگیرکردنی سیستەمی بەرگری موشەکی «باراك ٨» لە ناوچەی ئەلزەفرەی ئیمارات هەنگاوێکە لەم ئاڕاستەدا و ئەمە یەکەمین بەرهەمی ستراتیژی و ئاشکرای هاوکاری کردنی «ئیسرائیل، هیند و ئیمارات» دێتە ئەژمار.٧٦ چاوەڕوان دەکرێت کە ئەم هاوکاری و هەماهەنگییە بۆ ناوچەی جوگرافیایی دیکەش وەکو باشووری قەفقاس درێژ بێتەوە.

ئەم گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکە و هۆکارگەلێك کە پێشتر ئاماژەیان پێدا، باسی بەهێزبوونی هەژموونی ئیسرائیل لە ناوچە هاوسنوورەکان لەگەڵ ناوی جیۆپۆلەتیکی ئێران دەکات، کە لە دوایین حاڵەتی، ئێلی کۆهێنی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل بە گەشتێك بۆ تورکمەنستان

کە (١٢٠٠ کیلومەتر لەگەڵ ئێران سنووری هاوبەشی هەیە) لە ١٩ نیسانی ٢٠٢٣ زایینی باڵیۆزخانەی نوێی ئەم وڵاتەی کردەوە.٧٧ لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ، ئیسرائیل سوود لە هۆکاری جیۆپۆلەتیکی ئارایی لە ناوچەی باشووری قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست وەردەگرێت، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی لە سەر بنەمای بەرزکردنەوەی توانای ڕێگەگرتن لە بەرامبەر تاران، گەمارۆدانی ئێران لە ژینگەی ستراتیژیەکەی و هەروەها هەڕەشە لە بەرژەوەندی و ئاسایشی ئێران.

**چوارەم: داهاتووی شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل لە ژێر ڕۆشنایی گۆڕانکاریی جیۆپۆلەتیک**

گۆڕانکاریی دروستبوو باسی ناوەڕۆکی ئاڵۆزی جوگرافیای سیاسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، باشووری قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست دەکات. هەروەها پیشانی دەدات کە لە ناوەڕاستی گۆڕانکاریی بەپەلە لە دابەشکردنی جیهانی هێزدا، ئەم ناوچە نائارامە خاوەنی پێگەیەکی تایبەتە. پەیوەندی نێوان گۆڕانکاریی لە باشووری قەفقاس و سیستەمی جیهانی گۆڕاو پیشاندەری دیسان پەیوەندیی قوڵی ئەم ناوچە لەگەڵ خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە. شیاوی گوتنە لە کاتی بنیاتنانی حکومەتی ئیمپراتۆریای ڕووسیا بەسەر ناوچەی باشووری قەفقاس لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، ئەم ناوچە تا ڕادەیەك لە جوگرافیای سیاسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دابڕابوو.٧٨

زۆربوونی دەستێوەردانی دەسەڵاتە ناوچەییەکانی باشووری قەفقاس لە پرسەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەم پەیوەندییە بە ڕوونی پیشاندەدات. دەستێوەردانی قوڵی ئێران، ڕووسیا و تورکیا لە قەیرانی سووریا بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕەنگدانەوەی ئۆپراسیۆنی سەربازیی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست خۆی لە باشووری قەفقاس پیشان بدات. هەروەها چاوەڕوانی تورکیا بۆ هاوردەکردنی وزە لە دەریای خەزەریش لە نیشانەکانی دیکەی ئەم پەیوەندی و بە یەکتر بەستراوە بوونەیە. شەڕی دووەمی ناگۆرنۆ قەرەباغ لە ساڵی ٢٠٢٠ی زایینی توندی پەیوەندی ئەم ناوچە لەگەڵ تورکیا و ئێران بە تایبەت لە بواری ڕێڕەوەکانی وزەوە لە دەریای خەزەرەوە ئاشکرا کرد. بە بۆنەی بەریەککەوتنی بەرژەوەندی سێ وڵاتی تورکیا، ئێران و ڕووسیا هەندێ کات لە چوارچێوەی هاوکاری و هەندێ کاتیش لە چوارچێوەی ڕکابەری، پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆ لە نێوان هەڵوێستی ئەوان لەبارەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بڕیارگەلێك هەیە، کە لەبارەی باشووری قەفقاسەوە دەیدەن.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بدەم کە پەیوەندی نێوان ئەم دوو ناوچەیە لە ئاستی ڕەفتاریی دەسەڵاتە ناوچەییەکان، ڕیشەی لە ململانێی دەسەڵاتە گەورەترەکان لەسەر

ناوچەی باشووری قەفقاس و گۆڕانکاریی لە هاوسەنگی هێزەکاندا هەیە و هەریەك لەم هێزانە هەوڵدەدەن زۆرترین ڕووبەر لەم جوگرافیا سیاسییەی ئۆراسیا دەست بەسەردا بگرن.٧٩ واتە ڕوانگەی جیۆپۆلەتیکیان لەبارەی باشووری قەفقاسەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ چارەنووسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و پەیوەندی لەگەڵ خۆرئاوا و چیندا هەیە. ئەمە واقعیەتێکە کە ئەمڕۆ خۆی پیشاندەدات، بەتایبەت هەنووکە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵدەدات بەشێك لە کاریگەریی خۆی لە ناوچەدا بپارێزێت بۆ ئەوەی پانتایی وزە لە دەریای خەزەر بۆ ئەورووپا بە دەوردانەوەی ڕێڕەوی زەوینی ڕووسیا، گرەنتی بکات.٨٠ بە سەرنجدان بە گۆڕانکاریی جیۆپۆلەتیکی دروستبوو، لەنێوان ناوچەکانی ململانێ و دەرگیری لە خۆرهەڵات و باشووری قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست، پەیوەندییەکی جیۆپۆلەتیک بیچمی گرتووە و هەر لایەنێك هەوڵدەدات گرەنتی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی خودی پانتاییەکە بە ڕووی بەرژەوەندییەکانی دیکە بەرتەسك بکاتەوە. بەڵام لە ژێر سێبەری ئەم گۆڕانکارییە جیۆپۆلیتکەدا کە سیستەمی نێودەوڵەتی و هەروەها سیستەمی ناوچەیی بینەریەتی، چەندین سیناریۆ لەبارەی هاوکێشەی شەڕ لە نێوان لایەنەکان ئەگەری هەیە کە لێرەدا باسی دەکرێت.

**یەك: دووریگرتن لە بژاردەی شەڕی تەواو**

هەم تاران و هەمیش تەلئەبیب لەم واقعیەتە تێگەیشتوون کە ئەگەر شەڕی ڕاستەوخۆ دەست پێبکەن، ئەم شەڕە بەتایبەت لەم بارودۆخەدا کە هەر دوو وڵات ڕووبەڕووی قەیرانی ناوخۆیی بوونەتەوە، بۆ هەر دوو لایەن زۆر گران کۆتایی دێت. لەلایەکی دیکەوە، بارودۆخی جیۆپۆلەتیکی نێودەوڵەتی و ناوچەییش بۆ سیناریۆیەکی وەها ئامادە نییە. لەبەرئەوەی ئەم سیناریۆیە دەرئەنجامی مەترسیداری بۆ ئارامی سیستەمی نێودەوڵەتی و هاوسەنگی هێزەکانی بە دواوەیە، هیچ یەك لە دەسەڵاتە گەورەکانیش پشتیوانی لەو ناکەن. لە ئەنجامدا، سیناریۆی شەڕی تەواو لە نێوان لایەنەکان لە داهاتوویەکی نزیك و داهاتوویەکی نەك ئەوەندە دووریش، زۆر دەگمەنە، بەتایبەت ئەوەی کە هەوڵی سیاسەتمەدارانی ئیسرائیلی لە هاندانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ هێرشکردنە سەر ئێران، نەگەیشتۆتە ئەنجام. هەروەها، بەڕێوەبەری ئێستای ئەمریکا دەیەوێت لەگەڵ ئێران مامەڵە بکات و لە بواری پرسەکانی ناوکییەوە بگاتە ڕێککەوتنێکی نوێ. لەمڕووەوە، هەوڵی ئیسرائیل کە بۆ گرتنەبەری هەڵوێستی توندتر لەدژی ئێران گوشار لەسەر ئەمریکا دروست دەکات، ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە. لەجیاتی ئەم سیناریۆیە، هەردوو لایەن پەنا دەبنە بەر ستراتیژی «ڕێگری گرتن» و هەردوو لایەن هەوڵدەدەن بە دروستکردنی ناکۆکی

سنووردار و تاکتیکی پەیامی ڕێگەگرتن بۆ لایەنی بەرامبەر ڕەوانە بکەن بۆ ئەوەی هەر لایەنێك بزانێت کە لە حاڵەتی ڕوودانی شەڕ، لایەنی بەرامبەر چ تواناییگەلێکی هەیە. ئەم بابەتە بەتایبەتی لەبارەی ئێرانەوە بە ڕاست دەگەڕێت، لەبەرئەوەی ئێران بە باشی دەزانێت کە لە حاڵەتی ڕوودانی هەر جۆرە شەڕێك، هەرچەندە لە ڕواڵەتدا ڕووبەڕووی تەلئەبیب دەبێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا شەڕ دەکات.

**دووەم: بەردەوامی گوشارو گەمارۆی جیۆپۆلەتیک**

هەم ئێران و هەمیش ئیسرائیل بە درێژایی ساڵەکانی ڕابردوو ستراتیژیگەلێکیان بۆ دروستکردنی زۆرترین گوشار و گەمارۆی جیۆپۆلەتیک ئامادەکردووە کە بەبێ دەستپێکردنی شەڕی تەواو، ڕێگەگرتنی پێویستان هەبێت. دەبێت لە بواری گۆڕانکاریی جیۆپۆلەتیکەوە بڵێین کە لە ناوچەگەلێك کە ململانی لە نێوان لایەنەکان لە ئارادایە، ژمارەیەك گۆڕانکاریی بووەتە هۆی ئەوەی کە هەریەك لە لایەنەکان پانتایی هەوڵەکانی خۆیان بۆ گوشاری زۆرتر و گەمارۆدانی لایەنی بەرامبەریان زیاد کردووە. بۆ نموونە، ئیسرائیل بە گرتنەبەری ستراتیژیی «شەڕی نێوان شەڕەکان» و « شەڕی سێبەر» لە دەریا و زەوی ئێران دەکاتە ئامانج.٨١ ئامانجەکانی ئێران لە سووریا و عێراق لەبەر تیری خۆیدا هەیە. هەروەها بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سایبەری بۆ سەر ژێرخانی ئەتۆمی ئێران، جارجارە تیرۆرکردنی زانایانی ئەتۆمی و فەرماندە سەربازییەکان ئێران ئەنجام دەدات. لە ئاستی جیۆپۆلەتیک تەلئەبیب هەوڵیدا حەڵقەی گەمارۆی ئێران تەنگتر بکات و لەم ئاڕاستەیەدا، بە واژۆکردنی «پەیماننامەی ئیبراهیم» پانتایی پەیوەندی خۆی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی کە دراوسێی ناوچەیی ئێرانن، بەرفراوان کرد. بە بەهێزکردنی پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئازەربایجان و تورکمەنستان بۆ ناوچەی جیۆپۆلەتیکی ئێران دزەی کردۆتە نێو سنوورە باکوورییەکانی ئێرانەوە.

لە بەرامبەردا ئێرانیش هەوڵدەدات تەلئەبیب لە چەندین بەرە گەمارۆ بدات و بە کەڵکوەرگرتن لە گرووپە نیابەتییەکان لە وڵاتانی هیلالی شیعە «حەڵقەیەکی ئاگر» لە دەوری ئیسرائیل دروست بکات. بەمشێوەیە ئامرازەکانی گوشار لەدژی ئیسرائیل بەهێز بکات. ئێران بە بەهێزکردنی هیلالی شیعە، نەك تەنها ڕووبەڕووی هەژموونی و هەڕەشەی تەلئەبیب دەبێتەوە بەڵکوو ڕووبەڕووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی عەرەبی ناوچەیی ئەویش دەبێتەوە. لە ئەنجامدا، ئێران هەوڵدەدات ئەو بەرەیە لە سنوورەکانی خۆی دوور بخاتەوە. لە ئاستی جیۆپۆلەتیک، لە ئێستادا تاران هەوڵدەدات هاوتەریبی لێك تێگەیشتنی « ئیسرائیلی و عەرەبی» کێشەکانی خۆی لەگەڵ دراوسێیە

ناوچەییەکانی چارەسەر بکات، کە بەرچاوترین نموونەی ئەم هەنگاوانە، لێك تێگەیشتنی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ پادشای عەرەبستانی سعودیا بوو کە بە نێوانگیری چین لە نیسانی ٢٠٢٣ی زایینی لە نێوان لایەنەکان واژۆ کرا.

**سێ: هاوسەنگی دزەکردن لە نێوان لایەنەکان، لە ڕێگەر میحوەری زلهێزەکانەوە.**

لەپەیوەندی لەگەڵ ستراتیژی « کایەی گەورە» دەبێت بڵێین کە زلهێزەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەژموونی دەسەڵاتگەلێك کە لەگەڵ سەرکەوتندان دەستبەکاردەبن و هەنووکە ئەم پرسە لە چوارچێوەی توندتربوونی ململانی لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان لەلایەك و ڕووسیا و چین لە لایەکی دیکەوە خۆی پیشانداوە. دەسەڵاتە ناوچەییەکان وەکو ئێران و ئیسرائیل بەکەڵکورەگرتن لەم گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکە کە ئێزن بەوان دەدات دەسەڵات و ڕووبەری مانۆڕی خۆیان زیاد بکەن، هەوڵدەدەن بە کەڵکوەرگرتن لە میحوەری زلهێزەکان کە هەنووکە لەحاڵی بیچم گرتندان، هاوسەرنگی دەسەڵات دروست دەکەن و ڕووبەڕووی هەژموونی یەکتر دەبنەوە. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە بەهێزکردنی تەلئەبیب لە هەندێ چوارچێوەی هاوپەیمانی وەکو چوارچێوەی «١٢٧٢» کە ئەمریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ چین پێکهێناوە، هەروەها بەشداریکردنی ئیسرائیل لە پرۆژەی ڕێڕەوی بازرگانی کە جۆ بایدنی سەرۆکی ئەمریکا پەردەی لەسەر لادا و بڕیارە هیند لە ڕێگای کەنداوی عەرەبی و ئیسرائیلەوە ببەستێتەوە بە ئەورووپاوە بدەین. ٨٢ لەبەرامبەردا ئێرانیش هەوڵدەدات لە ڕێگای میحوەری خۆرهەڵات «ڕووسیا و چین» ڕووبەڕووی هەژموونی ئیسرائیل بێتەوە و زۆربوونی هاوکاری و پشتیوانی سەربازی ئاشکرای ئێران لە ڕووسیا لە شەڕی ئۆکرانیا و هەروەها پەسەندکردنی نێوانگیری چین لە ڕێککەوتنی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ پادشای عەرەبستانی سعودیا هەموویان پیشاندەری ئەم بابەتەن. هەروەها لەم ئاراستەیەدا دەتوانین ئاماژە بە پشتیوانی ئێران لە ڕێکخراوە ناوچەییەکان لە ئۆراسیا بدەین کە وەکوو بژاردەیەکی بەدیلی هاوپەیمانی و ڕێکخراوە خۆرئاواییەکانە و لە چوارچێوەی بەهێزکردنی ئاراستەی «ناوچەگەرایی“ (Rwgionalis) بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتە بیانییە دەستێوەردەکان کاردەکات.

## ئەنجام

گۆڕانکاریی جیۆپۆلەتیک لە سیستەمی نێودەوڵەتی و لە سەنتەری ئەو (واتە سیستەمی ناوچەیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست)، کاریگەریی لەسەر ئاڕاستەی شەڕ لە نێوان ئێران و ئیسرائیل دادەنێت و دەرئەنجامەکانی ئەم گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکە زۆربوونی ئەگەری سێ سیناریۆی «دروستکردنی گوشار، ڕێگەگرتنی هەمبەری و گەماردانی یەکتری» لە جیاتی سێناریۆی شەڕی کامڵ لە نێوان لایەنەکان بە پێی نموونەیەکی کێشە خوڵقێنی سنووردار و تاکتیکی بەڕێوەبردن دەبێت. لە ئێستادا، ئەمریکاش هەوڵدەدات بارودۆخی ئارایی بپارێزێت. لەڕێگەی ئەوەی بە « مانیفیستی مۆنرۆ» بەناوبانگە ئاسایشی ئیسرائیل و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی خۆی بپارێزێت. شیاوی ئاماژەپێدانە مانفیستی مۆنرۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٨٢٣ی زایینی و بە ئامانجی دوور ڕاگرتنی «شلیتە ناسکەکان» لە ناوچەکانی ئەمریکای ناوەڕاست لە ڕێگەی دوورکردنەوەی دەسەڵاتە ئۆراسیاییە ڕکابەرەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان خرایە بەرباس، بۆ ئەوەی نەکا لەوێ «شلیتە ناسکەکان» بیچم بگرن کە جێگرەوەی ناوچەکانی هەژموونی لە ئەمریکای باکوور ببن.

لە ئێستادا ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵدەدات ڕووبەڕووی دەرئەنجامی «شلیتی ناسك» لە ناوچەی خۆرهەڵاتی بێتەوە بۆ ئەوەی لەلایەك هاوپەیمانانی ناوچەیی خۆی دڵنیا بکاتەوە و لەلایەکی دیکەوە ڕووبەڕووی هەژموونی دەسەڵاتە نێودەوڵەتییە دەستێوەردەرەکان بەتایبەت ئێران بێتەوە. بەپێی هەندێ ڕاپۆرت جوولەکانی ئەم دواییەی ئەمریکا لە ناوچە و بە دیاری لە وڵاتانی هیلالی شیعە کە ناوەندی هەژموونی ئێران دێتە ئەژمار، باسی ئەم بابەتە دەکات. بۆ نموونە لە مانگی ئابی ٢٠٢٣ی زایینی ڕاپۆرتێك بڵاو بووەوە، کە باسی جوولەی هێزەکانی ئەمریکا جێگیر لە بنگەی عەین ئەسەد لە پارێزگای ئەنباری عێراق و بە ئامانجی داخستنی هێڵی سنووری لەگەڵ سووریای دەکرد. هاوکات لەگەڵ ئەم ڕووداوە، کەلوپەلی سەربازیی بۆ هێزە ئەمریکاییەکانی جێگیر لە ناوخۆی سووریا نارد. هەروەها هاوکات لەگەڵ گەیشتنی پاپۆڕە ئەمریکی و بەریتانییەکان بە دەریای سوور، هەندێ راپۆرت باس لە جوولەی سەربازیی ئەمریکا لە پارێزگاکانی باشوور و خۆرهەلاتی یەمەن دەکەن. هەروەها، هەندێ ڕاپۆرت باسی ئەوەیان کردووە کە کۆنگریسی ئەمریکا ناردنی سیستەمی دژەموشەکی و بەرگری ئاسمانی بۆ کوردستانی عێراق بە ئامانجی پاراستنی هەرێم لەبەرامبەر موشەکەکانی ئێران، تاوتوێ کردووە.

# سەرچاوە:

1-Freilich, Charles D. 'Israel's Classic Defensa Doctrine, Israeli National Security A New Strategy for an Era of Change (New York, 2018 online edn, Oxford Academic, 22 Mar 2018 Accesses August 2023,20 https://doi,org/10,1093/oso/9780190602932,003,0002 See also

Yoav Ben-Houin and Barry Posen, israel's Strategic Doctrine RAND Corporation Defense Technical Information Center, September 1981 Acrested August 2023,2٠ https//apps,dtic.mil/sti/tr/pdf/ADA115637.pdf

2-classical geopolitics: A new analytical model,Ibid.

3-COLIN GRAY, In Defence of the Heartland: Sir Halford Mackinder and His Critics a Hundred Years On, Comparative Strategy, Volume ٢٠03-23-issue I. (Published online: Jun 25-9: (2010,23 Taylor & Francis Online. Accessed August 2023. 15 https://doi.org/13959303902733531/101080

4- Phillip L Kelly Escalation of regional conflict: testing the shatterbeit concepts, Political Geography Quarterly, Volume 5 Issue 2, April 1986 Pages 180-168 EL SEVIER, Accessed: August2023, 15

https://doi.org/9-90037(86)9827-0260/10,1016

5- Saul B. Cohen "The Eurasian Convergence Zone Gateway or Shatterbeit?". Eurasian Geography and Economics, Volume2005,36- Issue (Published online: May 22-1(2013,15 Taylo & Francis Online Accessed August2023, 15 https:// doi.org/7216,36,1,1-1538/10,2737

6- Escalation of regional conflict: testing the shatterbelt concept. Ibid

(7) Ibid.

(8) Jarrin, Edgardo Mercado. Review of Checkerboards and Shatterbelts: The Geopolitics of South America, by Philip Kelly, Journal of Latin American Studies 30, no. 46–644 :(1998) 3. JSTOR, Accessed: August 2023 ,29. http://www.jstor.org/stable/158036

(9) Ibid.

(10) Escalation of regional conflict: testing the shatterbelt concept, Ibid. p. 163 – 161.

(11) Gawdat Bahgat, «The Brewing War between Iran and Israel: Strategic Implications», Middle East Policy, Volume25, Issue3, September 2018 ,19. P. 79-67. Accessed: August 2023 ,29. https://doi.org/10.1111/mepo.12362

(12) Ibid.

(13) Alexey Khlebnikov and Nikita Smagin, «De-Coding Fabric of Iran-Israeli Hostility in the Regional Context», in The Geopolitics of Iran, eds. Francisco José B. S. Leandro, Carlos

Branco and Flavius Caba-Maria (Springer Nature Singapore Pte Ltd: Palgrave Macmillan,2021). P. – 387 419. Accessed: August 2023 ,15. https://doi.org/9-3564-16-981-978/10.1007

(14) The International Institute for Strategic Studies (IISS), Iran's Networks of Influence in the Middle East, 1st Edition, (Routledge London, 2020). The International Institute for Strategic Studies (IISS) Website, Accessed: August 2023 ,18. https://www.iiss.org/publications/strategicdossiers/iran-dossier

(15) De-Coding Fabric of Iran-Israeli Hostility in the Regional Context, Ibid. p. 411 – 409

(16) J. Matthew McInnis, Iranian Deterrence Strategy and Use of Proxies, American Enterprise Institute, December 2016 ,6. Accessed: August 2023 ,13. https://www.aei.org/research-products/speech/iranian-deterrence-strategy-and-use-ofproxies/

(17) Emil Avdaliani, New World Order and Small Regions The Case of South Caucasus, (Springer Nature Singapore Pte Ltd: Palgrave Macmillan,2022). P. 133 – 130. Accessed: August 2023 ,29. https://doi.org/8-4037-19-981-978/10.1007

(18) De-Coding Fabric of Iran-Israeli Hostility in the Regional Context, Ibid. p. 408 – 406.

(19) Carmit Valensi, Orna Mizrahi, Yoram Schweitzer, and others, «The Northern Arena: A Military Challenge Joined by Potential Political and Economic Cooperation», in Strategic Analysis for Israel 2023, The Institute for National Security Studies (INSS), February 2023. Accessed: August 2023 ,15. https://www.inss.org.il/wp-content/uploads/02/2023/StrategicAssessment23-22_ENG.pdf

(20) De-Coding Fabric of Iran-Israeli Hostility in the Regional Context, Ibid. p. 407.

(21) Ibid.

(22) The Northern Arena: A Military Challenge Joined by Potential Political and Economic Cooperation, Ibid. p. 59 – 55.

(23) Report: Iranian Entrenchment in Syria, United States Institute of Peace, September ,27 2019. Accessed: August 2023 ,25. https://iranprimer.usip.org/blog/2019/sep/27/report-iranianentrenchment-syria

(24) Ben Hubbard, Isabel Kershner and Anne Barnard, Iran, Deeply Embedded in Syria, Expands «Axis of Resistance», NYTimes, February 2018 ,19. Accessed: August 2023 ,28. https://www.nytimes.com/19/02/2018/world/middleeast/iran-syria-israel.html

(25) De-Coding Fabric of Iran-Israeli Hostility in the Regional Context, Ibid. p. 408 – 407.

(26) The Northern Arena: A Military Challenge Joined by Potential Political and Economic Cooperation, Ibid. p. 57 – 56.

(27) Sima Shine, Raz Zimmt, Ephraim Asculai and others, Iran: The Imperative to Obstruct Nuclear Progress and Regional Entrenchment, in Strategic Analysis for Israel 2023, The Institute for National Security Studies (INSS), February 2023. Accessed: August 2023 ,20. https:// www.inss.org.il/publication/iran2023-/

(28) Amos Harel, Israel-Iran Collision Almost Inevitable, IDF Chief Makes Clear, Haaretz,

December 2019 ,28. Access: August 2023 ,17. https://www.haaretz.com/israel-news/28-12-2019/ty-article/. premium/israel-iran-collision-inevitable-idf-lebanon-syria-iraq-gaza/0000017f-dc-75d3a-5af7ffeff2e310000
(29) Ahmad Samih Khalidi, Original English translation of the 2015 Gadi Eisenkot IDF strategy, Journal of Palestine Studies, 45, no. 33-1 :2016 ,(178) 2. Access: August 2023 ,18. https://www. palestine-studies.org/sites/default/files/attachments/jps-articles/JPS07_178__Khalidi.pdf
(30) De-Coding Fabric of Iran-Israeli Hostility in the Regional Context, Ibid
(٣١) مهاب عادل، « متغير الامن البحرى فى السياسه العسكريه الاسرائيليه تجاه حوض البحر الاحمر و شرق المتوسط» دوريه الملف المصرى، شمارگان ١٠٦، مركز الاهرام للدراسات السياسيه و الاستراتيجيه تاريخ ٢١ ژوئن ٢٠٢٣ تاريخ مطالعه: ٢٩ آگوست ٢٠٢٣.
June-Final.-106-files/downloads/Mallf/105/https://acpss.ahram.org.eg/Esdarat/ MalafMasry pdf
(32) TOI STAFF, Israeli intel helped US carry out strike that killed Iran's Soleimani — report, Times of Israel, January 2020 ,12. Accessed: August 2023 ,30. https://www.timesofisrael.com/ israeli-intel-helped-us-carry-out-strike-that-killed-irans-soleimani-report/
(33) YONAH JEREMY BOB, Goal of Natanz explosion was to send 'clear' message to Iran – EXCLUSIVE, The Jerusalem Post, September 2020 ,17. Accessed: August 2023 ,25. https://www. jpost.com/middle-east/goal-of-natanz-explosion-was-to-send-clear-message-to-iran642512-
(34) Mark Hitchcock, IRAN AND ISRAEL, (HARVEST HOUSE PUBLISHERS, EUGENE, OREGON, 2013). P. 35 – 34.
(35) Yossi Melman, Striking Iran's Nuke Sites Is an Impossible Mission for Israel. Here's What It Must Do, Haaretz, December 2021 ,1. Accessed: August 2023 ,22. https://www. haaretz.com/ israel-news/01-12-2021/ty-article/striking-irans-nuke-sites-is-an-impossible-mission-forisrael-heres-what-it-must/0000017f-e2bc-d75c-a7ff-febd1a0e0000
(36) Classical geopolitics: A new analytical model, Ibid. p. 105 – 102.
(37) Ibid.
(38) Release of the Press Service of the President, The Azerbaijan State News Agency, September 2023,6. Access: September 2023 ,8. https://azertag.az/en/xeber/release_of_the_press_service_ of_the_president2746273See also: Armenian Foreign Minister holds phone call with U.S. acting Assistant Secretary of State for European, Eurasian Affairs, Armen press news agency, September 8,2023. https://www. armenpress.am/eng/news/1119039/
(39) Mark Trevelyan, Armenia to exercise with US troops next week in sign of frustration with Russia, Reuters, September 2023 ,6. https://www.reuters.com/world/armenia-us-hold-jointmilitary-drills-sept06-09-2023-20-11-/
(40) Silvia Boltuc, «Iran: a geopolitical scenario of the new escalation with Israel and Azer-

baijan», Geopolitical Report ISSN 2598-2785, Volume 30, Issue 1. Accessed: August 2023 ,29. https://www. specialeurasia.com/04/04/2023/iran-israel-azerbaijan/
(41) Tim Lister, Gianluca Mezzofiore and others, Azerbaijan launches operation against Armenian forces in Nagorno-Karabakh, CNN, September 2023 ,20. https://edition.cnn.com/19/09/2023/ asia/armenia-azerbaijan-nagorno-karabakh-bombardment-intl/index.html
(42) Gili Cohen, Azerbaijan's President: We've Bought Almost 5$ Billion in Israeli Military Goods, Haaretz, December 2016 ,14. Accessed: September 2023 ,2. https://www.haaretz.com/israel-news/14-12-2016/ty-article/.premium/azerbaijan-hasbought-5-billion-in-israeli-military-goods/0000017f-dee-5d3a-5af7f-feef0e170000
(43) SIPRI Yearbook 2017, STOCKHOLM INTERNATIONAL PEACE RESEARCH INSTITUTE, 2017. Accessed: September 2023 ,2. https://www.sipri.org/yearbook/2017
(44) Mark Perry, Israel's Secret Staging Ground, Foreign Policy, March 2012 ,28. Accessed: September 2023 ,3. https://foreignpolicy.com/28/03/2012/israels-secret-staging-ground/
(45) Ahmad Hashemi, Iran's Weak Spot—Azerbaijanis—Serves Israel Well, Hudson Institute, February 2023 ,21. Accessed: September 2023 ,4. https://www.hudson.org/foreign-policy/iran-weak-spot-azerbaijanis-serves-israel-well
(46) Reuters Staff, Iran summons Azeri envoy over scientist killing, Reuters, FEBRUARY 2012 ,12. Accessed: September 2023 ,2. https://www.reuters.com/article/us-iran-azerbaijan-idUSTRE81B0OS20120212
(47) AFP, Azerbaijan denies Iran's claim it is hosting Israeli military troops, The Times of Israel, October 2021 ,4. Accessed: August 2023 ,29. https://www.timesofisrael.com/azerbaijan-denies-irans-claim-it-is-hosting-israeli-militarytroops/
(48) Silvia Boltuc, «Azerbaijan-Iran crisis and Tehran-Yerevan's new transit route», Geopolitical Report, Volume 12, Issue 7. October 2021 ,16. Accessed: August 2023 ,29. https://www.specialeurasia.com/16/10/2021/azerbaijan-iran-crisis-tehran-erevan-transitroute/
(49) Silvia Boltuc, «Will Growing tension between Azerbaijan and Iran destabilise the Southern Caucasus?», Geopolitical Report ISSN 2598-2785 Volume 30, Issue 3. Accessed: August 2023 ,29. https://www.specialeurasia.com/06/04/2023/iran-azerbaijan-crisis/
(50) Iran: a geopolitical scenario of the new escalation with Israel and Azerbaijan, Ibid.
(51) New World Order and Small Regions: The Case of South Caucasus, Ibid. P. 12 – 11.
(52) Azerbaijan, Turkey signed Shusha Declaration on allied relations, President of the Republic of Azerbaijan, June 2021 ,15. Accessed: September 2023 ,8. https://president.az/en/articles/view/52115
(53) Ebru Cevrioglu, Turkey, Azerbaijan sign MoU to supply gas to Nakhchivan, Anadolu Agency, December 2020 ,15. Accessed: August 2023 ,31. https://www.aa.com.tr/

en/energy/energy-diplomacy/turkey-azerbaijan-sign-mou-to-supplygas-to-nakhchivan/31318

(54) Muhammad Hussein, Iran's mistake in its Nagorno-Karabakh policy sees Turkey reaping the rewards, Middle East Monitor (MEMO), November 2020 ,19. Accessed: September 2023 ,10. https://www.middleeastmonitor.com/-20201119irans-mistake-in-its-nagorno-karabakhpolicy-sees-turkey-reaping-the-rewards/

(55) New World Order and Small Regions The Case of South Caucasus, Ibid.

(56) Iran: a geopolitical scenario of the new escalation with Israel and Azerbaijan, Ibid.

(57) Isabel Kershner, Israel and Turkey to Restore Full Diplomatic Ties, The New York Times, August 2022 ,17. Accessed: August 2023 ,31.

https://www.nytimes.com/17/08/2022/world/middleeast/israel-turkey-relationsambassadors.html

(٥٨) نيزافيسيمايا غازيتا، ارمينيا تحاول التقريب من الولايات المتحده دون الابتعاد عن روسيا، روسيا اليوم، ٨ سپتامبر ٢٠٢٣ ر،ک٣٦.https//ar.rt.com/w

(٥٩) يفغيني بوزنياكوف، ما ينتظر ارمينيا م باشينيان بعد خساره قره باغ، روسياااليوم، تاريخ ٢١ سپتامبر ٢٠٢٣. ر،ک، https://ar.rt.com/w٢zq

(٦٠) الخارجيه الروسيه تستدعي السفير الارميني خلفيه تصرفات يريفان غير الوديه، روسيا اليوم، تاريخ ٨ سپتامبر ٢٠٢٣. ر،ک https://ar,rt.com/w.dg

(61) New World Order and Small Regions The Case of South Caucasus, Ibid. p. 149 – 146.

(62) Fatal shooting at Azerbaijan Embassy in Iran raises tensions, APNews, January 2023 ,27. Accessed :August.2023 ,30 https//:apnews.com/article/iran-politics-azerbaijan-government-fires4-c9c54dc12677ff47fe48 acd84291337

(63) Alexander Grinberg, Iran's proxy war against Azerbaijan, The Jerusalem Institute for Strategy and Security (JISS), June 2023 ,26. Accessed :August.2023 ,30 https//:jiss.org.il/en/grinberg-irans-proxy-war-against-azerbaijan/

(64) Iran: a geopolitical scenario of the new escalation with Israel and Azerbaijan, Ibid.

(65) New World Order and Small Regions The Case of South Caucasus, Ibid. p. 146 – 144.

(٦٦)اذربيجان تتزود بصواريخ اسرائيليه روسيا اليوم، ٣ نوامبر ٢٠٢١ تاريخ وصول: ١٠ سپتامبر ٢٠٢٣. ر،ک https://ar.rt.com/rncm

(67) Azerbaijan to open embassy in Israel today, Ministry of Foreign Affairs, March .2023 ,29 Accessed :August.2023 ,30 https//:www.gov.il/en/departments/news/azerbaijan-to-open-embassy-in-israel-today-29mar2023-

(68) Will Growing tension between Azerbaijan and Iran destabilise the Southern Caucasus?, Ibid.

(69) Avi Scharf and Oded Yaron, 92 Flights From Israeli Base Reveal Arms Exports to Azer-

baijan, Haaretz, Mar 2023 ,6. Accessed :August.2023 ,22 https//:www.haaretz.com/israel-news/security-aviation/06-03-2023/ty-article-magazine./ premium-92/flights-from-israeli-base-reveal-arms-exports-to-azerbaijan-00000185/fd3dd96e-adef-ff-3dc38e0000 See also:- Baku To Allow Israel To Use Its Airfields To Attack Iran – Report, Iran International, May ,3 2023. Accessed :August .2023 ,25 https//:www.iranintl.com/en202303057139/ - Striking Iran's Nuke Sites Is an Impossible Mission for Israel. Here's What It Must Do, Ibid.

(70) MAAYAN JAFFE-HOFFMAN, Azerbaijan envoy to Israel: You cannot use our airfields to attack Iran, The Jerusalem Post (jpost), March 2023 ,10. Accessed :August .2023 ,25 https//:www.jpost. com/international/article733935-

(71) Iran: a geopolitical scenario of the new escalation with Israel and Azerbaijan, Ibid.

(72) Joshua Kucera, Iran's military starts "massive" drills on Azerbaijani border, Eurasianet, October 2022 ,20. Accessed :August .2023 ,31 https//:eurasianet.org/irans-military-startsmassive-drills-on-azerbaijani-border

(٧٣) رباب محروس، عرض «جيوبوليتيک فی قاره آسيا: الخصوصيات – الديناميات – التداعيات». عبد القادر دندن (محرر)، مجله آفاق استراتيجيه، شمارگان ٣، مركز المعلومات ودعم اتخاذ القرار – مجلس الوزرا اكتبر ٢٠٢١.

(74) Classical geopolitics: A new analytical model, Ibid. P.121 – 114.

(75) Jack Dutton, US, India, UAE, Israel announce creation of I2U2 joint business coalition, Al-monitor, April 2023 ,19. Accessed :September .2023 ,12 https//:www.al-monitor.com/originals/04/2023/ us-india-uae-israel-announce-creation-i2u-2joint-business-coalition#ixzz8DESvtVdc

(76) Jonathan Spyer, Key factors behind the improvement in Israel-India relations in recent years, The Jerusalem Institute for Strategy and Security (JISS), January 2023 ,9. Accessed :September .2023 ,10https//:jiss.org.il/en/spyer-israel-india-relations-in-recent-years/

(77) TOVAH LAZAROFF and SETH J. FRANTZMAN, Israel opens first embassy in Turkmenistan, only 17 km. from Iran's border, The Jerusalem Post, APRIL 2023 ,20. Accessed :September,15 .2023https//:www.jpost.com/israel-news/article739858-

(78) New World Order and Small Regions The Case of South Caucasus, Ibid. p.158 – 155.

(79) Ibid. p. 10 – 4.

(80) Ibid.

(٨١)مهاب عادل، المحفزات النظاميه و سلوک الدول: هل اسرائيل بصدد توجيه ضربه عسكريه استباقيه لايران/. مركز الاهرام للدراسات السياسيه و الاستراتيجيه، ١١فوريه ٢٠٢٣، تاريخ مطالعه ١٣ سپتامبر ٢٠٢٣

aspx.17767/news/eg.org.ahram.acpss//:https

(82) Nadeen Ebrahim, New US-backed India-Middle East trade route to challenge China's ambitions, CNN, September 2023 ,11. Accessed :September.2023 ,14 https//:edition.cnn.com/11/09/2023/middleeast/us-india-gulf-europe-corridor-mime-intl/ index.html




کەسایەتی

# ئێرانناسی

# ئیحسان تەبەری

## لە کۆمۆنیستێکی ئازادیخوازەوە بۆ ئیسلامییەکی زیندانی کراو



ئامادەکردن: ژیلوان لەتیف یارئەحمەد

فەیلەسوفێکی ئایدۆلۆژیست یان شاعیر، تیۆریستێکی دیاری مارکسیزم-لینینیزم، یاخود سیاسییەکی ناودار و پایە بڵندی بزاڤی چەپ و کۆمۆنیزمی ئێرانیی، لە ئاست ڕێنویکار و داڕێژەری تیۆریی حیزب و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی حیزبی توودە (دایکی ڕێکخراوە مارکسییەکان)ی ئێران، دیاترین ئەو ناو و ناوبانگانەن کە بە پای باڵاو بۆچوونە تیۆریی و تاکگەراییەکەی «ئیحسان تەبەری»دا بڕدراوە لەنێو ئەدەبیاتی یار و نەیاریدا، ئەم فرەییە لە ئاکارو هەڵسوڕانیدا، دەمانگەیەنێتە ئەوەی سەرو سەودای ئەو ژینگە و ژیانە کۆمەڵایەتییە بکەین کە تێیدا ڕسکاوە، بەم پێیە، تەبەری لە ١٠ی شوباتی ١٩١٧ لە شاری «ساری» لەدایکبووە، کە هاوکات بووە لەگەڵ شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسی و ساڵانی دوای شۆڕشی دەستووری لە ئێران، نەوەی حوسێن تەبەرییە، بە نازناوی فەخر ئەلعەریفین، لە نەوەی شێخ عەلی ئەکبەر موجتەهید تەبەری بووە، کە لە تەمەنی گەنجیدا پیاوی ڕۆحانی و خوێندەوار و بۆخوا سوڵحاو بووە، بە ئاکار ئیسلامیی و بە جل و بەرگ مەلایەکی دەست و دڵ خاوێن و  بە ڕەوشت بووە، لە ناوەڕاستی تەمەنیدا لە عالمی عیرفان و سۆفیگەریی دێتەدەر و بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژیانی مەدەنیی و شارنشینی بە خولیای بوونە پارێزەر دەگاتە تاران و ئاشنایەتی لەگەڵ هەندێک لە ئەندامانی بزووتنەوەی جەنگەڵدا پەیدا دەکات.

تەبەری لە تەمەنی شەش ساڵیدا لە شاری ساری دەچێتە قوتابخانەی سەید عەبدولمەجید و فێری قورئان و خوێندنەوەو نووسین بووە، لە ساڵی ١٩٢٧ لەگەڵ خانەوادەکەی هاتوونەتە تاران، لەوێدا لەگەڵ «ئەنوەر خامیی» دەبێتە ئاشنا و پێکەوە بۆ خوێندنی ڕێزمان و زانستە ئیسلامییەکان چوونە قوتابخانەی «سپێحسالار» و دواتر چووەتە قوتابخانەی یاسا، تەبەری لە تاران هاوسەرگیری لەگەڵ «ئازەر بێنیازە» دەکات، کە کچی سوڵتان عەبدولڕەزاقە، لە ژێر سەرپەرشتی نیما یۆشیج (عەلی ئەسفەندیاری) دوور لە خانەوادەکەی پەروەردە بووە، دواتر لە ٣٠ی تەمموزی ١٩٨٨، واتە یازدە مانگ پێش مردنی ئیحسان تەبەری کۆچی دوایی کردووە.

## تەبەری لە فەرهەنگی سیاسیی چەپدا

لە ماوەی خوێندنی لە قوتابخانەی یاسا، ئاشنای فەلسەفە و زانستە عەرەبی و فیکرییەکان بووە، بەتایبەت کە تەبەری لە تەمەنی هەرزەکارییەوە خوێنەرێکی باش و بە برشتبووە، لەگەڵ گۆڤاری «دونیا» و دکتۆر «تەقی ئارانی» ئاشنا دەبێت و کاریگەرییەکی فیکریی لەسەر دڵ و دەروونی جێدێڵێت، بەم هۆیەوە لە تەمەنێکی گەنجیدا ئەندێشەی مارکسیزم لە سەریداوە، لە تەمەنی ٢١ ساڵی و بچووکترین ئەندامی گرووپێکی ٥٣ بووە و دەستگیرکراوە، سزای چوار ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندرا و حوکمەکەی لە بەندی حەوتەمی زیندانی قەسر بەسەربرد، بە وتەی خۆی زیندان بۆ ئەو زانکۆیەک بووە، دوای ئازادبوونی لە زیندان دەربەدەری شاری ئەراک دەبێت.

## لە گرووپێکی مارکسییەوە بۆ گەورەترین ئەڵقەی ڕێکخستن لە حیزبی توودەی ئێر اندا

بەهۆی خوێندەواریی و پێگەیشتنییەوە، کارو چالاکییە ڕۆژنامەوانییەکانی، لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی حیزبی توودەدا ساڵی ١٩٤٣، بە ئەندامی کۆمیسیۆنی پشکنین هەڵبژێردرا، لە یەکەمین کۆنگرەشدا لە ساڵی ١٩٤٤ پلەی ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی پێبڕدرا، بەرپرسیارێتی ڕێکخستنی مازەندەران و بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەی «ڕەهبەر» و بڵاوکراوە حزبییەکانی تر (بە سەرپەرشتی داود نەورۆزی) کەوتە ئەستۆ، دوای شکستی ڕێبازی دیموکراتی و وەرچەرخان بە ئاراستەی بیروباوەڕی ڕاستڕەوانەی حکومەتی قەوام سەڵتەنە، تەبەری لەگەڵ ئیرەج ئەسکەندەری ئێرانی بەجێهێشت.

## خستنەڕووی بیرۆکەی «هاوسەنگی نەرێنی»

لە لوتکەی پەرگرتنی هەلومەرجی دیموکراتی لە ئازەربایجان و دەستوەردانی سوپای سوور، حیزبی توودە بۆ پشتیوانی لە سیاسەتی سۆڤیەت خۆپیشاندانێکی سازکرد، ئیحسان تەبەریش لە نووسینی وتارێکدا نوسیویەتی: «بە دڵنیاییەوە ڕەوایە کە ئەم جۆرە ئیمتیازانە بۆ دراوسێی باکوور - یەکێتی سۆڤیەت- لە باکووری ئێران لەبەرچاو بگیرێت، چونکە ئەم کارە بۆ پاراستنی هاوسەنگییەکی نەرێنییە»، ئەم گوتارە لەپێناو هاوکاری لەگەڵ سیاسەتی سۆڤیەت کە ئامانجی نکۆڵیکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئێران بوو، وایکرد بەشێک لە کادیرە دیارەکانی حیزبی توودە لەوانە: (ئیپریم ئیسحاق و خەلیل مالیکی) و یەکەمین پەرتبوون لەنێو توودەدا ڕووبدات، تەبەریش لە بەیاننامەیەکدا هەریەکیانی وەك «سیخوڕێکی بەریتانی» و «خائین « ناوی بردن.

## هەوڵی تیرۆرکردنی شاهانشا و وێستگەیەکی گرنگ

لە دوا هوڵی تیرۆرکردنی شاهانشا، کە ئەنجامەکەی ڕاگەیاندنی ڕاستەوخۆی یاساخکردنی حیزبی توودە بوو، تەبەری سزای لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا، ئەمجار بە ناچاری بووە پەناهاندەی سۆڤیەت، لەو ماوەیەدا لە ڕادیۆی مۆسکۆ بۆ ماوەی نۆ ساڵ کاری کردووە، تاکو دواجار دەچێتە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و لە شاری لایپزیگ نیشتەجێ دەبێت. لە بەرلین خولی ئەکادیمیای زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەرچووە و پێگەی زانستی «دکتۆر ئابێل»ی لە فەلسەفەدا وەرگرتووە، ساڵانێکی زۆرش لە زانکۆکانی ئەڵمانیا وانەبێژ بووە، بە زمانەکانی عەرەبی، پەهلەوی، ڕووسی، ئەڵمانی قسەی کردووە، زمانی ئینگلیزی، فەرەنسی و تورکی، ئازەری و تورکی ئەستەمبوڵی زانیوە، پسپۆڕییەکەی لە بواری مێژوو و فەلسەفە و ئەدەبدا بووە. زۆرێک لە وتارەکانی لە گۆڤاری «مردم» ئۆرگانی فەرمی حیزبی توودەی ئێراندا بڵاوکراونەتەوە.

## ڕۆڵی تەبەری دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩

لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٧٩ تەبەری لەگەڵ دکتۆر جەودەت و ڕەفعەت محەممەدزادە و حەمید سەفاری دەگەڕێنەوە تاران و لە ماڵی فاتمە سەلامەت بەخش نیشتەجێ دەبێت، بەڵام سێ منداڵەکەی - کارین (کوڕ)، ئازین و ڕۆشانک - لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا جێدێڵێت، لەو قۆناغەدا چەند چاوپێکەوتنێکی تەلەفیزیۆنی سازدا کە نەخشێکی کاریگەریی ئاشکرای لەسەر جەماوەری حیزبی توودە جێهێشت، مشتومڕەکانی نێوان سەرکردەکانی توودە وەک ئیحسان تەبەری و نورەدین کیانوری و ئایدۆلۆژیستەکانی کۆماری ئیسلامیی یەکێک لە ئامرازەکانی گۆڕینی شەڕی سیاسی بۆ ململانێی نێوان کوفر و ئیمان بوو، هەر بۆیە پیاوانی ئایینی درکیان بەوە کرد کە بۆ ئەوەی حیزبی توودە لە ڕووی سیاسییەوە سەرکوت بکەن، سەرەتا دەبێ تیشک بخەنە سەر لایەنە نا ئایینییەکەی، لەگەڵ دەرچوونی یاسای یاساغبوونی حیزبە مارکسییەکان، لە ٢٤ی تەمموزی ١٩٨٣ لە ماڵی محەممەد عەلی حوسێنخانی لەگەڵ هاوسەرەکەی دەستبەسەر کران، پاش ماوەیەکیش هێنرانە سەر شاشەی تەلەفزیۆن و لەژێر فشارو ئەشکەنجەدا ورەی ڕووخا و پاشگەزبوونەوەی لە کردەوە و بیروباوەڕی خۆی تۆمارکرد و ڕابردوو و خەباتی دوورو درێژی مارکس لینینیانەی دایە بەر پلار و توانج و بە ڕێبازێکی هەڵەو دۆگما و بێ ناوەڕۆك و خەیاڵی ناوبرد، تەنانەت

ڕایگەیاند کە دوای خوێندنەوەی کتێبەکانی «عەلامە تەباتەبایی» و «مورتەزا موتەهەری» مسوڵمان بووە. لەهەمانکاتدا کتێبێک بە ناوی «کەژرەهە» بە ناوی تەبەری چاپ و بڵاو بووەوە، هەروەها کتێبێکی بە ناوی «ناسین و هەڵسەنگاندنی مارکسیزم» نووسیوە، لە لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکەیدا دەنووسێت: «ئێستا بە ڕێنمایی لێکۆڵەری ئازیزم! مسوڵمان بووم».

بەرپرسانی دەزگای ئیتلاعات دانیان بەوەدا ناوە، کە ئەوەی زەنگی کۆتایی حیزبی توودە لێدا، دانپێدانانی نووسراوی تەبەری بوو، کە دوای تەقی ئارانی، بە پێغەمبەری ئایدیۆلۆژیی حیزبی توودە دادەنرا، تەنانەت دانراوەکانی لەلایەن پیاوانی ئایینیشەوە بە وردی خوێندرایەوە، پیاوانی ئایینی شیعە پێیانوایە کە شکستی ڕووخساری بە ئیدیعای «ئیسلام بوون» و «باوەڕبوون بە شەرعییەتی حکومەتی کۆماری ئیسلامیی»، بۆ ماوەی چەند دەیە شکۆمەندی حیزبی توودەی ئێرانی لە ناو بردووە، لە نموونەی ئەو پاشگەزنامەیەی تەبەری ئەوەیە کە دەڵێت: «ئێمە مرۆڤی بچووک بووین کە بۆ ماوەیەک بێ سەر و بێ کات لەناو شەپۆلە ڕەشەکانی زەریادا سەرگەردان بووین، ڕەحم بە خراپترینمان بکە و ڕێز لە باشترینەکانمان بگرە، ئەگەر تۆ یەکێکیت لەوانەی کە دواجار ماوەی دوور و درێژی دابەشبوونی چینایەتی و ململانێی ئاگرینی مرۆڤایەتیت تێپەڕاند و ئارامی ئەبەدی و برایەتی گەردوونیت بەدەستهێنا، با ئیرەیی بە ئێوە ببەین، ئیتر تۆ بۆ ئێمەیت، با تێگەیشتنێکی قووڵی مرۆییتان هەبێت.»

## دادگایی و مەرگی هێواش، تێکشکانی ڕۆحی بەرەنگاریی و مارکسییانە

لە یەکەم دادگایدا هەوڵدان بۆ کودەتای ڕەتکردەوە و دەڵێت: چونکە «چۆن مومکین بوو کە حیزبەکەمان کە دەوری گەورەی کۆماری ئیسلامیی لە خەبات دژی ئیمپریالیزم و ئیسرائیل و کاردانەوەی ناوچەیی و خواستی بەهێزی ئیمام بۆ سەربەخۆیی دەزانێت، ئەو کارە بکات». سوێند دەخوات «بە هەموو ئەو پیرۆزیانەی کە هەریەکێک لە ئێمە ڕێزی لێدەگیرێت» کە ئەو جۆرە بڕیارانە لە نێو سەرکردایەتی حزبی توودەدا نەدراون. لە کۆتایی ئەم دیدارەدا متمانەی بە تەکتیک و دادپەروەری لە کۆماری ئیسلامیی دەربڕی. تەبەری بە پشتبەستن بەو نووسراوەی کە حیزب بە وەزارەتی ناوخۆی ڕاگەیاندبوو (دوای پلینۆمی ١٧)، لیستی لق و بەرپرسانی حیزبی خستەڕوو، و هیچ سیفەتێکی نایاسایی بۆ

کاری حزبەکە قبووڵ ناکات، ئەم دوورییە و هاتنیشی دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنێکی هەڵە، هەروەها پرسیار ئەوە دەکات ئایا حیزبی توودە هەڵەی کردووە یان نا؟ هەروەها باسی هەندێك هەڵە دەکات، بەڵام باسی خیانەت و سیخوڕی نەکردووە. تەنانەت ئایەتوڵڵا «هاشمی ڕەفسەنجانی» لە چاوپێکەوتنێکدا ڕایگەیاندووە کە هیچ هۆکارێکیشی نەدۆزیەوە کە حیزبی توودە پلانی کودەتا دابڕێژێت، هەروەها دوای چەند ساڵێک «محەمەد عەلی ئاموی» چاوپێکەوتنێکی بۆ ڕۆژنامەی «ئافتاب موزور» ئەنجامدا و تیایدا باسی لەوە کرد کە سەرکردەکانی حیزبی توودە بۆ دانپێدانان ئەشکەنجە دراون.

لە لێپرسینەوەکان لە ٦-٧ی ئابی ١٩٨٣ ئایاردا تەبەری ئاماژە بەوە دەکات کە گرتن و هەڵوەشاندنەوەی حیزب نە خەتای شوێنکەوتووانی ڕاستەقینەی هێڵی ئیمامە و نە خەتای حیزبی توودەیە، بەڵکو نەیارانی «ئێمە» بە تۆقاندن ئەم کارەساتەیان بەرەوپێش برد بیرکردنەوەکانی «کۆمۆنیزم» و «پیلانگێڕین». لە وەڵامی داواکاریی ژماردنی خیانەتەکانی حیزبی توودە، ئەو خیانەتە ڕەتدەکاتەوە، بەڵام دوای کۆتاییهاتنی خولی یەکەمی دادگایی، تەبەری تووشی جەڵتەی مێشک دەبێت و کێشە لە قسەکردندا هەبووە. لێپرسینەوەکان بە نوسراوی داواکاری گشتی، کە «ئەسەدوڵڵا لاجوردی» لێی بەرپرسیار بوو، بەردەوام بوو، کە ئەنجوومەنی باڵای دادوەری باری جەستەیی ئەوی بۆ دادگاییکردن و پێچەوانەی پێوەرەکانی شەریعەت زانیوە، دواجاریش لە بڕیاری دادگا لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٨٥ لە لقی یەکەمی دادگای ئینقلابی ئیسلامیی، لەبارەی تەبەرییەوە وتویەتی: «شێوازی هەڵسوکەوتی تۆمەتبار لە دادگای ئینقلابی ئیسلامیی وای لێکردم باوەڕم بەوە هەبێت کە بانگەشەی تەوبەکردن و گەڕانەوەی بۆ شێوازەکانی پێشووی و هاوکاریکردن لەگەڵ داواکاری گشتی تەواو درۆیەو تەنها بۆ ڕزگاربوونە لە ئازاردانی سزاکە، بۆیە بە پشتبەستن بە مادەی ٢٠٢ی یاسای تۆڵەسەندنەوە، سەرنجی لەسەر لەسێدارەدان دەبێت».

لەو کاتەدا دەگوترا تەبەری دەرزی لێدراوە و هەر بۆیە لەبەردەم کامێرای تەلەفزیۆنەکە دانیشتووە، «حسێن شەریعەتمەداری»، سەرنووسەری ڕۆژنامەی «کەیهان»، کە بەرپرسی لێپرسینەوە و ڕازیکردنی ئیحسان تەبەری بوو، سەبارەت بەم بابەتە وتویەتی: «ئیحسان وتی ئەوەی من باسی دەکەم ئەوەیە، پێش هەموو شتێک ئەگەر ئیسلامییەکان بێت کۆمار ئەوەندەی لە زانستدا هەیە پەرەی سەندووە بۆ ئەوەی ئەمپولێکی وا دروست بکات، چیتر دەڵێیت؟ جگە لەوەش، گریمانە بکەین کە ئەمپولەکە وا لە من دەکات

قسە بکەم». شەریعەتمەداری دەڵێت، ئەرکی من ئاشناکردنی تەبەری بووە بە حەقیقەتی ئیسلام و ئەویش ئەم کارەی کردووە. بە خوێندنەوەی کتێبەکانی شەهید موتەهەری، تەبەری لە مارکسیزم گەڕایەوە و چاوەکانی بەڕووی ڕاستییەکاندا کرایەوە. ڕەخنەگران ڕایانگەیاندووە، بۆچی تەبەری بەر لە زیندانیکردن و کاتێک قسەی لەگەڵ میسباح یەزدی و عەبدولکەریم سروش دەکرد، چاوی بەڕووی ڕاستییەکان نەکرایەوە؟ هاشمی ڕەفسەنجانیش لە بیرەوەرییەکانیدا باس لەوە دەکات کە هەندێک کەس بۆ شەفاعەت بۆ تەبەری چوونە لای ئایەتوڵڵا خومەینی، ئەویش بە مەرجێکی سنووردار ڕازی بووە، هەر بۆیە دوای ئەوە تەبەری لە ژێر دەستبەسەری ماڵەوە ڕاگیرا تاکو لە ٣١ی تەمموزی ١٩٨٩ بە هۆی نەخۆشی لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کردووە.

## لە پەراوێزی پاسۆلۆژییە ئەدەبی و تیۆرییەکانی تەبەریدا

دکتۆر «ئیرەج پارسینژاد» لێکۆڵەری مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، لە کتێبی «ئیحسان تەبەری و ڕەخنەی ئەدەبی»دا، تەبەری بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی ڕەخنەی هونەری لە ڕوانگەی ڕیالیزمی سۆسیالیزمییەوە دەزانێت، کە بەهۆی شارەزایی لە ئەدەبیاتی کلاسیکی ئێرانی و ئاشنابوونی قووڵی لەگەڵ ئەدەبیاتی مۆدێرنی ڕۆژئاوا، ڕۆڵێکی گرنگیان لە گەشەسەندنی گوتاری ڕەخنەی ئەدەبییان لە ئێراندا گێڕاوە، هەر بۆیە تەبەری لەو دەقانەی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا نووسیویەتی، جەخت لەسەر ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی هونەر دەکاتەوە و لە سێ پایەی گرنگدا لێی دەکۆڵێتەوە؛ یەکەمیان پەیوەندی نێوان هونەر و ئافراندنە، دووەمیان لایەنگری چینایەتییە لە هونەردا، سێیەمیشیان پرسی هونەرە لە پێناو هونەردا. لە ڕوانگەی تەبەرییەوە، داهێنەری هونەری لە پەیوەندی و لەگەڵ کۆمەڵگەدا پێکدێت و کارە هونەرییەکەش ڕەنگدانەوەی «ئایدیاڵە جوانکارییەکان»ی خەڵکە و هەر بۆیەش تەواوترین لایەنی کارە هونەرییەکە ئاڕاستەکردنیەتی و لایەنگری چینایەتی و دوورکەوتنەوە لە بێلایەنی سیاسی و چینایەتی.

زۆر وشەی دروستکراوی ئەو تا ئەمڕۆش لە زمانی ئەدەبی و کولتووری فارسیدا بەکاردەهێنرێن، بەناوبانگترینیان وشەی «ڕۆشنبیر»ە کە تەبەری لە بەردەم «ڕۆشنبیر»ی فەرەنسی و «مانۆر ئەلفکر»ی عەرەبیدا خستووەتە ڕوو. بێگومان تەبەری لە ڕەخنەگرتن لە بەرهەمە ئەدەبییەکان، مەودای لێکۆڵینەوەکانی تەنها لە بەرهەمەکانی ڕیالیزمی

سۆسیالیستیدا سنووردار نەبوو. یەکێک بوو لە یەکەم کەسەکان کە بەرهەمەکانی کافکا و جیهانە ترسناکەکەی شیکردەوە و لەسەر شاعیرانی وەک تی ئێس ئێلیۆت و واڵت ویتمان و هۆڵدەرلین نووسی کە هیچ کامیان مەیلی کۆمۆنیستییان نەبوو. تەنانەت لە وتارێکیدا بەم شێوەیە ستایشی نیمای کردووە: «من نیما بە هێڵکاری گەورەی کەشتی شیعر دەزانم لە پەڕینەوە لە ئۆقیانوسی کلاسیکەوە بۆ ئۆقیانوسی داهێنان).

## مشتومڕەکانی تەبەری پاش شۆڕشی ١٩٧٩

لە بەهاری ساڵی ١٩٨٠ زنجیرەیەک مشتومڕی ئایدیۆلۆژییان لە نێوان پارتە چەپەکان و نوێنەرانی مەدرەسە ئاینییەکان دەستپێکرد. بیرۆکەی ڕەسەنی مشتومڕەکان هی «ئەبولحەسەن بەنی سەدر» بوو. بڕیار بوو گفتوگۆیەک لەسەر پرسی یەکتاپەرستی و بیروباوەڕی ئیسلامی هەبێت، کە تەبەری لەگەڵ بیروباوەڕی بنەڕەتی خەڵک دژایەتی دەکرد. دوای ئەوە، لەسەر پێشنیاری عەبدولکەریم سروش، تەوەری مشتومڕەکان پرسی دیالێکتیک و دژایەتییەکان بوو، کە تەبەری بەرگری لە بناغە فەلسەفییەکانی مارکسیزم لە دژی «میسباح یەزدی» و «عەبدولکەریم سروش» کرد. لەو فیلمانەی کە لە مشتومڕەکان ماونەتەوە، لە چەند حاڵەتێکدا تەبەری ڕەخنە لە سروش دەگرێت کە قورئانی بە هەڵە خوێندووەتەوە.

## دیبەیتی نێوان تەبەری و سروش

«عەبدولکەریم سروش» ڕووبەڕووبوونەوەی خۆی لەگەڵ تەبەری بەم شێوەیە گێڕایەوە: «حەوت کۆبوونەوە ئەنجامدرا و مشتومڕەکانمان لەگەڵ تەبەری و فەرۆخ نەغدەر کۆتایی نەهات». لە یەکێک لەو کۆبوونەوانەدا میسباح تەوەری خودای پێشنیار کرد، تەبەری دڵتەنگ بوو کە بەشداری ئەو باسە ناکات. تەنانەت ئەگەر حیزب پابەندی بکات و یاداشتێک بدات بە میسباح کە بە مولحید ناوم نەبات. دوای کۆتاییهاتنی ئەو مشتومڕانە جارێکی تر ئیحسان تەبەریم بینی و یەکێک بوو لە شەوانی ڕەمەزان (ساڵی ٦٣) کە لە زیندانەوە هێنرایە ماڵی محەمەد تەقی جەعفەری و منیش بانگ کرام بۆ مەجلیس. باری دەروونی باش نەبوو و پێدەچوو دەم و چەناگەی شکابێت، جەعفەری ویستویەتی لەگەڵیدا موناقەشە بکات، بەڵام من بە هیچ شێوەیەک حەزم لەوە نەبوو لەگەڵ دیلێکدا موناقەشە بکەم".

کتێبەکانی «هەندێک پێداچوونەوە سەبارەت بە جیهانبینی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران» و «تێبینی و نووسینە فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکان»ی تەبەری بە گرینگترین بەرهەمەکانی لە بواری تیۆریدا دادەنرێت. کە هەوڵی شیکردنەوەی مێژووی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی ئێران دەدات و لە وتارەکانی کتێبی دووەمیشدا باس لە هەندێک لە گرینگترین بابەتی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی دەکات، کتێبی یەکەم بانگەشەی ئەوە دەکات کە نووسیویەتی مێژووی بیری ئێرانی بە میتۆدۆلۆژیای مارکسیستی نووسراوە، ئەو زانیارییە بەرفراوانەی لەم کتێبەدا کۆکراونەتەوە سەرسوڕهێنەرن، بەڵام شێوازی دیداکتیکی تەبەری مەودای کتێبەکە سنووردار دەکات بۆ ڕاپۆرت و وەسفکردن.

تەبەری و قۆناغبەندی مێژووی ئێران، کارل مارکس گەشەسەندنی مێژوویی کۆمەڵگەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوای لە ڕیزبەندی پێنج سەردەمی «کۆمۆنی سەرەتایی، کۆیلایەتی، فیۆداڵیزم، سەرمایەداری و سۆسیالیزم» ڕوونکردەوە و جەختی لەوە کردەوە کە ئەو نەخشانەی لە مێژووی ئەورووپای ڕۆژئاوا دەرهێناوە، پێیوابوو کۆمەڵگە ئاسیاییەکان ڕۆشتوون لە ڕێگەی ڕەوتەکانی ترەوە. تەبەری لە پێشەکی کتێبی «هەندێک ڕاپرسی...» جەختی لەسەر «دوورکەوتنەوە لە دروستکردنی نەخش و دیمەنی دەستکرد» کردووەتەوە و دەنووسێت «لەبری ئەوەی بەدوای فۆرمەکانی کۆیلایەتی یۆنانی-ڕۆمانیدا بگەڕێن... لەبری دۆزینەوەی فۆرمەکانی فەرەنسی-ئەڵمانی لە... فیۆداڵیزم و لەبری گەڕانی ئینگلیز-هۆڵەندی بۆ گەشەکردنی سەرمایەداری، پێویستە بەدوای ئەو فۆرمانەدا بگەڕێین کە لەم وڵاتەدا سەریان هەڵداوە».

تەبەری کۆمەڵێک جیاوازی گرنگ لە نێوان کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا دەژمێرێت، بەڵام لە چوارچێوەی فۆرمولەی ڕەسمی چەپی تەقلیدیدا، هەموو جیاوازییەکان بە دووبارەکردنەوەی نەخشی ئەکادیمی حیزبی بێزارکەر خوێنەر نائومێد دەکات. بەڵام تەبەری لە کتێبی «تێبینی و نووسینە فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکان» بە لاسایی ستالین، دەنووسێت «فەلسەفە بە پێی پێناسەی وردی ئەمڕۆ بە مانای زانستی گشتیترین یاساکانی پەرەسەندنی سروشت و کۆمەڵگە و بیرکردنەوە دێت». بەم پێناسەیە، تەبەری پەیوەستە بە ڕەوتێکەوە کە حوکمەکانی کردە سیستەم و سیستەمی کردە ئایدۆلۆژیای دەوڵەت، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بەسەر بیرکردنەوەی داهێنەرانەدا وەک پارێزەری سیستەمەکە بسەپێنێت. تەنانەت تەبەری دیالێکتیکی مارکسی لە میتۆدێکی کەوتووەوە دەگۆڕێت بۆ یاسایەک کە ڕاستییەکان دەبێت لەگەڵیاندا بگونجێن».

## پیلانی دیموکراسی و تیۆری لە خزمەت پاساو هێنانەوە

بەرگریکردنی حیزبی توودە لە «هێڵی ئیمام» کە هاوواتای سەرکوتکردنی توندوتیژی دیموکراسی بوو «پێشتر خەباتی دژە ئیمپریالیستی لە خەبات بۆ دیموکراسی» لەگەڵ نەریتی دیموکراسی چەپ، لەگەڵ ستایشی مارکس بۆ «دیموکراسی بۆرژوازی». وەک «دەستکەوتی شۆڕش» بەو باوەڕەی کە تەواوکردنی «دیموکراسی و حوکمڕانی زۆرینە» لەلایەن مارکسەوە پێچەوانەی «ڕزگارکردنی زۆرینە لە کۆت و بەندەکانی ئیستغلالکردن» بووە. تەبەری لە ڕەوایەتیدان بە سیاسەتی حیزب و بەرگریکردن لە «سەرکردایەتی یەکلاکەرەوە، ئیمکانات و تەکتیکی ئیمام»، لە وتارێکدا لە کتێبی «هەندێک پرسی شۆڕشی ئێران»دا نووسیویەتی: «ئازادییە دیموکراسیەکانی لە فۆرمی ڕۆژئاواییەکەیدا قازانجیان نییە... ئەمە دارستانێکە کە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان بەناوی دیموکراسییەوە دروستیان کردووە و پیلانێکی کۆمەڵایەتییە بۆ سەرلێشێواندنی کۆمەڵگە» و «لە دیموکراسی ڕۆژئاوادا مرۆڤ مەحکومە بە ژیانێکی خراپتر» لە سەگ» و تەنها مافی ئەوەی هەیە بوەڕێت.» چەند ساڵێک دوای ئەم نووسینە، کەعبەی تەبەری، بلۆکی ڕۆژهەڵات، داڕما و نەبوونی «دیموکراسی ڕۆژئاوا» یەکێک لە هۆکارەکانی داڕمانی بوو. هەروەها لە شێوەی زینداندا، تەبەری خستە دۆخێکەوە کە کۆتایی ژیانی بە ئازار بوو.

## لە گرنگترین دانراوەکانی

هەرچەندە تەبەری پتر لە ١٠٣ دانراوی لەسەر چەپ و مارکسیزم پێشکەش کردووەو بەشێکی دانراوەکانی ساڵانێکی دورودرێژ مایەی مشتومڕ و ورودبوونەوە بوون، بەڵام بەشێکی ئەو دانراوانە لە ژێر گومان و ناڕوونیدا نووسراون دیارترنیان بریتین لە:

کتێب: (داڕمانی سیستەمی تەقلیدی و لەدایکبوونی سەرمایەداری، ڕۆشنبیری بێ ئومێد، لەدایکبوون و پەرەسەندنی تیۆری شۆڕشگێڕانە، دەیەی یەکەم، خەونی چینی، دەربارەی شێوازی هێوریستی (زانینی دۆزینەوە) و هەندێک کێشەی تیۆری ئەگەر، لە دیداری خۆتەوە، دەربارەی سایبەرنێتیک یان زاناکانی، دەربارەی «لۆژیکی کردار»، ئەبولفەزل بەیحاقی و کۆمەڵگەی غەزنەوی، چەند لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە جیهانبینی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵگەی ئێرانی لە سەردەمی ڕەزاشا پەهلەوی، دەربارەی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، پرسەکانی فەرهەنگ و هونەر و زمان، شەهگاڵ

شا(چیرۆک بۆ منداڵان و هەرزەکاران)).

شیعر: (کۆمەڵە شیعرێک، گۆرانی خەواڵووی، لە نێو خۆڵ و ئەڵماسەکاندا، لەگەڵ قسەی پاییز، نۆسینی شیعری لە چوارده برگەدا، شانۆگەری، گومات: درامایەکی بەیتی مێژوویيە بە چوار ئەکترۆمان، ئەشکەنجە و هیوا ، کۆمەڵێک پارچە ئەدەبی و لە دۆزەخدا، خوداوەندەکان لە باند ڕاستەوە (ئیمزاکراوی تەباتەبا، کە دیارە هی خۆیەتی، ١٣٣١)، فەرهاد چوارەم، خێزانی برومانـد (چیرۆک)، چاوەکانی پاڵەوان کراوەن (کۆکردنەوەی چیرۆکەکان)، پەنجامە (کۆکراوەی چیرۆک)، ڕووخساری ماڵ (چیرۆک)، دەیەی یەکەم (چیرۆک)، پاڵنەری ستەم (چیرۆک))

وەرگێڕان: (دژە لە کاتی...، گۆرانی هەڵبژێردراوی پانزە شاعیری سۆڤیەت (کۆمەڵەی سیاڤۆشان)).ئەو بەرهەمانەی کە لە سەردەمی ئەشکەنجە و زینداندا نووسراون: (ناسین و هەڵسەنگاندنی مارکسیزم، تەرنپایک، کۆمەڵە شیعری «لابێ»، ئایکۆنی کولتووری، تەبەری یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانی کۆمی بەهار لە نووسینی شەهرنووس پارسیپوور).

## سەرچاوەکان

١- احسان طبری: شناخت و سنجش مارکسیسم، ڕینما، طهران، ١٣٦٦، ص ١٦-٢٠.
٢- ی‌بی‌سی، فراز و نشیب حزب توده ایران در دهه ٦٠؛ از کامروایی تا اعدام، ٢٠٢٤/٢/٤، ١٢:٣٠
mesdaghi_toudeh_party_l١٠_١٢٠٢٢٢/٠٢/٢٠١٢/www.bbc.com/persian/iran
٣- بی‌بی‌سی، نامه سرگشاده نورالدین کیانوری به آیت الله خامنه‌ای، ٢٠٢٤/٢/٤، ١:٣٠،
nk_toudeh_party_١٢٠١٢٤/٠١/٢٠١٢/https://www.bbc.com/persian/iran
٤- احسان طبری؛ ڕوحانی‌زاده کمونیست +تصاویر، ٢٤ یداد، ٢٠٢٤/٢/٦، ١١:٠٠،
https://www.rouydad24.ir/fa/news/166191/%D8%A7%D8%AD%D8%B3%D8%A7%D9%86-%D8%B7%D8%A8%D8%B1%DB%8C-%D8%B1%D9%88%D8%AD%D8%A7%D9%86%DB%8C%E2%80%8C%D8%B2%D8%A7%D8%AF%D9%87-%DA%A9%D9%85%D9%88%D9%86%DB%8C%D8%B3%D8%AA-%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D9%88%DB%8C%D8%B1

٥- سروش: طبری ڕا با دهان و فک شکسته برای مناظره آوردند، کوردانه، ٢٠٢٤/٢/٢، ١١:٠٠،
http://www.kurdane.com/article-2373.htm، l ! 6-

کتێبناسی


ئێرانناسی

# ایــران السنیة

## والحیاة الدینیه فی ایران قبل الصفویین

(۷۳٦-۹۰٦هجری/ ۱۳۳۵-۱۵۰۰ م)

**دکتر ممدوح رمضان احمد**




**ئامادەکردن: ئێرانناسی**

کاتێک ئاوڕ لە مێژووی ئێرانی ئیسلامیی دەدەینەوە، دوو کۆڵەکەی گرنگی ئەو مێژووە ونکراوە. مەبەستمان لە ونبوونی دوو ڕووداوی گرنگ لە مێژووی ئێران، لە گێڕانەوە فەرمییەکانی مێژووە. یەکەمیان مێژووی خەلافەتی ئیسلامیی سەردەمی عەباسییەکانە لە ئێران، کە ئەم مێژووە دوور و درێژە کورتکراوەتەوە لە ئیمام ڕەزا و هارونە ڕەشید و حیکایەتەکانی پەیوەست بە ئەبوو موسلیمی خۆراسانی. هەروەک چۆن کاتێک ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە دورگەی عەرەبی گەشەی کرد و خۆی بە شارستانییەتی میسری کۆندا کێشا، هەموو مێژووی میسر کورتکرایەوە لە حیکایەتە قورئانییەکانی فیرعەون و سەڵتەنەتی یوسف لە میسر. پاشان بۆ دەیان سەدە لە ژێر سێبەری ئەم ئاگییە ئایینیەدا هیچ لێکۆڵینەوەیەک لەسەر دەستی مسوڵمانان و لەسەر شارستانیەتی میسری کۆن ئەنجام نەدرا و کەس گەرد و تۆزی لەسەر لانەدا. ئەم ئارگیۆمێنتە بۆ ئێرانیش هەروا بوو. بەناوی خەلیفەکانی عەباسی لە ئێران خوتبەی جومعە دەخوێنرایەوە و دەسەڵاتەکەیان فەرمی بوو، بەڵام ئەم مێژووە لە مێژووی ئێراندا نەکرا. دووەمیان ئەو گۆڕانکارییە ئایینیە بو کە مێژووی ئێرانی دابەشکرد بۆ دوو مێژووی ئیسلامیی و پێش ئیسلام. لە بەرەبەیانی گەشەکردنی ئایینی ئیسلام لە ئێراندا، کۆن مەزهەبی سوننە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ئێراندا گەشەی کرد،تا هاتنی سەفەوییەکان و ئەو گۆڕانکارییە مەزهەبییەی کە لە ئێران و هەندێجار بە زەبری شمشێر ڕوویدا. مەزهەبی شیعە بە فەرمی وەک مەزهەبی ڕەسمی ئێران دانی پیانرا. لەم سۆنگەیەوە کتێبی ئەمجارەی ئێرانناسی کتێبێکی ئەکادیمی دەخاتەڕوو، کە نامەیەکی دکتۆرایە لە بواری مێژووی ئایینی و مەزهەبی سوننەی ئێرانی سەردەمی ئیسلامییە تا دامەزراندنی حکومەتی سەفەوی لە ئێران.

ئەم لێکۆڵینەوەیە نامەیەکی دکتۆرای نووسەرێکی میسرییە، کە تیشکی خستووەتە سەر ڕەهەندێکی هەستیاری مێژووی ئێران، کە لە ناوخۆی ئێران لەم چەشنە لێکۆڵینەوانە یا بەردەست نابن یا دەرفەت بۆ ئەم لێکۆڵینەوانە بەرتەسکن و دەبێت سەختی و ئاستەنگی زۆر ببینن تا ئەنجام بدرێن. بە شێوەیەکی گشتی وەک هەموو ئەو نامانەی کە لە ناوەندەکانی ئەکادیمی دێنە بەرهەم تا ڕادەیەک وشکن، بە فیلتەری پرۆسەی نووسینی ئەکادیمی تێپەڕی کردووە. بەڵام دەکرێت وەک بەرهەمێکی بە بەها بیخوێنینەوە و سوودبەخش بێت بۆ ئێرانناسەکان و لێکۆڵیارانی ئەو بوارە.

کتێبەکە پێکهاتووە لە پێشەکیەکی ئەکادیمی و چوار بەشی سەرەکی. کە لە بەشی یەکەم باس لە مەزهەبی سوننە لە ئێران دەکات. وەک بابەتەکانی حکومەتە سوننییەکانی ئێران و سیاسەتی ئایینی لە ئێران و مەزهەب و زاناکانی ئیسلامی سوننی و ناوەندەکانی پەروەردەی ئایینی لە ئێران شیکاری دەکات. لەم بەشەدا نووسەر بە وردی تیشکی خستووەتە سەر زۆر بابەتی گرنگ و لە چەند ڕەهەندێکی جیاواز لێکدانەوەی کردووە. ئەم دەسەڵاتدارانەی ئێران کە لە ماوەی جیاوازدا حوکمی ئێرانیان کردووە، پەرەیان بە بەهێزکردنی مەزهەبی سوننە لە ئێران داوە. سیاسەتێکی میانڕەو و تەساموحی مەزهەبی و ئایینی زۆریان بەرامبەر کەمینەکانی تری ئێران گرتوەتەبەر. ئینتیمای بەشێک لەو پاشا و حوکمڕانانەی ئێران بە تایبەت موزەفەرییەکان بووە هۆی کرانەوەی زۆری ئایینی و مەزهەبی لە ئێران. وەک چۆن خۆیان پەیڕەوی شێوازێک لە تەسەوفیان دەکرد، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە ڕێچکە فیکری و فیقهی مەزهەبیەکانیش لە ئێران گەشەی زۆریان کرد. پاشان ئەم سیاسەتە کاریگەری زۆری بە سەر ڕووداوەکانی سەدەکانی دواتر بەجێهێشت. زانستەکانی وەک (علم الحديث، علم الفقه، علم التفسير و علم القراءات) گەشەی زۆریان کرد. ئەم گەشەکردنانەش لە دوو ناوەندی زۆر بەهێز ڕوویاندا:

یەکەم: مزگەوت. مزگەوتەکان ڕۆڵی گەورەیان لە مێژووی ئایینی ئیسلامدا هەبووە. هەم شوێنی عیبادەت و هەم وەک ئەکادیمیای زانستە ئیسلامییەکان، ناوەندی زانست و فێرخوازی بوون لە ئیسلامدا. لە سەردەمی پێش سەفەوی لە ئێران، بونیاتنانی مزگەوت وەک نەریتێکی شاهانە و میرانە بەدیدەکرا. موزەفەرییەکان گرنگی زۆریان بە دروستکردنی مزگەوتەکان دەدا. مزگەوتی گەورەی کرمان کە لەسەردەستی ئەمیە موبارز لە ساڵی ٧٥٠ھ ١٣٤٩ م دروستکرا هەنگاوێکی گرنگ بوو. لە شارەکانی وەک تەبرێز و ئیسفەهان و شیراز و زۆرێک لە شارەکانی تر ئەم ئاوەدانی و بیناسازییە هەبوون بوون بە دیاردەی باوی سەردەم.

دووەم: مەکتەب و مەدرەسە دینییەکان (المدارس الدينيه) ئەم مەدرەسە ئایینییانە لە تەنیشت مزگەوتەکانەوە ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە بەرەوپێشبردنی زانستەکان بە گشتی و زانستە ئیسلامییەکان بە تایبەتی. لە شارەکان بە گشتی دامەزرابوون. لە تەنیشت مزگەوتەکان بینا دەکران. شوێنی حەوانەوەی فێرخوازانی هەبوو. لە داهاتی مەوقوفات بەڕێوە دەچوون. کە گرنگترینیان: مەدرەسەی نیزامیە لە هەرات، مەدرەسەی موزەفەریە،

مەدرەسەی دارالشفاء لە شیراز، مەدرەسەی میر ئاخوڕ، مەدرەسەی شاهڕخییە، مەدرەسەی غیاسییە، مەدرەسەی گەوهەرشاد، مەدرەسەی سوڵتان حسەین بایقرا لە هەرات، مەدرەسەی بەدیعییە، مەدرەسەی ئیخلاسییە لە هەرات) کە سەردەم و مێژووی جیاواز بونیاتنراون. ئەم قۆناغە لە مێژووی ئێران لە لایەن هەندێک لە لایەنگرانی مەزهەبی شیعی بە «سوننەی داوانزە ئیمامی» ناوزەد کراوە. ئەم بابەتە بووتە جێگەی مشتومڕێکی زۆر کە لە کتێبەکە بە تێر و تەسەلی باسی لێوە کراوە.

بەشی دووەمی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ باسکردن لەسەر مەزهەبی شیعە لە ئێران. شیعە لە ئێران بنچینەی سەرەکی ژیانی مەزهەبی و ئاینییە لە ئێران. گەشەکردنی ئەم ئایینە بە تەنها پەیوەست نییە بە حوکمی دەسەڵاتدارانی شیعە، بەڵکو دەسەڵاتی سوننەش ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە پەرەسەندنی شیعەگەری لە ئێران. شیعە ئازادی تەواویان هەبووە لە بە جێگەیاندنی داب و نەریت و دروشمی مەزهەبی خۆیان بەبێ ترس. لەگەڵ سەرهەڵدانی شیعەی دوانزە ئیمامی لە ئێران، هاوتەریب شیعەی ئیسماعیلی وەک بزووتنەوەیەکی مەزهەبی و کۆمەڵایەتی دەرکەوتن. بەڵام سەرەتای سەرهەڵدانی شیعە لە عێراقەوە بوو، سەرەتا وەک باوەڕێکی سیاسی بۆ ئیمام عەلی دەرکەوت، کە پایتەختی گواستەوە بۆ کوفە لە عێراق. عێراق وەک تەختی شانۆی ئێران هەمیشە ڕۆڵی بینیوە لە مێژوودا. بە تایبەت لە گەشەسەندنی مەزهەبی شیعە و گواستنەوەی بۆ ئێران. عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء بیروباوەڕی لایەنگرانی ئیمام عەلی و بابەتی وەسیەت و ڕەهەندەکانی گواستەوە بۆ ناو ئەم مەیلە سیاسییەی لایەنگرانی شیعەی ئال و بەیت. نووسەی ئەم کتێبە لە سەرهەڵدانی ئەمەوییەکان و سامانییەکان لە ئێران وەک قۆناغی یەکەمی ئەم پرۆسەیە بە وردەکارییەوە، شیکار دەکات. غەزنەویی و سەردەمی ئێلخانەکانی مەغول و هەتا سەرهەڵدانی سیلسیلەی سەفەوی لە ئێران پۆڵێنی ڕووداوەکانی دەکات. هەروەک چۆن لە گەشەسەندنی مەزهەبی سوننی لە ئێران، مزگەوت و مەدرەسە ئایینییەکان ڕۆڵی گەورەیان هەبوو، بە هەمان شێوە، بۆ مەزهەبی شیعەش ڕاست بوو.

لە بەشی سێ و چواری لێکۆڵینەوکە تیشک دەخاتەسەر تەسەوفی ئیسلامی کە وەک هێلانەی ئارامی پێکگەیشتنی شیعە و سوننە لە ئێران کە لە سەردەمی سەفەوییەدا بەجەستە بوو. بەشی زۆری عاریف و بیرمەندەکانی شیعە لەم قۆناغەدا بوونە داڕێژەر و بونیاتنەری شیعەی سەفەویی لە ئێران. شیخ سەفیەدینی ئەردەبیلی و گەشەسەندنی

تەریقەتی سۆفی لە ئێران و لایەنگرانی بێشومار و زۆری ئەو زاتە و ڕۆڵی لە بونیاتنانی شیعە لە ئێراندا باسی لێکراوە.

بەشی چوارەم و کۆتا بەشی ئەم کتێبە هەڵسەنگاندنێک بۆ ژیانی ئایینی لە ئێران دەکات لە ژێر کاریگەری ئایینەکانی دەرەوەی ئیسلام. وەک ئایینی یەهوود و مەسیحی. دوو سەرهەڵدانی گرنگی ئایینی لە ئێران وەک «حروفیەکان» کە لە لە ژێر کاریگەری تێزی مەهدەویەت و پاشان ئایینی یەهوود و مەسیحی. لە ئەنجامدا وەک فیرقەیەکی دەرچوو لە ئیسلام سەیرکران. فیرقەی»موشەعشەعیەکان» بە هەمانشێوە لە مێژووی ئێران دەرکەوتن. بە گشتی ئەگەر هەڵسەنگاندن بۆ ئەم بەرهەمە ئەکادیمییە بکەین هەر لە سەرەتاوە هەست بە لایەنی سۆزداری نووسەر دەکرێت لە نووسینی کتیبێکەدا کە لە لایەن کەسێکی نا فارسەوە نووسراوە. بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە کۆی بابەتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە وەک مەوسوعەیەکی بچوک لەسەر مێژووی ئایینی لە ئێران، لێوانلێوە لە زانیاری گرنگ و بەسوود و هەندێکجار بۆ خوێنەری ئاسایی نەبیستراو لە مێژوودا هەژمار بکەین.

چەمکناسی

ئێرانناسی

# بەرەی خۆڕاگری

## (محور مقاومت)

ئەژی ئازاد ئەبوبەکر



بەرەی خۆڕاگری (جبهە مقاومت، محور مقاومت، جبهە مقاومت اسلامی) لە پێناسەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بریتییە لە خۆڕاگریی ئیسلامیانە دژ بە دوژمنانی ئیسلام و بە تایبەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران. لە مانا گشتییەکەیدا، خۆڕاگرییەکە لەسەر بنەڕەتی پەروەردە و یاساکانی ئیسلام لە لایەن مسوڵمانێک یان گرووپێک لە مسوڵمانان، بەرامبەر بە هێرشی دوژمنانی ئیسلام و مسوڵمانان لە هەر شوێن و کاتێک ئەنجام بدرێت و لە مانا تایبەتییەکەی، بریتییە لە خۆڕاگری وڵاتان، ڕێکخراوەکان، گرووپ و کەسەکان، لەسەر بنەڕەتی ئیسلام بەرامبەر بە ڕژێمە خۆسەپێنەکانی دژ بەئیسلام و هاوپەیمانەکانیان. ئەم خۆڕاگرییە لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران ١٩٧٩ (کە لە ئەدەبیاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ناسراوە) و هاوتەریب لەگەڵیدا، لە ئاستی ناوچەکەدا و بە

میحوەرییەتی پرسی فەڵەستین و بەرەنگاربوونەوەی ئیسرائیل ڕەنگدانەوەی هەبووە. چەمکی بەرەی خۆڕاگری، ناونیشانێکە بۆ هاوپەیمانییەتییەکی «نەنووسراو» لە نێوان وڵاتان و هێزە بە زۆرینە شیعەکانی وەك ئێران، عێراق، سووریا و حیزبوڵڵای لوبنان کە ئامانجی سەرەکیان بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی ئیسرائیل و پشتیوانە سەرەکییەکەی ئەمریکایە، هەروەها هەر هێزێکی نێودەوڵەتی کە یارمەتیان بدات و هەر هێزیکی هەرێمی کە پشتیان پێ ببەستێت یان پشتگیریان بکات. بۆیە هەر وڵات، ڕێکخراو، گرووپ یان کەسێك کە کە بەپێی ئامۆژگارییەکانی ئایینی ئیسلام و هاوئاراستە لەگەڵ شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، ڕووبەڕووی دەستدرێژی و پەلامار و ستەمی ڕژێمی دەسەڵاتدار و هاوپەیمانەکانی بە تایبەت ئیسرائیل ببێتەوە، دەچێتە ڕیزی خۆڕاگری ئیسلامییەوە.

لە ڕووی بەکارهێنانی مێژووییەوە، چەمکی بەرەی خۆڕاگری بۆ یەکەمینجار لە لایەن ڕۆژنامەیەکی لیبیایی بە ناوی «الزحف الاخزر» و بە شێوەی «محور المقاومە» لە ساڵی ٢٠٠٢ بەکارهات، کاتێك لە وتارێکدا بە ناوی «بەرەی شەڕانگێزی یان بەرەی خۆڕاگری» جەختی لەوە کردبوویەوە کە «تەنیا دەرچەی هاوبەشی ئێران، عێراق و کۆریای باکوور، بەرەنگاریانە بەرامبەر هەژمونی ئەمریکا». ئەم دەستەواژەیە دواتر لە ڕۆژنامەی «جمهوری اسلامی» بۆ یەکگرتنی شیعەکانی عێراق دژی داگیرکەران و دواتر لە ساڵی ٢٠٠٦ لە لایەن «سەعید سەعیم»، وەزیری ناوخۆی فەڵەستین، وەك ئامانجی سیاسیی هاوبەشی عەرەبەکان دژ بە ئەمریکا و ئیسرائیل پێناسەی بۆ کرا. بەرەی خۆڕاگری بە شێوەیەکی ڕوونتر و لە چوارچێوەیە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە لایەن «عەلی ئەکبەر ویلایەتی»، ڕاوێژکاری ڕابەری ئێران بۆ کاروباری نێودەوڵەتی، ئاماژەی پێکرا کاتێك ڕایگەیاند: «زنجیرەی خۆڕاگری دژ بە ئیسرائیل، ئێران، سوریا، حیزبوڵڵا، دەوڵەتی نوێی عێراق و حەماس لەخۆ دەگرێت».

لە دیدی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩، لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەرامبەر بە ڕژێمە خۆسەپێنەکان (بە تایبەتی ئەمریکا و ئیسرائیل)، دو گوتاری سەرەکی بوونی هەبووە: ١. گوتاری سازش، بە ڕابەرایەتی ڕیاز و قاهیرە کە پشتگیری لە بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا دەکەن ٢. گوتاری خۆڕاگری، بە ڕابەڕایەتی تاران و بە هاوکاری دیمەشق، حیزبوڵڵا و حەماس و بە ئامانجی بەرگری لە مافی فەڵەستینییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمە دەسەڵات سەپێنەکان. لە بنەڕەتدا بەرەی خۆڕاگری بە جۆرێك وڵامدانەوەیەکیش بوو بۆ گوتاری «بەرەی شەڕانگێزی» کە لە لایەن ئەمریکاوە ئاماژەی پێ کرا؛ جۆرج بۆش (٢٠٠١-٢٠٠٩)، سەرۆکی ئەمریکا، لە وتارێکدا لە ڕێککەوتی ٢٠٠٢/٥/٢٩، وڵاتانی

ئێران، عێراق و کۆریای باکووری وەک «میحوەری شەڕانگێزی» ناو برد، بەوپێیەی کە پاڵپشتی تیرۆر دەکەن و هەوڵی بەدەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژییەکان دەدەن.

بەرەی خۆڕاگری لەسەرەتای جێگیربوون و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، پەیوەندییەکی بەتینی بە گوتارە شۆڕشگێرانەکەی ڕژێمی نوێ لە چوارچێوەی پرسی فەڵەستین هەبوو؛ هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەو کاتەدا بریتیبوون لە «هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی» و «پشتیوانیکردن لە تەواوی ستەملێکراوانی جیهان» و «خەبات دژی وڵاتانی ستەمکار» دەبینییەوە. بۆ هەریەک لەم هێڵانە، ئایەتوڵڵا خومەینی، دامەزرێنەر و ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران، مەبەست و ئامانجەکانی خۆی لە چوارچێوەی چەمکەکانی ستەملێکراوان (مستضعفین) و ستەمکاران (مستکبرین) ڕوون کردبووەوە. لە دیدی ئەو، ستەملێکراوان بریتیبوون لەو کەسانەی کەوتوونەتە ژێرباری ئازار و ستەمی ستەمکارانەوە و لە ڕووە سیاسییەوە بەو وڵاتانە دەوترا کە وابەستەی ستەمکاری جیهانی (ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی) بوون و دادەپڵۆسێنران و ئەرکی شۆڕشی ئیسلامی ئەوە بوو بە هانای ئەم دەوڵەتانەوە بچێت و بە یەکگرتووی لەگەڵیان، دژی ستەمکاری جیهانی بووەستن. ئەم گوتارە دواتر لە لایەن ئایەتوڵڵا خامنەیی، ڕابەری دووەمی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەردەوامی پێ درا، لە دیدی خامنەیی، شۆڕشی ئیسلامی، هاوکێشەی هێزی لە جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گۆڕیوە و کۆتایی بە دوو جەمسەریی هێناوە و بەردەوامی خۆڕاگریش، لەم پێناوەدایە.

پاش کۆتاییهاتنی جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق (١٩٨٠-١٩٨٨) و دەرکەوتنی قەیرانە یەک لەدوای یەکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هێرشی عێراق بۆ کوەیت (١٩٩١)، هێرشی ئەمریکا بۆ ئەفغانستان (٢٠٠١)، تاوەکو هێرشی ئەمریکا بۆ عێراق (٢٠٠٣) و دواتر شەڕی سوریا، تێڕوانینی «ئاسایش میحور»، لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران زیاتر بەرجەستە بوو، ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد کە سوپای پاسداران و بە تایبەتی لقی «سوپای قودس»، ڕۆڵی سەرەکی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگێڕێت. یەکێک لە گرنگترین ستراتیژییەکانی سوپای قودس بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکانی ناوچەکە و پەلکێشانی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێکهێنان و ڕێکخستنی گرووپەکانی بەرەی خۆڕاگری بووە. نموونەی دیار و ئاشکرای ئەم مۆدێلە کە ئێران بە «سەرکەوتووترین مۆدێلی خۆڕاگری» دەزانێت، «حیزبوڵڵا»ی لوبنانە کە لەسەرەتاکانی دەیەی ١٩٨٠ لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی و لە ژێر کاریگەری ئەندێشەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی و بە دروشمی خەبات دژ بە ئیسرائیل دامەزرا. بیانووی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ گرتنەبەری ئەم سیاسەتە ئەوەیە کە

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خۆی لە ناوەندێکی ستراتیژی لەسەر بنەمای هەڕەشە دەبینێتەوە کە گەورەترین مەترسی، بۆ بوونی «ئیسرائیل» لە ناوچەکە دەگەڕێتەوە و پێیوایە سەرچاوەی زۆربەی فشارەکانی ئەمریکا بۆ لۆبییەکانی ئیسرائیل و پشتیوانی ڕەهای ئەمریکا بۆ ئەم وڵاتە دەگەڕێتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە بابەتێکی سەرەکی و نەگۆڕ لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران کە پەیوەندیدارە بە گوتاری شۆڕشەوە، داننەنان و دژایەتیکردنی ئیسرائیلە.

بە درێژایی ساڵانی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ و لەسەر بنەمای گوتارەکانی شۆڕش، کۆماری ئیسلامیی ئێران پشتگیری دوو هێزی سوننە (الجهاد الاسلامي الفلسطيني و حماس) و حیزبوڵڵای کردووە، ئەگەرچی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دوو حیزبی یەکەم تەنیا بۆ دژایەتیان بۆ فەڵەستین دەگەڕێتەوە، بەڵام حیزبوڵڵا لە ستراتیژییەتی ئێران و بەرەی خۆڕاگریدا، ڕۆڵێکی سەروبەرسی فەڵەستینی هەیە. چەمکی خۆڕاگری دواتر لە شەڕەکانی حیزبوڵڵا و گرووپە فەڵەستینییەکان دژ بە ئیسرائیل لە ساڵانی ٢٠٠٠، ٢٠٠٦ و ٢٠٠٨-٢٠٠٩ ڕەنگدانەوەی بەردەوامی هەبوو، بە هەڵگیرسانی شەڕی سوریا لە ساڵی ٢٠١١، ئەم چەمکە بەتەواوی بووە بەشێك لە ئەدەبیاتی میدیایی کۆماری ئیسلامیی ئێران. لەگەڵ دەسپێکردنی شەڕی سووریا و دەرکەوتنی داعش و گرووپەکانی تر وەکو جەبهەی نوسرە لە عێراق و سووریا و یەمەن، مۆدێلی حیزبوڵڵا بەردەوامی پێدرا و هێزەکانی «حشدالشعبی»، «دفاع الوطنی» و «انصارالله» لە لایەن ئێرانەوە دروستکران و پشتیوانیان لێکرا. دوای ئەم قۆناغە، سوپای پاسداران بە مەبەستی بەهێزکردنی بەرەی خۆڕاگری، پێکهێنانی هێزی نوێ و فراوانکردنی پانتاییەکەی، هەوڵی ڕاکێشانی خەڵکی وڵاتانی تری دا و لەم پێناوەدا گرووپەکانی تری وەك «فاطمیون» لە شیعەکانی ئەفغانستان، «زینبیون» لە شیعەکانی پاکستان لە ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ پێکهاتن کە هاوکاری دەیان گرووپی تری سەر بە ئێران لە سووریا بوون و لە عێراقیشدا بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنی ئایینزایی، گرووپەکانی وەك حەشدی سونی و حەشدی تورکمان (بە شیعە و سوننییەوە) وەك بەشێك لە حەشدی شەعبی پێکهێنران. بەرەی خۆڕاگری لە عێراق و بە دەستێوەردانی ئێران، گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە شێوازی چالاکی و ڕێکخستەنەکانیدا هێنایەکایەوە، کاتێك هێزەکانی حەشدی شەعبی بەپێی یاسای ژمارە ٤٠-ی ساڵی ٢٠١٦-ی پەڕلەمانی عێراق، وەك هێزێکی یاسایی ناسێنران و لە بودجەی گشتیدا سوودمەن بوون.

بەم شێوەیە بەرەی خۆڕاگری هێڵێکە بە وڵاتانی فەڵەستین، لوبنان، سووریا، عێراق و یەمەن درێژ دەبێتەوە و لە کۆمەڵێک هێزی چەکدار (حیزبوڵڵا، حەماس، حەشدی شەعبی، ئەنساروڵڵا و...) پێکدێن، کە کۆماری ئیسلامیی ئێران پشتیوانیان دەکات، ئامانجیان

ڕێگریکردنە لە هاتنەدی پلانەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، هاوپەیمانە هەرێمییەکانیان، مەترسی گرووپە چەکدارە سوننەکان (داعش، جەبهەی نوسرە و...) و دواجار پاراستنی ئێران لەو مەترسییەکانی کە هەڕەشەن بۆ ئاسایشی ناوخۆ و بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا. سیاسەتێك کە جاروبار لە لایەن بەشێك لە سیاسەتوان و شرۆڤەکارانی عەرەبەوە، بە پرۆژەی «هیلالی شیعی» ناو دەبرێت، وەك ناونیشانێك بۆ پاوانخوازی و ئامانجە ئایدۆلۆژیایی و ستراتیژییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران.


## سەرچاوەکان

- کریمی، ابوالفضل (١٣٩٦)، «نقش ج. ا. ایران در هویت بخشی به مجموعه امنیت محور مقاومت»، ماهنامه پژوهش ملل، دوره دوم، شماره ٢٠.
- خوجم لی، عبدالوهاب (١٣٩٢)، «تبیین موقعیت ژئوپلتیک ایران»، فصلنامه نگین ایران، سال دوازدهم، شماره٤٤؛ ازغندی، علیرضا (١٣٩٢)، روابط خارجی ایران ١٣٠٠-١٣٥٧، تهران: قومس.
- مجموعة من الباحثين (٢٠١٢)، العرب و ايران: مراجعة في التاريخ و السياسة، تحرير: عزمي بشارة و محجوب الزويري، بيروت: المركز العربية للابحاث و دراسات السياسات.
- ڕاپۆرت: «ڕۆڵی بودجەی عێراق لە بەهێزبوونی پێگەی میلیشا چەکدارییەکاندا، ئامادەکردن: ئەژی ئازاد ئەبوبەکر، گۆڤاری ئایندەناسی، ساڵی چوارەم، ژمارە ١٨، ئەیلولی ٢٠٢٣.
- برزگر، کیهان (١٣٨٨)، «سیاست خارجی ایران از منظر رئالیسم تهاجمی و تدافعی»، فصلنامه بین المللی روابط خارجی، سال اول، شماره ١.
- راسخون (١٣٩٣/١١/٢٠)، «منظور اساسي حمايت حضرت امام(ره) از مستضعفان چيست؟»، قابل دسترسی: http://rasekhoon.net/faq/show/١٠٢٧٧٢٦/.
- بی تا بختیاری و بختیار قلی پور (١٣٩٤/٣/٢٤)، «١٥ گروهی که «به نیابت از ایران» در سوریه و عراق می‌جنگند»، قابل دسترسی: https://www.radiofarda.com/a/f٨-shia-militia-in-iraq-and-syria/٢٧٠٧١٥١٨.html
- قراسوبی، محمد (١٣٩٦/١١/٢٨)، «محور مقاومت اسلامی، ابعاد و مؤلفه¬ها»، قابل دسترسی: http://alwaght.com/fa/News/١٢٤٣٨٩/.
- خسروشاهین، هادی (١٣٩٧)، «بازدارندگی محور مقاومت/ متحدان منطقه‌ای آمریکا وارد جنگ منطقه‌ای با ایران می‌شوند؟»، http://sazandeginews.com/News/٩٠٠.
- Washington post (29/5/2002), «Text of President Bush›s 2002 State of the Union Address», available on: https://www.washingtonpost.com/wp-srv/onpolitics/transcripts/sou012902.htm?noredirect=on.

CFS

Center for Future Studies


# هـەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکـۆڵـیـنـەوەی ئایندەیی



CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



































CFS
Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



CFS

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی سەبارەت
بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١٠) ساڵی سێیەم، شوباتی ٢٠٢٤